گۆڤاری

ژمارە (8)
2025/4/14

# ئەنفالناسی

ساڵنامەیەکی تایبەتە بە توێژینەوەی زانستی لە بارەی جینۆساید و جینۆسایدی کورد بەگشتی و ئەنفال بە تایبەتی. ڕێکخراوی چەرمو بۆ پرسی ئەنفال ساڵانە لە یادی جینۆسایدی ئەنفالدا دەریدەکات.

**خاوەنی ئیمتیاز:**
ڕێکخراوی چەرمو بۆ پرسی ئەنفال

**سەرنووسەر:** بەکر حەمە حوسێن

**بەڕێوەبەری نووسین:** بارام سوبحی

**سکرتێری نووسین:** کازم ئەحمەد

**بەڕێوەبەری هونەری:** ئەنفالناسی

ئەو توێژینەوانەی لە گۆڤاری ئەنفالناسیدا بڵاودەبێتەوە، گوزارشت لە بۆچوون و نووسینی خاوەنەکانیان دەکات، ستافی گۆڤارەکە لێی بەرپرس نییە.

**ناونیشان: کوردستان-چەمچەماڵ**
پەیوەندییەکان لە ڕێگەی ژ.م: (07730237216) سەرنووسەرەوە بەردەستە، یاخود دەتوانن توێژینەوەکانتان بنێرن بۆ ئیمەیڵی (kazim.cebari@gmail.com) سکرتێری نووسین.

**لەم ژمارەیەدا ..**


| بابەت | توێژەر |
|---|---|
| پەیامی ئەنفالناسی | سەرنووسەر |
| **تەوەری یەکەم: ڕەهەندەکانی ئەنفال** | |
| نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆساید، ئەنفال وەك نموونە | شەفیقی حاجی خدر |
| فاکتەرە ئابوورییەکانی ئەنفالکردنی کوردستان | جمعە کانی لەلەیی |
| تاوانی ئەنفال وزیانە کلتوورییەکانی کورد لە کوردستانی باشوردا | هۆمەرمحەمەد |
| **تەوەری دووەم: گۆڕی بەکۆمەڵ و قەرەبووکردنەوە** | |
| قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و جینۆساید لە عێراقدا | خەبات عەبدوڵلا |
| گۆڕە بەکۆمەڵەکان و چۆنیەتی شیاندن و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان لە چوارچێوەی دادپەروەری ڕاگوزەردا | عەدالەت عومەر |
| چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیان وگۆڕە بە کۆمەڵەکاندا | محەمەد حەمەساڵح تۆفیق |
| **تەوەری سێیەم: ژن و ئەنفال** | |
| کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی ئەنفال لەسەرکەسایەتی ژنی کورد(قەزای چەمچەماڵ) بە نموونە | م. د. مریوان عبدالمجید محمد<br>م. ی. کاظم احمد صدرالدين |
| ژن و ئەنفال (ئەنفالی سێ) بە نموونە | م. ی. کاظم احمد صدالدين<br>پ. د. جزا توفيق طالب |
| **تەوەری چوارەم: جینۆساید و ستەمکاری** | |
| بایەخی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان | کرمانج عوسمان |
| دەربارەی ستایشی ستەمکاری: ستایشی ستەمکاری وەك دیاردە | لەتیف فاتیح فەرەج |
| **تەوەری پێنجەم: جینۆسایدی گەلان** | |
| برسیکردن: تاوانێکی ئاشکرای جەنگ بەبێ سزا! | بارام سوبحی |
| کاریگەری قەرەبووەکانی ئەڵمانیا لەسەربوژانەوەی ئیسرائیل | بارام سوبحی |

# پەیامی ئەنفالناسی

پەیامی یەکەم:

ئەمساڵ بەراورد بەساڵانی تری یادی ئەنفال، یادەکە بابەتیانە و زانستی تر بوو، ئەویش بەهۆی ئەنجامدانی ژمارەیەک کۆنفراس و پانێڵ و کۆڕ، ژمارەیەک بڵاو کراوە لە گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب، هەروەك ئەم جۆرە یادکردنەوانە، بە باشتر و جوانتر دەزانین لەوەی کە زیاتر خزمەت بە پرسی جینۆساید دەکات لە کوردستاندا. دورکەوتنەوە لەدەست تێوەردانی حزبی خۆ بە خاوەنکردنی یادەکە لەلایەن حزبەوە،کاریگەری خراپ بەجێدەهێڵێت و لە بەهای یادەکە و گرنگییەکەی کەم دەکاتەوە. هەربۆیە دەبێت ئەم بابەتی یادە لەدەستی ناوەندەکانی زانکۆ و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و خاوەن قوربانی و خەڵکدا بێت. کەس و کاری قوربانیانیش دوور بکەنەوە لە ئەجێندای حزب و سیاسەتی ناوچەیی و پارێزگاری لە شکۆ و قوربانییەکانیان بکەن. بە دوربن لە پاشکۆیەتی و بوون بە پەراوێزی کاری حزبەکان و بەکارهێنانیان وەک کاڵای سیاسی و بانگەشەی هەڵبژاردن. دەخوازین خاوەن قوربانیانی ئەنفال و جینۆساید لە کوردستان وشیاری ئەوەیان هەبێت و خاوەن پرس و بەرنامەی ستراتیژی بن بۆ دۆزەکەیان و کوردانە و نیشتیمانیانە بیربکەنەوە. بەیەک مەودا داوا و پرسی خۆیان ئاراستەی حزبەکان و حکومەت بکەن. لەم پرسەدا هەمووان خەمخۆربین کوردانە خواستی داوای ڕەوا و مافی دامەزراوەیی و نیشتمان سازی و نەتەوە سازی بدەین بە گوێی هەمووانداا.

پەیامی دووەم:

داوادەکەین لە پێناو بە داتاییکردنی دۆسیەی جینۆساید لە کوردستاندا. پرسی توێژینەوەی ئەنفالی گوندەکان بکرێت بە ئەجێندا و بەرنامەی زانکۆ و سەنتەرەکانی توێژینەوەی جینۆساید و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و ڕێکخراوەکان و خەڵکانی گوندە ئەنفالکراوەکان.

لێکۆڵینەوە لە گوندە ئەنفالکراوەکان لەڕووی مرۆڤناسی و کۆمەڵناسی و...هتد. گرنگی پێبدرێت و هەر هەمووان لە قەڵەمبەدەستان و توێژەران لە پرسەکەدا بەشداربن. هەروەها دەکرێت کەسوکاری ئەنفالکراوان هەستن بە نووسین و توێژینەوە و ئەرشیفکردنی زانیاری لە سەر

گوندەکانیان خۆیان چیرۆکەکان و مێژووی ون بوونی گوندەکان بنووسنەوە یاخود تۆماری بکەن و وردتر و بەدیقەتر ئەرشیفی ئەم پرسە بکەن. گوندەکان کانگای چەندین نهێنی مێژوویی چیرۆکی دانسقەن کە تائێستا پەیان پێ نەبراوە و ڕوناکیان نەخراوەتەسەر و شاردراونەتەوە. کە دەکرێت لەشێوەی میتۆدی توێژینەوەی (ئیستقرائی) واتە لە بەشەوە بۆ گشت، لادێکان بکەین بە چەقی توێژینەوە و بەدواداچوون.

هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە نابێت پرسی ئەنفال پەرت بکرێت لە نێوان سنووری جوگرافی دیاریکرادا بەرتەسك بکرێت و یادەکان تێکەڵ بە ئەجێندای حزبی بکرێت و پرسی جینۆساید لە کوردستاندا لە پرسێکی نیشتیمانیەوە بکرێتە قوربانی ئایدۆلۆژیای حزبی و ناوچەگەرێتی. هەروەك ئەوەی کە لەمساڵدا(2025)، بەداخەوە لە یادکردنەوەی ئەنفالدا لەچەمچەماڵ بینیمان کە چۆن یادەکە بەش بەش کرابوو بەسەرناوچەی جیاوازدا، کە ئەمە دوور نییە لە دواجاردا زیان بە پرسە گشتییەکە بگەیەنێت و پرسەکە بچوك بکاتەوە، لە گوند و ناوچەی بچوك بچوکدا و ببێت بە مۆدێلێك لەبری ئەوەی مۆنۆمێنت بکرێت بە کۆیاد و چەقی کۆبوونەوە و هاوخەمی قوربانیان وەك دەزگایەکی فەرمی نیشتیمانی. کەچی هەر دەستە و گروپێك لە گوند و ناوچەکانی خۆیان و لە جوگرافیایەکی بەرتەسکدا یادەکە بکەنەوە، ئەمە جیالەوەی لە دورمەودادا دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بایەخی مۆنۆمێنت و زیندوکردنەوەی کەلتوری جیاکاری و ناوچەگەری لە پرسی جینۆسایدا. لەهەمانکاتدا دەبێتە مۆدێل و ئەزموونێکی خراپ بوو، کە بەشێکی بەهۆی دەست تێوەردانی حزب و زیادکردنی نفوزە لە ناوچە خاوەن قوربانییەکان لەسەر حسابی پرسی ئەنفال. ئەمە خودی خۆی هەڵەیەکی گەورەیە و دەبێتەهۆی کەم کردنەوەی بەهای یادەکان.

پەیامی سێ یەم :

جەخت دەکەینەوە لە هاوکاری و پشتیوانی گۆڤاری ئەنفالناسی و پێشکەوتنی گۆڤارەکە، کە ئەمەش بە هاوکاری و پشتیوانی هەمووان دەبێت لە دام و دەزگای پەیوەندیدار و کەسانی نیشتیمانی و خواپێدراو و دەست ڕۆیشتوو.

لەکۆتاییدا.. داوا دەکەین دۆسیەی ئەنفال ببێت بەبابەتی گفتوگۆ و دانوستاندنی نێوان بەغدا وهەرێم وە ک پرسێکی نیشتیمانی شان بە شانی پرسەکانی تر.

سەرنووسەر

## تەوەری یەکەم:
رەهەندەکانی ئەنفال

**نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆساید، ئەنفال وەک نموونە**

شەفیقی حاجی خدر

**فاکتەرە ئابوورییەکانی ئەنفالکردنی کوردستان**

جومعە کانی لەلەیی

**تاوانی ئەنفال و زیانە کلتوورییەکانی کورد لەکوردستانی باشووردا**

هۆمەر محەمەد

# نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆساید، ئەنفال وەک نموونە

(توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە)

شەفیقی حاجی خدر

## پێشەکی

ناونیشانی توێژینەوە: ئاشکرایە هەرکارێک کەسێکی هەراشی عاقڵی خاوەن ئیرادە بیکا بە دنەدانێک دەیکا، کە خۆی لە نیازی کردەکە دەبینێتەوە. زۆریش ڕوونە نیاز، یان دنەدان، یاخود پاڵنەرشتگەلێکن دەکەونە جیهانی شاراوەی کەسەکە تا ئەوکاتەی کردەوەکەی دەبێتە دەربڕی ئەوەی لەناخی دایە. بۆیە کاتێک لە کارێکی ئاسایی دەرخستن، یان پێناسەکردن و بەیانکردنی ئەو نیازە شاراوەی ناخ شتێکی زەحمەت بێ، ئەوا لە کاتی حوکمدان بەسەرتاوانێک کارەکە چەند ئەوەندەی دیکە سەختتردەبێ، چونکە ئەوکات هەرهیچ نەبێ بەشێوەیەک لە شێوەکان چارەنووسی ئایندەی کەسەکە دەکەوێتە بەرحوکمی ئەولایەنەی بڕیاری لەسەردەردەکات.

شتێکی بەڵگەنەویستیشە کە تاوان، ئەوسا هەرتاوانێک بێ، بەتایبەتیش ئەوەی دەچیتە بازنەی تاوان (جناية) دوو کۆڵەگەی هەیە، کە ماددی و مەعنەوین. دیارە کۆڵەگەی مەعنەویش نیاز (نیەت، القصد، intent)ە. بێگومان قورسایی جۆری سزاش زیاتردەکەوێتە سەرجۆر و چۆنیەتی نیازەوە. دوو جۆرە نیازیش هەن، نیازی گشتی و نیازی تایبەتی. لەبەرئەوەی وەک دەگوترێ تاوانی جینۆساید تاوانی نیازەکانە، بۆیە بابەتەکە بەم ناونیشانەیە: نیازی تایبەت لە جینۆساید و ئەنفال بە نموونە.

پرسەکانی توێژینەوە: ئینجا لێرەوە پرسیارە گەورەکە خۆی دێنێتە پێش، تۆبڵێی ئەو نیازەی لە هەرسێ تاوانە نێودەڵەتییەکاندا هەیە، بەهەمان نیازی تاوانی ئاسایی کە دەکەوێتە بن قانونی نیشتمانی بپێورێ؟

هەرئەم پرسیارە لقوپۆی دیکەی لێدەبێتەوە، بەوەی ئایا ئەو نیازەی لە تاوانی جینۆساییدا هەیە هەرهەمان نیازی دوو تاوانەکەی دیکەیە، واتە تاوانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ؟

خۆئەگەرلە هەرتاوانێکدا نیازێکی گشتی هەبێ، بەڵام ئایا نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆسایدا چی بێ؟ چۆن دەزانرێ؟ چۆن دەپێورێ؟

ئایا ئەم نیازە تایبەتەی تاوانی جینۆساید چەند پەیوەستە بە نەخشە و پلانی پێشوەختە؟ ئەوسا ئایا نەخشە و پلانی هاوشانی نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆساید ڕێکخستن و تەکوزی و هێزو ئامراز و خۆئامادەکردنێکی وەهای ناوێ کە لە توانای تاکی ئاسایی بەدەربێ؟ واتە ئایا جینۆساید بە تاک دەکرێ؟ ئایا تاک ئەو نیازەی هەیە کۆمەڵەیەک نەتەوەیی، ئەتنی، ڕەگەزی یان دینی لەناوبەرێ، هەروەک ماددەی دووەمی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی لەخۆگرتووە؟

ڕێبازی توێژینەوە: لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدراوە بەڕێبازێکی شیکاری و بەراوردکاریدا بە قووڵایی بابەتەکەدا بڕوا و بڕگە و بەندەکانی شیبکرێتەوە، بەشێوەیەک کە ئەم لایەنە جەوهەرییە بەگوێرەی لێکدانەوەی قانونناسان و نووسەرانی ئەم بوارە لێکبدرێتەوە. لەهەمانکاتیشدا پرس و تاوانی جینۆساید، لەگەڵ ئەنفالی لای خۆمان بەراورد بکرێ. ئەم بەراوردکردنەش زیاتر بەراوردێکە لەنێوان دۆزە دادگاییکراوەکانی جیهانی هەروەک نۆرنبێرگ و تۆکیۆ و هۆلۆکۆست و یوگسلاڤیا و ڕواندا. ئیدی دەرهێنان و ئاشکراکردنی نیازی تایبەتی دادگا ناوبراوەکان بەشێوەیەک لە شێوەکان لەگەڵ پرس و دۆزی ئەنفال بەراورد بکرێ.

پێکهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوەتە سەردوو بەش، لەیەکەمیاندا چەمک و پێناسە و پاشخانی مێژوویی و تاوانی جینۆساید خراوەتە بەرباس. ئەوەی ڕاستی بێ هەروەک لە دووتوێی بەشی یەکەمدا دەردەکەوێ، ئەم تاوانە تا ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوو تاوانێکی بێناو بووە، هەرچەندە زۆر بە سامناکی و دڕندەییش کاریگەری هەبووە بەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. تا ئەوکاتەی ڕافائیل لیمکن، پارێزەری پۆلۆنی کە بنجوو بووە، لە کتێبێکی خۆیدا ئەو دەستەواژەیە دادەهێنێ و پاشان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لێیوەردەگرێ و گشتگیری دەکات.

لە بەشی دووەمیشدا هەموو پرسە گرنگەکانی تایبەت بە نیاز، هەرلە نیازی گشتی تا نیازی تایبەتی و دنەدان و نەخشە و پلان شیکراونەتەوە و هەوڵدراوە ڕوونکردنەوەکە لەگەڵ دۆخی ئەنفالیش بەراورد بکرێ. لەم بەشەدا هەندێ پرس سەبارەت بە بەشداربووانی ئەنفال لە ڕەگەزی کورد، واتە جاش و مەفرەزە خاسە و موستەشارەکان هێنراوەتە گۆ، چونکە باوەڕدەکرێ پۆلینکردنی تاوانەکەیان بەهەمان پۆلینی دەسەڵاتی باڵای ڕژێمی بەغدا ناجۆر بێ.

سەرچاوەکانی توێژینەوە: لە نووسینی ئەم توێژینەوەدا تا کرابێ پەنا براوەتە بەرسەرچاوە بنەڕەتییەکان (دەستی یەکەم)، کە هەم لە پەراوێزو هەم لە کۆتاییدا نووسینەکەدا ئاماژەیان پێکراوە.

## بەشی یەکەم: چەمک و مێژووی جینۆساید و ئەنفال

### تەوەری یەکەم: دەروازەیەکی مێژوویی

زۆر لەو تاوانانەی لە میانەی جەنگەکانی ڕابردوو، ئەو جەنگانەی بەر لە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کراون ئەوسا جەنگەکان چ ناوخۆیی بن یان نێودەوڵەتی بن، دەقاودەقتریتش بەر لەو جاڕدانی ڕێککەوتنامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید لە (١٩٤٨)دا، چوونەتە نێو سێکوچکەی تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک جینۆساید، تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، هەرچەندە گەرناوە قانوونیەکەش بەو دەستەواژە هاوچەرخە، ئەوکات بەسەریاندا نەسەپابێ.

ئەوکات هێشتا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تاوانی کوشتنی بەکۆمەڵی لە چوارچێوەی خودی دەوڵەتەکەدا بە تاوان نەناسیبوو. بۆ ئەمەش بنەمای سەرداریتی (سەروەری) دەوڵەت ڕێگری هەرە سەرەکی بوو. هەرخودی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیشەوە بەناوی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزرا، هەر لەسەر هەمان بنەمای پێشوو ڕۆیشت. بۆیە ڕێکخراوەکەش لەم پرسەدا تاڕاددەیەکی زۆردەستەوەستان بوو، تا پێشینەکانی دادگای سەرانی نازی لە نۆرنبێرگ و هەوڵ و نووسینە قانوونییەکانی «لێمکین» و ئامادەکردنی پرۆژەیەک و دۆزینەوەی دەستەواژەی جینۆساید لە کتێبە شاکارەکەی لە (١٩٤٤) داهێنا، پاشان ئەوەبوو لە (١٩٤٨)دا، ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکە ئەو بڕوانامە گرنگەی سەبارەت بە ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید هێنایە پێشەوە، کە تەنیا لە نۆ ماددە پێکهاتبوو.

هەرچەندە هاتنە کایەی ئەم بڕوانامەیە بازدانێکی گرنگی مافناسیی (حقوقی) بوو لەم ڕووەوە و دواتریش دادگەی نێودەوڵەتی بەسەرداهات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا تاوانی جینۆساید و دوو تاوانە نێودەوڵەتییەکەی دیکە، تەکانێکی بەگوڕیان لە ڕێی دادگەیکردنەوە بەخۆیەوە نەبینی.

لێرەدا دیسان ئەو بنەما نێودەوڵەتییەی سەروو هاتە پێشەوە، بنەمای سەروەری وڵاتان و دەستوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆ، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە دادگەی نێودەوڵەتی تەنیا کێشەکانی نێوان دوو دەوڵەتی چارەسەر دەکرد، ئەمەش دوای ئەوەی هەردوو دەوڵەتی ناکۆک لەسەری ڕێکدەکەوتن کێشەکە ببەنە بەردەم دادگەیەکە. بۆیە هەر زوو ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە بەدیارکەوت، کە ئەم پرسەی مێژوو، شاهیدێکی زیندوو بوو بەتایبەتی هی

ئەرمەنییەکان و هی جووەکانی ئەورووپا، بە ڕەنگێکی دیکە مایەوە. هەڵبەتە جەنگی سارد و شەڕی لەبریتی لەنێو هەردوو دەوڵەتە زلهێزەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی جاران و وڵاتەنی تەوەری، بەرژەوەندی دەوڵەتان، هەڵقوڵان و دەرهێنانی شلە خاوەکە (نەوت) لە هەندێ لە وڵاتانی جیهانی سێدا، لەگەڵ بەرفرەوانکردنی هەژموونی دەوڵەتە زلهێزەکان و ڕێگەدان بە دیکتاتۆرەکانی وڵاتە خۆجێییەکان بە مەرجێک لە تەوەری ئەوان دەرنەچن. هەموو ئەم هۆیانە ڕێگربوون لەبەردەم ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی قانوونی بتوانێ، ئامانجی بڕوانامەی ڕێگرتن و سزادانی جینۆساید بەدیبێنێ.

هەر بۆیە هەر جووڵە و شۆڕشێکی ڕزگاریخوازی لە دژی ستەم و زۆری نەتەوایەتی لە دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی جیهانی سێیدا، بەجۆرێک ڕەتدەکرانەوە و سەرکوتدەکران، کە بۆنی تاوانی جینۆسایدیان لێدەهات؛ لەسەرێکی دیکەشەوە بڵاوبوونەوەی بیری شۆڤێنی نەتەوەپەرستی نەتەوە سەردەستەکان لەبۆتەی ئەو دەوڵەتە ستەمکارانەی جیهانی سێیدا، لەگەڵ ئەو ڕێکار و پێواژۆیانەی گرتبوویانە بەر بۆ سەرکوتکردنی هەر جووڵەیەکی نەتەوەی بندەست، یان داخوازی کەمینە نەتەوەکان، وەها لێکدەدرایەوە کەوا هەڕەشەیەکی کوشندە و مەترسیدارە لەسەر چارەنووسی ستراتیژی نەتەوەی سەردەست، بۆیە کردەی قڕکردن، واتە تاوانی جینۆساید شتێک نەبوو سڵی لێبکرێتەوە، لەهەمان کاتیشدا هیچ بەربەستێکی نێودەوڵەتی بە شێوەیەکی دامەزراوەیی مافناسیی لەئارادا نەبوو، تا ببێتە بەربەست، چ جای قانونێک بۆ سزادان. کاتێکیش هەر تۆژەرێک بێت و لەو مێژووە جەنجاڵکە خوێناوییەی ئەم وڵاتانە بکۆڵێتەوە، ئەوا سەرەداوەکان بەڕوونی دەکەونە بەردەست. هەر هەمووشی بەو ئاقارەدا دەڕوا کە شکۆ و زاڵەتی دەوڵەتی ناوەند (مەرکەز)ی وەک شتێکی پیرۆز سەیرکراوە، ئینجا دەستەواژەی دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆ، یان پاراستنی یەکپارچەیی خاکی دەوڵەتەکە، چەمکگەلی پیرۆز بوونە و بە هۆیەوە هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینێکیان لەبەرانبەردا هەم ڕەتکردووەتەوە و هەم سەرکوتیش کردووە.

کاتێک بە گشتی ئەمە مێژووی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بێ، هەروەها لەوکاتەی هەرخودی پێکهاتنی دەوڵەت، دروستبوونی دەسەڵاتی سیاسی، هێنانەکایەی قەوارەی سیاسی ئەو دەوڵەتانە، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهان، یان ناوەڕاستی هەردوو جەنگەکە پێکهاتبێ، ئەوا توندوتیژی، زەبروزەنگ تاکە هۆکاربووە بۆ ئەوەی بەردەوامی خۆیان بسەپێنن. هەڵبەتە قانوونی نێودەوڵەتیش بە هێنانەکایەی ئەو ڕێسایا ئاماژەپێکراوانە، ڕەوایەتی بەردەوامبوونیان بۆ دەستبەرکردوون. بۆیە شەڕەکانی نێوخۆ، یان بەواتایەکی دیکە سەرکوتکردنی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانی نەتەوە بندەست و کەمینەکان، تاوانەکانی جینۆساید و ئەوانی دیکەی لێکەوتۆتەوە. هەڵبەتە لێکەوتەی بەهێزی و

بێهێزی دەوڵەتیش ئەو بگرەوبەردەیە، ئەو گوریس ڕاکێشانەی نێوان نەتەوەی سەردەست و بندەست بووە، بەمە هێڵە باریکەکان هەمیشە پەڕینەوەی زەبروزەنگ بووە بۆ تاوانی جینۆساید و هاوتاکانی دیکەی.

## تەوەری دووەم: جۆرەکانی جەنگ و جینۆساید

لەوەتەی مرۆڤ بەکۆمەڵ دەژی و لە ئەشکەوت دابەزیوە شەڕ و بەیەکدادانی بەخۆیەوە بینوە، ئەوسا ئەو شەڕ و بەیەکدادانە لەنێوان خۆیاندا بێ وەک یەک گرووپ یان لەگەڵ گرووپێکی دیکەی دراوسێیاندا بووبێ. بەگوێرەی کوشتن و کاولکارییش، شەڕ و هەرا و بەیەکدادانەکان قورسی و دژوارییان بەخۆوە بینوە. وەسفی شەڕەکان و لێکەوتەکانیشیان بە پێی قەبارەی زیانی گیانی و ماددی لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی گۆڕاوە...

لە ساڵی (١٩٤٨) بەدواوە لەنێوچاوی بەدواداچوونی ڕافائیل لیمکن دەستەواژەیەکی نوێ بۆ ئەو شەڕ و کوشتارە دۆزراوەتەوە کە پێی دەگوترێ جینۆساید. بەرلەوەی باس لە توخمە پێکهێنەرەکانی ئەم ئەنجامەی شەڕ و کوشتارە، کە جینۆسایدی لێکەوتەوە بکەین، بەوەی بووەتە تاوانێکی نێودەوڵەتی، واباشە سەرەتا هەندێ پێشینە لەبارەی دژواریی شەڕ و کوشتارەکە یان بەواتایەکی دیکە تاوانەکە بزانین. بەگوێرەی بۆچوونی توێژەرەوان بێ، ئەوانەی لە جەنگ و لێکەوتەکانیان کۆڵیوەتەوە بەو تاوانانەی لەکاتی جەنگەکانیشدا دەکرێن، ئەوا جەنگە نوێیەکان دابەش دەکەنە سەر سێ شێوە لە توندوتیژی و زەبروزەنگ، یەکەم جۆریان دەکەوێتە ژێر چەمکی تاوانی جەنگ، ئەو جەنگەی بەشێوەیەکی تەکوزی (ڕێکخراو/منظم)دەکرێ و لایەکی جەنگەکە دوو دەوڵەتن یان دەوڵەتێکە، ئەوسا بۆ جوانکردن و شیرینکردنی جەنگەکە ناوی ناکۆکی چەکداری لێدەنرێ (نزاع مسلح). بەحوکمی مەیدانی جەنگ کەرەستە و ئامرازەکانی، ئەوا کردەوەکە دەدرێتە پاڵ دەوڵەت، چونکە هەرمیرییە بە لەشکر و پلان و تەداروک و هێزی ماددی ئەمەی پێدەکرێ، کە پێی دەگوترێ جەنگ؛ نموونەش زۆرن، نموونەی هەرە پێشچاویش شەڕی هەشت ساڵەی عێراق ئێرانە.[1] هەڵبەتە بەدەرلە لایەنی سیاسی و سەربازیی جەنگەکە، لێکەوتەی تراژیدیا و کاولکاری لێدەکەوێتەوە و کە لەمیانەی شەڕ و کوشتارەکاندا تاوان لەسەرتاوان دەکرێ.

جۆری دووەمیش لەو جەنگانە لەلایەن قەوارەی نادەوڵەتییەوە یان دۆخی تێکچرژاوی نێوەخۆ دەبێ، کە شەڕی سەردارانی شەڕ(لۆردەکانی شەڕ) و میلیشیا و هێزی چەکدار و بەکرێگیراو، ئەمەشیان زیاتر لەنێو کەمینە و ئەتن و کۆمەڵە دینییەکان ڕوودەدا.

---

[1]. Steven Pinker, the better Angels of our Nature, Pingwing books, 2011

هەرچی جۆری سێیەمینی شەڕو بەیەکدادانیشە، ئەو بەیەکدادانەیە کە توندوتیژی و زەبروزەنگێکی یەک لایەنەی بەسەردا زاڵە، کە جینۆساید و کوشتاری سیاسی یان کارەسات و کوشتارگەی مەدەنی لەخۆدەگرێ، ئەوسا ئەو کردەوانە چ لەلایەن دەسەڵاتی میری (دەوڵەت)ەوە بکرێن یان لەلایەن مێلیشیاوە.[2]

لەو نێوەشدا جۆرە شەڕو بەیەکدادانێکی دیکەش دێتەگۆڕێ، کە بەشەڕی ناوخۆ (هەندێک جار براکوژی) ناوی دەبرێ، لەم شەڕەیاندا حکومەت دژی بەشێک لە نەتەوە ژێردەستەکەی خۆی یان کەمینەیەکی ژێردەستە کە لێی هەڵدەگەڕێتەوە، دەجەنگێ. هەرئەم شەڕە دوو وەسفە، لەسەرێکەوە لەلایەن میرییەوە بەشەڕی دژی یاخیبوون دادەنرێ و لەدیوەکەی دیکەش بە شۆڕش وڕاپەڕین حیساب دەکرێ، بۆ کەسی بێلایەنیش بە شەڕی ناوخۆ هەژمار دەکرێ. لەم جۆرە شەڕو کوشتارەدا هەموو جۆرە توندوتیژی و زەبروزەنگێک بەکاردەهێنرێ، چونکە لۆژیکی هێزو دەسەڵات زاڵ دەبێ، بۆیە ئەگەری زۆرە تاوانی جینۆسایدیشی لێبکەوێتەوە. نموونەش زۆرە، جارێ هەرلەپێشەوە مێژووی وڵاتە داگیرکارەکانی کوردستان لەماوەی سەدەی ڕابردوودا زەقترین گەواهییە.

لەو هەموو جۆرە جەنگ و شەڕوکوشتارو بەیەکدادانانی نێوان مرۆڤەکاندا هەیە، جینۆساید پێگەیەکی سەیرو تایبەت و جیاوازی هەیە. ئاخر دەکرێ مرۆڤ لەوە تێبگا کە لەوانەیە لەسەر سامان و دەسەڵات و هەژموون و خۆشەویستی و شەرەف تاکەکان و هەروەها بەکۆمەڵیش بەیەک هەڵبشاخێن و دژی یەک بوەستنەوە و بیگەیەننە مریشکەڕەشە، ئیدی جەنگی کاولکاری لێبکەوێتەوە هەروەک لە مێژوودا ڕوویداوە و جیهانیش دوو جەنگی گەورەی کاولکاریی بەخۆیەوە بینیوە. بەڵام هەروەک ستڤین پینکەر لە کتێبە پڕبایەخ و زانیارییەکەی خۆیدا ڕوونی کردۆتەوە، سەیر لەوەدایە هەرئەم جۆرە شەڕو جەنگانە وەربگەڕێن بۆ ئەوەی بە هەزاران و سەدان هەزار بەڵکو بە ملیۆنان کەس بێنە کوشتن، تەنیا لەسەرئەو بنەمایەی ئەوان کەسانێکن لە کۆمەڵەیەکی ڕەگەزی یان ئەتنی یان دینی جیاواز، کە شەڕە کاولکارییەکەش پێی دەگوترێ جینۆساید. بەشێوەیەکی دیکە دوا چارەسەری ئەوەی بە کێشە دادەنرێ، لەناوبردنی سەرتاپا یان بەشێکی ئەو گرووپە مرۆڤانە بێ.

ئاخر بەگوێرەی مێژووناس ژمارەی قوربانیانی جینۆساید زۆر مایەی هەژانە، چونکە هەربەتەنیا لە ماوەی سەدەی بیستەمدا (١٦٩) ملیۆن کەس بەدەستی حکومەتەکانی خۆیان کوژراون. هەروەها مایەی سەرسامییە هەرلەمیانەی سەدەی ڕابردوودا خەڵکی کوژراوی نێوخۆواتە بەدەست حکومەت و مێلیشیا ناوخۆکان زۆرزیاتربووە لە خودی جەنگەکان بە هەردوو جەنگی جیهانیشەوە. کاتێ لە ژمارەکان ورد دەبینەوە، دەبینی (٨١) ملیۆن کەس بە شەڕو بەیەکدادانی نێوەخۆ کوژراون، لەکاتێکدا چل ملیۆنیش لەسەردەستی چەند کەسێک بەتایبەتیش لەسەر

[2]. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەستی ستالین و ماوتسی تۆنگ کوژراون (هەربەتەنیا لەسەرفەرمانی ماوتسی تۆنگدا گاردی سوور لەمیانەی شۆڕشی کەلتوری چینیدا و لەیەک ڕووداودا نزیکەی حەوت ملیۆن کەسی کوشت بۆ ئەوەی دوژمنە چینایەتییەکەی بتۆقێنێ) کە سەرجەمیان دەکاتە (١٢١) ملیۆن کەس، لەکاتێکدا (٣٧) ملیۆن سەربازو (٢٧) ملیۆن لە مەدەنییەکان لە جەنگەکانی وڵاتان بە هەردوو جەنگە گەورەکەشەوە کوژراون، ئەمە وژمارەی (١٨) ملیۆن کەسیش لە برسان و قاتوقڕی مردوون، کە سەرجەمیان دەکاتە (٨٢) ملیۆن کەس. کەواتە هەربەتەنیا ژمارەی جینۆسایدکراوەکان نزیکەی دووهێندەی جەنگە نێودەوڵەتیەکان و برسێتی و قاتوقڕی بووە.[3]

## تەوەری سێیەم: شێوازەکانی جینۆساید

دیارە شێوازەکانی جینۆسایدکردن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگۆڕێ، تیایاندا هەیە ڕاستەوخۆ کوشتنە واتە دەستبەجێ کوشتن لە مەیداندا وەک چۆن لەهەڵەبجە ڕوویدا، تیایاندا هەیانە جیاکردنەوەی ژن و پیاوە و گواستنەوەیانە بۆ شوێنی دوورەدەست، دەگوازرێنەوە بۆ ژینگەیەک کە مەبەست لێی دەرنەچوونە، سەربردە و چیرۆکەکانی ئەنفالی (١٩٨٨) پڕن لەو کارەساتانە. هەیانە کاتێک قوربانییەکان پەنا بۆ ئەشکەوت و ئەنوای لابەلا دەبەن، لەوێش سەربازو هێزی چەکداری دوژمن بەسەریاندا دەدەن و دەرکەی ئەشکەوتەکەیان لێدەگرن یان دەستدێژیی گوللەیان لێدەکرێ یان بە گازی ژاراوی هەموویان قڕدەکرێن، هەروەک چۆن تورکیا لەدەرسیم وەهای کرد.[4] هەروەها تەکنیکی دیکەش هەیە بۆ نموونە لە ڕواندا" دوو هەزارکەسێک لە شوێنێک لە خانوێک کران، ئەوخانووە چەند کونێکی تێدابوو، دەرکەیان لەسەرداخرا. بۆ ماوەی پازدەڕۆژ لێیان گەڕان هیچ خواردن و خواردنەوەیەکیان پێنەدرا. ئیدی کاتێک دوای چواردە ڕۆژەکە چوونە سەریان بینیان هەموو تەرمەکان لەوگۆڕە لەسەریەک کەوتوون، نە لێیان درابوو نە هیچ، لەو گۆڕە کەوتبوون، مەرگ بۆخۆی بردبوونەوە."[5]

هەندێ حاڵەتی جینۆساید لە مێژوودا هەربۆ خۆشی دەستەی داگیرکارڕوویانداوە، ئاخر خەڵکە ڕەسەنە خۆجییەکە لەسەرخاکی خۆیان سەرچاوەی ئاوو سامانە سروشتی و کانزاکانیان لەسەر خاک هەبوو، بۆیە داگیرکاران چاویان پێهەڵنەدەهات وویستیان ئەم خاکە داگیربکەن، بۆ ئەمەش دەبوایە خەڵکە ڕەسەنەکەی قڕبکەن، هەرواشیان کرد، نموونەش دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا و قڕکردنی خەڵکە ڕەسەنەکەی بوو لەسەردەستی داگیرکارە نوێیە ئەورووپییەکان.[6]

---

[3]. Steven Pinker, the better Angels of our Nature, Pingwing books, 2011. P: ٣٨٦

[4] مونزور چەم، ئەمە لەدەرسیم ڕوویدا، لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ٢٠١٣ هەولێر، دەزگای موکریان.

[5] Steven Pinker, the better Angels of our Nature, Pingwing books, 2011 ٣٨٧ لاپەڕە

[6] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٩١

## تەوەری چوارەم: سەرەداوەکانی بەرایی بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید

وینستۆن چەرچلی سەرۆوەزیری بریتانیا (١٨٧٤-١٩٦٥) لەڕێی سوپای وڵاتەکەی، کە ڕۆڵێکی گەورەی لە بردنەوەی هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمدا هەبوو، دوابەدوای جەنگیش هەردوو داداگا سەربازییە نێودەوڵەتییەکەی بەدوا داهات پاشان ئەو ڕێککەوتننامە و پەیماننامەی بۆ قەدەغەکردن و سزادانی تاوانی جینۆساید و تاوانەکانی دیکە، وەها ناوی جینۆسایدی دەبرد کە "تاوانێکی بێناوە". لێ زۆری نەبرد لەسەردەستی ڕافائیل لیمکن و شاکارەکەی بەناوی دەسەڵاتی تەوەرلە ئەوروپای داگیرکراودا کە لە (١٩٤٤)دا بڵاوی کردەوە، ناوی جینۆسایدی لە تاوانەکە نا و جیاشی کردەوە لە سێ تاوانە نێودەوڵەتییەکانی دیکە کە (تاوانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی دوژمنکاری) بوون. بەرلە هەوڵ و تێکۆشانی لیمکن و ئەوڕەوشە نێودەوڵەتییەی دوای دووەمین جەنگی جیهانی، دەکرێ لە ڕێی هەندێ ڕێککەوتنامە و پەیماننامەی دەوڵەتی بەدوای هەندێ لە سەرەداوەکانی ناواخنی تاوانی جینۆساییدا بڕۆین، نەخاسمە ئەوەی پەیوەست بوو بە پاراستنی هەندێ گروپی نیشتمانی و ئەتنی و دینی. لێ ئەوپاراستنەش نیوەچڵانە بوو. هەروەک قانونناسان و توێژەرانی ئەوبوارە بۆی دەچن، هەموو ئەوتاوانانەی دژە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و بەتایبەتیش تاوانی جینۆساید لەلایەن دەسەڵاتی بالاوە کراوە. ئیدی لەسەرئاستی نێوخۆدا کەسێک یان ڕێکخراوێکی باڵا یان دەسەڵاتی مەزن نەبووە بەدوای دابچێ و ڕێورەسمی قەدەغەکردنی دابنێ و تاوانبارانی سزا بدا، بۆیە تاوانبارانی جینۆساید لە مێژوودا وەک بەرزەکی بانان وەک نیشانە و لێکەوتەی هێز و دەسەڵاتی باڵا بۆی دەرچون، تا ئەوکاتەی کوێرەوەرییەکانی هەردوو جەنگەکە لەسەریەک کەڵەکە دەبن و قانونی نێو دەوڵەتی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و پێداویستی دادپەروەری لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بەشێوەیەکی تۆکمەتر دێتە پێشەوە و ئەو کارە دەکا کە کردی، هەرچەندە ئەم کارەش پڕبەپێستی تاوانەکە و لێکەوتە و سزادان و دووبارەنەبوونەی نەبوو. کاتێک بڕوانینە مێژووی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان و بەچاوێکی وەها کە سەرەداوی پاراستنی بەشێک لە ناواخنی ئەوەی ڕێککەوتننامەی ڕێگرتنی جینۆساید بۆی چووە، ئەوا دەبینرێ کە ڕێککەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا لە ساڵی (١٦٤٨) جۆرێک لە گرەنتی بۆ کۆمەڵە دینییەکان دەستەبەرکرردبوو.

ڕێککەوتننامەی ئاشتی وێستڤالیا کۆتایی بە جەنگی هەشتا ساڵەی نێوان ئیسپانیا و هۆڵەندا و ئاڵمان هێنا و چوارچێوەیەکیشی بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دارشت، چونکە چەمکەکانی

سەروەری و ناوبژی نێودەوڵەتان و دیپلۆماسی هێنایە پێشەوە بەوەی هەردوو ڕێبازی کاسۆلیک و پرۆتستانت هاوشان بوون و دانیش بە ڕێبازی کالڤینیزم نرا و وەک دینێکی فەرمی حیساب کرا[7]

هەروەها هەندێ ڕێککەوتننامەی دیکە کە وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کردیان، لە هەندێکیاندا جەختیان لەسەرپاراستنی کەمینە نەتەوەیی و دینییەکان کردەوە بەتایبەتیش ئەرمەن و کریستیانەکانی دیکە. هەمان شتیش سەبارەت بەو ڕێککەوتننامانەی لەماوەی سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم لە ئەمریکا بۆ پاراستنی کەمینە نەتەوەکانی ئەوێ کران. ئەوکات ئەو ڕێسایانەی لەو ڕێککەوتننامانە کەوتنەوە، لە قانونی نێودەوڵەتی بە قانونی نێودەوڵەتی مرۆییانە ناسرا. دیارە سیستمی نوێ بۆ جیهان دوابەدوای یەکەمین جەنگی جیهانییەوە هات، بەشێوەیەکیش لە شێوەکانی لە ڕێککەوتننامەی ئاشتی ساڵی (١٩١٩) ڕەنگی دایەوە، لەوێوە زیاتر خەمێکی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ سەریان هەڵدا، ئەوسا پاراستنی مافەکان چ لەکاتی جەنگ و چ لە کاتی ئاشتیدا. لێ ئەو تاوانانەی لەکاتی ئاشتی و جەنگ لەدوای ئەو قۆناغە مێژوویەش تا کۆتاییهاتنی دووەمین جەنگی جیهانی کران هەرلەژێر پێناسەی تاوانەکانی دژەئاشتی، تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی مانەوە.

کاتێکیش سەرنج لە ڕێککەوتننامە جێبەجێنەکراوەکەی سیڤەر دەدەین، دەبینین ڕاشکاوانە ئاماژە بە ناواخنی تاوانی جینۆساید دەکا ئەوەی عوسمانییەکان لە میانەی جەنگەکەدا دەرهەق زۆر لە نەتەوە و کەمینە نەتەوە و دینەکانی بن دەسەڵاتی خۆیان کردیان نەخاسمە ئەرمەن، بەڵام ڕیککەوتننامەکە وەسفی تاوانەکە بە کوشتارگەکە (**the massacres**) دەکا، چونکە ئەوکات هێشتا زۆری مابوو دەستەواژەی جینۆساید پەیدا بێ. لە بڕگەی یەکەمدا دەق هاتووە (حکومەتی تورکی بەڵێن دەدا ئەو کەسانەی لەلایەن هاوپەیمانان بە بەرپرسیاردەزانرێن لە کوشتارگەی لەسەرئەو خاکە کراوە کە لە ١ی ئابی ١٩١٤دا بە خاکی ئیمپراتۆریەتی تورکیا زانراوە...) بۆ دەقی تەواوی ماددەکە بڕوانە پەراوێز.[8]

---

7 https://core.ac.uk/download/pdf/71726469.pdf( STEPHEN D. KRASNER AND DANIEL T. FROATS THE WESTPHALIAN MODEL AND MINORITY-RIGHTS GUARANTEES IN EUROPE PAPER PREPARED FOR THE IGCC PROJECT ON ETHNIC CONFLICT)

8 ARTICLE 230.

The Turkish Government undertakes to hand over to the Allied Powers the persons whose surrender may be required by the latter as being responsible for the massacres committed during the continuance of the state of war on territory which formed part of the Turkish Empire on August 1, 1914.

The Allied Powers reserve to themselves the right to designate the tribunal which shall try the persons so accused, and the Turkish Government undertakes to recognise such tribunal.

هەریەک دوو ساڵ دواتر ڕێکەوتننامەی لۆزانیشی بەدواداهات کە لەنێوان دەوڵەتی تورکیای نوێ وولاتە براوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی بوو، کە سەردەستەیان بریتانیا و فرانسە بوو. لەوێشدا بەشێوەیەک لەشێوەکان باس لە کوێرەوەییەکانی تاوانی جینۆساید کراوە، بەڵام بەو ناوە نا بەڵکو بەناوی ڕووداوە سیاسی و سەربازییەکانی ماوەی جەنگ. لەگەڵ سەرهەڵدانی جمووجۆڵی ئەتاتورک و هەڵگەڕانەوەی لە خەلافەتی ئیستەنبول و دابەشکارییەکەی هاوپەیمانان، بەتایبەتیش دابەشکارییەکەی سایکس-پیکۆ و پاشان سیڤەر. دۆخەکە وا کەوتەوە بریتانیا خواخوای بوو دەوڵەتێک وەک ناوچەیەکی دابڕبکەوێتە نێوان هێزە و بەرژەوەندیی ناوچەکانی خۆی لەگەڵ حوکمی بەلشەفیکەکانی ڕوسیا، لەسەرێکی دیکەشەوە ململانێی لەگەڵ فەرەنسا لەسەرخاکی ڕۆژهەلاتی ناوین، زەمینەیەکی لەباری وەهای بۆ ئەتاتورک ڕەخساند، کە هەرسێ دەوڵەتە ڕکابەرەکان گرەو لەسەردەسەلات و ئاسایشپارێزی ئەو بکەن. ئەویش پێشهاتەکانی بە باشی قۆستنەوە و لە کۆنگرەی لۆزاندا و لە ڕێی عیسمەت ئینۆنۆی نوێنەری لە ڕێککەوتنامەکەدا بەرجەستەی کرد، بەمە فەرمانبەردارییەک لای هێزە هاوپەیمانەکانی براوەی جەنگی یەکەم دروستبوو، کە دان بە سنوورە نوێیەکەی دەڵەتە تورکییەکەی ئەتاتورکدا بنێن، لەبەرانبەرهەندێ سازشی ئەو بۆ بریتانیا و فرەنسا. سازشەکەش وەک لە برگەی دووەمی ماددەی سێیەمدا دەرکەوت، ویلایەتی موسڵ بوو.

ئەم ڕێککوتننامەیە لەسەرچەند پێگەیەکی جەوهەری بەند بوو کە ئەمانەن:

١ -لایەکی پەیماننامەکە هەموو ولاتە براوەکانی هاوپەیمان بوون، تایەکەی دیکە تورکیا.

٢ -سەقامگیری ئاشتی لەنێوان تورکیا وولاتانی هاوپەیمان.

---

In the event of the League of Nations having created in sufficient time a tribunal competent to deal with the said massacres, the Allied Powers reserve to themselves the right to bring the accused persons mentioned above before such tribunal, and the Turkish Government undertakes equally to recognise such tribunal.

The provisions of Article 228 apply to the cases dealt with in this Article.

تتعهد الحكومة التركية بتسليم الأشخاص الذين قد تطلب الأخيرة استسلامهم إلى دول الحلفاء باعتبارهم مسؤولين عن المذابح التي ارتكبت أثناء استمرار حالة الحرب على الأراضي التي شكلت جزءًا من الإمبراطورية التركية في 1 أغسطس 1914..

تحتفظ قوى الحلفاء لنفسها بالحق في تعيين المحكمة التي تحاكم الأشخاص المتهمين على هذا النحو، وتتعهد الحكومة التركية بالاعتراف بهذه المحكمة.

وفي حالة قيام عصبة الأمم بإنشاء محكمة مختصة للتعامل مع المذابح المذكورة في وقت كاف، فإن القوى المتحالفة تحتفظ لنفسها بالحق في تقديم الأشخاص المتهمين المذكورين أعلاه أمام هذه المحكمة، وتتعهد الحكومة التركية بالمثل بالاعتراف بها. مثل هذه المحكمة.

تسري أحكام المادة 228 على الحالات المنصوص عليها في هذه المادة.

٣ -دیارکردنی سنووری تورکیای نوێ.
٤ -جارِدانی لێخۆشبوون لە تاوانبارانی دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لەو تاوانانەی پەیوەستبوون بە ڕووداوی سیاسی لەنێوان ساڵەکانی (١٩١٤ تا ١٩٢٢).[9]
واتە بەدوادانەچون لە دادگاییکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی ئەرمەن و گریک و ئاشووریەکان. لێرەدا ئەم پرسە ناکۆکە لەگەڵ وردەکاری تاوانە نێودەوڵەتییەکانی وەک جینۆساید و تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی. ئەم خاڵە نهێنی ئەوڕەتکردنەوەیە حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی تورک دەگەیەنن، بەوەی دان بە جینۆسایدکردنی ئەرمەن و کورد و گەلانی دیکەی ئەنادۆڵ و ناوچەکەدا ناهێنن.[10]

## تەوەری پێنجەم: لیمکن و جینۆساید

لەوەتەی مرۆڤ هەیە و بە کۆمەڵ دەژی ناکۆکییان لەنێواندا هەیە، زۆرجاریش ئەم ناکۆکیانەیان بەشەڕ و بەیەکدادان و کوشتاریەکلاکردووەتەوە، هەڵبەتە لە نێو ئەو شەڕو کوشتارانەشدا تاوانی کوشتن چ بە تاک چ بە کۆمەڵ کراوە. کاتێکیش بڕوانینە چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان لەمێژوودا، ئەوا زۆرجار سیفەتی شەڕەکانیان لەلایەن بەهێزو بێهێزدا شەقڵ و قاڵبی تاوانی جینۆسایدیان وەرگرتووە، هەرچەندە ئەم زاراوەیەش لەچاو مێژووی شەڕو تاواندا شتێکی نوێیە.
لە ڕاستیدا قانونی نێو دەوڵەتی چوار جۆرە تاوان دەناسێنێ و ڕێککەتننامە و پەیماننامەی بۆ داناوە، کە تاوانی دژەمرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ و تاوانی دەستدرێژی (دوژمنکاری) و جینۆسایدە.
ئاشکرایە لەبەرمەترسی و دژواری ئەو تاوانەی دوایی نەوەک هەرڕێککەوتنامەیەکی تایبەتی بۆ داناوە کە ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە تاوانی جینۆساید (قڕکردنی بەکۆمەڵ) و سزادانی بوو لە (٩-١٢-١٩٤٨)، بەڵکو ستاتوتی بنەڕەتیی ڕۆمای بۆ دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە ١٧ی تەمموزی ١٩٩٨ (جێبەجێکردنی ١ی تەمموزی ٢٠٠) بۆ تەرخان کردووە. کاتێکیش لە توێژینەوەی قانونی سیاسی بەرلە ڕێککەوتنامەی نێودەوڵەتی بۆ ڕێگرتن لە جینۆساید دەکۆڵینەوە، دەبینین ئەو تاوانەیان بە ناوی جۆربەجۆر وێناکردووە، یان دەکرێ بڵێین ئەو تاوانە سامناک و دژوارە بێناو بووە تا ئەوکاتەی ڕافائیل لێمکنی پارێزەری پۆلۆنی بنجوو (١٩٠٠-١٩٥٩) دێت و لێی دەکۆڵێتەوە و پاشان لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی دەسەڵاتی تەوەرلە ئەورووپای داگیرکراو دەکا (Axis Rule in Occupied) ئەو ناوە بۆ تاوانەکە دادەنێ.

---

[9] بڕوانە دەقی ماددده سەرەتاییەکانی ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی ١٩٢٣.
[10] دارت بروکس ریسلی دووەم، بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و دابڕینی موسڵ، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە شەفیقی حاجی خدر، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠٢٣.

هەڵبەتە ئەمەش لەبەرئەوە بووە، کە تا دۆزینەوەی ئەم دەستەواژەیە، واتە دەستەواژەی تاوانی جینۆساید لەسەردەستی زمانناس و قانوونناس «ڕافائیل لێمکین ۱۹۰۰-۱۹۵۹»، کە جوویێکی پۆلۆنی بوو، نەناسراو بوو. ئەوکات تاوانەکان بە کۆمەڵکوژی، بە ڕەگەزکوژی و بە تاوانێکی بێناو دەناسران. کەچی «لێمکین» لەوکاتەی کە «سۆگهۆمۆن تەهلیریان» ئەرمەنی لە تۆڵەی قەتلوعامکردنی ئەرمەنییەکانی تورکیا، «تەڵعەت پاشا»ی دایە بەردەستڕێژی گوللەی دەمانچەکەی وکوشتی، هەرخەریکی ئەوە بوو، لەجیاتی ئەوەی «تەهلیریان» کە تەنیا یەک کەسی کوشتووە، بە بکوژ بزانرێ و دادگایی بکرێ، بەڵکو «تەڵعەت پاشا» لەگەڵ دووانەکەی دیکە «ئەنوەر» و «جەمال» کە بە سێکوچکەی تورکیای لاو دەناسران، دادگایی بکرێن ولەسەرتاوانە بە کۆمەڵەکەی کوشتوبڕی ئەرمەنییەکان سزا بدرێن[11]. دوای ئەوەش، ئەوکێفەڕاتەی بەسەر ئەرمەنەکان هات، هەمان شتیش بەڵکو خراپتریش بەسەرجووەکانی ئەورووپادا هات، ئەوەبوو نازییەکان هۆلۆکۆستیان خوڵقاند.

هەڵبەتە ئەویش لەتاوتاوانی دژواری هۆلۆکۆست و بەراوردکردنی بە قڕکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەکانی پێشتر، دەگاتە ئەو ئەنجامە کە پێناسەیەکی خۆی بۆ ئەو تاوانە کوشندەیە بکا و ناوی "جینۆساید"ی لێبنێ. ئەم وشەیە لە زمانی گریکی بخوازێ کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە جینۆس (genos) واتە گەل، ڕەگەز. نەتەوە، میللەت و سیدە (cide) واتە کوشتن. خودی لیمکن خۆیشی لەدەست ئەو تاوانەی جینۆسایدکردنی جووەکان(هۆلۆکۆست) لە نەمسا هەڵات و لەڕێی وڵاتی سوێدەوە خۆی دەگەیەنێتە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئیدی لەوێ دەست بە داکۆکیکردن و مرافەعات لەدژی ئەم تاوانە کوشندەیە دەکا تا ئەوکاتەی لە ساڵی (١٩٤٤) شاکارەکەی بڵاو دەکاتەوە. هەردوای ئەویش دەستەواژەی جینۆساید جێگیر دەکرێ.[12]

جێگەی خۆیەتی لێرەدا دەق ئەو پێناسەیەی لیمکین بهێنینەوە، کە بووەتە بنەمایەک بۆ پێناسەی ڕێککەوتننامەکەی ڕێگرتن لەتاوانی جینۆساید:

"وێرانکردنی گەلێک یان گرووپێکی ئەتنی[....] خۆی ئەم کارە پلانێکی ڕێکخراوانەیە کە چەندین کردەوەی تێدا جێ دەبێتەوە، هەمووشیان ئاراستەن بۆ تێکدانی بنەچە سەرەکییەکانی ژیانی گرووپە نەتەوەییەکان، ئەمەش بەمەبەستی لەڕەگوڕیشەوە هەڵکەندنی ئەم گرووپە. مەبەستیش لەم نەخشە وپلانە لەناوبردنی دامودەزگا کۆمەڵایەتی، سیاسی. کەلتوری، زمان، هەستونەستی نەتەوەیی، دین و بنەما مافدارییەکانی ئابووری گرووپی دانیشوانن، هەروەها تێکوپێکشکاندنی

11 Samantha Power, A problem from Hell, America and the age of Genocide, Perennial 2003

12 De Holocaust en andere genociden ،Een inleiding ،Genocide en het internationaal recht Martin Mennecke, Amsterdam 2012 P145-168) تێبینی: ئەم کتێبە بەزمانی هۆڵەندییە

ئاسایشی تاکەکەسی و ئازادی و باری تەندروستی تەنانەت لەناوبردنی ژیانی تاکەکانی سەر بە ئەو کۆمەڵە بەئامانجگیراوەیە. جینۆساید بۆ گرووپە دانیشتوانەکە بەخڕی ئاراستەکراوە، ئەوسا ئەو کردەوانەی ڕووبەڕووی تاکەکانی ئەو گرووپە دەبنەوە لەبەرئەوە نییە کە تاکن، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەندامی گروپێکی دیاریکراون."[13]

ڕافائیل لیمکن کە بە دۆزەرەوەی ناوی تاوانی جینۆساید دادەندرێ، هەر لە درێژەی پێناسەکردنی ئەو دەستەواژە داهێنراوە نوێیەی، زیاتر شیدەکاتەوە، بەوەی بەشێوەیەکی گشتی مەرج نییە جینۆساید دەستبەجێ لەناوبردنی گروپێکی نەتەوەیی یان ئەتنی بێ، واتە کردەوەیەک بێ بەیەکجار تاکەکانی خەڵکە بەئامانجگیراوەکە لەناوببا، ئیدی بەگوێرەی بکەرانی تاوانەکە "کێشەکەیان" لەکۆڵ ببێتەوە، بەڵکو مەبەست لێی پلانێکی هاوکارانەری ڕێکخراوە بۆ تێکوپێکدان و لەناوبردنی دامەزراوە بنگەییە هەمەلایەنەکانی ژیانی ئەو گرووپە خەڵکە بەئامانج گیراوە، هەڵبەت ئەمەش بە ئامانجی لەناوبردنی کۆتاییان. (هەروەک چۆن نازییەکانی ئاڵمان بەدوا چارەسەرناویان دەبرد) مەبەستیش لەم پلانە تۆکمەیە ئەوەیە بناغەی ژیانی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کەلتوری و زمانی و ماکی نەتەوەییە دینی ئەم کۆمەڵەیە لەناوببا و باری ئاسایشی و سەلامەتی و تەندروستی و ئازادی و شکۆمەندی تاکەکانی ئەو گرووپە بنبڕبکا.[14] بۆ ئەوەی بە باشی لە ماجەرای چۆنیەتی هاتنەکایەی ئەو تاوانەی بە جینۆساید ناسێنرا، یان ئەو تاوانە بێ ناوەی ناوی جینۆسایدی لێنرا، هەردەبێ پەنا بۆ هەوڵوکۆششی ڕافائیل لیمکین ببەین، بۆیە بەباشم زانی پەنا بۆ ئاوتۆبایگۆرافییەکەی ببەین بەناوی "بەتەواوی نافەرمی" (Totally Unofficial)کە دۆنالی فریز دایڕشتۆتەوە و لە ساڵی (٢٠١٣)شدا لە وەشانخانەی زانکۆی یالێ لە لەندەن چاپکراوە. لەوێدا لیمکین بەوردی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، هەروەها بەوردی باسی ئەوەش دەکا چۆن دادگای نۆرنبێرگ بەلای بەفەرمی ناساندنی ئەو تاوانەدا نەچووە.

لیمکین بەندی هەشتەمی بۆ ئەو پرسە تەخانکردووە و ناوی لێناوە لەدایکبوونی ڕێککەوتننامەکە بەم شێوەیە سەرەداوی پرسەکە هەڵدەوێژنێتەوە:

دادگای نۆرمبێرگ بەتەنیا بەشێکی لە ویژدانی وروژاوی جیهان بە داگاکەی ئاسوودەکرد. سزادانی تاوانبارانی جەنگی ئەڵمانی ئەو هەستەی هێناکایە کەوا ژیانی نێودەوڵەتی هەروەک لە ژیانی

[13] Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress. By *Raphaël Lemkin*. [Publications of the Carnegie Endowment for International Peace, Division of International Law, Washington.] (New York: Columbia University Press. 1944.٧٩ لاپەڕە

[14] Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress. By *Raphaël Lemkin*. [Publications of the Carnegie Endowment for International Peace, Division of International Law, Washington.] (New York: Columbia University Press. 1944

کۆمەڵگەی مەدەنیدا نابێ تاوان بەبێ سزا تێبپەڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا لێکەوتەی دادوەرییەکە بەتەواوی کاریگەرنەبوو. شەڕو دەمەقاڵێ و ملهوڕییەکانی هێزی هاوپەیمانان کە ڕێگەی بە هیتلەردا پەیدا بێ و خۆی بەهێزبکا، هەرهەمان ڕێکاریش وایکرد داگای نۆرمبێرگ نەبێتە پێشینەیەکی دادوەری کارا لەبەرانبەرئەوجۆرە تاوانە نێودەوڵەتییانە. بڕیاری هاوپەیمانان لە دژی هیتلەری پێشوو (ڕابردوو) بوو، بەڵام ڕەتیانکردەوە ئەوە لەخۆبگرن لە داهاتوودا هیتلەرێکی دیکە سەرهەڵنەداتەوە. ئەوان ئەمەیان نەویست یان نەیانتوانی ڕێسایەکی جێگیری نێودەوڵەتی بەرقەرار بکەن تا ڕێ لەو جۆرە تاوانە بگرێ یان لەکاتی ڕوودانیدا سزایان بدا.

خۆی لە لیستی داواکاری گشتی جینۆساید لەنێو تاوانەکانی جەنگدا بوو، ئەوەی لە ئابی (١٩٤٥) وەک تاوانەکانی جەنگ پێشکەشی دادگا کرابوو. لێ دادگاکە ئەوتۆمەتەی لادابوو، لایی لێنەکردبووە بەو پێیەی کە ستاتوتی(دەستورنامەی) دادگای سەربازی نێودەوڵەتی شتێکی تێدا نییە بەناوی تاوانی جینۆساید و لەنێو دەستورنامەکەیدا دەقنووسی نەکردووە. لەڕاستیدا بۆچوونی دادگاکە ئەوەبوو کە ڕایگەیاند:

لەوانەیە ئەو دوودڵییەش لە سەقامگیرکردنی ڕێساکانی قانونی نێودەوڵەتی داهاتوو بۆ ئەو بنەچەکە سەربازییەی دادگاکە بگەڕێتەوە. ئیدی دادگاکە نەیتوانی لە سنوورە سەربازییە ڕێپێدراویەکەی تێپەڕێنی، کە بەڵگەنامەی دەستورنامەکە پێیبەخشی بوو. لەوانەیە ئەندامانی دادگا سەربازییەکە لەخۆیان پرسی بێ، ئەرێ چۆن دەکرێ دادگایەکی سەربازی بەدروستی لەگەڵ ڕەوشی جەنگێکی بەرجەستە بجووڵێتەوە کە بنەمایەک بۆ مەدەنییەکان لە کاتی ئاشتیدا دابنێ و بڵاوی بکاتەوە؟ لەوانەیە ئەوان هەر وەهایان بینیبێ کە جەوهەری دێموکراسی کۆنترۆڵکردنی سەربازی بێ لەلایەن باری مەدەنییەوە نەوەک بە پێچەوانەوە.

دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی پەیڕەوی ئەم خاڵانەی خوارەوەی کرد:

١- تاوانبارانی جەنگی ئەڵمانی لەسەرپلان و هەڵگیرسانی جەنگی دوژمنکاری سزا بدرێن.

٢- ئەوان لەسەرتاوانی دیارکراوی جەنگ یان ئەوتاوانانەی لەمیانەی جەنگەکە کە دەرحەق مەدەنییەکانیان کردوون لە ناوچە داگیرکراوەکان سزا بدرێن.

٣- ئەوان لەسەرتاوانگەلی دیاریکراو سزادەدرێن کە لە میانەی شەڕی دوژمنکارییەوە دژی مەدەنییەکانیان کردوون. ئەوان بەناوی تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی بانگیان کرد، ئەمەش هەرئەوکاتە مایەی سزادانە کاتێ ئەم تاوانانە بەشێوەیەک دەکرێن کە پەیوەست بن بە تاوانەکانی دیکەوە، ئەوانەی دەچنە نێو بابەتی دەسەڵاتی دادگاکەوە، ئەوانیش تاوانەکانی دژە ئاشتی و تاوانەکانی جەنگن.

بەکـــورتی ئەڵمانەکـــان هەرلەبەرئەوە ســـزا دران کە تاوانەکانیـــان لە میـــانەی جەنـــگە دوژمنکارییەکەدا کردبوو. تاوانەکانی دژەمرۆڤـایەتی لەوێدا ڕیزبەندییەکی سـەربەخۆی نەبووە. ئەو تاوانـانە هەرئەوکات بەتـاوان زانـراون کە پەیوەسـت بـوونە بە تاوانەکانی دیکەوە. کەواتە بـۆ ئەوەی کەسـانێک لەسـەرتاوانەکـانی دژە مرۆڤـایەتی سـزا بـدرێن ئەوا پێویسـت بـوو بەدوای ئەم تـوخمە پێکهەنەرانەی خوارەوەدا بڕۆن:

١- تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی دەبووایە بسەلمێنرێن.

٢- تاوانی دژە ئاشتی یان تاوانی جەنگ دەبووایە بسەلمێنرێن.

٣- دەبوایە لەسەرێکەوە پەیوەستی گرێدراوی نێوان پلانێکی جێگیری دژەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی دژ بە ئاشتی یان تاوانی جەنگ بسەلمێندرێ.

٤- هەمـوو ئەو تـوخمە پێکهێـنەرانە دەبـووایە لە دوتـوێی جەنگی دوژمکـارانە بسـەلمێندرێن نەوەک جەنگی بەرگریکارانە.

٥- جەنگی دوژمنکارانەش پێناسە نەکرابوو.[15]

ئینجـا لیمکـین بەدرێـژی و بەوردی باسـی هەوڵـوتەقەلای خـۆی دەکا لەنێـو ناوەنـدە سیاسـی و قانونییەکـانی ئەمریکی و نێـودەوڵەتی تـا پێناسـەکەی و ئەو دەسـتەواژە نـوێیەی خۆیـان لەبـارەی جینۆساید پێبناسێنێ، کە لەدوا ساتدا هەوڵەکەی سەردەگرێ و ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاونی جینۆساید لە (١٩٤٨)دا دەردەچێ.[16]

## تەوەری شەشەم: دادگاکانی جینۆساید بەرلە دۆزینەوەی ناوەکەی

بێگومان بەرلەوەی هەرسێ تاوانی سامناک و قێزەونی جینۆساید، تاوانەکانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤـایەتی بە شـێوەیەکی قـانونی کە دادگا لە خۆبگرێ و بەدواداچوونی بۆ بکرێ لە (٢٠٠٠)ەوە لە دەستوری ڕۆما جێی خۆی بگرێ و دواتریش بە کردەوە، لە چەند شـوێنێک دادگای بۆ دابمەزرێ، بێ پێشـینە نەبووە. ئەم پێشـینەیەش بۆ پەیماننـامە یان ڕێککەوتننامەکانی لاهای سـاڵەکانی (١٨٩٩ و ١٩٠٧) دەگەڕێتەوە... تـا بـۆ بەدواداچـوونی چەسـپاندنی نـاوەڕۆکی ئەم ڕێککەوتننـامانەش کە وەک ڕێککەتننـامەی نێودەوڵەتی سـەودای لەگەڵ کـراوە و سـەرچاوەیەکی و قـانونی نێودەوڵەتیش بـووە، زیـاترلە چوارچێوەیی تاوانەکانی جەنگ ماوەتەوە. هەڵبەتە دەگـوترێ بنەمـای سـەرەوەری دەوڵەت و نەبـوونی ڕێکخراوێکی نێـودەوڵەتی کە خـاوەن دادگـا بێ، لەمپەرێکی سـەرەکی بـووە دەرهەق هەر

[15] Totally Unofficial The Autobiography of raphael lemkin I Edited by Donna-Lee Frieze, Yale University press, New Haven, Londen 2013.

[16] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Totally Unofficial The Autobiography of raphael lemkin I Edited by Donna-Lee Frieze, Yale University press, New Haven, Londen 2013.

هەنگاوێکی جدی، کە لە چوارچێوەی دەسەڵات و هەژموونی دەوڵەتە زلهێزەکانی ئەوسا دەرچووبێ. دوابەدوای ئەمەش جەنگی یەکەمی جیهانی بەسەردا هات.

هەرچەندە ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵەی نەتەوەکانیش هەبوو، بەڵام لەبەر سەرهەڵدانی ململانێ لەنێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەڵاتی (سۆشیالیستی- کۆمۆنیستی) و ڕۆژئاوایی (سەرمایەداری) و سیستمی دەنگدانی (کۆدەنگی) لە نێو ڕێکخراوەکەدا، ئیدی نەیتوانی هیچ کێشەیەکی نێوەدەوڵەتی بە تاوانەکانی جەنگ و کۆمەڵکوژی و دژە مرۆڤایەتیشەوە، کە لەنێوان وڵاتاندا ڕوویاندا چارەسەربکا، بۆیە جەنگی دووەمیش هەڵگیرسا. دوابەدوای شکستی بەرەی نازییەکان، ئەوەبوو ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی نوێ (نەتەوە یەکگرتووەکان) بە شێوازێکی کاریگەرتر هاتەکایە. ئەویش زنجیرەیەک پەیماننامە و بڕوانامەی نێودەوڵەتی دەرکرد، کە بواری تاوانەکانیشی گرتەوە وەک تاوانی جینۆساید.

قسەی لەسەرنییە، سزادانی سەرانی نازی و ژاپۆنی لە هەردوو دادگای نۆرمبێرگ و دادگای ڕۆژهەڵاتی دوور، هەروەها لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووش بەرلە هاتنە کایەی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی وەک کەسێکی واتایی، هەردوو دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لە یۆگسلافیا لە (١٩٩٣) و هی ڕواندا لە (١٩٩٤) بوونە بەردی بناغە بۆ ئەوەی دواتر دەستوری ڕۆما و داگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی لێبێتەبەرهەم.[17]

هەروەک ڕوونکراوەتەوە ماکی زاراوەی جینۆساید کە ڕافائیل لیمکین لە (١٩٤٤)دا دایهێنا بۆ زمانی گریکی دەگەڕێتەوە، کە گینۆس واتە ڕەگەزو سیدەش واتە کوشتنە. هەرچەندە لەڕێی کتێبەکەی ئەوەوە کە پێناسەی تاوانەکەی کردبوو، وشەکە بووە زاراوەیەکی فەرمی، لێ ئەوپێیوابوو ئەم وشەیە بۆیەکەمین جارلە ساڵی (١٩٣٣)شدا بەکارهێنراوە. بەگوێرەی هزر و بۆچوونی لیمکین، جینۆساید بە بەراورد بە تاوانەکانی دیکەوە، کوشندەترین و سامناکترینیانە، ئەوەش وەنەبێ هەر ویژدانی مرۆڤایەتی بهەژێنێ بەڵکو بەقووڵی باندۆری گەورەی لەسەرچاکە ولایەنی مرۆڤایەتی داناوە، چونکە تاوانەکە بۆ ڕیشەکێشکردن و قڕکردن هاتووە.

هەرچۆنێک بێ لە کۆتاییدا و لە (٩ی دیسێمبەری ١٩٤٨)دا بەرلەیەک ڕۆژلە پەسەندکردنی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ئەوەبوو کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدی بە ژمارە (٢٦٠) بەبێ هیچ بەرهەڵستییەک پەسەند کرد. ئەم ڕێککەوتننامەیەش لە (١٢ی یانیوەری) بەگوێرەی مادده (١٣)ی ڕێککەوتننامەکە، لەپاش ئەوەی بیست ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان واژۆی پەسەندنامەی لەسەر کرد، چووە بواری جێبەجێکردنەوە. تا ساڵی (١٩٨٥)یش زیاترلە سەد دەوڵەتی ئەندام پەسەندیان

---

[17] Samantha Power, A problem from Hell, America and the age of Genocide, Perennial 2003.

کرد. ئەوتاوانە سامناکانەی لە میانەی دووەمین جەنگی جیهانیدا کران، وای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد دوای جەنگەکە لێیان بەجواب بێ و بەدوای سزادانی بکەرەکانیدا بگەڕێ و بە کردەوەش چەندین دانیشتنی دادگای تایبەتی بۆ سازدان. ئەوەبوو لە (١ی نۆڤێمبەری ١٩٤٣) هاوپەیمانان جاڕنامەی مۆسکۆیان ڕاگەیاند. ئەم جاڕنامەیە کردەوەیەکی یەکگرتووانەی هاوپەیمانان بوو بۆ بەردەوامبوون لە جەنگەکە تا کۆتایی پێدەهێنن و پاشان لەڕێی ڕێکخراوەکانیان ئاشتی و ئارامی بپارێزن. هەروەها هەرلەهەمان جاڕنامەدا هاوپەیمانان بەڵێنی ئەوەیاندا بەیەکەوە بن بۆ گرتنەبەری ڕێگای دژایەتیکردنی دوژمنی هاوبەش تا ئەوکاتەی خۆی بەدەستەوە دەدا لە چەک دادەماڵرێ. هەروەها بۆگرتنەبەری هەرڕێکارێک دژبە توندوتیژی ئەوەی بەسەردوژمنەکانیان سەپاندووە. ئەمەو چەندین خاڵی دیکە سەبارەی بە خۆڕێکخستنەوە لەپێناو سەقامگیرکردنی ئاشتی و ئارامی جیهان. وەک دەرەنجامێکیش لە (٨ی ئابی ١٩٤٥)دا ڕێکەوتننامەی لەندەن هاتەکایە بۆ دامەزراندنی دادگای سەربازیی نێودەوڵەتی، دادگای نێورنبێرگیش بۆبەدواداچوون و سزادانی سەرانی ڕژێمی نازی دامەزرا. دوابەدوای ئەوە دادگایە دادگایەکی دیکەی هاوشێوەش لە تۆکیۆ لەساڵی (١٩٤٦) دامەزرا.[18] ئەوەی جێگەی سەرنج بێ، لەسەرئەم دوو دادگایە سەربازییەی هاوپەیمانان بنەماکانی بێلایەنی و ڕەوایەتی(شەرعیەت) پەیڕەو نەکران. واتە هەرهاوپەیمانان خۆیان دادگاکە و دادوەرەکانیان دامەزراند. دادوەرەکان لەودەوڵەتانە دامەزران کە براوەی جەنگەکە بوون. بۆیە هەرهاوپەیمانان بڕیاردەربوون، هەرچی دادوەرەکانیشیان بوون نەیاندەتوانی لەبەرژەوەندی دەوڵەتە براوەکانی جەنگ دەربچن. شتێکی دیکەی زۆرگرنگ و سەرنجڕاکێش لەو داگایانە ئەوەبوو، کە نە لە دەستورنامەی نۆرمبێرگ و نە لە هی تۆکیۆدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە تاوانی جینۆساید نەکراوە. ئاخر بەگوێرەی ماددەی شەشەمی دەستورنامەی نۆرمبیرگ بێ، هەربەتەنیا سێ تاوان کەوتوونەتە بن دەسەڵاتی دادگاکە.[19] هەروەها ماددەی پێنجەمی دەستورنامەی دادگای

---

[18] Linguistic Genocide Linguistic rights of minorities as a blind spot in International law: A study on the potential for a convention on linguistic genocide, Amir Salimi Prof. Hans Joachim Heintze

https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content

[19] المادة: تعتبر الأفعال التالية، أو أي منها، جرائم تدخل في اختصاص المحكمة وتكون مسئوليتها فردية: ١- الجرائم المخلة بالسلام: وهي التخطيط أو الإعداد أو البدء أو شن حرب عدوانية، أو حرب انتهاكات للمعاهدات أو الاتفاقيات أو الضمانات الدولية، أو المشاركة في خطة مشتركة أو مؤامرة لتحقيق أي مما تقدم.

٢- جرائم حرب؛ وهي انتهاكات قوانين أو أعراف الحرب. وتشمل هذه الانتهاكات، على سبيل المثال لا الحصر، القتل أو سوء المعاملة أو الترحيل للعمل بالسخرة أو أي غرض آخر لتوطين السكان في اقليم محتل، أو قتل أو سوء معاملة أسرى الحرب أو الأشخاص في عرض البحار أو قتل الرهائن، أو نهب الممتلكات العامة أو الخاصة، أو التدمير المتعمد للمدن أو البلدات أو القرى، أو التدمير الذي لا تبرره ضرورة عسكرية؛

تۆکیۆش هەرهەمان تاوانەکانی گرتبوونەخۆ. هەربەم جۆرە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆ ناوی لێدەنێین جینۆساید، ئەوا بەگوێرەی هەردوو دادگای نۆرنبێرگ و تۆکیۆ بەردەۆ(کۆنتێکست)ی جیاوازیان لەخۆگرتبوو، لەنێویشیاندا کوشتن و ڕیشەکێشکردن و قڕکردن. ئەوسا هەریەک لەم تاوانانە لەسەرخاکی داگیرکراودا کرابووایە ئەوا دەچووە بن باڵی تاوانەکانی جەنگ، خۆ ئەگەرتاوانەکانیش لەسەربنەمای پاشخانی ڕەگەزی و سیاسی یان دینی کرابن ئەوا چوونەتە ژێرپێناسەی تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی.[20] لەگەڵ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ لەو دوو دادگایەدا بۆ جینۆساید نەهاتووە، کەچی هەرئەم تاوانەشیان دابەش کردە سەردوو کۆمەڵە تاوان: یەکەمیان ئەو تاوانانەی دژی گرووپێکی دیاریکراو کردبوو، دووەمیشیان ئەو تاوانانەی دژی تاکەکان کرابوون، واتە ئەو تاکانە سەربە گرووپێک بووبن یان نا. هەربەم جۆرە، بەشی یەکەمیان بە تاوانی جینۆساید داندرا وهی دووەمیشیان بەتاوانی دژەمرۆڤایەتی. هەرچەندە داواکانی گشتی لەم دوو داگایەدا ئاماژەیان بە زاراوەی جینۆساید دابوو، بەڵام لە حوکمی کۆتایی داگاکەدا کە لە (١٩٤٦) دەرچوو، وشە یان زاراوەی جینۆسایدیان بەکارنەهێنا. لەوێدا هەرئەگەری ئەوە لەگۆڕیدا بوو، کە تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆساید لەژێرپێناسە و بەرڕەوتی تاوانی جەنگ جێگەیان ببێتەوە. لێکدانەوەکەش پاراستنی لایەنی سەربازی و مەدەنی لایەنەکان بوو لە جەنگەکە.[21]

## بەشی دووەم: نیازی تایبەت لە تاوانی جینۆساید و ئەنفال

### تەوەری یەکەم: نیازی تاوان

تاوان، ئەوسا هەرتاوانێک بێ پێویستی بە نیازێک(نیەت) هەیە بۆ پاڵنان و دنەدانی ماخۆکەی تا کارێک بکا، کە بەگوێرەی قانونی سزادان ڕێگەپێدراو نییە و سزای لەبەرانبەردا هەیە.

خۆی بە گوێرەی قانونی سزادان بێ، هەرتاوانێک کە بەتاوان بژمێردرێ و سزادانی لەبەرانبەردا بێ، ئەوا سێ توخمی پێکهێنەری هەن:

یەکەمیان: توخمی قانونی، یان ڕەوایەتی، واتە ئەوکارەی بە گوێرەی قانون بە سزا دادەنرێ. هەڵبەتە دوو بنەمای سەرەکی لە قانونی سزادان هەن، کە بناوان بۆپرسی بەتاوانزانین و سزادان،

---

٣- جرائم ضد الإنسانية: وهي القتل والإبادة والاستعباد والترحيل وغيرها من الأعمال اللاإنسانية المرتكبة ضد أي مجموعة من السكان المدنيين، قبل أو أثناء الحرب، أو الاضطهاد لأسباب سياسية أو عنصرية. مو لأسباب دينية في تنفيذ أو فيما يتعلق بأي جريمة تدخل في اختصاص المحكمة، سواء كانت تنتهك القانون المحلي للبلد الذي ارتكبت فيه الجريمة أم لا.

[20] https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content

[21] https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content

ئەوانیش "ماکی هەموو شتێک ڕێگە پێدراوە الاصل في الشیاء" و"هیچ شتێک بەتاوان دانانرێ تا دەقێکی قانونی بۆ دانەڕێژرابێ لا جريمة ولا عقوبة الا بنص".

دوومیان: توخمی ماددی کە پێکهاتووە لە کردەوەیە کەسێک و بەوەی ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، لێرەشدا دەبێ پەیوەندی کردە و ئەنجام واتە هۆکارلەم توخمەدا بێتە دی.

سێیەمیشیان: توخمی واتایی، واتە نیازی ئەو کەسەی کە کردەکەی کردووە بەوەی بزانێ کردەوەکەی ئەو ئامانجەی لێدەکەوێتەوە، واتە ئیرادەی بکەرەکە بۆ کردنی کردارێک بڕوا کە هەڵبەتە ئەنجامێکی هەبێ.[22]

لێرەدا ئەوەی تاوانی جینۆساید لە تاوانێکی دیکە، تاوانی کوشتن جیادەکاتەوە دوانەیی نیازە (القصد المزدوج)، هەندێک جاریش بە نیازی تایبەت ناودەبردرێ. واتە لە تاوانی جینۆسایددا هەم نیازێکی گشتی هەیە کە بۆ کردەوە سەرەکییەکە دەڕوا، لەپاڵیشدا نیازێکی شاراوە هەیە، کە پەیوەستە بە ئەنجامی کۆتایی، کە بریتییە لە لەناوبردنی بەکۆمەڵ. هەروەک لە دەقی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەکە[23] خۆیدا هاتووە"بە نیازی وێرانکاری /بقصد التدمير/ with intent to destroy بەدوای خۆیدا لێکدانەوەی قانونی کە پاڵپشت بووە بە پێشینەی دادوەری بەخۆیدا هێناوە. ئەمە وایکردووە لەبارەی نیازەوە هەم بە واتا گشتییەکەی کە لەنێو قانونی سزادادا هاتووە لێی بکۆڵدرێتەوە، هەم بەدیویکی دیکەدا جەخت لەسەرپرسی تایبەت و شاراوەی نیازەکە بکرێت و بە ئیرادەی ئەنجامەکەی ببەسترێتەوە، بە ئیرادەیەک کە پێشوەختە ئامادە بووبێ، هەروەها لەڕێی بەدواداچوون و دەستبردن بۆ ئامرازەکانی جێبەجێکردن پشتڕاست کرابێ. واتە ئەو

[22] Stafrecht met mate, Mr. N. Jorg en Prof. C. Kelk, 10 e druk , Gouda Quint 1988.

[23] بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە تاوانی جینۆساید و سزادانی : ماددەی دووەم:

لەم پەیمانامەکەدا، جینۆساید واتای هەرکارێک لە مانەی خوارەوە دەگەیەنێ کە مەبەستی وێرانکردنی لەپشت بێ، ئەوسا چ وێرانکردنێکی هەمەکی بێ یان بەش بەش بێ، چ نیشتمانی، ئەتنی، ڕەگەزی یان گرووپی دینی بێ، وەک:

ئا: کوشتنی ئەندامانی گرووپەکە؛

ب: ئازارپێگەیاندنێکی ڕاستەقینەی جەستەیی یان ئازاری دەروونی بە ئەندامانی گرووپەکە؛

پ: بە ئەنقەست لەباریەکبردنی شیرازەی بارودۆخی ژیانی گرووپەکە، بۆ ئەوەی تێکشکاندنێکی جەستەیی هەمەکی یان بەشێکی بێتە دی.

ج: گرتنەبەری ڕێوشوێنێک کە مەبەست لێی ڕێگرتن بێ لە زاوزێکردنی نێو گرووپەکە.

ح: بە زرۆملێ گواستنەوەی منداڵانی گرووپێک بۆ نێو گرووپێکی دیکە.

نیازەی کاولکارییە بە ڕیزبەندی و ساختارێکی تایبەت ببەسترێتەوە، لەبەرانبەرتوخمی سەرەکی نیاز لەنێو قانونی سزاداندا.[24]

هەڵبەتە ئەمەش لەکاتی لێکۆڵینەوە و سەلماندندا ئاریشەی خۆی هەیە، هەرئەمەشە ڕۆڵێکی چارەنووسازی لە سەلماندن و پێناساندنی کردەوەکە هەیە بە تاوانی جینۆساید. هەربۆیە ئەو ڕوانینە تەقلیدییە بۆ سەلماندنی توخمی واتایی، واتە نیازهەروەک پێشترلە تاوانەکانی دیکەدا هەبووە، بە تاوانی کوشتنی بە کۆمەڵیشەوە، گۆڕاوە، چونکە خۆی لەبەرپێناسەی ئەو ماددەیە ناگرێ؛ بۆیە لەپاڵ نیازی سەرەکی و گشتیی پێشوو دەبێ بە نیازی تایبەت و بونیادی کردەوەکە و توخمی زانیارییش سەرباربکرێ بۆ ئەوەی کەسێک بە تاوانباری جینۆساید بناسرێ و حوکمەکەی بەسەردا بدرێ.

خاڵێکی زۆرگرنگ لەم دەرەنجامە دەخوێندرێتەوە، ئەویش پێناسەکردنی تاوانەکەیە بەسەرئەو کەسانەی لە تاوانی جینۆسایدا بەشدارن.[25] کاتێک ئەم تاوانە لەلایەن چەند کەسێکەوە بکرێ. ئەوا دەرەنجامی لێکۆڵینەوەکە دەریدەخا ئاخۆ هەرهەموویان ئەو نیازە تایبەتەیان هەبووە وەک ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی جینۆسایددا دەڵێ بە نیازی کاولکاری، خۆ ئەگەرهەبووبێ ئەوا کێشەیەک نییە، بەڵام ئەگەرنەبووبێ، ئەوا پۆلینکردنی تاوان دێتەگۆڕێ.

لێرەدا ڕایەکی خاکەڕاییانەی خۆم هەیە، ئەوڕایەشم لە تێخوێندنەوەی ئەو هاوبەشییە لە تاوانەکەدا هەڵهێنجاوە، دەقاودەقیش لەسەرتاوانی ئەنفال. ئەگەرڕوونترلێی بکۆڵینەوە، هەروک لە پێناسەی جینۆسایددا دەردەکەوێ، ئەم تاوانە پێویستی بە دوو نیازی ئاشکرا و شاراوە هەیە، یان بڵێین نیازی گشتی و تایبەتی. ئەوسا ئەگەربکرێ نیازە گشتییەکە خۆئامادەکردنێکی ئەوتۆی پێویست نەبێ، ئەوا نیازە تایبەتەکە خۆئامادەکردنێکی تەواوی پێویستە. هەرئەو خۆئامادەکردنەش سەردەکێشێ بۆ نیازی پێشوەختە بە ئامادەکردنی ئامرازو ڕێکاری تایبەت، هەروەها ڕێکارێک کە لە ڕای گشتی شاراوە بێ. بێگومان هەمووشی هەرپەیوەستە بە نیازی کۆتایی، کە لەناوبردنی بەکۆمەڵی کەسانێکە، وەک لە ڕێککەوتننامەکەدا ماکی کۆمەڵە کەسانەکەی ڕوونکردۆتەوە. ئینجا لێرەدا

---

[24] https://www.cambridge.org/core/journals/international-review-of-the-red-cross/article/what-does-intent-to-destroy-in-genocide-mean/636C654F125D59B1CCE36994485A20D7

What does ‘intent to destroy’ in genocide mean?

[25] https://www.cambridge.org/core/journals/international-review-of-the-red-cross/article/what-does-intent-to-destroy-in-genocide-mean/636C654F125D59B1CCE36994485A20D7

پرسیارە گەورەکە ئەوەیە ئەگەرهاتوو هاوبەشبوون لە تاوانی جینۆساید بازنەی تاکڕەهەندی بکەرەکانی لەپرسی یەک نەتەوەیی و یەک کۆمەڵەیی تێپەڕاند، چی دەبێ و چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟ خۆ ئەگەروایدابنێین کە کۆمەڵە کەسێک لە هەردوو نیازە گشتی و تایبەتەکە یەکانگیربوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە جێبەجێکردنی تاوانەکەدا کەسانێکی دیکەیان لەگەڵدا بەشداربوون، کە لە نیازە تایبەتە شاراوەکەدا هاوبەشیان نەبوون، لەگەڵ ئەوەشدا بکەری ڕاستەخۆ هەر ئەو پۆلە خەڵکەی دووەم بوون، ئەوسا وەڵامی قانونی بۆ ناساندن و پۆلینکردنی جۆری تاوانەکە چۆن دەبێ؟

با پرسەکە بەکردەوە ڕوون بکەینەوە. شتێکی بەڵگە نەویستە ئەنفال تاوانێکە لە ڕیزبەندی جینۆسایدیدایە و دادگای باڵای تاوانەکانی عیراقیش هەروەهای بۆچووە و وەهای سەلماندووە. ئەنفال لەلایەن ترۆپکی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە ساڵی (١٩٨٨) بە هەشت قۆناغ دەرهەق گوندنشینانی کورد کراوە. ئەم کردەوەیە بە نەخشەوپلانی دەسەڵاتدارە باڵاکانی ڕژێم کراوە، ئەگەر لەڕووی نەتەوەیی و مەزهەبییەوە پۆلینیان بکەین، ئەوا دەسەڵاتێکی عەرەبی سوننی بووە، بەڵام زۆرینەی ئەوانەی پێی هەڵساون لە کوردان بوون، ئەوەی دەگوترێ جاش و فەوجی مستەشارەکان و هێزی تایبەت.

پرسیارە گرنگەکە یەکلاکەرەوەکە ئەوەیە: تۆ بڵێی بکەرانی ئەنفال لە جاش و چەکداری کورد هەمان نیازی شاراوەی یەکلاکەرەوەی سەرانی خۆیان هەبووبێ؟ ئەگەرهەبووبێ ئایا دەکرێ یەکێک حوکمی لەناوبردنی خۆی بدا؟ خۆ ئەگەروەڵامەکەش بە نەرێ بوو، ئایا هەمان حوکمی بڕیاردەرانی ڕژێم لەسەرئەوانیش جێبەجێ دەبێ؟ ئەگەرپێناسەی جینۆساید لەسەریان جێبەجێ نەبوو، ئایا پێناسەی چ تاوانێکیان بەسەردا جێبەجێ دەبێ؟ دوا پرسیاریش ئەوەیە ئایا گۆڕانی پێناسەی بەتاوانزانینەکە، کاریگەری بەسەرجۆری سزاکەوە دەبێ؟

## تەوەری دووەم: نیازی گشتی و نیازی تایبەت

توخمی مەعنەوی لە تاوانی جینۆساییدا لەسەردوو کۆڵەگەی لەیەک جیا وەستاوە، یەکەمیان نیازی گشتییە، ئەو نیازەی لەهەرتاوانێک وەک کۆڵەگەیەکی سەرەکی دەبینرێ، ئەوی دیکەشیان ئەو سەربارکردنەی جۆرە نیازێکی تایبەتە، کە نیازی کاولکارییە. هەرچی نیازی گشتییە پەیوەستە بە سەرجەم توخمە بابەتییەکانی پێناسەی تاوانەکە، واتە کردەی تاوانەکە، ئەمەش لە ماددەی سی ستاتوتی ڕۆمای دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان زۆربەڕاشکاوی دەقنووسکراوە، ئەویش لەسەر بنەمای توخمی ئیرادە(نیاز) و هەروەها توخمی زانین یان بیرۆکەکەکە. هەربۆیە لە ناساندنی و سەلماندنی تاوانی جینۆسایددا بڕگەی یەکەمی ماددەی ناوبراو، هەروەها ماددەی دووەمی

ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە جینۆساید بۆی چووە، ئەمەشیان بەتەواوی ئاراستەی ئەوە کراوە، کە کۆمەڵە کەسانێک بپارێزێ. ئەو کۆمەڵە کەسانەی ماددەی دووەمی ڕێککەوتننامەی جینۆساید ئاوەڵناوی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئەتنی، یان ڕەگەزی یان دینی داوەتەپاڵ. ئەمەش ئەوەی لێدەکەوێتەوە کە بکەری تاوانەکە پێشوەختە ئەوەی زانیبێ کەوا کردەوەکەی دژی کۆمەڵەیەکە، ئەو کۆمەڵەیەی بەگوێرەی قانون پارێزراوە. بڕگەی سێیەمی ماددەی سی ستاتوتی ڕۆما واتای وشەی "زانینی" ڕوون کردووەتەوە.[26]

لێرەدا ئەو مەبەستە بەشێوەیەکی گشتی لە بەرڕەوتی پێناسەی ماددەکە و خودی گشتییەتی نیاز لە تاوانەکە تێدەگەیشترێ، خۆی نیازەکەش گشتییە، دەپەڕێتەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لەم تاوانەدا بەشدارن، وەک ئەوەی پێشوەختە ڕێککەوتنیان لەسەرکردبێ. لێ هەرچی "نیازی وێرانکارییە" کە لە هەمان ماددەی دووەمی ڕێکەوتننامە و ماددەی (٣٠) ستاتوتەکەی ڕۆمادا هاتووە حاڵەتێکی پێچەوانەی هەیە، ئەویش داخوازی لایەنێکی کەسییە بۆ تەواوکردنی نیازی گشتی، ئەوەی بازنەی بابەتییانەی پێناسەی تاوانەکە تێدەپەڕێنێ. لێرەدا هەقە باس لەباری دنەدەری ڕۆحی بکرێ،[27] نیازێکی سەربار، نیازێکی زاڵ، کە ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرای بەدواوەیە. واتە نیازێک مەبەست هەرلێ کوشتن نییە، بەکوشتنی بەکۆمەڵیشەوە، بەڵکو مەبەستێک لەپشت کوشتنەوە هەیە، ئەویش لەناوبردنی کۆمەڵەکەیە، دروستتر بڵێین کوشتنی جۆرە کۆمەڵێک، کە بۆ بکەرەکانی تاوانی جینۆساید ئەوپەڕی مەبەستییانە، جا بەهەرپاساوێکەوە بێ.

کاتێکیش لە تاوانێکی ئاسایی ئەو نیازە گشتییە وەک توخمێکی مەعنەوی دێتە پێش، لەوانەیە هەر خۆی لەکاتی سەلماندندا ببێتە مایەی لادانی تاوانەکە، یان هەرهیچ نەبێ قورسایی سزاکە، بەوەی بسەلمێندرێ کەوا کردەوەکە بە نیازنەکراوە، نیازی پێشوەختەی نەبووە، بەڵکو هەربەڕێکەوت ئامرازو ئەنجام و کردەوەکە ئەولێکەوتەیەی هەبووە، ئیدی لەبری نیازڕێکەوتی هەڵە یان کەمتەرخەمی هۆکاربووە. خۆ ئەگەرئەمە لە هەندێ حاڵەتی تاواندا بێتە دی، ئەوا هاتنەدی ئەم حاڵەتە لە تاوانی جینۆسایددا ئەستەم و مەحاڵە، چونکە ئەو نیازی کاولکارییە ڕێگە لە هەموو پۆزش و پاکانەیەک دەگرێ و هەرلە سەرەتاوە بکەرەکە مەبەستی خۆی لە کردەوەکەیدا هەبووە.

---

٢٨ بۆ مەبەستی ئەم ماددەیە بێژەی (زانین) واتای ئەوە دەگەیەنێ، کەسەکە بەئاگا بێ لەوەی بارودۆخێک هەیە یان لەڕێڕەوی سادەی ڕووداوەکان ئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە. ئیدی هەردوو بێژەی (دەزانێ) و (بە زانینەوە) هەر بەو گوێرەیە لێکدەدرێنەوە.

27 https://www.cambridge.org/core/journals/international-review-of-the-red-cross/article/what-does-intent-to-destroy-in-genocide-mean/636C654F125D59B1CCE36994485A20D7

کەواتە بۆ سەلماندنی تاوانی جینۆساید پێویست بە سێکوچکەی لایەنی دەروونی و واتایی هەیە، کە نیازی گشتی و زانین و نیازی کەسەکی تایبەتیش هەیە. خۆ ئەگەر لەکاتی لێکۆڵینەوەدا سەخت بێ حاڵەتی عەقڵی تاوانبارلەکاتی کردە فیزیکەکەدا بسەلمێندرێ، ئەوا هەرزۆرسەخت دەبێ نیازی تایبەتە سەربارەکە بسەلمێنردرێ، چونکە پەیوەست نییە بە توخمە پێکهێنەرەکانی دیکەی تاوان. چونکە دەبێ ئەوە بزاندرێ کە تاوانباران زۆربە ئەستەم بەڕاشکاوی دان بەوەدا دەنێن کە نیازیان بووە کۆمەڵە کەسە بەئامانجگیراوەکە. ئەوەی جینۆساید باسیان دەکا، لەناو ببا.[28]

هەرئەم ناوەڕۆکی نیازی گشتی و تایبەتییە وای لە قانونناسان کردووە لەبارەی پێناسەی تاوانی جینۆساید کۆک نەبن، هەرچی قانونناسانن دەستیان بە ناوەڕۆکی پێناسەکە گرتووە وەک چۆن لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، بەڵام هەڵسوکەوتی سیاسییەکان لەسەرپاپەندییە قانونیەکاندایە بۆ ڕێگرتن لە قڕکردنی بەکۆمەڵ و وەڵامی سیاسی و سەربازییان بۆ ئەو حاڵەتانە. لەسەرێکی دیکەشەوە توێژەرانی بواری جینۆساید لە کاریگەریی پێوەرەکانی دادپەروەری نێودەوڵەتی نیگەرانن ئەوەی لەلایەن هێزی دەرەکییەوە لەسەرباروودۆخی ئاشتی و بۆ ئاشتی دەسەپێنرێ. هەرلەبەرڕوانگەی پێناسەکەیە، کە لەلایەن توێژەرانەوە تێبینی ڕەخنەیی لەسەرخودی ماددەکە، یان باشتربڵێین هەندێ لە دەستەواژەکانی ماددەکە هەیە. دوو ئاراستەی ڕەخنەی یەکەم بەرەو ئەو لیستە کارانە دەڕوا، کە لە دەقی ڕێککەوتننامەکەدا هاتووە، ئەوەی بە تاوانی داناوە. واتە ئەو پێنج کردەوانەی دەق لە ماددەی دووەمدا هاتووە، چونکە بەدەرلەو ڕیزبەندییە کاری دیکە ناچێتە چوارچێوەی پێناسەکە. هەڵبەتە قیاسیش لەسەرئەم کارە ئەستەم دەبێ، چونکە لەحاڵەتی قیاسدا، سەلماندنی نیازە تایبەتەکە ئەستەمە. هەرچی ئاراستەی ڕەخنەی سێیەمە، خودی نیازە تایبەتەکەیە، دەقاودەقیش نیازی کاولکارییە، چونکە ئەوان دەڵێن سەلماندنی زۆرسەختە، چونکە سەختە ئەو پێنج کردەوە پۆلینکراوەی ماددەی دووەم بسەلمێندرێ کەوا "بەنیازی تێکدانی سەرتاسەری یان بەش بەشی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئەتنی یان ڕەگەزتی یاخود دینی" کراوە. بەڵگەوبەندەکەشیان ئەوەیە کە زۆرسەختە دەسەڵاتی بکەربەڵگەنامەی وەها لەدوای خۆی بەجێبهێڵێ، کە نیازە شاراوەکەیان کە دەقی ماددەی دووەم و سێیەمی ڕێککەوتننامەی ڕێگرتن لە جینۆساید بەرجەستەبکا.[29]

---

[28] https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2297054

[29] Evidential Approach to Determine Genocidal Intent :https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2297054

لە ئەنجامی ئەو هەموو پێداگرتنە لەسەر ئەو نیازە تایبەتییە، یان ئەوەی ماددەی دووەم ناوی لێناوە نیازی کاولکاری، بە نیازی جینۆساید ناو ببەین، چونکە ئەم پاڕستە ڕوونکەرەوەیە لە پێناسەی هیچ تاوانێکی دیکەدا نییە، هەربۆ نموونە ئەگەر سەیری هەردوو تاوانە نێودەوڵەتییەکەی دیکە بکەین، کە تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتین، ئەوا ئەم ڕستە ناوبراوەی سەرەوە دەقنووس نەکراوە.

## تەوەری سێیەم: نیازو پاڵنەر

بەگوێرەی لێکدانەوەی شۆشانا ماردەرێ، بۆ ئەوەی لە پرس و بابەتی نیازلە جینۆساید بگەین، ئەوا شتێکی جەوهەرییە جیاوازی لەنێوان نیازو پاڵنەردا بکەین. ئەم دوو چەمکە دوو چەمکی قانونین و لەیەک جیان، هەرچەندە لەگەڵ یەکیش تێهەڵکێشن و جاری وەها هەیە سەرلە خوێنەر دەشێوێنن.[30]

بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو چەمکە لەیەکدی، بۆچوونێکی وەها هەیە، نیازئەوڕەوشە هزرییە بێ، هاوزەمانی ئەوکاتە بێ کە بکەرەکە کردەوەکەی بە ئەنجام دەگەیەنێ، هەرچی پاڵنەرەکەیشە ئەو هۆکارەیە وا لە بکەرەکە دەکا تاوانەکەی بکا و وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئاخۆ بۆچی تاوانەکەی کردووە؟[31] ئیجا ئەو نیازە تێکدەرانەی لە دەقی ماددەی دووەمدا هاتووە بەگوێرەی توێژەرشۆشانا دەگەڕێتەوە بۆ نیاز نەوەک بۆ پاڵنەر. هەربۆیە لە نیازی تایبەتدا هەربەتەنیا ئەنجامی هەڵسوکەوتی کەسەکە گرنگ نییە، بەڵکو نیازەکەی گرنگە، ئەو نیازەی لەکاتی کردنی تاوانکەیدا هەیبووە. واتە نیازە تایبەتییەکە وەها وێنادەکرێ کە تاوانبارەکە ڕەفتارەکەی لە پێناوی بەدیهێنانی مەبەستێک یان ئەنجامێکی تایبەتی و قەدەغەکراودا دەکا، ئیدی هەر ئەو ئامانجە قەدەغەکراوە کە خۆی بەشێکی پێناسەی تاوانی جینۆسایدە، هەربۆیە مەبەستی تاوانکەرەکەیە کە سزای لەسەرە.[32]

---

[30] Shoshana Marder ،History of the Interpretation of Genocidal Intent: A Case for a Knowledge-Based Approach( https://repository.yu.edu/handle/20.500.12202/4755)

[31] Katherine Goldsmith،The Issue of Intent in the Genocide Convention and Its Effect on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide: T ention and Punishment of the Crime of Genocide: Toward a Knowledge-Based Approach( https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1092&context=gsp)

[32] Shoshana Marder ،History of the Interpretation of Genocidal Intent: A Case for a Knowledge-Based Approach( https://repository.yu.edu/handle/20.500.12202/4755)

## تەوەری چوارەم: دەوڵەت و نیازی تایبەت

دیارە هەموو تاوانێک بەنیازدەکرێ، یان بە واتایەکی دیکە نیازکۆڵەگەیەکی پێکهێنەری تاوانە، کە بە کۆڵەگەی مەعنەوی دادەنرێ. هەروەک پرۆفیسۆر (ویلیام سخاباس)یش دەڵێ لەو پێناسەیەی ستاتوتی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکەی کردووە؛ کەسەکە بەگوێرەی ڕەفتارەکەی نیازی هەیە، واتە کەسەکە لە کردەوەکە (ڕەفتارەکە) تێوەگلاوە، ئەمەش بە پەیوەندی لەگەڵ ئەنجامەکەدایە، واتە کەسەکە بووەتە هۆکاری ئەوەی بەدیهاتووە، واتە ئەو ئەنجامەی لە کردەوەکەی کەوتووەتەوە، ئەو کردەوەیەی بە پاڵنەری نیازەکەوە بووە، یان هەرهیچ نەبێ لەوە بە ئاگا بووە کە ئەم کردەوەیە هەرئەنجامێکی وەهای لێدەکەوێتەوە، لێ هەرچی دەستەواژەی" بە نیازەوە"ی دەستپێکی ماددەی دەوومی پەیماننامەی ڕێگرتن لە تاوانی جینۆسایدە، زیاترلە مەبەستی سادەی دووبارەبووەی نیازدەگەیەنێ، بەڵکو دەپەڕێتەوە سەرئەوەی تاوانی جینۆسایدی پێبناسرێتەوە، چونکە جینۆساید تاوانی نیازە. ئاخرئەوپێناسەیەی لە ماددەی دووەمدا هاتووە دەقاودەق وەسفی نیازبەدەستەوە دەدا، چونکە بەدوایدا دەستەواژەی بۆکاولکاری(تێکدان)ی سەرتاسەری یان بەش بەشی گرووپێکی نەتەوەیی، ئەتنی، ڕەگەزی یان دینی بەدواداهاتووە. ئاماژەی ماددەی ناوبراو بۆ نیازپێویستە لەوە تێبپەڕێنێ کە هەرسەلماندنێکی ئاسایی نیازی کردەوەکە بێ، بەوەی پێشڕەوی لە ڕێڕەوشتەکە کردبێ، یان نیازی لە هۆکاری ئەنجامەکە هەبووبێ، بەڵکو دەبێ لای تاوانبارەکە "نیازێکی" تایبەت بسەلمێنرێ. خۆ ئەگەرئەونیازە تایبەتە نەسەلمێنرا، ئەوا تاوانبارەکە لە سزایەکە دەربازی نابێ، بەڵام ئەوەندە هەیە تاوانی جینۆسایدی بەسەردا ناسەپێ بەڵکو دەبێ پێناسەی تاوانێکی دیکەی بەسەردا بسەپێنرێ. ئەوسا چ یەکێک بێ لە دوو تاوانەکانی دیکەی نێودەوڵەتی کە تاوانی جەنگ یان تاوانی دژەمرۆڤایەتیە یاخود تاوانێکی دیکە بەگوێرەی قانونی سزادانی باووئاسایی.[33]

هەرسەبارەت بە پرسی قەوارەی دەوڵەت و تاوانی جینۆساید، ئاماژە بە کتێبێکی ئۆکسفۆرد دەکەین بەناوی ڕێبەرنامەی ئۆکسۆرد بۆ لێکۆڵینەوەی جینۆساید کە بەشێکی سەربەخۆی بۆ ئەم پرسە لەژێرناوی "دەوڵەت و جینۆساید" تەرخانکردووە، تێیدا ئەوە هاتووە کە پەیوەندییەکی تەواو لەنێوان دەوڵەت و جینۆساییدا هەیە، بەگوێرەی نووسەری تەوەرەکە بێ، هیچ شێوازێکی توندوتیژی بەکۆمەڵ بەلای کەمی جینۆساید بەبێ هۆ و لە گۆترە ڕوونادا، چونکە ئەم کارە پێویستی بە چ نیازو

---

[33] Wiliam A. Schabas, Genocide in International law, the crime of crimes, second edition, Cambreidge university press, 2209.٢٥٧-٢٥٦ ل

چاودێری پێشوەختە هەیە، ئەمەش هەرلە تۆماری سامناکی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لەلایەن حکومەتەکان دەوەشێتەوە. بە پێداگیریەوە جینۆساید پەیوەستە بە بیرۆکەی دەوڵەتی نەتەوەی نوێیەوە. ئەوسا هەرکاتێک ئاژانی نادەوڵەتی و پارتی سیاسی ڕادیکال و میلیشیای چەکدارخرانە خزمەتی دەوڵەتەوە، زۆرکەم وا هەیە ئەمانە سەربەخۆکاری دژواربکەن، بۆیە دەوڵەت ئەمان بۆ مەرامی سیاسی خۆی، بۆ قڕکردنی نەیارانی بەکاردەهێنێ و ئۆباڵەکەشی دەخاتە ئەستۆی ئەوان. تا سەرەتای نەوەدەکانیش دەوڵەت بە هۆکاری سەرەکی، ئەگەرنەگوترێ تاکە هۆکاری جینۆساید دادەنرا.[34] دیارە ئەم بۆچوونە لەوەوە هاتووە کە توانای ئەم کردارە تاوانکارییە بە هێزێکی ڕێکخراوی بەرنامەداری ئاراستەکراودا نەبێ نایەتەدی. ئەوەی ڕاستی بێ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان نەخشە و پلانی بۆ دەوڵەت بە پێویست نەزانیوە. واتە لە پێناسەکەیدا شتێکی وەهای دەقنووس نەکردووە، کەچی کاتی خۆی لە (١٩٤٧) تا ئەوکاتەی لە (١٩٤٨)دا پەیماننامەکە جاڕدرا، هەوڵێکی وەها لە ئارادا بوو، بەگوێرەی پێناسەکەی ڕافائیل لیمکین نەخشە و پلانی دەوڵەت لەنێو ماددەکەدا دەقنووس بکرێ، بەڵام ئەم بۆزیادکردنە کە لە پرۆژەی پێشنیازکراوی بریتانی و بەلژیک هاتبوو لەبەررەخنە و ڕەتکردنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت سەری نەگرت. هەرچەندە پۆلینکردنەکە لەلایەن کۆمەڵناسان بە ئاڵۆزی سەیرکراوە و تێکەڵییەکە لە جیاوازیکردن لەنێوان چەمکەکانی دامەزراوەیی، پاوانخوازی و ستەمکاری و نموونەیی و هتد لەگەڵ دنەدانی تاوانی جینۆساید دەبینەوە، لێ لەکۆتاییدا ئەوەی پاڵ بە کردەی جینۆسایدەوە دەنێ ئایدیۆلۆژیایە. هەربۆیە لەژێر تیشکی نیازی وێرانکاریی سەرتاسەری یان بەش بەش، ئەوا زۆر سەخت دەبێ جیاوازی لەنێوان کردە ئەرکدارەکانی تەکتیک و سەرتاسەریەکە بکرێ، ئیدی کردەی تێکدان و تارومارکردنی فیزیکی (جەستەیی) یان بایەلۆجی وەک شتێکی بەدوای یەکدا هاتووە سەرەڕای ئامانجە دنەدەرەکەی، ئەوا مەبەستەکەی هەرسروشتە ئایدیۆلۆژیەکەیەتی.[35]

ئاشکراشە پرسی ئایدۆلۆژیا و جاڕدان و برەوپێدان بۆ ئەوەی بگاتە نێو حەشاماتێکی زۆرلەخەڵک و لەنێویاندا هەواداری بۆ پەیدا بێ، هەربە لایەنێکی ڕێکخراوی دەسەڵاتداردەکرێ، کە خۆی لە بۆتەی دامودەزگاکانی میری لەنێو چوارچێوەی دەوڵەتدا دەبینێتەوە. کاتێکیش ئەم پرسە لەسەر ئەنفال پەیڕەو بکرێ، زۆربە ئاسانی لەنێو بەڵگەنامەکان و ئەدەبیاتی بەعسدا سەرەداوە زەقەکانی ئایدۆلۆژیای حزبی دەسەڵاتداردەبینرێ.

---

[34] the oxford handbook of GENOCIDE STUDIES, Edited by DONALD BLOXHAM AND A. DIRK MOSES, 2010, p 81-84

[35] هەمان سەرچاوەی پێشوو

هەربۆ نموونە کاتێک توێژەرو نووسەران باس لە هۆلۆکۆستی جووەکان دەکەن، کە جینۆسایدکردنێک بوو لەسەردەستی نازییەکانی ئاڵمان، دەبینی لەپێشدا دەسەڵاتدارانی ئاڵمان چەندین ڕێکاری قۆناغداریان دەک ڕێخۆشکردن بۆ لەناوبردنی ئاکنجیانی جوو گرتووەبووە بەر. واتە وەنەبێ هەربەیەکجارهێرشیان کردبنە سەرو تارومارییان کردبن، بەڵکو ڕێکارەکانی لەناوبردنیان بە چەندین قۆناغ تێپەڕیوە، هەڵبەتە هاندەری ئەمەش هەربیرۆکە و ئایدۆلۆژیاکەیان بووە بۆئەوەی وەک ئەوان ناویان لێنابوو بگەنە "دوا چارەسەر". قۆناغەکانیش لە پێشدا تاوانبارکردنی هەرچی جووە بە ناپاکی و کاری قێزەون و گێرەشێوێن و تێکدانی باری ئابووری، ئینجا دوای ئەو هەموو پڕوپاگەندانەی ناوزڕاندن. ناسینەوەی جووەکان بووە، واتە ئاخۆ لە کوێ دەژین، پاشان کۆکردنەوەی جووەکان لە گێتۆی تایبەت، ئینجا نیشانەکردنیان بە هێمایەکی خۆیان، هەر بۆ نموونە نیشانەکردنیان بە ئەستێرەی داود. ئەوسا قورسکردنی باری ژیانیان، دواتر ڕاگواستنیان بۆ شوێنی دووربە مەبەستی لەناوبردنی جەستەیی. هەموو ئەم کردەوانە دەربڕی ئەوە بوون نیازێکی پێشوەختەیان بۆ قڕکردنیان هەبووە، هەڵبەتە ئەمەش بە دنەدانی ئایدۆلۆژیایەک بووە، ئایدۆلۆژیای مانەوەی نازییەکانی ئاڵمان و لەناوبردنی جوو. دەکرێ بۆ درێژەی ڕێکارو قۆناغەکانی ڕێخۆشکردن بۆ هۆلۆکۆست سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێ.[36]

کاتێکیش شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕێکارەکان وقۆناغەکانی ئەنفالەکان بەم دۆخەی هۆلۆکۆست بەراورد بکەین، زۆرشتی هاوبەشی تێدا دەدۆزینەوە، هەرلەوەی ناوچەی ئەنفالکراو دەستنیشان بکەن، دواتر ئابلۆقەی بدەن، ئینجا بەهێزی سەربازیەلاماری بدەن، لە هەندێک شوێن تەنانەت چەکی کیمیایشی بەرانبەربەکاربهێنن، ئینجا کۆکردنەوەیان لەشوێنێکی تایبەت (تۆپزاوا بە نموونە) ئەوسا گواستنەوەیان بۆ عەرعەرو قوڵایی بیابان، پاشان زیندەبەچاڵکردنیان. هەڵبەتە هەرڕێکارو قۆناغێک لەم قۆناغە ناوبراوانە پێویستی بە نەخشە و پلان و وزە و تێچووێکی زۆربووە، خۆئامادەکردنێکی زۆری پێویست بووە، شوێنی گواستنەوە و ئامرازەکانیان لەپێشدا ئامادەکردووە، هەموو ئەمانەش سەلمێنەری ئەوەن کە نەخشە و پلانی تۆکمە بۆ سەلماندن و جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆژیا لەئارادا بووە.

[36] Raul Hilberg, The Destruction of the European Jews, Holms and meiler, new York/ London 1985.

## تەوەری پێنجەم: زانین و نەخشە و پلان

هەرچی لەبارەی تاوانی جینۆسیادە جۆرە تێکەڵییەک و پشێویەکی لای لێکۆڵەرەوانی بواری تاوانەکە سەبارەت بە دوانەیی نیاز (نیازی تایبەت) و زانیاریی پێشوەختە دروست کردووە، کە تاڕادەیەک لە دوو تاوانە نێودەوڵەتییەکەی دیکەیان جیاکردووەتەوە. چونکە بەڕای هەندێ لە لێکۆڵەرەوان زانینی پێشوەختە بەدوور دەبینین، ئەوان پێیانوایە تەنیا نیازەکەیە، ئەویش نیازێکی تایبەتە و دەربەستی سەلماندنی تاوانەکە دێ. بۆ بەڵگەدارکردنی بۆچوونەکەشیان پشت بە دادگای تاوانەکانی یۆگسلافیا دەبەستن، کە پێش دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی کەوتبوو. ئەم بۆچوونەشیان زیاتر بەسەرتاکاندا دەچەسپێ، چونکە ئەوان پێیانوایە تاوانی جینۆساید بەدەر لە نیازی تایبەت، یان هاوشان لەگەڵ نیازی تایبەت، توخمێکی گرنگتری گەرەکە ئەویش نەخشە و پلانە، ئەمەشیان لە توانای تاک بەدەرە بەڵکو دەبێ دەوڵەت یان دامەزراوەیەکی میری ئەم کارە بکا. واتە کاری جینۆساید کارێک نییە بەتەنیا بە تاکێك لە تاکەکان بکرێ بەڵکو دەبێ دامودەزگایەکی دەوڵەتی بکا، کە پشت بە نەخشە و پلان ببەستێ. ئەوان لەمەدا سەرلەنوێ دەگەڕێنەوە بۆ پێناسەی ڕافائیل لیمکن بۆ جینۆساید کە نەخشە و پلان بە توخمێکی گرنگ دادەنرێ.[37]

کاتێکیش زیاتر لەم پرسە قووڵ ببینەوە و دیوەکەی لای خۆمانی تێدا ببینین، واتە بمانەوێ تاوانەکانی ئەنفالی پێ بپێوین، ئەوا دەکرێ ئەم سەرەداوانە یارمەتیدەربن بۆ ئەوەی دواتر بگەینە ئەنجامێکی هاوشێوە. جارێ لە پێشەوە شاڵاوەکانی ئەنفال هەربەتەنیا کردەوەیەک نەبووە و لە شوێنێکی تایبەتدا ڕوویندابێ، بەڵکو هەشت قۆناغ بووە و تەواوی بەشە باکوورەکەی عێراقی ئەوسای گرتووەتەوە. ئەم کردەوەیە هەرکردەوەیەکی گرتن و کوشتنی و دەربەردکردنێکی ئاسایی نەبووە، بەڵکو کوشتنێکی بەکۆمەڵ و ڕاگواستنی زۆرەملێ و زیندانی تایبەتی دوور لە زێدی گیراوەکان، لەیەک جیاکردنەوەی نێر و مێ و پیر و منداڵ لەیەکدی، بەکارهێنانی نەوەک هەرجۆرە چەکی سەردەم بەڵکو بەکارهێنانی چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیش، لەپێش هەموویان گازی کیمیاوی، بەگەڕخستنی هێزێکی چەکداری ژمارە زۆر، بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی و مەدەنی بۆ ئەم کردەوە گەورە و سامناکە، تەرخانکردنی نەوەک هەرهێزی چەکداری سەربە وەزارەتی بەرگری عێراق بەڵکو بەگەڕخستنی وەزارەتە مەدەنییەکانی دیکەش، نەخاسمە وەزارەتی ئەشغال و ئیسکان و تەعمیر ئەمەش لەپێناوی ئەوەی دەستیان بەو هەموو ئامێرە زۆرانە ڕابگا و کارەکە بە شێوەیەکی

---

37 Wiliam A. Schabas, Genocide in International laW, the crime of crimes, second edition, Cambreidge university press, 2209. P243-p256

ڕێکخراو بکەن. هەموو ئەم کارو ڕەفتارانە یەک شت دەردەخەن، کەوا ئەنفالکردن نەوەک هەر بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەلایەن دامودەزگا دەسەڵاتدارەکانی ڕژێمی بەعس کراوە، بەڵکو بەگوێرەی نەخشە و پلانێکی زۆر تۆکمەش کراوە. ئەمەش سەردەکێشێ بۆ سەلماندنی ئەو ڕاوبۆچوونەی کەوا ئەنفال (کردەی جینۆساید) کردەیەک نییە بە تاکێک یان چەند تاکێک بکرێ، بەڵکو هێزو ڕێخستن و دەرامەت و کات و وزەی زۆری دەوێ، ئەم کارەش بە دەسەڵاتێکی ڕێکخراو لەچوارچێوەی دەوڵەتدا نەبێ ناکرێ.

گەرپەنا بۆ دوو پێشینەی دادوەری ببەین، یەکەمیان دادگای یۆگسلاڤیا و ڕواندا، یەکەمیان لە دادگاییکردنی کارادیزیچ و ملادیچ دادگا نێودەوڵەتییەکە سەرانی یۆگسلاڤیای بە "پرۆژەی" یان "پلانی" قڕکردن وەسف کرد، کەچی لە دادگای ڕواندادا، دادگاکە دەق گوتبووی: "هەرچەندە هەبوونی نەخشەیەکی دیاریکراو نابێتە توخمێکی بنەڕەتی بۆ جینۆساید، کەچی دیارە ئەم تاوانە ناتوانرێ بەبێ هەبوونی نەخشە یان ڕێخراوێک بکرێ." لێرەدا هەبوونی نەخشەیەکی تۆکمە لەوەدا یەکلاکەرەوەیە کە بەرپرسیارێتی تاوانەکە لە تاکەکەوە دابماڵرێ و بچێتە ئەستۆی دەوڵەت. ئیدی لەبری ئەوەی لە تاکەکان بکۆڵرێتەوە، لەوە دەکۆڵرێتەوە ئاخۆ سیاسەتی دەوڵەت ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە نەخشەی قڕکردنی هەبێ. هەربۆ نموونە کاتێک لیژنەیەکی نێودەوڵەتی لە پرسی دارفۆری کۆڵییەوە، لیژنەکە ئەوەی سەلماند کەوا حکومەتی سودان سیاسەتی قڕکردنی بەکۆمەڵی لە دارفۆر لەخۆنەگرتبوو.[38]

کەواتە لێرەدا ئەوە دەخوێندرێتەوە کە تاوانی جینۆساید گەرتاک تێیدا بەشداربێ، بەڵام دنەدەری یەکەم و خاوەن نەخشە و پلانەکە بۆ شتێکی ڕێکخراوی بالاتر دەگەڕێتەوە، ئەویش قەوارەی دەوڵەتە. هەرلە سەرنجدان لە ماددەی شەشەمی ستاتوتی ڕۆما ئەگەرلەبنیش بێ(ضمنیا)، ئەوە دەخوێندرێتەوە لەئاست نیازی کاولکاری لەبەرانبەرکۆمەڵەیەکی نەتەوەیی یان ئەتنی یان ڕەگەزی یان دینی ئەوسا چ کاولکاریەکی سەرتاپایی بێ یان بەش بێ، نەخشە و پلانی پێشوەختە دەخوێندرێتەوە، ئەمەش هەربە هێزێکی ڕێکخراوی بالادەستی قەوارەدار چاوەڕوان دەکرێ.

هەرلەم بارەیەوە، واتە ڕەگەزەکانی نیازی تایبەت و نەخشە و پلان بۆئەوەی تاوانی جینۆساید بسەلمێنرێ، ئاماژە بە نموونەیەکی زەق و دیاردەکەین، ئەویش پرسی دادگاییکردنی بزنسمانی هۆڵەندی فرانس ڤان ئانرات لە ساڵی (٢٠٠٥)، بەوەی چەکی کیمیایی و قەدەغەکراوی بە ڕژێمی

---

[38] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەعس فرۆشتبوو تا کوردی پێ جینۆساید بکا. سەرەتا دادگاکە بڕیاڕی تاوانی جینۆسایدی بەسەردادا، بەڵام دوای تەمیزی دادگای ئەوروپی، جۆری تاوانەکە لە جینۆسایدەوە بۆ تاوانی جەنگ گۆڕدرا، ئەمەش لەبەرئەوەی نەسەلمێنرا کە خودی فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار نیازو پلانی پێشوەختەی بۆ قڕکردنی گەلێک بەناوی کوردەوە هەبێ. لێرەدا دەردەکەوێ کەوا نیازی تایبەت لە پاڵ توخمی زانین یان نەخشە و پلان چەند چارەنووسسازە بۆ بەتاوانزانینی کەسێک، هەروەها بۆ ئەوەی چ جۆرە تاوانێکی بەباڵادا ببڕدرێ.[39]

هەرلێرەوە پرسیارێک بە زەقی دێتە پێش، بەوەی ئەرێ ئەوکەسانەی کە بەکردەوە لە تاوانەکانی ئەنفالدا لەژێر ئاڵای حکومەتی عێراق لە (١٩٨٨)دا بە سوپای نیزامی و نانیزامی و هەموو توخمە بەشداربوەکان لەدامودەزگا سەربازی و ئەمنییەکان وەک یەک تەماشا دەکرێن و هەموویان هەر پێناسەی تاوانی جینۆسایدیان بە باڵادا دەبڕدرێ؟

ئەگەربێت و جارێکی دیکە بچینەوە سەرپرسی نیازو زیاترلەبابەتی نەخشە و پلان قووڵ ببینەوە، ئەگەرهاتوو ئەوەمان سەلماند کە ڕژێم خەریکی قڕکردنی گەلی کورد بوە، بەگوێرەی پێناسەی جینۆساید، خۆ هەردەبێ پێناسەی تاوانی جینۆساید بۆ ئەوەمان ببا کەوا بۆیە وا کراوە چونکە کورد بە کۆمەڵەیەکی ئەتنی و سیاسی جیاوازبینراوە، کەواتە ئەمە لەچاو سەرانی ڕژێمی عێراق وابووە، کە بەپاڵپشتی ئایدۆلۆژییەکەیان کوردیان بە دوژمن زانیوە، بەڵام کاتێک سەیری پێکهاتەی بەشداربووانی تاوانەکە بکەین، ئەوا دەبینین فرەڕەنگ و نەتەوە بوون.

لێرەدا کاتێ لایەنی سیاسی لێکبدەینەوە، ئەوا دەبینین ڕژێمی بەعسی عێراق بەدەست دەسترۆیشتووانی عەرەبی سوننەی عێراقەوە بووە، ئەوان نیازی قڕکردنی کوردیان هەبووە، ڕەفتار و هەڵسوکەوتیشیان بەرلە تاوانی ئەنفال و دواتریش هەرئەوەی لێدەخوێندرایەوە، بەڵام ئایا ئەوانی دیکە، دەقاودەق، هێزی سەرباز، ئەوانەی بەنابەدڵی و ناچاری لە عەرەبی شیعە ئەم کارەیان پێکرا هەمان نیازی پێشوەختەی کوردقڕانیان هەبووە؟ ئینجا ئایا توخمە بەشداربووە کوردەکان، لە جاش و مەفرەزەخاسەی ئەوکات، هەمان نیازیان هەبووە؟

خۆ ئەگەرپرسیارەکە بەشێوەیەکی دیکە چڕبکەینەوە، دەکرێ بپرسین ئایا دەکرێ مرۆڤ خۆی جینۆساید بکا، واتە کەسێک لە کۆمەڵە و ڕەگەز و ئەتن و زمانی خۆی؟

[39] بۆ زانیاری و وردەکاری زیاتر بڕوانە تەواوی دۆسیکە لەم لینکە:
https://www.jstor.org/stable/resrep09911.6

## تەوەری شەشەم: نیازی دەوڵەتی عێراق و پرسی جینۆسایدکردنی کورد

بەگوێرەی قانونی دادگای تاوانی باڵای عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بێ، زۆرلەو تاوانانەی کە ڕژێمی بەعس دەرحەق گەلی کورد کردبوون، دەچنە نێو لیستی ناو سێکوچکەی تاوانە مەزنەکانی نێودەوڵەتی، بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتەگۆڕێ: ئەرێ گەلۆ ئەو تاوانانەی پێش ئەو مێژووە، واتە پێش (١٧ی تەمووزی ١٩٦٨) کراون، دەچنە نێو کامە قاڵبی قانونی؟ یان بە واتایەکی دیکە ئایا پێناسەی ناوبراو بۆ تاوانی جینۆساید و هەردوو تاوانە مەزنەکانی دیکە لە تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی بەسەرکردە پێشلکارییەکانی ڕژێمی ئەوکاتی عێراق پەیرەودەبێ؟

ئەوەی ڕاستییەکی تاڵ و حاشا هەڵنەگرە ئەوەیە، هەرلەوەتەی قەوارەیەکی سیاسی لە (١٩٢١) بەناوی دەوڵەتی عێراق پەیدابوو، ئەویش بە خواستنەوەی یەکێک لە کوڕەکانی «حسێن عەلی» شەریفی مەککە و بە لەیەکدانی هەرسێ ویلایەتی بەسرا، بەغدا و موسڵی بن دەسەڵاتی عوسمانییەکان لە دوای بردنەوەی جەنگی یەکەمی جیهان و دواتر بە ڕێککەوتنامەی (١٩٢٦) و دانانی هێڵی بروکسل وەک سنووربۆ دەوڵەتە تازە لەدایکبووەکە، لەگەڵیدا زەبروزەنگ، هێزی چەکداری برەوی پەیدابوو، بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێ لەیەکدان و بەیکەوەلکاندنی ئەو سێ ویلایەتە، لەسەرخاکێک کە شلە بۆگەنەکە (نەوت)ی لێهەڵقولا، هەم بەردەوامبێ و هەم مسۆگەریشی بکا. ئەوە بوو زیاترلە هەشتا ساڵی خایاند تا ئەمرۆشی لەگەڵدا بێ بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕایدەکێشی. ڕەوتی ئەم ڕێڕەوە مێژووەش لە ئاکامی بەکارهێنانی زەبروزەنگدا تاوان، تاوانی گەورە و ترسناکیش ڕەفتاری توێژی دەسەڵاتدارنی حکوومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو دەسەڵاتە بووە.

ئەوەی ئاشکرایە هەرلەگەڵ دروستبوونی ئەو دەوڵەتە، بیرلە پێکهێنانی یەکەی سەربازی و پاشان سوپای تەواوکرایەوە، یەکەمین فەوجیش لەژێرناوێکی دینییەوە بە پێچەوانەوەی مەرجەکانی لیژنەی کۆمەڵەی نەتەوەکان بۆ پێوەلکاندنی موسڵ کەوتەگەڕ، تا ئەنجام بە ئەنفالەکان شکایەوە. هەرچۆنێک بێ ئەو قۆناغە مێژوویە لەڕووی پێناسەکردنی بەگوێرەی قانونی سزادان و تاوانەکانەوە، ئەرکێکی جێهێڵراوە، دەکەوێتە سەرشانی پسپۆڕانی ئەم بوارە. هەربۆیە لێرەدا ئەنجامگیرییەک خۆی دەهێنێتەپێشەوە، بەوەی لە ڕوانگەی بەکەم سەیرکردنی ئەم ڕەوشە، لە جمۆجۆڵی سیاسییماندا، کە ئەنجامەکەی هەرشکست بووە، بەشی شێریشی بۆ بەهەندهەڵنەگرتنی لایەنی قانونی و مافداریی نەتەوەکەمان دەگەڕێتەوە.

ئەوەی گرنگ لێرەدا بێ ئاماژەکردنە بە قۆناغێکی زۆرگرنگ، کە نەوەک هەرئاماژەیە بەڵکو خۆی کرۆکی حاڵەتێکی زۆرگرنگە چ لەڕووی قانونی، نەخاسمە لەڕووی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و

تاوانە مەزنەکان، هەڵبەتە لەڕووی سیاسییشەوە، کە بەپێی پێویست ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. ئاشکرایە دوای ڕوخاندنی حوکمی پاشایەتی لە عێراق، هەرچەند ساڵ جارێک کودەتایەکی خوێناوی بەدوادا هاتووە، جاری وەهاش بوو لە ساڵێکدا دوو کودەتا کراون، خوێناویترینیشیان کودەتای یەکەمی بەعسییەکان بوو لە (١٩٦٣)، کە دەستەواژەی (حەرەس قەومی) بەسە بۆ ئەوەی هەموو کردە تاوانکارییە قێزەونەکان ڕوونبکاتەوە.

ئەم قۆناغە بە هاتنی کودەتا یەک لەوای یەکەکان، لە دوو ڕوانگەوە زۆرگرنگ بووە:

یەکەمیان: لە ڕوانگەی دەوڵەتەکانی هەرێم و نێودەوڵەتییەوە. دەقاودەق لەچاوی هەردوو سەرجەمسەرەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەمەش بۆ جۆشدان و بردنەوەی گەمەی جەنگی سارد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کەنداوی فارس بەتایبەتی.

دووەمیان: لەسەرئاستی ناوەخۆ و نەتەوەیی: ئەوە بوو (حەرەس قەومی)یەکان دەستیان لە هیچ تاوانکاری و خوێنڕێژی نەپاراست. ئەوان بەدەرلەوەی دەسەڵاتی خۆیان بسەپێنن، ویستیان لەژێر پەردەی نەتەوەپەرستی سەردەستەوە نەتەوە و کەمینەکانی دیکە بسڕنەوە، بۆیە لە ئەنجامدا ئەوەی کردیان دەچووە چوارچێوەی ناسنامەی تاوانی جینۆساید و تاوانی دژە مرۆڤایەتی هاوتای. هەرئەم بیرە شۆڤینییەش بوو وای لە دەوڵەتە دیکتاتۆرە هاودیدەکان کرد، بۆسەرکوتکردنی کورد یارمەتی یەکدی بدەن. ئاخرهەرلەسەردەمی ئەوقۆناغە پرکێشەوبێشەیەی بەعسییەکان بوو، ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان باسی ئەوەیان کرد، سووریا نزیکەی پێنج هەزارسەربازی بۆیارمەتی عێراق ناردووتە شەڕی دژبە کورد. ئەوەی جێی سەرنجیشە کاتێک دەوڵەتی «مەنگۆلیا» لەسەرزاری وەزیری کاروباری دەرەوەی خۆی لە (٢٠ی حوزەیرانی ١٩٦٣) بە فیتی (یەکێتیی شۆرەوی) لە نامەیەک بۆ دانیشتنی هەژدەهەمی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان وەک سکاڵایەک لە دژی حکومەتی بەعسی ئەوسای عێراق بەرزدەکاتەوە، جینۆساید دەکاتە هۆکاری نامەکە و ڕەفتاری ڕژێم دەرهەق بە گەلی کورد بە جێبەجێکردنی (سیاسەتی جینۆساید) وێنادەکات. هەڵمەتی دیپلۆماسی یەکێتیی سۆڤیەت دژی عێراق لە سەرەتای تەممووزی (١٩٦٣)دا گەیشتە لووتکە، ئەویش ئەوکاتەی مەنگۆلیای هاوپەیمانی خۆی قەناعەت پێهێنا لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بابەتێک لەسەرحکوومەتی عێراق بجوڵێنێ بەوەی کەوتۆتە شەڕێکی جینۆسایدانە لە دژی کورد. لەوکاتەی ئەوداوایەی مەنگۆلییەکان هەرایەکی گەورەی نایەوە، کەچی شتەکە تەنیا سەرەتایەک بوو. لە نۆی ئەیلوولدا مۆسکۆلێدوانێکی لە دژی ڕێکخراوی «سەنتۆ» کە جێگرەوەی پەیماننامەی بەغدا بوو دا، بەوەی تاوانبارکرد گوایە "ڕێکاری هاوبەشانەیان" لە دژی کورد

گرتۆتەبەر. بەگوێرەی سی ئای ئەی، ئەم لێدوانە بۆئەوە داڕێژرابوو تا ئەولێدوانەی بەغدا بە تەواوی ڕەتبکاتەوە، کاتێ گوتی کێشەی کورد پرسێکی تەواو ناوخۆییە و بۆ ئەوە بوو بنەمایەک بۆ داخوازییەکی نەتەوە یەکگرتوەکان یان کردەی نێودەوڵەتی دیکەی سەبارەت بە دۆزەکە بێتەپێشەوە. بە کورتی سۆڤیەتییەکان هەوڵیاندا شەڕی کورد بەنێودەوڵەتی بکەن و تەواو ڕایبکێشنە نێو نەخشەی جەنگی سارد. بۆ ڕۆژی پاشتر، نێردەی سۆڤیەت لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە شتەکەیان بەهەندهەڵدەگرن و بەتەمان دۆزەکە ببەنە بەردەم ئەنجوومەنی ئاسایش. ئینجا لەوەش زیاتر، پێشنیازی سۆڤیەتییەکان ئەوەبوو، پرسی جینۆسایدکردن وەک سکاڵایەک لە دژی عێراق ببەنە بەردەم کۆمیتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان (ECOSOC). لە کۆتاییدا و لە (١١ی تەمموز)دا سۆڤیەتییەکان نامەیەکیان بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی ئاسایش نووسی و داوایان لێکرد ئاگاداری ڕەوشێکی ترسناک بێ، کە وەک دەرکەوتەیەک بەهۆی ڕووداوەکانی باکووری عێراق و بەهۆی دەستوردانی دەوڵەتەکان ئۆپەراسیۆنێک لە لایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە لە دژی گەلی کورد هاتۆتەئارا. بۆیەکەمین جاریش بوو ڕەوشی کوێرەوەری کوردان گەیشتە بالاترین ئاستی دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، بەڵام بۆ بەدبەختی، ئەمریکا لایەنگری ئەوان نەبوو.[40]

لە ناوەڕاستی ئەیلوولدا هەڵمەتی توندی دیپلۆسیەتی سۆڤیەتی لەدژی عێراق پووچەڵبووەوە. بەهۆی دژوەستانەوەی دەوڵەتانی عەرەبەوە، یەکێتیی سۆڤیەت فەرمانی بە نێردەی «مەنگۆلیا» کرد، پرسی جینۆسایدکردنی کورد لە ئەجێندای ڕۆژی ١٦(ی کانوونی یەکەم)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بسڕێتەوە. ئەمەش بووە دەرگەکرانەوە لەسەرئەوەی ئاخۆ بۆچی سۆڤیەتییەکان ڕێگەیاندا پرسەکە لەنێو ئەجێنداکەدا بسڕێتەوە. یەک ڕوونکردنەوە بەگوێرەی ڕۆژنامەی نیویۆرک تامیز، ئەوەبوو، کە مەنگۆلییەکان پشتگیریەکی شایستەیان دەرهەق بە دۆزەکە لێنەکرا. وەزارەتی دەرەوەش ڕوونکردنەوەیەکی جێگرەوەی هەبوو، بەوەی سۆڤیەتییەکان فەرمانیان بە مەنگۆلیا کرد داواکەی بکێشێتەوە، ئەمەش لە بەرانبەرنیشاندانی نیازپاکی بوو لە هەمبەررژێمی عێراق، بەو هیوایەی ئەم کردەیە ڕێخۆشکەربێ بۆ لەیەکنزیکبوونەوەی سیاسییان. هەرچۆنێک بێ کێشانەوەی سکاڵای پرسی جینۆساید بۆ ڕژێمی بەعس سەرکەوتنێکی هەرە پێویستی سیاسیی بوو.[41]

---

[40] Bryan R. Gibson, Sold out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War, Palgrave Macmillan 2015

[41] هەمان سەرچاوەی پێشوو

# ئەنجام

دوای وردبوونەوە لە چەمک و پاشخانی جینۆساید و نیازەکەی بە هەردوو لایەنی گشتی و تایبەتی و بە تێهەڵکێشکردنی پرسی زانین و نەخشە و پلان، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە دادگا ناسراوەکانی جیهان کێشە لە گونجاندنی ئەم تاوانە بەسەرتاوانباراندا هەبووە، سەختییەکەش زۆر جیاواز بووە لە تاوانەکانی دیکەی نێودەوڵەتی وەک تاوانی جەنگ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی، ئیدی کاتێک ئەم پرسەشمان لەگەڵ ئەنفالدا بەراورد کرد، کۆمەڵێ ئەگەر و پرس سەریانهەڵدا، لەوەی ئاخۆ هەر بەڕاستی دەکرێ پێناسەی تاوان بەسەر تەواوی بەشداربووانی ئەم تاوانە بسەپێنرێ، هەڵبەتە ئەمەش گەڕانەوە بۆ چەقی بازنەی پرسەکە، کە نیازە تایبەتییەکەی کاولکاری و لەناوبردنی سەرتاپایی و بەش بەشی کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، ئەتنی ڕەگەزی یان دینییە.... هەر بۆیە گەیشتینە ئەو دەرەنجامە کەوا دەکرێ لەو حاڵەتەدا دەست لەو پێناسەیە هەڵبگیرێ و پەنا بۆ پێناسەی دوو تاوانەکانی دیکە ببردرێ، کە لە جۆری سزا هیچ جیاوازییەکیان نییە.

ئینجا ئەگەر ئێمە بەدوای پرسە قووڵەکەدا بڕۆین، بەدوای بازنەی نیاز و مرازدا بڕۆین کە شتێکی بنەڕەتی سەلماندنی تاوانی جینۆسایدە، ئەگەر ئێمە لایەنی نەتەوەییمان وەک قوربانییەکەی ئەو هەشتا و ئەوەندە ساڵەی دەوڵەتی عێراق و پێوەلکاندنی کوردستانی باشوور لەبەرچاو بگرین، ئەگەر هاتوو ئێمە مەرامی درێژخایەنی دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەستە و بیری شۆڤێنیزمی و کۆنەپەرستی و تاکڕەهەند لەبەرچاو بگرین، ئەگەر ئێمە ستراتیژییەکی ڕوونمان بۆ سەلماندن و بۆ بە ئەنجامگەیاندنی دادگای جینۆساید هەبێ، هەقە لە پەنا ئەو هەولانەی دراون، ئەو کردەوە قانونیانەی کراون، بێین و بڵێین کە ئەوەی دەرهەق کوری بەشە لکێنراوەکەی عێراق کراوە، هەر هیچ نەبێ بەگوێرەی خودی قانونەکە ناوبراوەکەی تاوانەکانی عێراقیش بێ، ئەوا بە نیازێکی تایبەت ڕژێمی پێشوو خەریکی ڕێخۆشکردن و کردنی تاوانی جینۆساید بووە، چونکە لە دەرچە و ئەنجامدا لە ڕێگەی ئەم زنجیرە تاوانە یەک لەدوای یەکانە، کە هەموویان بە ئاراستەی جێبەجێکردنی هەر پێنج برگەکانی ماددەی سێی پەیماننامەی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆسایدە، کە هەر خۆیشی بووتە ماددە شەشی دەستوری ڕۆمای دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی. واتە ئەگەر نەشتوانرا هەر خودی ئەنفال وەک تاوانێک بە جینۆساید بناسێنرێ، ئەوا دەکرێ لە نیازی تایبەتی هاوشان لەگەڵ نەخشە و پلان لەو زنجیرە تاوانەی خوارەوە بۆ سەلماندنی پرۆژەی دەوڵەتی عێراق بۆ جینۆسایدکردنی کورد لەبەرچاو بگیرێ؛ واتە:

1. بۆردومانکردنی شاروگوندەکان لە ساڵی (١٩٧٤) تا هەرەس لە (٢٠ی ئازاری ١٩٧٤).
2. سیاسەتی پیادەکردنی چۆڵکردنی (٣٠) کیلۆمەتر سنووری کوردستانی عێراق لەگەڵ ئێران و تورکیا، کە بە ڕاگواستنی (٤٥٠٠) شاروگوند و ئاوایی کۆتاییپێهات و لە ئۆردوگا زۆرەملێیکان پەستێنران.
3. پرسی عایدونەکان (العائدون) دوای هەرەسی شۆڕش و نەفیکردنیان بۆ ناوەڕاست و باشووری عێراق.
4. سیاسەتی تەعریبکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەتایبەتیش گەرمیان و کەرکوک و دەوروبەری.
5. بێسەروشوێنکردنی زیاتر لە (١٥,٠٠٠) فەیلی.
6. بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان لە (١٩٨٣).
7. کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، گۆپتەپە، عەسکەر، بالیسان و شیخوەسانان و شوێنەکانی دیکە.
8. هەرهەشت شاڵاوە بەدناوەکەی ئەنفال لە (١٩٨٨).
9. سەرکوتکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی ئاداری (١٩٩١) و کۆڕەوەکە.

## سەرچاوەکان


1- Steven Pinker, the better Angels of our Nature, Pingwing books, 2011

2. مونزور چەم، ئەمە لەدەرسیم ڕوویدا، لە تورکییەوە: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل، ٢٠١٣ هەولێر، دەزگای موکریان.

3- https://core.ac.uk/download/pdf/71726469.pdf( STEPHEN D. KRASNER AND DANIEL T. FROATS THE WESTPHALIAN MODEL AND MINORITY-RIGHTS GUARANTEES IN EUROPE PAPER PREPARED FOR THE IGCC PROJECT ON ETHNIC CONFLICT)

4. دارت بروکس ریسلی دووەم، بەرژەوەندییەکانی بریتانیا و دابڕینی موسڵ، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە شەفیقی حاجی خدر، هەولێر چاپخانەی ڕۆژهەڵات, ٢٠٢٣

5- De Holocaust en andere genociden ،Een inleiding ،Genocide en het internationaal recht Martin Mennecke, Amsterdam 2012 P145-168) تێبینی: ئەم کتێبە بەزمانی هۆڵەندییە.

6- Axis Rule in Occupied Europe: Laws of Occupation, Analysis of Government, Proposals for Redress. By *Raphaël Lemkin*. [Publications of the Carnegie Endowment for International Peace, Division of International Law, Washington.] (New York: Columbia University Press. 1944

7- Samantha Power, A problem from Hell, America and the age of Genocide, Perennial 2003

8- Linguistic Genocide Linguistic rights of minorities as a blind spot in International law: A study on the potential for a convention on linguistic genocide, Amir Salimi Prof. Hans Joachim Heintze https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content-

9-https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content

10-https://repository.gchumanrights.org/server/api/core/bitstreams/017ecd9d-f64b-4008-b8fa-9ffbbeaa0a9e/content

11- Totally Unofficial The Autobiography of raphael lemkin I Edited by Donna-Lee Frieze, Yale University press, New Haven, Londen 2013.

12- Stafrecht met mate, Mr. N. Jorg en Prof. C. Kelk, 10 e druk , Gouda Quint 1988.تێبینی: ئەم کتێبە بەزمانی هۆڵەندییە

13- https://www.cambridge.org/core/journals/international-review-of-the-red-cross/article/what-does-intent-to-destroy-in-genocide-mean/636C654F125D59B1CCE36994485A20D7

14- Bryan R. Gibson, Sold out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War, Palgrave Macmillan 2015 -

15- https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2297054

16- Evidential Approach to Determine Genocidal Intent : https://papers.ssrn.com/sol3/papers.cfm?abstract_id=2297054

17- Shoshana Marder ،History of the Interpretation of Genocidal Intent: A Case for a Knowledge-Based Approach( https://repository.yu.edu/handle/20.500.12202/4755)

18- Katherine Goldsmith،The Issue of Intent in the Genocide Convention and Its Effect on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide: T ention and Punishment of the Crime of Genocide: Toward a Knowledge-Based Approach( https://digitalcommons.usf.edu/cgi/viewcontent.cgi?article=1092&context=gsp)

19- Shoshana Marder ،History of the Interpretation of Genocidal Intent: A Case for a Knowledge-Based Approach(

https://repository.yu.edu/handle/20.500.12202/4755)

20- Wiliam A. Schabas, Genocide in International law, the crime of crimes, second edition, Cambreidge university press,

2209. P243-p256

21- https://www.jstor.org/stable/resrep09911.6

22- the oxford handbook of GENOCIDE STUDIES, Edited by DONALD BLOXHAM AND A. DIRK MOSES, 2010, p 81-84

23- Raul Hilberg, The Destruction of the European Jews, Holms and meiler, new York/ London 1985

# فاکتەرە ئابوورییەکانی ئەنفالکردنی کوردستان

## جمعە کانی لەلەیی

## پێشەکی

تائێستا زۆرینەمان واتێدەگەین ئەنفالکردنی هەرێمی کوردستان لەلایەن حکومەتی پێشووی عێراقەوە، تەنها کاردانەوە و رقی سەدام حوسێن و رژێمەکەی بووە دەرهەق بە جوڵانەوەی رزگاریخوازی کوردستان و باسکی سەربازی شۆڕش، بەواتایەکی تر پێناسەیەکی ناواقیعیمان بۆ تاوانی ئەنفال هەبووە، لە فاکتەرە ڕاستەقینەکانی ورد نەبووینەتەوە و کەمتر خۆمان لە قەرەی ڕاڤەی ئەکادیمی گەیاندوە. هۆکاری ئەم ڕاڤە و لێکدانەوە و شرۆڤە سادەیەش ئەوە بووە لەناو رژێمە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق و سەرۆکەکانیدا، سەدام حوسێن و رژێمەکەی، پرۆسە سەربازییەکەیان بە ئەنجامگەیاند، گوتارەکانیشمان ئاراستەی بکەری ڕاستەقینە بووە نەك گەڕان بەدوای هۆکارەکانی، ئەمەشمان لەپێناوی سەلماندنی جینۆسایدکردنی کورد و هەوڵدان بۆ لەناوبردنی کورد بووە، ویستومانە لەرێگەی نیشاندانی کارەکتەری سەرەکی ئەنفالکردنی کوردستانەوە، سۆزی جیهان بەلای مەسەلەی کورد ڕاکێشین و بێداریان بکەینەوە لەو خۆ وێڵ کردن و خۆبێئاگا نیشاندانەیان لە پرسی قڕکردنی کورد، لە ئەنجامی ئەم تێگەیشتنەشمان خافڵاین و فاکتەرە سەرەکییەکانی ئەنفالکردنی کوردستانمان لەبیرکرد.

لەڕاستیدا ئەنفالکردنی کوردستان ڕەگورِیشەیەکی مێژوویی هەیە، بەواتایەکی تر پرۆسەیەکی درێژخایەنی سەرخانی رژێمە عەرەبییەکانی ناوچەکە بووە، لەسەرروویانەوە رژێمەکانی عێراق، بەڵام لەسەردەمی سەدام حوسێندا گەیەندرایە لوتکە.

لکاندنی باشووری کوردستان بە عێراقی عەرەبییەوە، بێ وەرگرتنی ڕەزامەندی کورد خۆی، بە سەرەتا و هەنگاوی یەکەمی جینۆسایدی کورد دادەنرێت لەسەردەمی تازەدا، بەو پێیەی بەزەبری دەستوور و یاسا باشوری کوردستانیان کردە بەشێك لە خاکی عێراق و گەلی کوردیان کردە بەشێك لە دانیشتوانی نیشتمانی عەرەبی، بەمەش دەستی رژێمی پاشایەتی و رژێمەکانی تریان والا کرد، تاکوو بیر لەوە بکەنەوە بە چ سیاسەت و لۆژیکێك دەتوانن عێراق پێش ناوچەکە بخەن و رێگە لە لەقبوونی یەکێتی خاکەکەی بگرن، هەر لەو سەردەمەوە ئۆقرەیی وڵات و پێشکەوتنی عێراقیان بەستەوە بە داگیرکردنی کوردستان و گۆڕینی رووخساری کوردێتی ناوچە و شار و لادێکانی کوردستان.

بیری رزگاری نیشتمانی و تەکاندان بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و چەکەرەکردنی بیری دەوڵەتی کوردی و جیابوونەوە لای بەشێك لە خوێندەوارانی کورد، کاربەدەستانی عێراق ناچارکرد ستراتیژیانە بیر لە داهاتووی دەوڵەتەکەیان بکەنەوە، لەسەرەتادا عێراقیان کردە وڵاتیکی

عەسکەرتاری و دەستیانکرد بە میلیتاریزەکردنی، دواتر لەڕووی ئابوورییەوە بەراوردێکی زانستیانەیان لەنێوان وڵاتەکەیان (ناوچەی عەرەبنشین) و باشووری کوردستان (ناوچەی کوردنشین) ئەنجامدا، لەو بەراوردکارییە بۆیان ڕوونبووەوە دەوڵەتەکەیان بەبێ هەرێمی کوردستان دەوڵەتێکی هەژار و کەمدەرامەتە و تا سەر ناتوانێ خۆی بەپێوە بگرێت، هەر بۆیە پلانی ستراتیژی دوورمەودایان داڕشت، بەجۆرێك جیابوونەوەی کورد بکەن بە خەون.

بۆ ئەوەی دەوڵەتی کوردی لە خەون و خەیاڵ تێنەپەڕێت و نەبێت بە دیفاکتۆ، چەندین هەنگاویان بەپێویست زانی دەرهەق بە کورد بیهاون، وەك:

یەکەم: بە عەرەبکردنی هەموو ئەو شار و شارۆچکە و گوندانەی نەوتی تیا دۆزرابووەوە.

دووەم: ڕاگواستنی کورد لەو ناوچە و شارانەی کەوتبوونە ناو تەوەری ستراتیژی عێراقەوە.

سێیەم: قڕکردنی کورد بەهەموو ڕێگە و جۆرەکانیەوە, لەناویدا ئەنفالکردنی تەواوی کوردستان بە هەولێر و سلێمانی و دهۆکیشەوە.

بەپێویستی دەزانین ئاستی ئابوری و دەرامەتە جۆربەجۆرەکانی عێراق و باشووری کوردستان بە جیاوازیەکانیەوە بخەمە ڕوو، بۆ ئەوەی لەو ڕاستیە تێبگەین کە ڕژێمەکانی عێراق هەر لە سەردەمی پاشایەتیەوە تا سەردەمی سەدام حوسێن و بگرە ڕژێمی ئێستای عێراقیش لە ڕوانگەی ئەم جیاوازییەوە مامەڵەیان لەگەڵ کورد و مەسەلەکەی کردوە.

## یەکەم: نەوت

بۆ یەکەمجار تیمێکی جیۆلۆجی و نەخشەسازی ئەڵمانی، لەسەر داوای سەڵتەنەتی عوسمانی لە ساڵی (1871ز) هاتنە عێراق1 (هەرسێ ویلایەتەکە), بەمەبەستی دروستکردنی نەخشەی ڕاستەقینەی عێراق و ڕووپێوکردنی خاکەکەی، تیمە ئەڵمانیەکە بۆیان دەرکەوت کە لە ناوچەکانی بەسرا, کەرکووك, هەولێر, مووسڵ نەوتێکی زۆر هەیە، لە ساڵی (1873) بەشێوەی سادە نەوتی سەرزەویان لەخەزانێکدا کۆکردەوە و بەکارهێنا، لە ساڵی (1905) کۆمپانیایەکی ئەنگلۆ – فارسی یەکەم بیری نەوتی لە ناوچەی چیاسۆرخ هەڵکەند2.

لەدوای دارمانی خەلافەتی عوسمانی و دروستبوونی عێراقی نوێ، چەندین بیری تری نەوت هەڵکەندرا و کێڵگە نەوتیەکانیان دیاریکرد، لەسەردەمی مەلیك فەیسەڵی دووەم (1939 – 1958)، بۆیان دەرکەوت هەرێمی کوردنشین دەوڵەمەندترە لەڕووی نەوتەوە بەراورد بە هەرێمی عەرەبنشین، ئەو ناوچانەی کە دەستنیشانکران زۆرترین نەوتیان تیایە, بریتی بوون لە کەرکووك، خانەقین، مەخموور، کۆیە، دووکان، زاخۆ، شەقلاوە، بەپێی بەدواداچوونی شارەزایانی بواری نەوت، عێراق (64) ملیار تەن نەوتی یەدەگی هەیە، لەم بڕە (26%)ی کەوتۆتە خوارووی عێراق، (10%) لە ناوەڕاستی عێراقدایە، (64%) کەوتۆتە ناوچە کوردنشینەکانەوە3، لە نەوتی

بەرهەمهێنراویشدا ساڵی (1973) دەکەین بەپێوەر بۆ بڕی بەهەمهاتووی نەوتی عێراق کە (69%) نەوتی هەناردە لە پارێزگای کەرکوکدا بووە.

لەحاڵەتێکدا ئەگەر ناوچەی کوردنشین بکرێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و هیچ پەیوەندییەکی سیادی بەعێراقەوە نەمێنێت، ئەوا عێراق زۆرینەی سامانی نەوت لەدەستدەدات و لە ڕیزبەندی دە وڵاتە بەرهەمهێنەوەکەوە دەگۆڕێ بۆ وڵاتێکی مامناوەند لەڕووی بەرهەمی نەوتەوە.

## دووەم: کشتوکاڵ

بنەمایەکی هەرە گرنگی هەر وڵاتێك بریتیە لە کشتوکاڵ، بەو پێیەی ڕاستەوخۆ دانیشتوان سوودی لێوەردەگرێت و لەڕێگەی هەناردەی بەرهەمە جیاجیاکانەوە ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە دروستکردنی ژێرخانی ئابووری و کەڵەکەکردنی داهات و سەرمایە، عێراق کۆنترین ناوچەی جیهانە کە کشتووکاڵی تیا بەرهەم هاتبێت، ئەویش لە هەرێمی کوردستان بووە، بەو بەڵگە مێژوویانەی گەڕیدە و شوێنەوارناسانی جیهان سەلماندویانە بۆ یەکەمجار لە گوندی چەرموو دانەوێڵە بەرهەمهاتوە و سوودی لێوەرگیراوە.

عێراق لەم بارە جوگرافیەی ئێستایدا کە بریتییە لە (448) هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشە، تەنها (16%)ی ئەم ڕووبەرە بۆ کشتوکاڵ دەشێت4، ئەوەی تر بیابان و خاکی سوێرو چیا و تەپۆلکە و دۆڵ و گردە, لەو بڕەی کە بۆ کشتوکاڵ سوودی لێوەردەگیرێت زیاتر (59%)ی لە ناوچەی کوردنشیندایە، کاتێك لەم لێکۆڵینەوە و بابەتە دەڵێین ناوچەی کوردنشین مەبەستمان هەموو ئەو ناوچانەیە بەر لە هاتنی عەبدولکەریم قاسم بۆ سەر دەسەڵات، زۆرینەی کورد بوون، وەك ناوچەکانی موسڵ و حەویجە و کەرکوك و خانەقین و دیالە و هەرێمی ئێستای کوردستان.

بۆ ئەوەی وردتر لە بەرووبومی کشتوکاڵی عێراق و هەرێمی کوردستان بدوێین، پێویستە دابەشیان بکەین بەسەرچەند جۆرێکی سەرەکیدا:

1-دانەوێڵە: کۆنترین بەرهەمی کشتوکاڵی کە مرۆڤ دۆزیبێتیەوە و بووبێتە خۆراك و بژێوی ڕۆژانەی دانەوێڵە بووە، دانەوێڵەش لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە, وەك گەنم و جۆ و گەنمە شامی و نۆك و نیسك و... هتد, عێراق لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا وڵاتێکی مامناوەند بووە لە بەرهەمهێنانی دانەوێڵەدا، لە ساڵی (1971 – 1972) بەرهەمی دانەوێڵەی عێراق گەیشتۆتە (2884000) تەن، لەم ڕێژەیە (1956000) تەنی لە ناوچەی کوردنشین بەرهەمهاتوە، کە دەکاتە (69%) دانەوێڵەی هەموو عێراق5.

لەساڵی (1982 – 1984) بەرهەمی تێکڕای گەنمی عێراق گەیشتۆتە (762300) تەن, لەم بڕەش (381833) تەنی لە ناوچەی کوردنشین بەرهەمهێنراوە کە دەکاتە سەرووی (50%)ی تێکڕای گەنمی

عێراق6, لە ساڵی (1985) ناوچەی کوردنشین (47%) تێکڕای گەنم و جۆ و برنجی هەموو عێراق بەرهەمهێناوە7.

بەشێوەیەکی گشتی لەماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا عێراق بۆ بەرهەمهێنانی دانەوێڵە, بەتایبەتی گەنم و جۆ پشتی بە ناوچەی کوردشین بەستوە, گەرچی بەهۆی وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان و قەدەغەکردنی ژیان تیایدا, هەروەها بەهۆی پرۆسە سەربازییە جیاجیاکان و ئەنفالکردنی کوردستانەوە، ئاستی بەشداری ناوچەی کوردنشین لەدابینکردنی دانەوێڵە دابەزیوە، چونکە لەماوەی ساڵانی (1976 تا 1990) لەکۆی (4322) گوندی کوردستان, زیاتر لە (3958) گوندیان ڕوخاند و سوتاند8، بەو هۆیەشەوە ئاستی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی ناوچەی کوردنشین دابەزی.

2-بەرووبومی کشتوکاڵی پیشەسازی: هەموو ئەو بەروبوومانە دەگرێتەوە کە دەبرێنە کارگەکانەوە و لەدۆخێکەوە دەگۆڕدرێت بۆ دۆخێکی نوێ، وەك تەماتە، لۆبیا، باینجان، کونجی، فاسۆلیا، پەمۆ ...هتد.

بۆ دابینکردنی سەرجەم بەرهەمە کشتووکاڵیەکان جگەلە خورما و مزرەمەنیەکان، دەوڵەتی عێراق پشت بە ناوچەی کوردنشین دەبەستێت، تەنها ڕێژەیەکی کەم لەو بەرهەمانە لە وەرزێکی دیاریکراودا لەناوەڕاست و خوارووی عێراق بەرهەمدەهێنرێت کە بەشی (50%) پێداویستیەکانی ناوخۆ ناکات، ئەگەر ناوچەی کوردنشین سەربەخۆیی ڕابگەیەنێت ئەوا دەوڵەتی عێراق لەڕووی کشتووکاڵەوە هەژار دەکەوێت و پێویستی بەهاوردەی زیاتری بەرهەمە کشتووکاڵیەکان دەبێت, بۆ نموونە عێراق لە ساڵی (1983)دا یەك ملیۆن دۆلاری تەرخانکرد بۆ هاوردەکردنی گەنم و گۆشت9، گەر داهاتی کشتوکاڵی ناوچەی کوردنشین نەخرێتە سەر داهاتی عێراق، ئەوا عێراق ناچار دەبێت ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوە و دوو هێندەی جاران پارەی تەرخانکراو دابین بکات بۆ هاوردەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان.

## سێیەم: ئاو

ئاو یەکێك لە ستراتیژیترین بەرهەمە سروشتیەکانی ئەم سەردەمەیە کە ئاسایشی خۆراك و ئاسایشی نەتەوەیی پێوەی بەندە، هەروەها درێژەپێدەری یەکەمی ژیانە، بەڵام ئێستا و زیاتر لە داهاتوودا دەبێتە یەکێك لەگیروگرفتە هەرە گەورە و ئاڵۆزەکانی جیهان، گەرچی گۆی زەوی (71%)ی بەئاو داپۆشراوە، کە دەکاتە سێ لەسەر چواری تەواوی گۆی زەوی، کەچی لەم ڕێژەیەدا (2,7%)ی بۆ خواردنەوە و کشتوکاڵ دەشێت10.

گرفت و کێشەی ئاو لەوەوە سەرچاوەی گرتوە تا دێت خواست و داواکاری لەسەر بەدەستهێنان و بەکارهێنانی ئاو زۆر دەبێت بەهۆی:

- زیادبوونی خێرا و لەڕادەبەدەری دانیشتوان.

- خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوەکانی ئاو و پیسکردنی.
- نایەکسانی لە دابەشکردن و بەدەستهێنان و بەکارهێنانیدا.

گرفتی ئاو، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەدەرکەوت، لە پەنجاکانی هەمان سەدەدا بەرۆکی مرۆڤایەتی گرت، ڕەنگە لە سەد ساڵی داهاتوودا ببێت بە قەیرانی نێودەوڵەتی، ئەو وڵاتانەی لە ساڵانی پەنجا و شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بەدەست کەمی ئاو و گیروگرفتەکانیەوە دەیانناڵاند لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێنەدەپەڕین، بەڵام لەئێستادا لەکۆی (200) وڵاتی جیهان زیاتر لە (32) دەوڵەت ڕووبەڕووی کەمی و قەیرانی ئاو بوونەتەوە، کە تێکڕای ژمارەی دانیشتوانیان لە (400) ملیۆن تێپەڕیوە، چاوەڕوانیش دەکرێت لە ناوەڕاستی سەدەی بیست و یەکدا ژمارەی ئەو وڵاتانەی گرفتاردەبن بە قەیرانی ئاوەوە بگاتە حەفتا وڵات11.

بەگوێرەی لێکدانەوەی شارەزایانی زەویناسی، لەکۆتایی سەدەی بیست و یەکدا لە ئەنجامی زۆر دەرهێنان و بەکارهێنانی لە بوارە جیاجیاکاندا، نەوت لە سەرتاپای جیهان نەمێنێت و وشك بکات، هەربۆیە ناوەندە زانستیەکان سەرقاڵی ئەوەن ئاو بکەن بە ئالتەرناتیڤی نەوت و هەمان ڕۆڵی نەوتی خاوی پێبدرێت، دەشێت بڵێین جیهان لە پەنجا تا سەد ساڵی داهاتوو چاوەڕوانی چارەنووسێکی نادیار و کارەساتبار دەکات، دوور نییە بەهۆی هەوڵدان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی ئاودا و هەڵایسانی جەنگی وێرانکەر، مرۆڤایەتی بچێتە لێواری لەناوچوونەوە.

عێراق لەم بارە جوگرافییەی تێیدایە (بەناوچەی کوردنشینەوە)، بەوڵاتێکی تاڕادەیەك دەوڵەمەند ئەژمار دەکرێت لەڕووی ئاوەوە، سەرچاوە سەرەکی و گرنگەکانی ئاوی عێراق لە ئاوی سەرزەویدا بریتیە لەهەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، بەتایبەتی ڕووباری دیجلە، چونکە زۆربەی پێدەشتەکانی وڵات ئاو دەدات و زۆربەی بەربەست و بەنداوەکان لەسەر لقەکانی بونیاتنراون، تێکڕای درێژی ڕووباری دیجلە دەگاتە (1718 کم)، لەم درێژییە (1418) کیلۆمەتری لەناو خاکی عێراقدایە، (250) کیلۆمەتریشی لەناو خاکی تورکیا و پەنجا کیلۆمەتری لەناو خاکی سوریادایە12، تێکڕای دەرامەتی دەگاتە نزیکەی (49) ملیار مەتر سێجا، لەم برە دەرامەتەش (63%) لە ناوچەی کوردنشینی باشووردایە13 کە لە لقەکانی خاپوور و زێی گەورە و زێی بچووك و عوزێم و سیروان پێکهاتوە.

بەفر و باران یەکێکە لە سەرچاوە هەرە سەرەکی و گرنگەکانی بوونی ئاو لە هەر وڵاتێکدا، کوردستان (ناوچەی کوردنشین) یەکێکە لەو وڵاتانەی ڕێژەی بەفر و باران تیایدا لەمامناوەند زیاترە، بەڵام ناوەڕاست و خوارووی عێراق (ناوچەی عەرەبنشین) ڕێژەی بەفرو باران ئێجگار کەمە، بۆ نموونە ڕێژەی باران بارین لە پارێزگای سلێمانی بەشێوەی تێکڕا دەگاتە (700,2 ملم - ساڵ)، بەڵام لە پارێزگای تکریت لە (210,2 ملم - ساڵ) تێپەڕناکات، لە بەغدا ئەم ڕێژەیە زیاتر دادەبەزێت و

دەبێت بە (161,5 ملم - ساڵ)14، تا بەرەو پارێزگاکانی تری باشووری عێراق برۆین ڕێژەکە کەمتر دەبێت کە بەشی دابینکردنی ئاوی کشتووکاڵ ناکات.

ناوچەی کوردنشین خاوەنی زیاتر لە شەش هەزارکانی وکارێزو سەدان بنەوان وجۆگە و بەست و بەربەستی بچووك وگەورەیە15، بەڵام ناوچەی عەرەبنشین جگەلە (2735) بیرو هەندێك دەریاچە وبەربەست وبنەوان هیچ سەرچاوەیەکی تری نیە.

ئەگەر دەوڵەتی عێراق خاوەندارێتی ئاوی ناوچەی کوردنشینی لێبسەندرێتەوە، ئەوا دەبێتە بیابانێکی وشك و بێ ئاو, زیاتر لە وڵاتانی ئەفریقیا و وڵاتە بیابانیەکان پێویستی بە کڕینی ئاو دەبێت، چونکە جگەلە پێداویستیە جۆربەجۆرەکانی ژیان بۆ ئاو, تەنها بۆ کشتوکاڵ و ئاودێری پێویستی بە (155) ملیار مەتر سێجا ئاو دەبێت16. لەکاتێکدا کۆی ئاوی هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات ناگاتە (170) ملیار مەتر سێجا، بەڵام ناوچەی کوردنشین پێچەوانەی ئەو دۆخەیە کە عێراق لەداهاتوودا تێیدەکەوێت, چونکە تەواوی پێداویستیەکانی کوردستان بۆ ئاو لە (21,5) ملیار مەتر سێجا تێپەڕ ناکات، لەکاتێکدا خاوەنی (34,21) ملیار مەتر سێجای ئاوی یەدەگە 17، جگەلە ڕووبارەکانی، ئەم بڕەش بەشی پێداویستییەکانی هێندە و نیوی دانیشتوانی کوردستان دەکات, بگرە دەشتوانێ ئاو بفرۆشێت.

## چوارەم: کانزا

یەکێکی تر لە دەرامەتە ئابورییەکانی دەوڵەت، کانزا جۆراوجۆرەکانە. کانزاکان لەم سەردەمەدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئاسان دەرهێنان و بەدەستهێنانیدا ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە پێشخستنی ئابوری وڵات وژێرخانی ئابوریدا، بەتایبەتی بۆکەرتی پیشەسازی و بە پیشەسازی کردنی وڵات، لەم هەلومەرجە جوگرافییەیدا کە ناوچەی کوردنشین بە بەشێك لە عێراق هەژمار دەکرێت، بەوڵاتێکی دەوڵەمەند دادەنرێت لەڕووی کانزاوە، بەڵام زۆرینەی کانگاکان کەوتوونەتە ناوچەی کوردنشینەوە، دەتوانین بەم ڕیزبەندییە باس لە ئاست و شوێنی کانزاکان بکەین:

ئاسن: یەکێکە لە کانزا فلزیەکان، بەرهەمێکی سەرەکی پیشەسازیە جیاجیاکانە، لە کاروباری ڕۆژانەدا لە گشت کانزاکانی تر زیاتر، دوای بەرهەمهێنان و گۆڕینی دۆخەکەی، ڕۆڵ دەبینێت لە بەهێزکردنی ژێرخاندا، بەرێژەیەکی بەرچاو لە ناوچەی (ئاسناوە)ی نزیکی پێنجوێن هەیە، هەروەها لە میشیاوو قەزای ئاکرێ و قەڵادزێ و دۆڵی (سەرگوزە)ی ئامێدی و پارێزگای ڕوومادی هەیە18.

قورقوشم و خارسین: یەکێکی ترە لە کانزا فلزیەکان, لە بواری جیاجیادا بۆ پیشەسازی کەڵکیان لێوەردەگیرێت, (مەربەستە)ی سنوری قەڵادزێ بە گرنگترین و دەوڵەمەندترین ناوچەی عێراق و کوردستان دادەنرێت لە نیشتوی قورقوشم و خارسین, لە ناوچەکانی (سەرکوچکا, نارتا)ی بناری قەندیل و قەزای ئامێدی و بەرێژەیەکی بەرچاو لە پارێزگای ڕوومادی هەیە 19.

مس: کانزایەکی فلزیە، ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە پێکهێنان و بەگەڕخستنی کەرتی پیشەسازی، لە ناوچەکانی گەلاڵە و چۆمان و چوارتا و قەڵادزێ و ماوەت و دوکان و سنوری ناوچەکانی پارێزگای ڕوومادی و حەدیسە وزرباتیە هەیە 20.

کرۆم: کانزایەکی تری فلزیە, لە چەندین بواری پیشەسازیدا سوودی لێوەردەگیرێت، بەڕێژەیەکی زۆر لە ناوچەکانی پێنجوێن و قەڵادزێ و شەقلاوە و ئاکرێ و پیرەمەگرون و حەزەر و سەروی شەرگات هەیە 21.

مەنگەنیز: کانزایەکی فلزیە، لە زۆر بواری ئابووری و پێشخستنی کەرتی پیشەسازیدا کەڵکی هەبوە، لە سنوری ڕایات وگەلاڵە و ماوەت و چیای هەیبەتسوڵتان و بنگرد و تەقتەق هەیە 22.

نیکل: لە سنوری ناحیەی هێرۆ و چوارتا و ڕانیە و ڕەواندوز و خۆرئاوای پارێزگای موسڵ و پێنجوێن و پارێزگای دیالە هەیە 23.

زێڕ: یەکێکە لە کانزا هەرە گرنگەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو بەشدارە لە نەختینەی هەروڵاتێك.
تائێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان مامەڵەی زانستی لەگەڵ نەکراوە بەتایبەتی لە بواری دەرهێنان و بەپیشەسازی کردنیدا، بەڕێژەیەکی کەم لە ناوچەی دوکان وگوندی (دیزە)ی دۆڵی شلێر و هەندێك ناوچەی حەدیسە هەیە 24.

گۆگرد: یەکێکە لە کانزا نافلزیەکان، لە بواری جیاجیای پیشەسازی و بەفراوانی لە کاری کشتووکاڵیدا بەکاردەهێنرێت، بەشێوەیەکی گشتی لە بادووش وکۆرمۆر و میشراق وکۆیە و دوبز و ئاکرێ وکفری وزۆرناوچەی تری پارێزگای موسڵ هەیە 25.

یۆرانیۆم: یەکێکە لە کانزا گرنگەکانی ئەم سەردەمە، بایەخێکی نێودەوڵەتی هەیە بۆ بەدەستهێنانی کارەبا و سوود لێوەرگرتنی لە بواری کەشتیگەلی ووزەی ناوەکی و ...هتد، بەڕێژەیەکی مامناوەند لە ڕانیە وقەڵادزێ وئاکرێ وپێنجوێن وتەقتەق وهەندێك ناوچەی پارێزگای موسڵ ودیالە هەیە 26.

خوێ: یەکێکە لە کانزا هەرە گرنگەکان، زیاتر کانزاکانی تر لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بەکاردێت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانی مرۆڤەوە، لە زۆربەی پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق بەڕێژەیەکی بەرز هەیە، هەروەها لە پردێ و چەمچەماڵ و دوز و ڕۆژهەڵاتی حەمرین و بەدرە و جەسان هەیە 27.

ئەگەر بەوردی سەرنج بدەینە ئەو شوێن و ناوچانەی عێراق کە کانزا جۆربەجۆرەکانی تیا بەدیدەکرێت و دەوڵەمەنن، بەشی هەرە زۆریان کەوتوونەتە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان جگە لە خوێ، گەرچی تائێستاش سەروەتی کانزایی لە کوردستان نەخراوەتەگەڕ و نەخراوەتە خزمەتی ژێرخانی ئابوری و دەستی دەرهێنان و بەرهەمهێنانی پێنەگەیشتوە و نەچۆتە بواری پیشەسازییەوە.

بەڵام لە ئایندەدا کەڵك و بایەخێکی ئێجگار زۆریان دەبێت گەر دەسەڵاتی کوردستان لەپێشەوەی ڕیزبەندی کارەکانی دایبنێت.

بەشێوەیەکی گشتی شادەماری ئابوری عێراق کەوتۆتە ئەو شار و شارۆچکە و ناوچانەی کە گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسان و مێژوونوسان بە کوردستان ناوی دەبەن، بەم پێودانگە توانای ئابوری و بەهێزی پێگەی نێودەوڵەتی عێراق بەندە بە سەرکوتکردنی کورد و پووچەڵکردنەوەی هەر تێگەیشتن و فکر و ڕوانینێك کە لەئێستا و ئایندەشدا لای کورد چەکەرە دەکات بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی کوردنشین و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

بەدرێژایی سەد ساڵی ڕابردوو حکومڕانێتی عێراق لەژێر ڕکێفی عەرەبی سوننە مەزهەب بووە و بوارنەدراوەتە هیچ نەتەوە و مەزهەب و ئەتنیکێکی تری وڵات، تاکوو بەشداری ڕاستەقینە بکەن لە بەڕێوەبردندا، هەمیشە ئەم پرسیارەیان لا دروستبووە: چۆن بتوانن جڵەوی حکومڕانێتیان لەژێر دەستدا بمینێتەوە؟ باشترین وەڵامیش لای ئەوان نواندنی توندوتیژی و زەبرو سەرکوتکردن بووە بۆ ئەوەی هیچ نەتەوە و مەزهەب و ئەتنیکێکی تر بیر لە سەرکردایەتی کردنی وڵات نەکەنەوە، ئەوەشیان بۆ دەرکەوتوە کە ناوچەی عەرەبنشین بەراورد بە ناوچەی کوردنشین هەژارو کەم دەرامەتترە، گەر هەرێمی کوردنشین لەبۆتەی عێراقدا نەتوێننەوە ئەوا لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا پایەدارو سەرکەوتوو نابن و هەمیشە هەڕەشەی دەرەکیان لەسەر دەبێت، بەواتایەکی ڕوونتر ئەو بۆشاییە ئابورییەی لە ناوچەی عەرەبنشیندا هەیە، بە داگیرکردنی کوردستان پڕبکەنەوە.

عەرەبە ناسیۆنالستەکانی عێراق پێیانوابووە داگیرکردنی ناوچەی کوردنشین لەسەرچەند پایە و بنەمایەکی گرنگ خۆی دەبینێتەوە، گرنگترینیان قڕکردن و لەناوبردنی نەژادی کورد بووە لەم بەشە داگیرکراوەدا، بۆ قڕکردنیش، ڕژێمە یەکلەدوای یەکەکانی عێراق بەدرێژایی تەمەنیان هەوڵەکانیان خستە ناو چوارچێوەی پرۆگرامێکی گشتگیرەوە، بەجۆرێك هەرڕژێمێك گەر لەبەینیش چوبێت، بە ئەمانەتەوە ئەم پرۆگرامەی ڕادەستی ڕژێمی دوای خۆی کردوە.

## ڕژێمی بەعس پرۆگرامی قڕکردنی کوردی فراوانکرد و دابەشیکرد بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: لەناوبردنی تەواوی گوندنشینان و بەشێك لەو ناحیە و قەزایانەی بچووك بوون، ئەم قۆناغە لە سەرەتای ساڵی (1988)وە دەستی پێکرد و لە ساڵی (1993) کۆتایی هات، بەپێی داتاکانی خۆیان، لەم قۆناغەدا (250) هەزارکوردیان لەناوبرد.

قۆناغی دووەم: لەناوبردنی دانیشتوانی هەموو ئەو قەزا و ناحیانەی لە قۆناغی یەکەم بازیان بەسەردا دەدرا، ئەم قۆناغە لە ساڵی (1993)وە دەستی پێکرد، تا ساڵی (1998) خایاند، لەم قۆناغەشدا گەربۆیان بلوایە دەیانتوانی (300) هەزارکەسی ترلەناوببەن.

قۆناغی سێیەم: لەناوبردنی تەواوی دانیشتوانی هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، بۆ ئەم قۆناغە لەڕێگەی پیاوانی بەعس و لایەنگرانی خۆیانەوە، لە هەر سێ پارێزگاکە لە یەك کاتدا پشێوی و ئاژاوەیان دەنایەوە، بۆ ئەوەی بیانوی ڕاگواستنیان بۆ خوارووی عێراق و پاشان لەناوبردنیان دەستبکەوێت.

داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، هەموو ئەو تەون و ڕایەڵە نامرۆڤانەیەی بەعسیەکانی هەڵوەشاندەوە، گەر ڕژێمی بەعس و سەدام حوسێن ئەم هەڵە کوشندەیەیان نەکردایە و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ دەرپەڕاندنی لە کوەیت دروستنەبوایە و ناوچەی دژە فڕینیان دەستنیشان نەکردایە، بێگومان ڕژێمی بەعس هەر سێ قۆناغی ئەنفالکردنی کوردستانی جێبەجێ دەکرد لە ماوەی پازدە ساڵدا. هەڵبەتە لەمەشدا ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو نەتەوەی کورد بەتەواوی ئیبادە بکات و لەنوێ چەندین شاری عەرەبی بونیات بنێت لە شوێنی شارە کوردییەکان، کە تیایدا لە زاخۆوە تا فاو دەبوو بە عێراقی یەکگرتوو و بەهێز.

## پەراوێزەکان

1- د.جواد عەلی، مێژووی نەوت لەعێراقدا، ل 42

2- جمعە کانی لەلەیی، کەرکوك لەبەردەم شاڵاوی بەعەرەب کردندا، ل 12

3- خەلیل عەبدوڵا، ڕۆڵی نەوت لە چارەنوسی سیاسی گەلی کوردستان، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (1833) لە (7-4-1999).

4- عومەر رەسول خدر، ئابوری عێراق, ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (2902) لە (30-10-2002).

5- د.کاوێس عەزیز فەرەج، باری گوزەران و ئەمنی خۆراك لە کوردستان، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە یەك، ساڵی سێیەم، ل .144

6- د.عەباس فازل سەعدی، قولایی ستراتیجی گەنمی عێراق لە ئاسایشی خۆراکدا، گۆڤاری کۆمەڵەی جوگرافی عێراقی، ژمارە 90، ل .86

7- د.کەمال محەمەد سەعید خەیات، دەربارەی ئابوری کوردستانی عێراق لە ئۆتۆنۆمیەوە تا گەمارۆی ئابوری، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 6، ساڵی حەوتەم، ل .54

8- مەحمود کەریم ئەحمەد، بەرهەمهێنانی گەنم لەهەرێمی کوردستاندا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، ژمارە 3، ساڵی نۆیەم، ل .19

9-مەهدی کاکەیی، گاپ... کاریگەرێتی بەسەرکوردستان و ناوچەکە، سەنتەری برایەتی، ژمارە 16، ل .157

10- مەهدی کاکەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل .144

11- د.مەعسوم عەلی، سەردەمی ئاو، گۆڤاری ئاو، ل .33

12- د.ئازاد نەقشبەندی، سیاسەتی ئاوی دەوڵەتانی حەوزی دیجلە کاریگەرێتی لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری برایەتی، ژمارە 16، ل .158

13- د.ئازاد نەقشبەندی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل .168

14- جمعە کانی لەلەیی، کەرکوك لەبەردەم شاڵاوی بەعەرەبکردندا، ل .22

15. د.ئازاد جەلال شەریف، پێویستیەکانی ئێستا و داهاتوی هەرێمی کوردستان بۆ ئاو، سەنتەری برایەتی، ژمارە 18، ل .224

16- مەهدی کاکەیی، گاپ... کاریگەرێتی بەسەر کوردستان و ناوچەکە، سەنتەری برایەتی، ژمارە 16، ل .156

17- مەهدی کاکەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل .156

18- د.هیوا سەعید عومەر، کانزاکانی عێراق، ل .87

19- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل .87

20- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل .88

21- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل .87

22- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل .89

23- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل 89.

24- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل .90

25- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل 92 .

26- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل .92

27- د.هیوا سەعید عومەر، هەمان سەرچاوە، ل 92 .

# تاوانی ئەنفال و زیانە کلتوورییەکانی کورد لەکوردستانی باشوردا

هۆمەر محەمەد

## پێشەکی

لەبەرئەوەی ساڵانە لەیادی ئەنفالدا وتاری زۆردەربارەی ئەنفال نووسراوە و دەنووسرێت، نەمویست هیچ بنوسم. بەڵام کاتێک ئەوەی بەر دیدەم کەوتن، بەگشتی هەر ئەوەیە کە چەندین ساڵە دووبارە دەکرێنەوە، بەتایبەتیش دەربارەی کوشتن و گوند ڕوخاندن و پەلامارە سەربازییەکان دەنوسرێن.. یاخود دانانی وێنەی ئەنفالکراوان و ئێسک و پروسکی ناوگۆڕی بەکۆمەڵ و شین و گریان ..هتد، ئەمانە ئاماژەی ئەوەن، کە کورد هێشتا تەماشای هەموو ڕەهەندەکانی ئەوتاوانە ناکات تەنها وەبیرهێنانەوەیەکی ئازارە نەک بیرکردنەوە لە ئازادبوون.

بەگشتی ئەوەی لەیادەکانی ئەنفال و هەڵەبجەدا دەبیندرێت، هەردووبارە دانانەوە و کۆپی کردنەوەی وێنەی قوربانیەکانە، نەک نیشاندانی وێنەی بەرەنگاری و هەستانەوە و داهێنان. دەتوانین بڵێین کە کورد هەوڵنادات وێنەی هەستانەوە و ئامادەبوونەوەی خۆی نیشانی ئەوانیدی بدات. هێشتا ئەو بەلایەوە گرنگە دەست بە شوناسی مەزلومیەتی خۆیەوە بگرێت. هێشتا دەیەوێت بەبەرچاوی دونیاوە بگری و فرمێسکەکانی نیشانی دونیا بدات بە نیازی دۆزینەوەی فریادڕەس. لەکاتێکدا ئەوەی گرنگە نیشانی دونیای بدەین. شوناسی هێزە، بەواتایەکی دی بڵێم (خۆسەلماندن و داهێنانە). چونکە چیدی دونیا گوێ لە مەزلوم ناگرێت لەڕاستیدا "هەرگیزگوێی لەمەزلوم نەگرتووە" بۆیە ئەوەی لەم دۆخە ڕزگارمان دەکات داهێنانە نەک پاڕانەوە و خۆزەلیل نیشاندان.

ئەو چیرۆکە کۆتایی هاتووە کە هاواربۆئەوانیدی بەرین کە سەدام و بەعس ئەنفالیان کردوین و کیمیابارانیان کردووین. ئەوە دادگاکان یەکلاییان کردووەتەوە. ئیدی چ پێویست دەکات بەخۆمان بڵێین: تاوانی ئەنفال برینێکی گەورەیە، سارێژنەبووە و لە یادناچێ و لە یادی ناکەین. چونکە بۆ هەموو دونیا روونە ئەنفال قورسترین تراژیدیای کورد وگەورەترین تاوانی سەدەی بیستەمە لە دژی گەلی کورد، گەورەیی لەوەدایە برینەکە سارێژبکەین و لەیادی نەکەین. ئێستا هەمووان دەزانن کە لەلایەن ڕژێمی بەعسی عێراق و سەدامەوە تاوانی گەورە دژبە کوردی باشور ئەنجامدراوە و سەدام وعەلی حەسەن مەجید لەسێدارە دراون، بەڵام ئەوەی نایزانن ئەوەیە کوردی دوای ئەنفال بەنیازی چین وداوای چی دەکەن؟ هەربەدیاربەزەیی فریادڕەسێکەوەن رزگاریان بکات یان خۆیان

لەدۆخی زەلیل بوون و مەزلوم بوون رزگاردەکەن؟ کوردی دوای ئەنفال دەبێت چۆن بێت؟ چی بکات؟ هەرڕۆژەی لەگوندێک یادی قوربانیەکانی دەکاتەوە و هەرڕۆژەی لەشارێک داوا دەکات یادی هەڵەبجە و ئەنفال بکرێن بەپشوو ؟ دەی خۆنابێت تاوانەکانی ترمان لەبیربچێتەوە. ڕەوایە ئەنفال شەنگالمان لەبیربەرێتەوە.

بەر لە ئەنفال بارزانیەکان بە بەرچاوی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیەوە کۆمەڵکوژکران، فەیلییەکان پێش بارزانیەکان کۆمەڵکوژ و وڵات بەدەر کران. ئەم تاوانانە بەبەرچاوی دونیاوە بوون و بە هیچ پەیماننامە و بڕیارنامەیەکی نێودەوڵەتی ڕێگەیان لە سەدام و بەعسیەکان نەگرت و بە فریای کورد نەکەوتن. لەدوای ئەوانەش تاوانە گەورەکەی ئەنفال و لەناویشیاندا کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و پێشتریش کیمیابارانی بالیسان و شێخ وەسان و شاری سەردەشت بەبەرچاوی دونیاوە لە ساڵانی (١٩٨٧-١٩٨٩) ئەنجامدران و دیسانەوە دونیا بێدەنگ بوو.

بەپێی قسەکانی عەلی حەسەن مەجید بێت کە لەگەڵ بەرپرسانی ناوچەی باکور کردوویەتی و لە کاسێتە دەستبەسەرکراوەکانیدا ئاشکرابوون، دەڵێت: "بە موستەشارە کوردەکانم گوتووە گوندەکانتان چۆڵ بکەن، چونکە بە چەکی کیمیایی لێتان دەدەم کێ قسەدەکات؟ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی؟ لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەم و لەوانەش گوێیان لێدەگرن"(*) ئەم قسانەی ناوبراو هەرسەرکێشی نەبوو بەڵکو نیشانەی گڵۆپی سەوزی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیش بووە. کەواتە دەبێت کوردی دوای ئەنفال و دوای شەنگال وریاتر بێت و پەند و عیبرەت لەو بێدەنگی و بێهەڵوێستیەی جیهان وەرگرێ و دان بەوڕاستیەشدا بنێیت کە دەوڵەتداری عێراقی بە کورد و عەرەبەوە هێشتا لەئاستی ئەوەدا نیەیە لە جێنۆساید و مەترسییەکانی تێبگات، چ جای لە ئەرکی دەوڵەت و قەرەبووکردنەوەی قوربانیەکانی و داوای لێبوردن و گرەنتی دوبارە نەبوونەوەی بکات.

---

* ئەم قسانەی عەلی حەسەن مەجید لەکۆبوونەوەیەکدا بوون لەگەڵ بەرپرسانی حزبی بەعس وپارێزگاری شارەکانی باکور، کە لەسەر نەوار تۆمارکراون و دواتر لەراپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەماڵەکەی خۆیدا دەستیان بەسەردا گیراوە و لەگەڵ کۆی ئەو بەڵگەنامانەی تر رادەستی میدیل ئیست وۆچ کراون و براون بۆ ئەمریکا، مێدیل ئێست وۆچ لەراپۆرتەکەیاندا لەپاشکۆی (A)دا بڵاوی کردوونەتەوە، نەوارەکە بەرواری 26 ی مایسی 1988ی لە سەرە، بەڵام بەپێی قسەکان و بەراوردکاری لەوەدەچێ هی ساڵی 1987 بێت. راپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و کوردی بەردەستە، من سودم لە کتێبە عەرەبیەکەی وەرگرتووە کە مامۆستا جەمال میرزا عەزیز لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

## لە مرۆڤ خستن و ڕەشکردن:

یەکەم هەنگاوی هەرنیازێکی جێنۆساید رەشکردن و بێزراندن و لەمرۆڤ خستنە، وەک چۆن نازییەکان بە جووەکانیان دەگوت ڕەگەزە پیسەکە، بەعسیەکانیش یەکەم هەنگاوی سەرەتاییان لە ئەنفالدا لە مرۆڤ خستن و رەشکردن بوو.

ئەگەرگوێ لەقسەکانی عەلی حەسەن مەجید بگرێت تێدەگات دەوڵەتی عێراق چۆن تەماشای کوردەکانی کردووە، هەڵبەت عەلی حەسەن مەجید وەک کارەکتەرێکی دەوڵەت نەک وەک کەسێک وەک دەوڵەتدارێکی بەدەسەڵات بەکورد دەڵێت: (بزن، خائینزادە، کەر) لەشوێنێک دەڵێت: هاوینی داهاتوو نابێت هیچ گوندێک مابێت کۆمەڵگاکانی لێ بەدەرنابێت تێکدەربچنە ناویانەوە ووەک بزن بە چیاکانەوە بمێنن). تۆمەتبارکردنی کورد بە خائین و بەکرێگیراوی ئێرانی وزایۆنی، کافرو جنۆکە و عەجەم.. هتد) هەموو ئەمانە لە راگەیاندنی بەعس و دەوڵەتی عێراقدا هەبوون، ئەمانە شەرێکی سایکۆلۆژی و هەوڵی لە کوردخستن و لە مرۆڤ خستنی کورد بوون بۆئەوەی لەکاتی پەلاماردانیاندا جەلاد باشتر دەستی بچێتە کوشتنی قوربانی و بەزەییان پێیاندا نەیەتەوە.

ئەم وتارە ناچیتە ناو هەموو ئەورەهەندانەوە، بەڵکو هەوڵدەدات تیشک بخاتە سەرئەوزیانە کلتوورییانەی کە بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە روویانداوە و تائێستا کەمترباسکراون.

## هەڵوەستە لەسەر ڕەهەندێکی تری زیانەکانی ئەنفال

ئەوەی لەم تاوانە گەورەیەدا ئەنجامدرا هەرڕوخاندنی گوندەکان و بەکۆمەڵکوشتنی مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکو سەرەڕای ئەو زیانە گەورە مرۆییانەی کە بەر کورد کەوتن و ووەک دەڵێن ژمارەی قوربانیەکانی گەیشتنە نزیکەی ١٨٢ هەزارکەس، (کە بەبروای من زیاترە) زۆرلایەنی تری ژینگەیی و کۆمەڵایەتی کەوتنە بەرهەڕەشە، زۆرلایەنی ترکەوتنە بەرپەلامارەکە و لەناوچوون. بەهەزارن ئاژەڵ و پەلەوەری ماڵی وکێوی لەناوبرد، زۆرشوێنەواری کورد دزران وروخێندران (قەڵای بۆگد بەنمونە)* زۆرشوێنی گەشتیاری و شوێنەواری مێژوویی و پەرستگا لەبەین بران (وەکاشە

---

* قەڵای بۆگد لە ساڵی 1825 لە سەردەمی میر محەمەدی رەواندز دروستکراوە بە مەبەستی چاودێریکردنی رێگاکانی بازرگانی و هاتوچۆی زێی بچووک. شێوازی بیناسازیی کوردی-ئیسلامی، لە بەردی سروشتی و خۆڵی ناوچەکە بە قسڵ بنیاتنراوە و لە دوو نهۆم پێکهاتووە. بەڵام لەپەلاماری ئەنفالی قۆناغی چوارەمدا روخێندراوەو تەنها چەند لادیوارێکی بەپێوە ماوە. (گەشتی مەیدانی نوسەر-٢٠١٠)

بەنموونە)* مەزاری شەخصێک بوو خەڵک دەچوونە لای و لێیدەپاڕانەوە بۆئەوەی مرازیان حاصڵ بێت، هەندێکیش دەڵێن بۆ باداری بووە، پیرەمێردی نەمر دەربارەی وەکاشە دەنوسێت: فەقێ بۆ ڕاتوو وا لە بەردەرگا ...... دەچمە «وەکاشە» کە بام لێ دەرکا. (ژیان:١٩٣٣) کەچی لەئەنفالدا ئەویش وێرانکرا.

لە تاوانی ئەنفالدا کلتووری کوردیش کرایە ئامانجی پەلامارە سیستەماتیکەکەی بەعس. بەعسیەکانیش لاسایی نازیەکانیان کردەوە، وەک چۆن "نازییەکان لەو شوێنانەی داگیریان کردوون زمانی لۆکاڵی، ناوی کەسەکان، ناو و نیشانی شوێنە گشتییەکانیان کردووە بە ئەڵمانی. هەروەها زمانی دادگاکان، زمانی خوێندنگەکان، زمانی حکومەت و فەرمانگەکان و تەنانەت ناوی شەقامەکانیشیان کردووە بە ئەڵمانی. "(جەلیل:٢٠٢٣) بەعسیەکانیش هەروایان کرد، جگەلەوەی هەموو تابلۆکانی سەر جادە و دوکان و شوێنە گشتی و تایبەتیەکانیان گۆڕی بە زمانی عەرەبی.

هەربۆپەندی ڕۆژگارو شەڕێکی سایکۆلۆژی، زۆربەی ئەو کۆمەڵگا زۆرە ملێیانەی لەکاتی ئەنفالدا بۆ کۆکردنەوەی گوندەکان دروستکران ناویان نابوون (شاری هاوچەرخ)! لەکاتێکدا نەک شار نەبوون تەنانەت گوندی ڕێکوپێکیش نەبوون، سەرباری ئەوەش ناوی عەرەبی و بەعسیانەیان بەسەردا سەپاندبوون وەک کۆمەڵگای (صمود، الثوره، الاخوه، النصر و حلبجة صدامية (محەمەد:٢٠٢٥) ئەمانە و چەندین گوندیش کە تەعریب کراون ناوەکانیان گۆڕاوە بۆعەرەبی و بەتەواوی لە زەینی خەڵکیشدا چەسپاوە و ناوە کوردییەکەی لە بیرکراوە، بۆنموونە گوندی (گوڵەبان) دەشێت (بانی گوڵان)یش بووبێت. کەچی ئێستا نەک لە زەینی خەڵکەکەیدا بەڵکو لای ڕۆژنامەنوسانیش هەربە (کولبان) یان کۆڵەبان ناوی دێت.

لە هەموویان کارەساتبارتر ئەوەیە کە زۆربەی گوند و چیاو دۆڵەکان وک چۆن لە بەیاننامە و ڕاپۆرتەکانی بەعسدا ناویان هاتبوو، لە دادگای باڵای تاوانەکانیش هەروا یاداشتکراون و هەرواش بەزمانی عەرەبی بە شێوێندراوی بڵاوکراونەتەوە و ناوە کوردییەکانیان گۆڕاوە بۆشتێکی تر، وەک گوندی مالومە گۆڕاوە بۆ (مالمۆیاخود مالم). بۆ نموونە کتێبی (قرار محكمة الانفال) لە

* لە فەرهەنگی کورد واتەنی ع.ع شەونمدا هاتووە وەکاشە گوندێکە عەرەبی بەعسی وێرانی کرد.. وەکاشە شەخصێک بوو خەڵک دەچوونە لای دوعایان دەکرد مرازیان حاصل بێت بەڵام لەئەنفالدا وێرانکرا و داکۆکی لە خۆشی پێنەکرا.. بروانە ئەنفالی وەکاشە، ئەنفالستان ژمارە (٤) ل ١٢٦.

پێشکەشکردنی دادوەر محەمەد ئەلعوریبی و ئامادەکردنی مافناس بەهزاد عەلی ئادەم بەدەگمەن ناوی گوندێکی بەراست تێدا نووسراوە، بەگشتی ناوی گوندەکان شێوێندراون و تەعریب کراون، کەچی ئەفسوس هەموو ئەو نووسەرە کوردانەی ناوی گوندەکانیان لەم کتێبە یاخود لە بەیاننامەکانی سوپای عێراق وەرگرتووە، بەهەمان شێوە و بەهەمان زمانی بەعەرەبکردن و بەهەمان شێوێندراوییەوە لەکتێب و گۆڤارەکوردییەکانیاندا بڵاویان کردووەتەوە.

نمونەی شێواندنی ناوی گوندەکان بەم شێوەیەن: "مالومە- گۆڕاوە بۆ مالم یان مالمۆ، سەرگەڵو گۆڕاوە بۆ سرکلو، دۆڵمازەڵێ کراوە بە دولمازال یاخود دولی مازالی ..هتد" (العریبی) لەوەش کارەساتبارتر هەندێک لەناوی گوندەکان لەکتێبەکەی محمد ئەلعوریبی بەراست نووسراون، کەچی نوسەرانی کورد شێواندوویانن بۆنمونە (زەرزی کراوە، بەدەرزی و قزلو کراوە بە قزلر، گردخەبەر کراوە بەگردی خەیار، بابەرۆشە کراوە بەبابەڕەشە و ئالیاوا کراوە بە ئەلیادە و زینانە کراوە بەزیندان، دۆڵمازەڵێ کراوە بە دولی مازالی) هتد.*

## پەلامارەکانی ئەنفال و زیانەکلتورییەکانی کورد

پێش ئەنفال کلتووری کوردی کورد دەوڵەمەندتر و بەهێزترو فرە ڕەنگتربوو، بەڵام ئەنفال هاتوو زیانی گەورەی لێدا، دەشێت بەعس ئامانجێکی سەرەکی لە ئەنفالدا سرینەوە و شێواندنی کلتوری کوردی بووبێت. لەسەرەتاوە ئاماژەم بۆکرد و ئێستاش جەخت دەکەمەوە کەوا تاوانی ئەنفال تەنها بریتی نەبوو لە گوند ڕوخاندن و کۆمەڵکوژی و سرینەوەی فیزیکی مرۆڤەکان، بەڵکو هەوڵێکی تری فاشیانەی سیستەماتیکی دەوڵەتی عێراق بۆلەناوبردن و سرینەوەی شوناس و کلتووری کوردیش بوو. نەهێشتنی گوند و لەکۆمەڵگاخستن و ژیانی ئۆردوگانیشینی بە سروشتی خۆی جۆرە کلتورێک بەرهەمدەهێنێت، بۆ نمونە هەرلە سەرەتاوە کۆمەڵگاکانی پێش ئەنفال ببوونە موڵگەی جاشەکان

---

* لەبارەی ئەو هەموو هەڵە و پەلانەی لە کتێب و بڵاوکراوەی کوردیدایە سێ کتێبم لێهەڵبژاردوون کە پڕن لە هەڵەی زەق و کوشندە و هەموو هەڵەکانیانم ڕاست کردووەتەوە، چونکە ئەم کتێبانە هەم مێژووی ئەنفالیان شێواندووە و هەم زیانێکی گەورەشیان بە شوناس و کلتوری کوردی و ناوی گوندەکان و ناوی کەسایەتیەکان و ڕوداوەکانی ئەنفال گەیاندووە. ئەوانیش بریتین لە: (قرار المحكمة الانفال، وثيقية، قانونية، سياسية، تاريخية القاضي محمد العريبى) و (**جێنۆسایدی کورد تاوانی ئەنفال . تەها سڵێمان**) و (**کاریگەرێتییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەرجێماوانی. بەهادین محەمەد عەبدالرحمن**) جێگەی ئاماژەیە جگەلە کتێبەکەی حاکم عوریبی لە یەکەمیاندا ناوی ٩٦ گوند و لە دووهەمیشیاندا ناوی ٣٨ گوند و چەندین هەڵەی زەقی مێژوویم ڕاستکردووەتەوە. بەهیوام لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو کتێبەشم ڕوناکی ببینێت.

و جاشێتی کردە کلتور. هەروەک چۆن ژیانی شوقەنشینی کلتورێکی دی بەرهەمدەهێنێ و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاواز دەکات و سڵاوکردن لە یەکدی کەمدەکاتەوە. ئەگەر توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت ناوچەیەک بۆ ناوچەیەک جیاوازی لە پەلاماردان و کوشتارو مامەڵەکردندا هەبووە.

بۆ نمونە رێژەی کوشتن لە گەرمیاندا زۆرترە وەک لە دۆڵی جافایەتی و ناوچەی ئەنفالی دوو. لە گەرمیاندا هەم کۆمەڵکوژی کراوە و هەم تەعریبی بەردەوامیش هەبووە، هەتا بەگۆڕینی شوناسی نەتەوەیی دەگات، واتا ئەو کوردانە سەلامەت بوون، کە دەستبەرداری ناسنامەی نەتەوەیی دەبوون و شوناسی خۆیان دەگۆڕی بۆ سەر نەتەوەی عەرەب.

عەلی حەسەن مەجید سەرژمێرییەکەی (١٩٨٧)ی کردە پێوەری ئەوەی کێ لە ڕیزی نیشتمانیدایە وکێ دژی نیشتمانە، ئەوانەی کە سەرژمێریەکە نەیگرتنەوە و لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون بە هاوڵاتیی عێراقی دانەدەنران، ئەم سەرژمێریە یەکلایی کەرەوە بوو، کوردەکان دەیانتوانی خۆ بە عەرەب بنوسن یان بە کورد، "ئەم هێڵی لێکجیاکردنەوەی نەتەوەیە زۆر بە توندوتۆڵی دارێژرا بوو. ژمارەیەك بەڵگەنامەی ڕەسمیی ساڵانی (1988 و 1989)، کۆمەڵێك فەرمانی سەدام حوسێن و عەلی حەسەن مەجید دەخەنە ڕوو کەوا هەر هاوڵاتیەك دەیتوانی بە نووسینی داواکارییەکی سادە خۆبکاتە عەرەب. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، ئەو کەسانەی بیانویستایە بە کورد دابنرێن، ئەوە بەر ماڵوێرانی و دوورخستنەوە دەکەوتن بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی."(میدیل ئیست ووچ:٢٠٠٤،ل ١٤٢-١٤٣) وەنەبێت ئەم مامەڵە توندە تەنها لەگەڵ گوندنشینەکاندا بکرێت نەخێر لەناوشاریش هەرچی بۆنی پێشخستنی فەرهەنگ وکلتوری لێهاتایە بێ سزادەرنەدەچوو.

نووسراوی نهێنی و تایبەت بە ژمارە (19727) لە بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی سلێمانییەوە بۆ بەڕێوەبەرێتیی ئەمنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە (24 ی ئابی 1989). بەڵگەیەکە (ئاماژە بەناوی نووسەرو شاعیری کورد دڵشاد مەریوانیی دەکات کە لەبەرئەوە لەسێدارە دراوە کەوا لە وانەی زمانی کوردیدا قوتابیەکانی فێرکردووە بە پیتی لاتینی بنووسن".(میدیل ئیست ووچ:٢٠٠٤،ل٤١١).

بەدەر لەکۆمەڵکوژی ئەنفال، گوللەبارانکردنی سەربازانی هەڵاتوو، گەنجانی تری سەرکێشی ساسی هەربەردەوام بوو. ئامانج لە کوشتنی مرۆڤەکان بەو زۆریە کەمکردنەوەی رێژەی کورد بوو بۆ ئاستی رێژەی (نەمانی مەترسی)، واتا بەعسیەکان نەیانویستووە لە قۆناغی یەکەمدا هەموو کوردێک بکوژن، بەڵکو ویستویانە رێژەی کورد بەتایبەتیش لەنزیک کەرکوک و لە گەرمیاندا دابەزێننە

# ئاستی بوونێک کە مەترسی لەسەر ئایندەی دەوڵەتێکی عەرەبی نەبێت.

# زیانە کلتوورییەکان

1. لەناوبردنی ژینگەی کلتووری کوردی

ڕووخاندنی گوند و ناحیە و ناوچە کوردییەکان: زیاتر لە (٤٥٠٠) گوند بە تەواوی ڕووخێنران. لەناوبردنی ژێرخانی کلتووری: مزگەوت، قوتابخانە، تەکیە و شوێنە پیرۆزەکان تێکدران. ئەگەرچی گۆڕستانەکانیان تێکنەدا بەڵام هەموو ئەوانەی کوژران بێگۆڕ نێژران، هەروەک لەهەندێک مەزار و مۆنۆمێنتەکاندا کێلی ڕەمزی و سمبولیان بۆ ئەنفالکراوەکان دروستکراوە واتا گۆڕی بێ ڕوفات دەبینرێن، نموونەی ئەم حاڵەتە لەگوندی (کلێسە)ی سەر بە ناحیێ ئاشتی قەزای کۆیە! یاخود مەزاری شەهیدانی هەڵەبجە.

وێرانکردنی ژینگە و دارستان و کانیاو و سەرچاوەکانی ئاو: ئەوانە نەک تەنها سەرچاوەی ژیان بوون، بەڵکو شوێنی گرنگ بوون بۆ کۆبوونەوە و کارلێکی کۆمەڵایەتی و کلتووریی، کە فاکتەرێکی بەهێزی مانەوەش بوون وەک پێکهاتەیەکی نەتەوەیی. لە پەلاماری ئەنفالدا زۆر لە سەرچاوەکانی ئاو، کانی گوندەکان پڕکراونەتەوە و کوێرکراونەتەوە. بۆ ئەوەی نەبنەوە بە شوێنی ژیانی گوندشینەکان.

2. لەناوچوونی کەرەستە و سامانی کلتووری بەرهەست.

لەناوبردنی کەلەپور: جلوبەرگی کوردی، ئامێرە کشتوکاڵیەکان، گاسن و هەوجار و گۆزە و دیزە و ئامێرە میوزیکییەکان، شمشاڵ و زوڕنا، بەڕە و مافور و لباد قاڵی و بەرهەمی دەستکرد.

لەناوچوونی سامانی کشتوکاڵی: ڕەزی ترێ و مێو، باخی میوە و بەرهەمە کشتوکاڵییە تایبەتەکانی تروەک گەنم و جۆی پشتاوەکان و توتن و تەماتە و برنج و لۆکەی بەراوەکان و زۆی تری ناوچەکە. بەرهەمە ئاژەڵیەکان وەک ماست و شیر و پەنیر و ڕۆنی کەرە (ڕۆنی خۆماڵی). ئەوەش ڕێک جێبەجێکردنی پلانەکەی عەلی حەسەن مەجید بوو کە لەکۆبوونەوەیەکدا بە بەرپرسانی حزب و حکومەت وتبووی: "بۆچی ڕێگەیان بدەم لەوێ وەك کەربژین و هیچ شتێك نەزانن؟ بۆ گەنم؟ من گەنمی ئەوانم ناوێ. ئێمە ئەوە بیست ساڵە گەنم لە دەرەوە دەهێنین، با پێنج ساڵی تریشی لە سەر بێ."(میدیل ئێست وۆچ:٢٠٠٤، ل٤٣٥) هەرلەوکۆبوونەوەیەدا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت من کشتوکاڵیانم ناوێ، تەماتەم ناوێ، بامێ و خەیارم ناوێ. ئێمە ئەگەر بەم شێوەیە کارنەکەین چالاکی تێکدەران هەرگیز کۆتایی نایەت، تا یەك ملیۆن ساڵی تریش."(هەمان سەرچاوە،ل٣٦)

3. شێواندن و لەناوبردنی میراتی کلتوری

پچڕانی ئەڵقەی پەیوەندی بۆ گواستنەوەی کلتووری: بەهۆی کوشتن و بێ سەروشوێنکردن و دوورخستنەوەی کەسانی گەنج و بەتەمەن لەناو کۆمەڵگای کوردیدا، بەتایبەتی لەناو گوندنشیناندا کەلێنێکی گەورە کەوتە نێوان نەوەکانەوە. واتا پچڕاندنی گواستنەوەی زانیاری کلتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر. ئەمە جگەلەوەی بەکوشتنی هەرکوردێکی گوندنشین دەشێت چیرۆکێک زیاتریش لەناوچووبێت.

نەمانی فۆلکلۆر و داستانەکان: چیرۆکی میللی، گۆرانی، هەڵپەڕکێ و داستانەکان کە پەیوەستبوون بە ناوچە دیاریکراوەکان. چەندین شاعیرو حیکایەتخوان و مەقامبێژو دەنگبێژی میللی لە ئەنفالدا تێداچوون، شایی و ئاهەنگی بوک گواستنەوە کۆتایی هات و لەناو کۆمەڵگاکانیشدا بەهۆی ئەو دۆخەی بەسەرخەڵکدا هات وزۆربەیان کەسێک یان زیاتریان بێسەروشوێن بوون. ئەگەرئاهەنگێکیش بکرایە بەهەمان تام و چێژی گوندەکان بەڕێوە نەدەچوون. زۆربەی ئەو دیوەخانانەی شەوان حیکایەتیان تێدا دەگێڕدرایەوە، یاخود یاری فۆلکلۆری وەک کاڵەمستێن (کڵاوێن)یان تێدا دەکرا، هەرگیزلە کۆمەڵگا زۆرەملێکاندا زەمینەیان بۆ نەرەخسایەوە، چونکە خەڵکی وەک ترسێندرابوون هەمیشە چاوی سیخورەکانی بەعسیشیان لەسەربوو.

لەناوچوونی زاراوە ناوچەییەکان: زاراوە و دەستەواژە تایبەتەکانی هەندێک ناوچەکان، کە تایبەت بوون بە گوند و دەڤەرێکی دیاریکراو کەوتنە مەترسی لەناوچوون. لەکۆمەڵگاکاندا شێوەزارەکان بەریەک دەکەوتن و هەندێکجاریش کەسەکان هەوڵیان دەدا بۆ چاوبەستەکێ شێوەزاری خۆیان بگۆڕن، چونکە هەرجارەی هەڵمەتی گرتن بۆ خەڵکی ناوچەیەک دەکرا وەک هەڵمەتی گرتنی قەرەداخیەکان و هەڵمەتی گرتنی هەڵەبجەییەکان.

4. شکستی ڕەنگ و جوانناسی لە کلتووری کوردیدا.

گۆڕانکاری لە ڕەنگە زیندووەکانی کوردەواری:

یەکێک لەو توخمانەی لەئەنفالدا گورزی کوشندەی بەرکەوت (رەنگاوڕەنگ)ی بوو، لەپێش ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجەدا جلوبەرگی ژنانی کورد لە گوند و شاردا هەمیشە رەنگاوڕەنگ و ئاڵووڵاو پڕرەنگ و گوڵداربوون، بەڵام لەدوای ئەنفال، بەشێکی بەرچاو لە جلوبەرگی کوردی، کە پێشتر بە رەنگی زیندوو جوان دەناسران، بەرەو تاریکی و ڕەنگی تاریک چوون و گۆڕانیان بەسەرداهات. ژنان کەکوڕوکچ و مێردیان ئەنفال یان شەهیدکرابوون ئەگەرئارەزووشیان کردبێت جلوبەرگێکی کراوە بپۆشن شەرمیان کردووە، بۆیە هەمیشە جلوبەرگی ژنانی ناوکۆمەڵگاکان تاریک (رەش وشینی تێر) بوون، ئیدی زاڵبوونی ڕەنگی ڕەش لەناو کۆمەڵگاکاندا بووە زەقترین رەنگی جلوبەرگ بەتایبەتیش جلوبەرگی ژنان، ئەمە تایبەت نەبوو بەکۆمەڵگاکان لەناوشارەکانیش تاڕادەیەکی زۆر ڕەنگی ڕەش بەسەرتەواوی کایەکانی ژیاندا زاڵ بوو، هەربەو شێوە زاڵەش لەیادەوەری کۆمەڵایەتی و ئەدەب و هونەرو شیعری شاعیراندا ڕەنگی داوەتەوە و وەک دەرهاویشتەی تاوانەکە لەکارە هونەرییەکاندا دەردەکەوێت. ئەنفالی ڕەش، کوردستانی رەشپۆش وژنی رەشپۆش و جاشی ڕووڕەش ..هتد لە هونەرو ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگیان داوەتەوە. تەنانەت شێرکۆ بێکەس قەسیدەیەکی تایبەتی هەیە بەناوی ڕەنگدانەوە و هەر بەرەنگیش گوزارشتی لە کۆژان و تاوانی ئەنفال کردووە. بەگشتی کۆمەڵگای کوردی پێش تاوانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە سەرباری



بڕوانە وێنەی مریەم بەدیاربوخچەی بوکێنییەکەیەوە

ئەوەی کە هەمیشە جەنگ و کوشتاریشی تێدابووە، بەڵام هێشتا کۆمەڵگەیەکی پڕلە رەنگ بوو، ژنان کراسیان رەنگاورەنگ و پیاوان پشتێنی گوڵداریان لەپشت دەبەست، بێشکەی منداڵان جگەلە هەڵواسینی گوڵینکەی رەنگاوڕەنگ دەستراژە و سەربێشکەیان رەنگاوڕەنگ بوو. تەنانەت گوندنشینەکان زینی ئەسپ و کورتانی کەرو هێسترەکانیشیان پڕبوون لەڕەنگ. ڕەنگە وێنەکەی مریەم ساڵح و بوخچەی بوکێنییەکەی بەتەنیا باشترین ئارگیومێنتی بەراوردکاری بێت کە لەبەرگی

پشتەوەی گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٤)دا بڵاوکراوەتەوە. وێنەکە مریەم ساڵحە بەدیار جلی بوکێنییەکەیەوە بە خەمگینی دانیشتووە و جلی بووکێنییەکەی پێش ئەنفال بەدورین دراوە، کە بریتین لە جلوبەرگێکی رەنگاوڕەنگ سوخمە و کەوای زەرد و کراسی سور و پارچەیەکی ڕەنگ مۆریش دەبینندرێت، بەڵام خۆی لەچکێکی ڕەشی لەسەردایە و کراسێکی شینی تێری لەبەردایە. جگەلەم وێنەیە زۆروێنەی تری پێش ئەنفال تەنانەت ئەوانەی بەرەش و سپیش گیراون هاوکاری ئەو تێگەیشتنەمان دەکەن کە کوردی گوندنشین لەپێش تاوانی ئەنفال و کیمیاباران چەندە رەنگ وەک بەشێک لە چێژو جوانی لە ژیانیاندا بەهای هەبووە و ئامادەی نێو هەستی کوردی بووە. سیامەند مەحمود خەڵکی گوندی خان رۆستەم ئاغا دەڵێت: لەپێش ئەنفال ژنانی گوندەکەمان تەنها جلی کوردییان لەبەردەکرد و جلیشیان ئاڵوواڵابوو. (مەحمود: ٢٠٢٥)

کۆمەڵگا زۆرەملێکان قەرەباڵغیەکی بێ ڕەنگ بوون: کۆمەڵگە زۆرەملێکان کە بەگشتی بە بلۆک و رەنگی بۆر یاخود خۆڵەمیشی بونیاتنران، بەگشتی بەشێوەیەکی نائەندازەیی دروستکران و بەدەگمەن خانوویەک بەرچاو دەکەوت بەرەنگێکی کراوە رەنگکرابن، ئەوپەری دەرگا و پەنجەرەکانیان بۆیە دەکران، کۆڵان و گەرەکەکانیان بێ باخچە و کانی بوون، کە هەمیشە کانی گوندەکان چواردەوریان سەوزایی و شینایی و پڕگوڵ و شۆرەبی بوون.

ئەو خەڵکەی خزێندرابوونە کۆمەڵگاکانەوە هەمان ئەوسروشتەیان لێ قەدەغەکرابوو کە پڕگوڵ و گوڵزارو دارستان و گوڵاڵەی سورەی خۆرسک بوون، لەهاویناندا ناوچەی گەرمیان تەواو بێرەنگ بوو، لەم بارەیەوە پێشمەرگەی دێرین حەمەرەشید توکنی دەڵێت: "لەو دەشتەی گەرمیاندا بەتەنیا مابووین، لە هەموو رەنگ و ئاوەدانییەک دابرابووین، ئەگەربا پارچە پەرۆیەک یاخود عەلاگەیەکی سوری بهێنایە بۆلامان دڵمان پێیدەکرایەوە" (حەمە رەشید: ٢٠٢٢).

یەکێک لەگرفتەکانی نوسین و توێژینەوەی دونیای کوردی ئەوەیە کە تەنها سەرنجی لەسەر کوشتن و گوند روخاندنە لە تاوانی جینۆسایددا، لەکاتێکدا شێواندنی کلتور و کوشتنی بەها کلتورییەکان لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا ئەگەرهێندەی کۆمەڵکوژییەکە بەئازارو کاریگەرتر نەبووبن ئەوا هیچیان لەو کەمترنیە و بگرە کاریگەرییەکی درێژمەوداتریان بەسەرکۆمەڵگەی کوردییەوە هەیە، بۆ نمونە تۆرانی ڕەنگ لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەک رەگەزێکی دیارو بەرجەستەی ناو سروشت سەندنەوەی لە مرۆڤی کورد، رۆڵی سەرەکی گێراوە لە هێشتنەوەی لە خەمباریدا. چونکە رەنگ کاریگەری بەسەرتەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە هەیە. جگەلەوەش رەنگ کاریگەری و

هەماهەنگی لەگەڵ تەواوی زانستەکانی تردا هەیە وەک فەلسەفە و هونەر و ئەدەب و باری سایکۆلۆژی مرۆڤ.

سنوورداربوونی ڕەنگەکان لە هونەری کوردیدا: لەدوای پەلامارەکانی ئەنفال، هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ڕەنگی رەش زیاتر بەکاردەهێنن و دەربرینەکانیان زیاتر بەرەو بەکارهێنانی ڕەنگی تاریک و کاڵ چوون. رەنگی رەش لە هونەر و ئەدەبی کوردیدا بووە زاڵترین کەرەستەی بەکارهاتوو بۆ گوزارشت لێکردن و دەربرینی هەستی خەمگینی. لەنیگاردا قەلەرەش و جلی ڕەش و عەبای ڕەش و هێمای ڕەش بۆ نیشاندانی هێمای ئەنفال و درندایەتی دەوڵەت و ماڵوێرانی و پرسەگێڕی کورد بەکاردەهات. لەدوای ئەنفال ئاماژەکانی مەرگ، شەوی تاریک، غەمگینی، شوومی، شەرانگێزیی. رەنگیانداوەتەوە. هەروەک چۆن "شێرکۆ بێکەس" رەنگەکانی کردووە بە کەرەستەکانی شیعر و هەستی خۆی دەهۆنێتەوە و بەوێنەی شیعری ئازار و جوانی و کاریگەری دروست دەکات و دەڵێت:

کێ ئەتوانێ ڕەنگ بژەنێ ؟! من ئەیژەنم
وەختێ فوو ئەکەم بەڕەشدا، ڕووباری ڕەشی زووخاوێ
ئەهەژێت و شەپۆلی کوێر خۆی ئەکێشێ بەکەناری شەوی مندا و
تەمومژی کێوەڕەشێ، لە هەردوو قاچی کۆچمەوە
یا سەر و ملی زایەڵەم دائەگرێت و لە دەراڵی تەنگەبەری
هەناسەیشما، ڕەشەبایەک، ((با))یەکی ڕەش
بەگڤەگڤی پرسیار و سۆراخەوە دێت و ئەچێت.
ئەو وەختەی کە ڕەش ئەژەنم
سەرپۆشی رەشی ژنانی شیعرستانم وگوڵی ڕەشی
کچەکانی و بسکی درێژی شیوەنی زستانێکم تێ ئەئاڵێ)) (بێکەس: ١٣٩٤:٨-٩)

شاعیری لاو عەلی نارینی لەقەسیدەی (تەنیا کەوتنی ژنێک)دا وێنای کوردستان لەپێش ئەنفال دەکات و لەدیدی ئەودا کوردستان کێڵگە بوو شین دەبووەوە (دەژیایەوە) لە نیوەدێڕێکی تردا ئاوا وێنای دەکات: "تابلۆیەکی ڕەنگاڵە بوو بە هەزارڕەنگ خۆی دەنواند، ئەنفال هات و ڕەش ڕەشی کردەوە" (نارینی:٢٠٢٥).

هونەرمەندان، سیناریست و دەرهێنەر و نیگارکێشیش دەتوانن وەک کەرەستەیەکی هونەری سودی زۆر لە رەنگەکان ببینن بۆ دەربرین و ئاماژەکان، نەک هەر بەشێوەیەکی رەمزی بەڵکو راستەوخۆ رەنگەکان بکەنە رەگەزی ناسینەوەی شوێن و شوناسی جەلاد و قوربانی.

٥ .گۆڕانکاری لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و داب و نەریت:

لەنـاوچوونی ژیـان و کـاریی پێکەوەیـی هاوکـاری کـۆمەڵایەتی گونـدەکان: زۆرلە ڕێـو ڕەسـمە کۆمەڵایەتییەکـان وەک "زیـارەت"، سـەردان و "بەرەوپیـری و بەهانـای یەکتریەوەچـوون" کە تایبەتمەندیەکی بەرچاوی گوندنیشینەکان بوون بەهۆی ئەنفالەوە لەناوچوون.

ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا چەندە ئامانجی کوشتنی مرۆڤەکان بوو، هێندە وزیاتریش ئامانجی لەناوبردنی هەموو ئاسەوارێکی مێژوویی وکلتوری کوردی بوو. ئەو ستراتیژەی بەعس هەیبوو پێی دەوترێت "جینۆسایدی کلتووری"، کە بریتییە لە هەوڵی بەئانقەست بۆلەناوبردنی کلتووری نەتەوەیی کورد. دەتوانین بڵێین تارادەیەکی زۆرئامانجەکەی بەدەستهێنا، چونکە بەلای کەمەوە هەندێک دابوو نەریتی بەهێزی کوردی تێکشکاند یاخود هێندە لاوازی کرد بخرێنە جێگەی نەبوان. بۆ نمونە: کاری هەرەوەزی گوندەکان کە یەکێک بوو لە جوانترین داب و نەریتەکانی گوندنشین .. گوندییەکان شەرمیان کردووە لەبەرانبەرکاردا یاخود هاوکاری کردنی هاوگوندەکانیاندا (خانوو دروستکردن وگڵەبان و دروێنەو دێراو هەڵدانەوەو ..هتد) کرێی کاریان هەقدەست وەربگرن. گوندنشینەکان لە پرسە و شاییدا بە تەواوی هەماهەنگ و هاوکاری یەکتری بوون و بەدڵگەرمییەکی زۆرەوە بەشداری شین و شایی یەکتریان کردووە.

شێوازەکانی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان: کاتێک خەڵکی لەگوندەکانەوە بۆ شارەکان و کۆمەڵگا زۆرەملێکان گواسترانەوە، گۆڕانکاری بنەڕەتی لە شێوازی ژیان و بەها کۆمەڵایەتییەکان ڕوویدا. بەتایبەتیش کە ژیانی گوندنشینەکان لە کۆمەڵگاکاندا هەموو جۆرە سەرچاوەیەکی ژیانی کشتوکاڵییان لێقەدەغەکراو لە کۆمەڵگایانەدا وەچەیان خستەوە ئیدی ئەوانەی لە شوێنی نیشتەجێکردنەوەیان (کۆمەڵگا زۆرەملێکان) لەدایکبوون نە منداڵی لادێ بوون نە هی شار، چونکە ئەنفال بەتەواوی کلتوری گوندی گۆڕی وکاریگەری زۆریشی لەسەرکلتور وژیان وداب ونەریتی شار هەبوو. بەلادێی بوونی ژیانی شاربەهۆی کۆچی زۆرەملێ کاریگەری قووڵی لەسەرداب و نەریتی کۆمەڵایەتی وکلتووری کوردی هەبووە. بەواتای ئەوەی نە کلتوری گوند ما و نە هی شار. هاوکات گۆڕانکاری لە بنیاتی خێزانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت شێوەی هەڵسوکەوت و ڕوانینی نەوەی نوێ بە نیسبەت کلتووری کوردییەوە دروستبووە.

گۆڕانکاری لە نەریتە ئاینیەکان: زۆرلە نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینیەکان کە پەیوەست بوون بە شوێنەوە (گوند-شوێن)، لەگەڵ ڕووخانی ئەو شوێنانە گۆڕانکاریان بەسەرداهات. ئیترپەیرەوی ئاینی لە داب و نەریتی کوردەوارییەوە گۆڕا بۆ شێوازێکی تری عەرەبی، بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین و

پەیدابوونی ئیسلامی سیاسی. بۆنمونە جلوبەرگی کوردی ژنانە گۆڕا بۆ (مانتۆ)، سەرپۆشی ژنانە گۆڕا بۆ حیجابی ئیسلامی کە لەبنەڕەتدا عەرەبییە.

جگەلەوەی ئەنفال بۆ ئیسلامی سیاسی بووە بناغەیەکی پتەو، کە ماتریالیە مرۆییەکەشی بۆ دابین دەکرد، بەتایبەتیش کە بەهۆی شەڕی ناوخۆی حزبەکانەوە هەم ژنانی بێ مێرد و منداڵانی بێباوک زیادیان کرد و هەم ئەوانەی پێشتریش بەهۆی ئەنفال و کیمیباران و جەنگەوە بێ هاوسەرو بێ باوک و دایک مابوون). سەرەتا لەرێگەی رێکخراوی (ئیغاثەی ئیسلامی) و خێرپێکردنیانەوە دواتریش دامەزراندنی حزب و گروپی جیاوازی ئیسلامی سیاسی توانیان دەستیان پێوەبگرن و سەرنجیان رابکێشێن و بۆ ئەجندای سیاسی خۆیان بەکاریان بهێنێن.

ئەو نەوەیەی ئەنفال، کە کەوتنە دەست سەلەفی و ئیخوانەکان لەگۆڕینی ناوە کوردییەکانیانەوە بۆ ناوی عەرەبی گورزێکی کەمەرشکێنیان لە کەلتووری کوردیدا. بەگشتیش کاریان لەسەرکردن و نەوەیەکیان لێ دروستکردن، کە ئینتمای نەتەوەییان نەمێنێت.

هەر بۆ نمونە کوری ئەنفالکراوێک، کە پەروەردەی ئیخوان مسلمین بوو، بەشێوەیەکی ناڕەوا لە سۆنگەی وتارێکمەوە دەربارەی شێخ حوسێنی هەزارکانی و ئازایەتیەکەی پەلاماری منی دابوو. بە پاساوی ئەوەی من دژایەتی ئاینی ئیسلامم کردووە لەکاتێکدا بابەتەکەم بەراوردێک بوو لەنێوان ئازایەتی (شێخ حوسێنی هەزارکانی و ترسنۆکی جەلادێکی ئەنفال- بەناوی (بارق حاج حنطة)دا. بەبروای ئەو گەنجەی باوکی ئەنفالکرابوو من هێرشم کردووەتە سەرئیسلام!! بەبێ ئەوەی بە یەک وشەش باسی ئاین و ئیسلامم لەووتارەدا کردبێت..

ئەو گەنجە کاتێک وشەی عروبەی لەناو بابەتەکەمدا دیبوو، وای لێکدا بووەوە من سوکایەتیم بە (مەرجعی فیکری)یەکەی کردووە کە ئاینە! راستیەکەی ئەوەی من ئاماژەم پێکردبوو ڕۆح و رەفتاری فاشیزم بوو .. کەبریتی بوو لەکوشتنی ئازاکان و بەخشینی مەدالیای ئازایەتی بوو بەترسنۆکەکان..! ئەو بۆی نوسیبووم ڕاستە باسی ئیسلامت نەکردووە بەڵام کاتێک باسی عروبە دەکەیت مەبەستتە لە پیرۆزی زمانی عەرەبی بدەیت، کە زمانی پێغەمبەری موسڵمانانە و قورئانی پێنوسراوەتەوە؟ سەیرەکە لەوەدابوو من باسی ئازایەتی شێخ حوسێنم کردبوو، کە لەئەنفالدا لەگەڵ خێزانەکەیدا گیرابوون و هەندێک لەجاشەکان هەواڵی گرتنی شێخ حوسێنیان دابوو بە عیزەت دوری و ئەویش ئەم هەواڵەی گەیاندبووە سەدام و سەدامیش بریاری ئازادکردنی خۆی و خێزانەکەی شێخ حوسێنی دابوو.. بەڵام ئەو ڕەتیکردبووە ووتبووی یان من و ئەو خەڵکە هەمووی

ئازادبکەن دەنا بەتەنیا لەم قەڵایە دەرناچم." ئەمە لەبری ئەوەی سەرکۆنەی بەعسیزم بکات کە سورەتێکی قورئانی بەکارهێناوە، کەچی سەرکۆنەی منی کردبوو، کە قسەم لەبارەی ڕەفتاری فاشیزمی عەرەبی و ڕۆحی عروبە کردووە!

ئامانجم لەو بەراوردە ئەوە بوو کە چۆن ئەنفال کلتوری ملکەچ کردن بەهۆی داگیرکردنی شوێنەوە لە ئەنفالدا کلتورێکی لەکوردستاندا چەسپاندووە نەتوانێت ئازا و ترسنۆک لێک جیابکاتەوە، چۆن جاشەکان لە میدیای کوردی و لەناو خەڵکدا وەک (معزز و مکرم) شکۆمەند و پایەدار دەخاتەوە ناو زەینی خەڵک، لەکاتێکدا جاشەکان لەکن دەسەڵاتداری کورد ڕێزلێگیراون نەک لەلای خەڵک بەگشتی.

## دەرهاویشتە کلتوورییەکانی ئەنفال لەئێستادا

1. دابڕانی نەوەکان لەیەکتر و لەمیراتی کلتووریی:

نەوەی دوای ئەنفال بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەندی لەگەڵ کلتووری نیشتمانی پێش ئەنفال نەماوە. بەشێکی زۆری ئەو نەوەیە لەکۆمەڵگا زۆرەمێکان و شارەکاندا گەورە بوون و ئاشنایەتیان لەگەڵ ژیانی گوندنشینی و کلتووری پێش ئەنفالدا نیە یان هەیانە و زۆرکەمە. هۆکاری ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی کورد و حزبەکان کە دەستیان بەسەرتەواوی دەزگا ڕۆشنبیرییەکاندا گرتووە و میدیاکانیان پشتیان کردووەتە ڕۆشنبیری و کلتوری کوردی و دراما و فەرهەنگی ئەوانیدی هاوردە دەکەن و بەسەرکۆمەڵگەی کوردی دوای ئەنفالیدا دەسەپێنن. بۆ نمونە هەتا ئێستا تەلەفزیۆنێک فیلمی هەزارویەک سێوی تەهای کەریمی نەکریوەتەوە و نێشانی نەداوە، بەڵام دریغیان نەکردووە لە هاوردەکردنی فیلم و درامای کۆری و ئێرانی و تورکی هەتا بەسەر خەڵکیدا دەسەپێنن.

2. هەوڵەکان بۆ پاراستنی میراتی کلتووریی سەرەڕای کاریگەرییە نەرێنیەکانی ئەنفال و سەرەڕای داگیرکردنی ناوەندەکانی ڕۆشنبیری و هونەری لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەڵام هێشتا هەندێک هەوڵی بەرچاوی باش هەن کە کاربۆ پاراستن و زیندووکردنەوەی میراتی کلتووری کوردی دەکەن، وەک: چالاکەکانی بواری ئەنفال و جینۆسایدی کورد و دامەزراندنی هەندێک مۆزەخانەی بچوکی ئەنفال بۆ پاراستنی یادەوەری و کەلوپەلە کلتوورییەکان. لەوانە: حکومییەکان مۆنۆمێنتی (یادگاری هەڵەبجە، مۆنۆمێنتی ئەنفال لە چەمچەماڵ) و ناحکومییەکان مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوان لەگوندی

کڵێسـه، مـاڵی مـریەم لە کۆمەڵگای رزگـاری و مۆنـۆمێنتی بـارزان. لەگەڵ هەوڵی تۆمـارکردن و کۆکردنەوەی چیرۆک و گێڕانەوەی ڕزگاربووان لە ڕێگەی گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بەو دۆسێیەو هەندێک فیلم و ڕێپۆرتاژی تەلەفزیونی.

لە بڵاوکراوەکـانیش کە بەبەردەوامی بڵاودەکـرێنەوە گۆڤـاری ئەنفالسـتان و گۆڤـاری تـۆپزاوا و گۆڤاری شـانزەی چوار و گۆڤـاری ئەنفالناسی و تازەترینیـان گۆڤـاری لاهـای. چالاکانی وەک عـارف قوربـانی و عەبـدوڵا کەریم و سـمکۆ سـابیر شـەریف و سـەلام عەلی و هـێمن عەبدوڵا گـۆپتەپەیی و ڕێکارێ مزوری و عەلی بەنـدی و مـوراد داود خەتـاری کـاری گرنگیـان بـۆ تۆمـارکردنی چیرۆکەکانی ئەنفـال و هەڵەبجە و جێنۆسـایدی ئێزدییەکان کـردووە. لە هەڵەبـجەش ناوەنـدێک بۆکـۆکردنەوە و دۆکێـومێنتکردنی کەلەپـووری کـوردی پـێش کیمیابـاران دەسـتبەکاربووە بەنـاوی (دۆکێـومێنتکردنی مێژووی هەڵەبجە).

## دەرەنجام

تاوانی ئەنفال نەک تەنها کارەساتێکی مرۆیی، بەڵکو هێرشێکی قووڵ بوو لەسەرکلتوورو شوناسی کـوردی. لەنـاوبردنی دەیـان هەزار مـرۆڤ و روخـانـدنی (٤٥٠٠) گونـد و وێرانکردنی ژیـنگەی فیزیکی کلتـووری کـوردی، شـێواندنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکان، دابڕانێکی قـووڵ لەنێـوان ڕابـردوو و ئێسـتای کولتـووری کـوردی، بـووەتە هـۆی دروسـتبوونی برینێـک، کە تائێسـتاش سـارێژنەبووە و پێناچێت وا بەخێرایی سارێژببێت، بەتایبەتیش بەم دیدی بەڕێوەبردنەی ئێستایەوە.

هەوڵـدان بـۆ تێگەیشـتن، دۆکیـومێنتکردن و پاراسـتنی ئەو لایەنە کلتووریـانەی کە زیانیـان پێگەیشـتووە، بەشـێکە لە پرۆسـەی سـارێژکردنی ئەو برینەی ئەنفـال کـردوویەتیە جەسـتە و ڕۆحی کـورد. بەرگریکـردن لە کـورد بـوون و ڕێگـری کـردن لە دووبـارەبوونەوەی تراژیـدیایەکی هاوشـێوەی ئەنفـال لە داهـاتوودا. پێویسـتی بەخەبـاتێکی نەبـراوەی کـوردییە بەتـایبەتیش ئەرکی زانکۆکـان و ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ئەوزیانە کلتوورییە بکەن، بۆ نمونە رەنگاوڕەنگ کردنی کوردستان بەرپەرچدانەوەی ئەوگورزەیە کە بەرڕەنگ کەوت، چونکە ڕەنـگ لەنـاو کلتـوردا دەتوانێـت شـەڕی مـانەوەی پێبکرێـت و تێگەیشـتنێکی قـووڵتر بـۆ کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جینۆساید لەسەرشوناسی کوردی پێشکەش بکات.

# پێشنیار و ڕاسپاردەکان

پێشنیارەکان.

1. نووسەران ورۆژنامەنوسان و توێژەرانی کورد سنوری کاری تەقلیدی ببەزێنن و ئاوڕ لە دیوەکانی تری ئەم تاوانە بدەنەوە.
2. هەوڵبدەن بەدوای ئەوزەخیرە ماددی و مرۆییانەدا بگەڕێن کە لە ئەنفالدا وون بوون وەک مەقام بێژە ئەنفالکراوەکان، مەلای ئاینی و دەنگبێژو هونەرمەندی میللی وکەسانی پیشەوەری دانسقە کە لەئەنفالدا ونبوون یان کوژراون، بۆنمونە توێژینەوە بکرێت هەتا بزانرێت چەند دەنگبێژ چەند شاعیرو چەند مەقامبێژو مەلا و خاوەن بەهرەی جیاواز لە ئەنفالدا تێداچوون.
3. توێژینەوەی تایبەت دەربارەی ڕەنگ بکرێت لە کوردستان، هەتا بزانرێت ڕێژەی بەکارهێنانی رەنگ لەکوردستان چەند و چۆن بووە و لەدوای ئەنفال چۆن و چەندە.

ڕاسپاردەکان:

1. زانکۆکانی کوردستان زەمینەسازی بکەن بۆ خوێندکارەکانیان هەتا توێژینەوەی بەکالۆریۆس و ماستەرو دکتۆراکانیان دەربارەی کاریگەری ئەنفال دەربارەی کلتور (زمان، رەنگ و دەنگ و کەلەپور) بنوسن.
2. چالاکوانانی بواری ئەنفال چیدی لەبازنەیەکی چەقبەستوودا نەمێننەوە و سنوری ئەو دابە نەریتیە بشکێنن کە چەندین ساڵە تیایدا گیری خواردووە، هەنگاوبنێن بەرەو دیدێکی نوێی لێکۆڵینەوە و یادکردنەوە.

# سەرچاوەکان:


1. مێدیل ئیست
2. جێنۆسایدی وەکاشە، گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٤) ل ١٢٦
3. جێنۆسایدی قەڵای بۆگد گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە (٩) ل١١٨-١١٩
4. پیرەمێردی نەمر، ڕۆژنامەی ژیان، ژمارە(٣٦٩) ١٩٣٣/٧/١٣
5. سەرکەوت جەلیل، جێنۆسایدی کەلتوریی و زمانی کوردی، ناوەندی کوردستان بۆیاسای نێودەوڵەتی،٢٠٢٣.

6. هۆمەر محەمەد ئەنفالی هەڵەبجە دۆسێیەکی فەرامۆشکراو، سیمنارزانکۆی هەڵەبجە ٧ی نیسانی ٢٠٢٥ کاتژمێر ١٠:٣٠ی بەیانی هۆڵی سەنتەری جێنۆساید و لێکۆڵینەوەی تاوانەکان- زانکۆی هەڵەبجە.

7. قرار محكمة الانفال وثيقة، قانونية، سياسية، تاريخية، تقديم : قاضي محمد العريبي، اعداد : الحقوقي بهزاد علي ادم محافظة دهۆك باامساعدة ميديرية العامة للشهداء والمؤنفلين -دهۆك السنة الطبع ٢٠١٤

8. دیدار لەگەڵ پێشمەرگەی پارتیزانی دوای ئەنفال لەگەرمیان، حەمەرەشید عەلی١٤/٤/٢٠٢٢، کەلار کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ.

9. سیامەند مەحمود ئەنفالستان ژمارە (١٧) دیداری هۆمەر محەمەد رۆژی ٢٠٢٥ ل ٣٤٠)

10. عەلی نارینی قەسیدەی (تەنیا کەوتنی ژنێک) مەراسیمی حەوتەمین خەڵاتی ئاڵتونی کارین. تەلەفزیونی ئازادی ١٩ ئەپریلی ٢٠٢٥.

## تەوەری دووەم:

## گۆڕی بە کۆمەڵ و قەرەبووکردنەوە

**قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و جینۆساید لە عێراقدا**

خەبات عەبدوڵڵا

**گۆڕەبەکۆمەڵەکان و چۆنیەتی شیاندن و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان لە چوارچێوەی دادپەروەری ڕاگوزەردا (العدالة الانتقالية)**

عەدالەت عومەر

**چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیان و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا**

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق

# قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی ڕاگواستنی زۆرەملێ و جینۆساید لە عێراقدا[1]

خەبات عەبدوڵلا

## باسی یەکەم: عێراق لە ڕاگواستنەوە تا جینۆساید

عێراق و حکومەتە عەرەبییەکانی تا بە بەعس دەگات، هەمیشە کوردیان بە مەترسییەکی گەورە لەسەرئاسایشی دەوڵەتی عێراق داناوە. پێ بەپێی ئەو تێڕوانینە ڕژێمە جیاجیاکانی عێراق و لەسەرووهەمووشیانەوە بەعس پەنایان بۆ هەموو شێوازەکانی تەفروتووناکردنی هێزی مرۆیی کورد بردووە، ئەویش لە ڕێی ڕاگواستن، تەعریبکردن و پاشانیش قڕکردنەوە.

سیاسەتی تەعریب داهێنانێکی بەعسیانە نییە، تەعریب ڕەگوڕیشەی کۆنی هەیە، دەتوانین ئاکارەکانی سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن و بەزۆر نیشتەجێکردن لە کوردستانی باشووردا بۆ سێ قۆناغی سەرەکی دابەش بکەین. بەم شێوەیە:

یەکەم: قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق.

دووەم: قۆناغی پاش دامەرزاندنی دەوڵەتی عێراق.

سێیەم: قۆناغی دەسەڵاتدارێتی بەعس.

## یەکەم: قۆناغی پێش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

پێداچوونەوەیەکی خێرای مێژووی دانیشتوانی سەرزەمینەکانی عێراق، ئەوە دەردەخەن کە لەکاتێکدا تا هەزار ساڵی پێش زایین هیچ بەڵگەیەك بۆ نیشتەجێبوونی عەرەب لە عێراقدا نییە، کەچی هەشت هەزار ساڵ پێش زایین لە ناوچە شاخاوییەکانی سەروو میسۆپۆتامیادا، ژیان بەردەوام بووە.

ئەکەدییەکان یەکەم گرووپی سامیی گەورە بوون کە لە کۆتایی (٤٠٠٠) ساڵی پێش زایین لە دوورگەی عەرەبەوە بەرەو ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقی ئێستا و ئاشورییەکانیش بەرەو باکوور هەڵکشاون.

وا پێدەچێت بۆ یەکەمجار چەند سەد ساڵێك پێش زایین ئاشورییەکان ناوی عەرەب یان ناوێکی لەو بابەتەیان تێدا هەڵکەوتبێت[٢].

فتوحاتی ئیسلام یەکەمین هۆکاری گەورەی هاتنی عەرەب و نیشتەجێبوونیانە لە دوورگەی عەرەبەوە بەرەو عێراقی ئێستا. عەرەبە موسڵمانەکان هەرناوچەیەکیان دەگرت خێڵە عەرەبەکانیان تێدا نیشتەجێ دەکرد. لە هەمان سۆنگەوە فتوحاتی ئیسلام لە کوردستانی باشووردا لێشاوی خێڵە عەرەبەکانی بەدوای خۆیدا هێنا. هەموو ئەو خێڵە عەرەبانەی کە لە گرتنی شاری مووسڵ و شەنگالدا بەشداربوون، پاشان جێیان نەهێشت و تێیدا نیشتەجێ بوون. مووسڵ و دەوروبەرەکەی کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کورد بوون، لە سەردەمی ڕاشدیندا و پاشانیش لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسییەکاندا، چەندین خێڵی عەرەب لە بەسرە و کوتەوە ڕژانە سەری و تا وای لێهات بەقسەی بەلازوری بووە یەکێك لە گەورەترین شارەکانی موسڵمانان[٣].

لێشاوی تەعریب لە سەردەمی عەباسییەکاندا گەیشتە ئەوپەڕی، حەمەوی باس لەوەدەکات کە زۆربەی دانیشتوانە کوردەکەی شاری هەولێر لەژێر کاریگەری ئەو لێشاوە بەخووڕەدا بوونە عەرەب[٤].

دواجار لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەدا کۆچ و ڕەوێکی گەورەی خێڵەکی لە ناوچەی جزیرەی خۆرئاوای فوراتەوە ڕوویدا. ئەو کۆچبارە بەشێکی زۆری خێڵی گەورەی شەمەری لە نەجدەوە ڕژانە سەر عێراق. ئیتر لەو دەمەوە و بەرەو دوا، پێکهاتەی ڕەگەزیی دانیشتوانی عێراق بە کوردستانی باشووریشەوە، بەتایبەتیش پاش سیاسەتی نیشتەجێکردنی ئەو ئێلە عەرەبانە لەسەردەستی والیە عوسمانییەکاندا، ئاڵۆگۆڕی گەورەی بەسەردا هات و وابلێهات عەرەب بوونە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق.

## دووەم: قۆناغی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق

ئەگەرچی هەروەکو پێشتر باسی لێوەکرا، سیاسەتی تەعریب ڕەگوریشەی کۆنی هەیە، بەڵام ئەم سیاسەتە بەشێوەیەکی گشتی و لە چوارچێوە سیستماتیکییەکەیدا بۆ سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دەگەڕێتەوە.

دەوڵەتی تازە پێکهاتووی عێراق و دەستنێژی ئینگلیز، هەرزوو دەیزانی کە بێ کوردستانی باشوور توانای بەردەوامبوون و ژیانی نابێت. "فەیسەڵ لە وتارێکدا کە لە مووسڵ خوێندرایەوە وتی: حکومەتی بەغدا بەبێ کوردستانی باشوور و مووسڵ ڕۆژێك ناژی"[٥] عێراق ئەوەشی دەزانی کە کوردستانی باشووری بەزۆر و بێ گوێدانە خواستی دانیشتوانەکەی بە عێراقەوە لکاندووە. بۆیە

هەمیشە ترسی جیابوونەوە و یاخیبوونی ئەو وڵاتە بەزۆر لکێنراوەی لە بەرچاودا بوو، سڵی لە هیچ هۆکارێك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە نەکردۆتەوە.

ئەگەر ماوەی دەسەڵاتدارێتی پاشایەتی بەهۆی نەبوونی سەرژمێریی وردی دانیشتوان و چۆنێتی نیشتەجێبوونیان واز لێ بهێنین و کۆڵینکاری پاش ئەو ماوەیە و بەتایبەتیش مێژووی سەرژمێریی دانیشتوان لە عێراقدا لە ساڵی (١٩٥٧)دا بکەین، ئەوا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە تەنیا لە ماوەی بیست ساڵی نێوان سەرژمێریی دانیشتوان لە ساڵی (١٩٥٧)دا کە بە یەکەمین سەرژمێریی ڕاست و دروست دادەنرێت و سەرژمێری (١٩٧٧)دا کە ئیتر دەسپێکی تەعریبکردنی بەرنامە بۆ دارێژراوی بەعس بوو، کۆچکردنی عەرەب بۆ پارێزگاکانی کوردستانی باشوور بەشێوەیەك زیادی کردووە، کە هیچ گومانێك بۆ جێبەجێکردنی ئەو پیلانە ناهێڵێتەوە کە لەسەر دەستی حکومەتە جیاجیا عەرەبیەکانی عێراقدا و بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و زۆرکردنی ژمارەی عەرەب لە کوردستاندا جێبەجێ کراوە. ئەوەتا "لەکاتێکدا زیادبوونی ڕێژەی عەرەب لەماوەی نێوان (١٩٥٧-١٩٧٧)دا لە پارێزگاکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقدا دابەزیوەتە خوار، هەمان ڕێژە لەنێو دانیشتوانی پارێزگاکانی کوردستاندا پەرەی سەندووە (.....)، ئەم زیادەیە (زیادبوونی ژمارەی عەرەب) بەڕێژەی (٤٠٠%) لە پارێزگای سلێمانیدا پەرەی سەند و زیاتر لە (٩٠%) لە پارێزگای کەرکووك و نزیکەی (٦٤%) لە پارێزگای هەولێر. لە پارێزگای مووسڵیش (بەدهۆکەوە) ڕێژەی زیادەکە لە (٣٠%) ڕەت بوو"[٦].

بەو پێیە "ڕێژەی عەرەب لە پارێزگای مووسڵ لە ماوەی ساڵانی نێوان (١٩٥٧-١٩٧٧)دا لە (٥٦%)ەوە بۆتە (٧٤%)ی سەرجەمی دانیشتوان، ڕێژەی کوردیش لە (٣١%)ەوە دابەزیوەتە سەر (٢٥%).. لە پارێزگای هەولێریش ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە (٧%ەوە بۆ ١٠%)ی سەرجەمی دانیشتوانی پارێزگا زیادی کردووە و لە سلێمانیدا لە (١%ەوە بۆتە ٦% (...)، کەچی ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب لە پارێزگای کەرکووک لە (٢٨%ەوە بۆ ٤٤%) زیادی کردووە و بەرامبەر بەمەش هی کورد لە (٤٨%)ەوە دابەزیوەتە سەر (٢٨%) "[٧].

ئەم ڕێژانە ئەگەر شتێك بگەیەنن، ئەوە دەردەخەن کە ئەم پرۆسێسە لەخۆڕا نەبووە و کارێکی پێشوەخت و بەرنامەڕێژ بووە و کرۆکی سیاسەتی حکومەتە ناوەندییە جیاجیاکانی عێراق بووە بەمەبەستی زۆرتری نیشتەجێکردنی ئێلە عەرەبە خێوەتنشینەکان لە ناوچە ئاوەدانەکانی

کوردستاندا و جێپێلێژکردنی دانیشتوانە کوردەکەی ئەو ناوچانە و تەنگ پێهەڵچنیان بووە بۆ کۆچکردن.

## سێیەم: قۆناغی دەسەڵاتدارێتی بەعس

بەدرێژایی مێژوو پێش دامەزراندن و پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، هیچ رژێمێك هێندەی بەعس حسابی بۆ "مەترسی کورد" لەسەرئایندەی عێراق و دەسەڵاتەکەی نەکردووە.

لە سۆنگەی ئاسایشی ناوخۆیی عێراقی بەعسەوە، کورد یەکەمین و گەورەترین مەترسییە لەسەر ئاستی ناوەوە. بۆ بەگژداچوونەوەی ئەو مەترسییەش بەعس پلانی جەنگێکی بێبڕانەوەی بۆ تەفروتوناکردنی هێزی مرۆیی کورد پیادە کردووە.

بەعس بەشێوەیەکی سیستماتیکی و قۆناغ بە قۆناغ کەوتە دەستنیشانکردن و لەبۆتەدانی ژمارەی کورد، ئەویش بەسێ رێگەی جیاواز؛ یەکەمیان تەعریبکردن، دووەمیان ڕاگواستن و، سێیەمیشیان قڕکردن بوو.

لە ڕوانگەی بەعسەوە، کورد کەمینەیەکی نەتەوەیی و کوردستان بەشێکی خاکی عێراقە، کورد میوانی خاکی عەرەبە و بەو پێیەش جگە لە کۆمەڵێك مافی کلتوری و پێکەوەژیانی هەمیشەیی لەگەڵ عەرەبدا، هیچ مافێکی تریان نییە. بەعس لەڕێی دەستکاریکردنی سەرژمێرییەکان و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی کورد، چەندین خێڵ و ئاین و ئایننزا و تەریقەتی لە کورد دابڕی و "لەساڵی (١٩٧٧)دا بڕیارێکیان دەرکرد کە بەگوێرەی ئەو بڕیارە چەندین عەشیرەت و پەیڕەوکەرانی ئاینی جیاجیای کوردستان بە عەرەب لەقەڵەم دران و لە ناونووسی گشتی (١٩٧٧/١٠/١٧)دا عەرەب نوسیان کردن"[٨]، لەوانەش (یەزیدییەکان، کیکان، گەرگەری، شەبەك، گێژ، باڵانی، ساڵەیی، شێخ بزێنی، دیانەکانی کوردستان و شێخ و سەیدەکانی کوردستان )"[٩].

ڕووپێوی خاکی کوردستانی باشوور بە زۆرتر لە (٨٥٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە دادەنرێت، لەو ڕووبەرەدا مەڵبەندی چوار پارێزگا؛ سلێمانی، کەرکووک، هەولێر و دهۆك، هەروەها (37) قەزاو (130) ناحیەی تێدەکەوێت. ئەو ڕووبەرە بەشی هەرەگەورەی چڕی دانیشتوان و سەرچاوە بێشوومارەکانی نەوت و ئاو و کانزاکانی هەموو عێراقی ئێستای تێدایە. بەپێی ئەو سنوورە بێت کە لە ساڵی (١٩٧٤)دا بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی دانرا و بەعس بە کوردستانی لەقەڵەم دا، تەنیا (٣٦،٣٤٧) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەو ڕووپێوە هێشتەوە کە مەڵبەندەکانی هەرسێ پارێزگای سلێمانی و

هەولێر و دهۆك و بیست و یەك قەزا و حەفتا ناحیەی لەخۆگرتووە. بەمەش زۆرتر لە (٤٨،٦٥٣) هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لەخاکی کوردستانی باشووردابڕی و هەموو ناوچە ستراتیجییەکانی کەرکووک و مووسڵ و خانەقین و دەوروبەریانی لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەرهێنا و بە خاکی عەرەبی لەقەڵەم دان و بە کاوەخۆ کەوتە تەعریبکردنیان.

سیاسەتی تەعریب، ڕاگواستن و نیشتەجێکردنی زۆرەملێیانە و پاشان قڕکردنی کوردی بەدوای خۆیدا هێنا. هەر لە سۆنگەی ئاسایشی ناوخۆیی عێراقەوە، ڕاگواستنی کورد چەند هۆکارێکی بۆ کراوەتە بنەما، کە بەپێی ئەو هۆکارانە چەندین ناوچەی جیاجیای سەر بە کوردستانی باشوور لە خەڵکەکەی چۆڵ کران و بە هێزی سوپا و دانیشتوانی عەرەب پڕکرانەوە.

## هۆکارەکانی ڕاگواستن جیاوازن، گرنگترینیان ئەمانەن:

1. ڕاگواستن بەهۆی تەوەرە ستراتیجییەکانەوە: کە قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین و شێخان و تلکێف و تەلەعفەر و شەنگال و بەشێك لە قەزاکانی دووز و زاخۆی گرتبۆوە.
2. ڕاگواستن بەهۆی ناوچە نەوتییەکانەوە: قەزای کەرکووک و هەر یەکە لە قەزاکانی دووبز و کۆیەی گرتبۆوە.
3. ڕاگواستن بەهۆی ناوچە سنوورییەکانەوە: قەزاکانی هەڵەبجە و پێنجوێن و شارباژێڕ و دوکان و پشدەر و چۆمان و ڕەواندز و زێبار و ئامێدی و زاخۆی گرتبۆوە[١٠].
4. ڕاگواستن بەهۆی جەنگی کوردستانەوە: هەموو گوند و ئاوایەکانی کوردستانی گرتبۆوە کە هێزی سوپا نەیدەتوانی ڕاستەوخۆ بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

ئەنجامی ئەم سیاسەتە، لەنێوان سالانی (١٩٦٨-١٩٨٢) دا پتر لە (200) هەزار کوردی فەیلی لە شارەکانی بەغدا و قەزاکانی بەدرە و مەندەلی و خانەقین دەرکران و ڕەوانەی ئێران کران. جگەلەوە بەشی زۆری ناوچە ڕاگوێزراوەکانی سنوور و ناوچە نەوتییەکانیش بەرەو قولایی شار و شارۆچکەکانی سەر بە ناوچەی ئۆتۆنۆمی کۆچیان پێکرا و لە ئۆردووگای زۆرەملێدا نیشتەجێ کران. بۆ ئەو مەبەستەش تەنیا لە پارێزگای سلێمانیدا، عێراق (٢٩) ئۆردووگا و لە پارێزگای هەولێردا (١٦) ئۆردووگا و لە پارێزگای دهۆکدا (١٤) ئۆردووگای زۆرەملێی دروستکردبوو[١١].

لە ساڵی (١٩٨٥) بەدواوە سیاسەتی سوتماککردنی کوردستان ئاقارێکی مەترسیداری گرتەبەر. پێش تاوانەکانی ئەنفال، بەشێکی زۆری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی ڕادەگوێزران دەبرانە

ئۆردووگاوە، بەڵام ئەنفال لە دەرەوەی ڕاگواستندا ئامانجە شاراوەکەی بەعسی لەپشتەوە بوو، ئامانجی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد ئەگەربە قڕکردن و قەڵاچۆکردنیش بێت.

لە مێژووی نوێی کوردا، هیچ شاڵاوێکی عەسکەریی هێندەی تاوانی ئەنفال ڕوو لە لەناوبردنی کورد نەبووە. لە دەرەوەی ڕاگواستن و تەعریبدا، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی کورد، ئەنفال ڕوو لە قڕکردن و قەڵاچۆکردنی کورد بوو. ئەنفال کاردانەوە نەبوو، لەبەرئەوەی پێش دەسپێکی تاوانەکە دەوڵەتی عێراق پێشتر پلانی تاوانەکەی داڕشتبوو؛ ناوچەکانی قڕکردنی دیاری کردبوو. بەپێی بڕیارێکی "ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش" لە (١٩٨٧/٦/٣٠)دا، عێراق هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی کشتوکاڵی شار و دێهاتەکانی کوردستانی هەڵوەشاندەوە و هەموو کەرەستە کشتوکاڵییەکانیشی قەدەغەکرد(١٢). سەرجەم قوتابخانە و نەخۆشخانە و کارە خزمەتگوزارییەکانی کێشایەوە و زۆنێکی ئاسایشی دروستکرد. بەپێی چەند بڕیارێکی نهێنی ترکە مەکتەبی تەنزیمی شیمال دەری کردبوو، داوا کرابوو وەکو ناوچەیەکی عەسکەریی مامەڵە لەگەڵ ناوچەکانی ناو زۆنە قەدەغەکراوەکەدا بکرێت و هەرکەسێکی تەمەن (١٥) ساڵ بەبانەوە دەستگیرکرا، پاش وەرگرتنی زانیاری لێی، بکوژرێت.

کە هێرشەکانی ئەنفال دەستیان پێکرد، ئیتر زۆنە قەدەغەکراوەکە، کە ڕوپێوەکەی دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی خاك بوو، هەزاران گوند و ئاوایی و سەدان هەزارکەسی سیڤیلی تێدا دەژیا، سەرلەبەربووە یەك نیشانی عەسکەریی سوپای عێراق.

لە ئەنجامی ئەم تاوانەدا کە لە مانگی شوباتەوە تا سەرەتاکانی ئەیلولی (١٩٨٨) درێژەی هەبوو، لە کۆی (٤٦٥٤) گوندی سەر بە هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك، (٤٠٠٦) گوندی لەگەڵ خاکدا تەخت کران و سوتێنران. لە کۆی (٢٠٣٥) گوندی تەنیا سەربە پارێزگای سلێمانیدا، سەرجەم (١٩٩٢) گوندی خاپوورکران. لە پارێزگای هەولێریشدا لەکۆی (١٤٩٦) گوند، سەرجەم (١٢٠٥) گوندی خاپوورکران. دواجارلە پارێزگای دهۆك و لە کۆی (١١٢٣) گوند، سەرجەم (٨٠٩) گوندی خاپوورکران. ئەمە سەرەڕای کاولکردنی سەدان گوند و دەیان قەزا و ناحیەی سەربە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی جاران.

ئەنفال کە لە بەشێکی گەورەیدا درێژکراوە و بەرئەنجامی سیاسەتی تەعریب و بەزۆر ڕاگواستنی کوردە، دەکرێت دوای هۆلۆکۆست بە گەورەترین تاوانی جینۆساید دابنرێت، کە تێیدا دەوروبەری (١٨٢٠٠٠) کەسی سڤیل بزر و گۆڕغەریب کران.

## باسی دووەم: قەرەبووکردنەوە

1. بۆ زانینی بڕ و چەندێتیی زیانەکانی کورد لەو تاوانانەی دژی ئەنجام دراون، پێویستە پێش ئەوە لە میکانیزمە قانوونییەکانی خەمڵاندنی ئەو زیانانە بکۆڵرێتەوە. قەرەبووکردنەوە پرسێکی ئاڵۆزە، کارکردن لەسەری چەندین ڕەهەند لەخۆدەگرێت، لەوانە:

- ڕەهەندی قانوونی
- ئەو لایەن یان لایەنانەی کە بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ
- دەستنیشانکردنی جۆری تاوان (تاوانەکان) و تاوانباران
- پێناسەکردن و پۆلێنکردن و ناسینی قوربانییەکان
- خەمڵاندنی زیانەکان
- داواکردنی قەرەبووکردنەوە[١٣].

2. پرۆسەی قەرەبووکردنەوە دوو ڕێکار لەخۆ دەگرێت:

- ڕێکارە تاکەکەسییەکان: کە خۆی دەبینێتەوە لە:

✓ گێڕانەوەی ماف:

* لەڕووی مادییەوە کە مەبەست لێی گێڕانەوەی دۆخەکەیە وەکو پێش ڕوودانی تاوانەکە.

* لەڕووی قانوونییەوە کە مەبەست لێی هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو قانوون و ڕێکارە کارگێڕییانەیە کە ڕێگەخۆشکەربوون بۆ ئەنجامدانی تاوانەکە.

✓ قەرەبووکردنەوەی مادیی، ئەویش لە پای: کوشتن، ئازارپێگەیاندن، لەدەستدانی دەرفەت، سووکایەتیپێکردن ... هتد.

✓ شیاندن (التاهيل) کە مەبەست لێی چارەسەرو ڕاهێنانە.

- ڕێکارە بەکۆمەڵەکان: کە خۆی دەبینێتەوە لە:

✓ هەنگاوەکان بۆ دووبارەنەبوونەوەی تاوانەکان.

✓ داواکردنەوەی مافی تاکەکان[١٤].

3. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کە لە ساڵی (٢٠١٣)دا ئامادەکراوە، کۆی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی تاوانەکانی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق لە ساڵی (١٩٦٣)ەوە تا ڕووخانی بەعس لە ساڵی (٢٠٠٣) لە کورد دراون، بە (384,698,302,600) سێ سەد و هەشتا و چوار ملیار و شەش سەد و نەوەد و هەشت ملیۆن و سێ سەد و دوو هەزار و شەش سەد دۆلاری ئەمەریکی خەمڵێنراوە.

### بەشێوەیەکی گشتی زیانەکان بەم جۆرەی خوارەوە پۆلێن کراون(١٥):

| جۆری زیانەکان | بژاردنەوەی بە دۆلاری ئەمەریکی |
|---|---|
| زیانە مرۆییەکان | 306,849,950,000 |
| زیانە مادییەکان | 32,848,352,600 |
| زیانە ژینگەییەکان (دروستکردنی سندوقێکی تایبەت) | 5,000,000,000 |
| زیانی ناڕاستەوخۆ (دروستکردنی سندوقێکی تایبەت) | 5,000,000,000 |
| زیانەکانی ژێرخانی ئابووری | 30,000,000,000 |
| دووبارە ئاوەدانکردنەوە | 5,000,000,000 |
| سەرجەم | 384,698,302,600 |

## بەرئەنجام:

1. سەرەڕای بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بۆ نموونە: (لە کەیسەکانی کوردە فەیلییەکان، بارزانییەکان، هەڵەبجە و ئەنفال)دا و ناسینیان وەکو تاوانەکانی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بەڵام تائێستا دەوڵەتی عێراق نە ئامادەیە داوای لێبوردن لە گەلی کورد بکات، نە ئامادەشە قەرەبووی قوربانیانی ئەو تاوانانە بکاتەوە.

2. دەوڵەتی عێراق نەک هەر کۆتایی بە ڕاگواستنی زۆرەملێ نەهێناوە، بەڵکو لە سایەی کەمتەرخەمیی سەرکردایەتیی سیاسیی کورددا، سیاسەتی تەعریب و تەشییع بەتایبەتیش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمدا بەخوورتر بووە.
3. ئەوە دروستە کە قەرەبووکردنەوە ئەرکی دەوڵەتی عێراقە وەکو میراتگری دەوڵەتی پێشوو، بەڵام ئەوەش قسە هەڵناگرێت کە "نوێنەران"ی کورد لە عێراق تەنانەت بۆ یەک جاریش نەیانکردووە دەسەڵاتە قانوونی و کارگێڕییەکانی خۆیان بەکاربهێنن تا دەوڵەتی عێراق ناچار بکەن کە قوربانیانی تاوانەکان قەرەبوو بکرێنەوە.
4. ساڵانێکی زۆرە و هەتا ئێستاش هیچ کام لە شاندەکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی دەربارەی مووچە و بودجە لەگەڵ بەغدا گفتوگۆ دەکەن، قەرەبووکردنەوەی قوربانیانیان نەکردۆتە کارنامەی سەرەکی خۆیان و قسەی ڕژدیان لەو بارەیەوە نەداوە بەگوێی حکومەتی ئیتیحادیدا.
5. لە هەمان سۆنگەوە پێویستە قەرەبووکردنەوە وەکو پرسێکی قانوونی و نەتەوەیی لە هەردوو ڕەهەندە مەعنەوی و مادییەکەیەوە ببێتە پرسێکی نیشتمانی، کەسوکاری قوربانیان و ڕێکخراو و چالاکانی بوارەکە گووشار لە حکومەتی ئیتیحادی و "نوێنەران"ی کورد لە بەغدا و دادگاکان بکەن تا بەگوێرەی قانوون و بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، قەرەبووی قوربانیان و گەلی کوردستان بکرێتەوە. لەو پێناوەشدا دەکرێت سوود لە ئەزموونی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی گەلانی دیکە وەربگیرێت و کاریان لەسەر بکرێت.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:


1. ئەم نووسینە زیاتر لەشێوەی ڕاپۆرت نەک لێکۆڵینەوەدا نووسراوە، مەبەست لێی بە پلەی یەکەم گفتوگۆکردن بووە لەسەر هەندێک لە بڕگەکانی لە کۆنفرەنسی ئەنفال و ژیانەوە کە لە (٢٠٢٤/٦/٨) لە مۆنیومێنتی چەمچەماڵ بەسترا و بەندەش یەکێک لە بەشداربووەکانی بووم.
2. خەلیل ئیسماعیل (دکتۆر)، "گۆڤاری سیاسەتی دەولی"، ژمارە ١١، ١٩٩٤.

3. الامام احمد بن يحيى بن جابر البغدادى البلاذرى، كتاب فتوح البلدان، الطبعه الاولى، مطبعه الموسوعات، القاهره، ١٩٠١، ل٣٣٩.
4. شهاب الدين ابى عبدالله ياقوت بن عبدالله الحموى الرومى البغدادى، معجم البلدان، المجلد الاول، دارصادر، بيروت، ١٩٧٧، ل١٣٨.
5. چيا، ئەمنى ستراتيجى عێراق و سێ كوچكەى بەعسيان: تەرحيل، تەعريب، تەبعيس، لەبڵاوكراوەكانى دەزگای ناوەندى رۆشنبيرى كۆمەڵەى رەنجدەرانى كوردستان، ١٩٨٧. ل٩٤.
6. خەليل ئيسماعيل (دكتۆر)، هەمان سەرچاوەى پێشوو.
7. هەمان سەرچاوە.
8. چيا، هەمان سەرچاوەى پێشوو. ل ٢٧٠.
9. هەمان سەرچاوە. ل١٣٤.
10. هەمان سەرچاوە. ل ١٣٠.
11. هەمان سەرچاوە.
12. الوقائع العراقيه، العدد ٣١٥٨، بغداد، ١٩٨٧/٧/١٣.
13. ڤالا فريد، المسووليه المدنيه الدوليه عن جريمه الاباده الجماعيه، مطبعه جامعه صلاح الدين، اربيل، ٢٠٠٤، ص ٢٥٨.
14. ڤالا فريد، هەمان سەرچاوەى پێشوو.
15. الجدول الاجمالى لجبر الاضرار الناتجه عن جرائم النظام البائد خلال سنوات ١٩٦٣ – ٢٠٠٣. پێويستە ئەوە بوترێت كە راپۆرتەكەى وەزارەتى كاروبارى شەهيدان و ئەنفالكراوان وردەكارى هەموو تاوانەكان، جۆرى تاوانەكان، رەگەزى ئەو شوێنانەى زيانيان بەركەوتووە ... هتد تێدا باس كراوە.

# کۆرەبەکۆمەڵەکان و چۆنیەتی شیاندن و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان لە چوارچێوەی دادپەروەری راگوزەردا (العدالة الانتقالية)

عەدالەت عومەر*

## پێشەکی

ئاشکرابوونی تاوانەکانی جینۆساید لە ڕێگەی دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ دوای ماوەیەکی کەم لە ئازادکردنی عێراق و ڕووخانی دیکتاتۆری بەعس بووە هۆی ئەوەی لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا عێراق بە "دایکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان" ناوزەد بکرێت. یەکەم گۆڕی بەکۆمەڵ لە (٤ی نیسانی ٢٠٠٣) دۆزرایەوە، تا (٢٦ی حوزەیرانی ٢٠٠٣) ژمارەی گۆڕی بەکۆمەڵ گەیشتە چل گۆر تا (٢٤ی تەمموزی ٢٠٠٣) ژمارەکە بۆ (١٧٦) گۆری بە کۆمەڵ بەرزبووەوە. لەئێستادا لە عێراق (301) گۆڕی بەکۆمەڵ لە سەد شوێن لە سەرانسەری پارێزگاکانی عێراقدا هەیە و (80%) لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوور چڕبوونەتەوە.

دوابەدوای ڕاپەڕینی کورد لە ساڵی (١٩٩١)، دەیان گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە، لەوانەش قوربانیی هێرشی کیمیاوی لە شێخ وەسان و بالیسان، کە دەکەوێتە گۆڕستانی کارگەی قیر هەولێر. تەنانەت دوای (٢٣) ساڵ لە ڕووخانی ڕژێمی بەعس، گەڕان بەدوای گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق بەردەوامە، کە هاوڵاتی بێتاوانی کوردستان و عێراقی تێدایە کە ڕژێمی دڕندەی بەعس هەوڵی قڕکردنی داوە. لە ئەرشیفی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراقدا هاتووە کە هێزی هاوپەیمانان گۆڕێکی بەکۆمەڵیان دۆزییەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (٤ی نیسانی ٢٠٠٣)، پێنج ڕۆژ پێش ڕووخانی ڕژێم لە شاری مەدایێن لە باشووری ڕۆژهەڵاتی بەغدا. سەدام حسێن و هاوکارەکانی کە بە دیکتاتۆری سەدە ناسراون، لە کوردستان و باشوور خەڵکی بێتاوانیان کوشت و بێسەروشوێنیان کرد و لە ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکان زیندە بە چاڵی کردن. کە تاکو ئێستا هەزاران دایک لە چاوەڕوانی هاوسەر و کەسوکار و کوڕ و کچەکانیانن. زۆرجار بیرم لەوە کردۆتەوە کە مرۆڤەکان چۆن دەتوانن لە خاکێکدا کە سەدان گۆڕی بەکۆمەڵی خەڵکی بێتاوان نێژراون، بە ئارامی بژین و بخەون. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ئاست ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانەی عێراقدا بێدەنگ بوون و ناساندنی ئەو تاوانەیان وەک جینۆساید لە جیهان پشتگوێ خست.

## یەکەم: گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەڵگەی جینۆساید کردنی نەتەوەیەک

کاتێك باسی گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەکەین ناتوانین بێ تیشك خستنە سەر جینۆساید ئاماژەکان دیاری بکەین، چونکە هەروەك دەزانیین هەموو قوربانیانی ناو گۆرە بەکۆمەڵەکان کۆمەڵکوژ و جینۆساید کراون. دیارە پرۆسەی جینۆسایدی کورد لەلایەن رژێمی عێراقەوە بە بەرنامەو پرۆگرام بەڕێوەچووە و لەلایەن سەرکردەی سوپاکانیشەوە حساباتی ستراتیژی تایبەتی بۆ کراوە، هەروەها رژێم زۆر لە شێوازەکانی دیکتاتورەکانی پێشووتری وەك نمونە بەکار هیناوە بە تایبەتی وەك (نازییەکانی ئەلمانیا کارو کردەوەکانی پەردەپۆش دەکرد و لەژێر گوزارشتی ناسکدا دەیشاردنەوە لەو شوێنانەی کاربەدەستە نازییەکان لە (ئیجرائاتی راپەڕاندن) کار و چالاکی تایبەتی و (سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوە لە رۆژهەلات) دەدوان، بەعسییە بیرۆکراتەکانیش لەبارەی (ئیجرائاتی کۆکردنەوە) و (گەڕانەوە بۆ ریزی نیشتمانی) و (سەر لەنوێ نیشتەجێکردنەوە لەباشوور) دەدوان. هەرچەندە هەندێك وای بۆ دەچن کەپرۆسەی ئەنفال بەپێناسە کردنێکی تەسکبینانە دژەیاخیبونێك بووە کە زۆر لە دەولەتان و ولاتانی سەربەخۆ ئەوە بەرەوا و مافی خۆیان دەزانن کە دژی یاخیبوان بجەنگێن، بەڵام ئەوە هیچ لەوەناگۆڕێت کە لە بنەڕەتدا جینۆساید بووە و (بەخشینی دەسەلاتی نائاسایی بە عەلی حەسەن مەجید لە مارتی (1987)دا کاری دژە یاخیبوونی پچڕ پچڕی دژ بە کوردی کردە پەلامارێکی تێکدان و وێرانکردن، وەك راولا هێلبێرگ لەمێژووە بایەخدارەکەیدا سەبارەت بە هۆلۆکۆست تێبینی دەکات و دەڵێت پرۆسێسی وێرانکردن شێوازێکی بنەڕەتی چۆنیەکی هەیە تەنها یەك شێوە هەیە کە دەگونجێ کۆمەڵێکی پەرت و بلاوی کاریگەرانە پێ تێکبشکێنێ، سێ هەنگاوی سەرەکی لەپرۆسەکەدا بنەڕەتین:

دەستنیشانکردن

↓

کۆکردنەوە

↓

لەناوبردن

ئەمە پێکهاتەیەکی نەگۆڕی بنەمای پرۆسێسەکەیە، چونکە هیچ کۆمەڵێك بێ کۆکردنەوە، یان گرتنی قوربانییەکان ناکوژرێن و قوربانییەکانیش ناتوانرێ بریکرێن لەپێش ئەوەدا کە ئەنجامدەری

تاوانەکە بزانێت کە سەر بەکۆمەڵەیەکە[1]. حزبی بەعس لە یەکەم رۆژی دەسەڵاتیەوە هەتا رووخاندنی دروشمەکانی زۆرباش جێبەجێ کرد کە (یەکێتی و ئازادی و ئیشتراکی) بوو. یەکێتی بۆ شێوازی کوشتن و لەناوبردن بۆ گەلانی عێراق و ئازادی تەنها بۆ زۆرناژەنەکانی (قائد الضروره) و بێدەنگ کردن، لەسێدارەدان، رفاندن، راگواستن، بە بەعسی کردن و پاکسازی کردنی زیندانەکان و زیندەبەچاڵکردن بۆ خەڵکی ئازادیخواز، ئیشتراکی بۆ ریسواکردنی گەلانی عێراق و دروستکردنی سەدان کۆشك و تەلار بۆ خۆیان و کرینی چەك و مەوادە سەربازییەکانیش بۆ لەناوبردن و قەلاچۆکردنی جەستەی بریندار و هەژاری خەڵك و تەنانەت لە دابەشکردنی گۆرەبەکۆمەڵەکانیش بەشێوەیەکی ئیشتراکی و عادیلانە مامەلەیان کردوە.

هەروەك لە راپۆرتی پیر ریچارد نێردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کێشەکانی تاوانی شەردا هاتووە کە لەبەردەم لیژنەی سیناتی ئەمریکا بۆ کاروباری حکومیدا لەپاش رووخانی رژیم دەڵێت ژیان لە حوکمی سەدام بۆ گەلانی عێراق بریتی بووە لە:

- ئەوانەی بە هاوەن و رەشاش و کلاشینکۆف کوژراون.
- -ئەوانەی لە قەلغانی مرۆیدا بەکارهێنراون و مردون.
- گرتنی ژن و مندال وراپێچکردنیان لە مالەوە.
- -لەسێدارەدانی هەلاتووانی شەڕ.
- دانانی چەك لەنزیك مزگەوت و قوتابخانە وگەرەك و نەخوشخانە و شوێنەوارەکان.
- بەکارهینانی ئۆتۆمبیلی ئیسعاف بۆ تیمی جەلادان، ئیعدامکردنی دیل پاش خۆبەدەستەوەدان.
- -سەدام و رژێمەکەی لەوەتەی (1979) دەسەلاتی گرتە دەست بە تیرۆر و رەشەکوژی حوکمی کرد. توندوتیژی، ئازاردان، ئیغتساب، کوشتن و جینۆساید کاری ئەم رژێمە بوون. لەوتاوانانەی لە ماوەی حوکمی سەدام ئەنجامدراون:
- ئەنفال و هەڵەبجە (1988).

(1) Raul Hilbergi The Destruction of European Jews (NeW York: Holmesand Meier 1985student edition) , P. 267 لە(MEW) سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە(55) وەرگیراوە.

- کوشتنی زیاتر لە هەزار کوەیتی و بزرکردنی (600) کەسی تر و وێران و تاڵانکردنی سەر و ماڵیان.
- کوشتنی هەرەمەکی شیعە لە ساڵی (1991) کە ژمارەیان لە (30000 تا 60000 ) کەسە.
- لەسێدارەدانی هەزاران کەس بە شێوەیەکی نهێنی.
- وشککردنی زۆنگاوەکانی باشوور.
- تەرحیلکرنی ملیۆنێك و پێنج سەد هەزارکەس.

لێرەدا ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە سەدام و داروودەستەکەی لەپاش خۆیان جگەلە سەدان هەزار قوربانی لەژێر لمی بیابانەکان، (383) ملیار دۆلار قەرزی بۆ عێراق بەجێهێشت کە (199) ملیاری بۆ کریاری سەربازییەکان وەك پارەی نەخت (،85) ملیاری دەوڵەتانی کەنداو، (127) ملیار قەرەبووی زیانەکانی کوێت و (57) ملیاریش بۆ بۆندەکانی کە نەیبردوتە سەر بەتایبەتی لەگەڵ روسیا و فەرەنسا، ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو رۆژەی سەدام جڵەوی حکومەتی گرتە دەست بیست ملیار دولار قەرزی لای دەولەتانی ئاسیایی و ئەفریقایی هەبوو کە دەیتوانی بە شێوەیەکی عادیلانە بەسەرگەلەکەی دابەشی بکات.

## چۆنیەتی ئاشکرا بوونی گۆرەبەکۆمەڵەکان

راپۆرتە نێودەوڵەتیەکان و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی جیهانی پێشتر لە راپۆرتەکانیان لە ماوەی بیست ساڵ پێش رووخانی رژێم سەبارەت بە عێراق باسی (17000) بێسەروشوینیان کردبوو، بەڵام لەدوای ئاشکرابوونی گۆرەبەکۆمەڵکان بەپێی ئاماری رێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی لە ساڵی (1979) تا رووخانی رژێمی بەعس (1,300000) یەك ملیۆن و سێ سەد هەزاروونبوو هەیە و ژمارەیەکی زۆریان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندان.

جگەلە بەڵگەنامەکانی بینراو و بیستراو و خوێنراو، گۆری بەکۆمەڵ وەك بەڵگە و گەلی عێراق و کوردستانیش وەك شاهێد عەیان دوو کەرەستەی بەهێز بوون بۆ دادگایی کردنی تاوانباران، ماوەیەکی زۆرتاکو ئیستاشی لەگەڵدابێت لەدوای رووخانی رژێمی دیکتاتوری بەعس کەسوکاری بێ سەروشوینکراوەکان سەرقاڵی سۆراخکردن و هەڵدانەوەی خاك و خۆڵی شوێنە جیاجیاکانی خاکی عێراقن، بەمەبەستی دوزینەوەی ئیسك و پروسکی قوربانیەکانیان. زۆربەی گۆرەبەکۆمەڵەکانی عێراق لەسەر دەستی ئەو کەسانە ئاشکراکرا کە خۆیان شاهێدی راستەقینەی بوون وەك

ئاسوودەکردنی ویژدانیان، بەڵام ئەو کاتە لەژێر هەڕەشە و ترس تۆقاندن نەیانوێراوە زانیاری و ڕاستیەکان بدرکێنن.

## پێناسەی گۆڕی بەکۆمەڵ:

بە پشتبەستن بە پێناسەی گشتی و نێودەوڵەتی و یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراق ژمارە پێنجی ساڵی (2006)، هەر گۆڕێک زیاتر لە تەرمێکی تێدابێت دور لە بەهای مرۆڤایەتی و شەرع نێژرابێت بەگۆڕی بەکۆمەڵ دادەنرێت. زۆربەیان بەبێ پشکنینی (DNA ) ناناسرێنەوە.

## قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

بەپێی ڕاپۆرتی بەشی مافی مرۆڤ (CPA) ی ئەمریکی و ڕێکخراوی (RCLO ) فەرمانگەی پەیوەندی تاوانەکانی ڕژێم (RCLO) تایبەت بە عێراق کە باسی هەموو قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان دەکات لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعسدا، بەشێکی زۆر لە کورد و عەرەب و پێکهاتە ئایینیەکان و نەتەوەکانی دیکەی عێراق کۆمەڵکوژ و جینۆساید کراون. شێوازی نامرۆڤانە و دڕندانەی چارەنووسیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا دایە. کە دژی بنەماکانی مافی مرۆڤ و ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و پرۆتۆکۆڵی جنێڤە، قوربانییەکان بەم شێوەیە پۆلێن دەکرێن:

- قوربانیانی جینۆسایدی کوردانی پاڵە (فەیلی) - 1980
- قوربانیانی جینۆسایدی بارزانییەکان - 1983
- قوربانیانی کیمیابارانی کوردستان - 1987-1988
- قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە - 1988
- قوربانیانی جینۆسایدی ئەنفال -1988
- قوربانیانی ڕاپەڕینی گەلی کوردستان و ڕاپەڕینی شیعەکان (شەعبانیە) لە ١٩٩١.
- زیندانیان و ڕاگیراوانی سیاسی. ١٩٦٨-٢٠٠٣
- دیلەکانی شەڕی نێوان عێراق و ئێران -1980-1988
- دیلەکانی داگیرکاری کوێت 1990-1991
- پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکان
- مسیرییەکان

- زانیاری ئەوخشتانە لە ڕێبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە عێراق وەرگیراوە کە زانیارییەکانیان دروست نیە سەبارەت بە گۆری بەکۆمەڵی کورد

**خشتەی (1)، دابەشبوونی جەگرافی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەپێی ژمارە و شوێنی ڕێژەیان لە پارێزگاکانی عێراقدا**

| المحافظة | عدد المقابر | عدد المواقع | المقابر % |
|---|---|---|---|
| صلاح الدين | 32 | 7 | 14.8 |
| الانبار | 32 | 2 | 14.8 |
| القادسية | 23 | 9 | 10.6 |
| نينوى | 20 | 4 | 9.3 |
| البصرة | 18 | 14 | 8.3 |
| المثنى | 14 | 10 | 6.5 |
| النجف الاشرف | 14 | 7 | 6.5 |
| بغداد | 10 | 9 | 4.6 |
| ميسان | 9 | 5 | 4.2 |
| واسط | 9 | 5 | 4.2 |
| بابل | 8 | 4 | 3.7 |
| كربلاء المقدسة | 8 | 7 | 3.7 |
| ديالى | 7 | 7 | 3.2 |
| كركوك | 4 | 2 | 1.9 |
| السليمانية | 4 | 4 | 1.9 |
| ذي قار | 3 | 3 | 1.4 |

بەپێی خشتەی (1)، کە لە ڕێبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە عێراق کە لەلایەن سەنتەری بە بەڵگەنامەکردنی تاوانەکانی توندرەوی دەرکراوە، باس لە کۆی (٢١٥) گۆڕی بەکۆمەڵ لە (٩٩) شوێن دەکات، لەهەمانکاتدا کاربەدەستانی دەزگای شەهیدانی عێراق / فەرمانگەی هەڵدانەوە و پاراستنی گۆڕی بەکۆمەڵ ژمارەی تر دەخەنەروو. ناوی زۆرێک لە ناوچەکان لە خشتەکە بەدی ناکرێت کە گۆڕی بەکۆمەڵی لێ دەستنیشان کراوە.

لە هەمانکاتدا ئاگایان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی کوردستان نیە، بەگشتی یان دەکرێ وا بە دیار بکەوێت ژمارەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانی کورد کەم دەکەنەوە، بۆ نمونە باسی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دهۆک ناکات. ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەماوە و کەرکوک کەم نوسراوە.

لە ژمارەی ئەو گۆڕەبەکۆمەڵانەی بەمەبەست یان پێچەوانەکەی بە جیاواز باس و خواسی لەسەر دەکرێ، دەکرێت تاکو ئێستا لە بیست شوێن (موقع) شەست گۆڕی بەکۆمەڵی کورد هەڵدراوەتەوە کە زیاتر لە (٣٥٦٧) روفاتی کورد لە ماوەی نێوان (٢٠٠٣ تا ٢٠٢٤)، جگەلە (١٥٥) روفاتی تازە دۆزراوە گەڕێنراینەوە بۆ کوردستان یا هەر لە کوردستان دۆزراوەتەوە و دوبارە بە خاک ئەسپاردەکراون. کەواتە بە شێوەیەکی گشتی ئێمە لە کۆی (١٨٢) هەزار ئەنفالکراو و (٨٠٠٠) بارزانی جینۆسایدکراو و (٢٢) هەزار کوردی فەیلی جینۆسایدکراو و پەنجا هەزار بێسەروشوێنکراوانی تاک و زیاتر لە (٥٠٠٠) بێسەروشوێنکراوەکانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان هەروەک لەسەرەوە باسمانکرد (٣٥٦٧) رووفات دۆزراوەتەوە.

- زانیاری ئەو چارتە لە ڕێبەری گۆڕەبەکۆمەڵەکان لە عێراق وەرگیراوە کە زانیارییەکانیان ڕاست نییە سەبارەت بە گۆڕی بەکۆمەڵی کورد

**شێوەی (1)، شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی بە پێی پارێزگاکانی عێراقی**




**نەخشەی (1) بەشێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراق**



**خشتەی (2) بەشی یەکەمی ئەو گۆرەبەکۆمەڵانەی کە هەڵدراونەتەوە و کاریان لەسەر کرداوە لە (١٩٩٢-٢٠٢٤)**

| ژ | ناوچەی گۆری بەکۆمەل | ژمارەی گۆری بە کۆمەڵ | ژمارەی روفات | ساڵ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | حەزر مۆسل | ٢ | ١٨٧ | نیسان-٢٠٠٤ |
| ٢ | سماوە –مۆسەنا | ٢ | ١٥٩ | نیسان ٢٠٠٤ |
| ٣ | بصیە- مۆسەنا-بارزانیەکان | ٤ | ٥١٣ | نیسان ٢٠٠٤ |
| ٤ | بصیە- مۆسەنا- بارزانیەکان | ١ | ٩٦ | ٢٠١٣ |
| ٥ | بصیە- مۆسەنا- بارزانیەکان | ١ | ١٠٠ | ٢٠٢٢ |
| ٦ | نجف -دیوانیە | ٢ | ١٨٧ | ٢٠٠٨ |
| ٧ | حمرین – صلاحدین | ٦ | ١٦٥ | ٢٠١٢ |
| ٨ | سماوە- مۆسەنا | ٢ | ٣٨ | ٢٠١٣ |
| ٩ | مهاری- دیوانیە | ٦ | ٧٣٠ | ٢٠١١ |
| ١٠ | خانقین – دیالە | ١ | ١٣ | ٢٠١٤ |
| ١١ | دوبز- کەرکوک- گۆری تاک ژنان و منداڵان | ١ | ١٠٤ | ٢٠٠٩ |
| ١٢ | صوریا- دهۆک | ٢ | ٣٩ | ٢٠١١ |
| ١٣ | ئەشکەوتی دەکان- دهۆک | ٢ | ٧٦ | ٢٠١١ |
| ١٤ | تل شیخیەسماوە – مۆسەنا | ٢ | ١٧٢ | ٢٠١٩ |
| ١٥ | تۆپزاوا-کەرکوک | ٣ | ١٧٧ | ٢٠٠٩ |
| ١٦ | حی سناعە کەرکوک | ١ | ٢٩ | ٢٠٠٩ |
| ١٧ | گۆری بەکۆمەڵی سەربازگەی فەیلەق- خوار پردی عەرەفە | ١ | ٢٥ | ٢٠١٨ |
| ١٨ | چواقورنە – پشدەر | ١ | ٤٠ | ٢٠٠٧ |
| ١٩ | گۆرستانی محمد سکران- بەغدا | ١ | ٢٧ | ٢٠٠٣ |
| ٢٠ | هەولێرو دەوروبەری | ١٧ | ٣٥٠ | ١٩٩١-١٩٩٤ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢١ | معمل قیر – هەولێر کیمیابارانی شێخوەسان و بالیسان | ١ | ٢٩ | ١٩٩٢ |
| ٢٢ | معمل قیر- هەولێر | ١ | ٥ | ٢٠١٣ |
| ٢٣ | معمل قیر – هەولێر گۆری تاکی- رەشبگیری بێسەروشوێنکراوان | ١ | ٧٠٠-٨٠٠ | ١٩٩٢ |
| ٢٤ | سلیمانی | ١٠ | -- | ١٩٩٢-١٩٩٤ |
| ٢٥ | خەلەکان-سلیمانی | ١ | ٥ | ٢٠١٣ |
| ٢٦ | هەڵەبجە | ٦٣ | -- | ١٩٩٢-٢٠١٥ |
| ٢٧ | هەڵەبجە-دەڵەمەرە | ١ | ٣ | ٢٠١٤ |
| ٢٨ | هەلەبجە – گوندی زەڵم | ١ | ٣ | ٢٠١٤ |
| ٢٩ | هەڵەبجە- دێ کۆنە | ١ | ١ | ٢٠١٤ |
| ٣٠ | گوندی کوریمێ- دهۆک | ١ | ٣٠ | ١٩٩٢ |
| ٣١ | ب.ئەمنی زاخۆ – دهۆک | ١ | ٨٠ | ١٩٩٢ |
| ٣٢ | قەڵای نزارکێ – دهۆک | ١ | ٥٨ | ٢٠٠٩ |
| ٣٣ | گوندی برجینی- دهوک | ١ | ٣٠ | ١٩٩٢ |
| ٣٤ | تل الشیخیه – سەماوە | ١ | ١٥٥ | ٢٠٢٤ |

## دووەم: دادپەروەی راگوزەری (العدالة الانتقالية)

لە کۆتاییەکانی سەدەی رابردوو لە سەرەتای ئەم سەدەیە بابەتی دادپەروەی راگوزەری (العدالة الانتقالية) بەتایبەتی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو زۆر باس و خواسی هەڵگرتووە لە جیهان بە تایبەتی لە رۆژهەلاتی ناوەراست، کە زۆربەی وولاتە عەرەبییەکان لەم ناوچەیەدان، کە جۆرێکە لە فۆرماتکردنی دەسەلاّت و سیستەمی دیکتاتوری و چەوسانەوە کە کاردەکات لەپێناو ئاشتی مەدەنی و کۆتایی هێنان بە شەری چەکداری بە مەبەستی گواستنەوەی دیموکراسی لە رێگای ئاشتەوایی نیشتمانی لەنێوان ئەو گرۆپانەی پێکەوە لەسەر یەك خاکدا دەژین، هەروەها سرینەوەی هەموو پێشلکارییەکان لە دژی قوربانیان و کۆمەڵگای مەدەنی لە کارەکانی دادپەروەی راگوزەریە ( العدالة

الانتقالية) کە بۆ نموونە لە هێندێ لە وولاتانی وەك سودان، جەزائیر و عێراق ئەنجامیداوە، هەروەها لە ولاتانی مۆریتانیا و بەحرەین کاری لەسەر بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و یەککگرتنی نیشتمانی کردوە، ئەزموونەکانی گواستنەوەی داد لە وولاتان زۆرن، کە بۆ نموونە وەك باشووری ئەفریقا لە ساڵی (1995)، لە گواتیمالا (1999)، مەغرێب (1999)[2].

## بنەماکانی دادپەروەی راگوزەری (العدالة الانتقالية)

١. دادگای کردنی تاوانبارانی پێشلکارییەکان.

٢. بەدواداچوونی راستیەکان.

٣. قەرەبووکردنەوەی زەرەرو زیانەکان

٤. چاکسازی و بە مۆسساتی کردن

٥. دانانی مۆنۆمێنتی یادەوەری قوربانیان

ئەگەر بێتو ئەو پێنج خاڵەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکردوە لەپاش گۆڕانکاری سیاسی و دەسەڵاتی پێشلکار لەناو کۆمەڵگا و دەسەلاتی نوێ جێبەجێ کران ئەوە دەتوانین بڵێن گواستنەوەی داد هاتووەتە کایە. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە کە بەپێی بریارنامەی نێودەوڵەتی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە (2006) سەبارەت بە گواستنەوەی داد و جارنامەی جیهانی مافی مرۆڤ پەیرەوی دادگای رۆما لە (1998) کە لە (2002) دەستبەکار بوو، پێشتینە و شەرعیەتی یاسایی و نێودەڵەتی هەیە بۆ کارکردن لەسەرئەو بنەمایانەی سەرەوە لە هەرکوێیەك کە پێویست بکات.

## سێیەم: چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانیان لە چوارچێوەی دادپەروەری راگوزەری (العدالة الانتقالية)

١. شیکردنەوەیەك سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتوان:

لەدوای بلاوبوونەوەی بەربڵاوی پیشلکارییەکانی مافی مرۆڤ پیویستە حکومەت تەنها کار بۆ دەستبەسەرکردنی تاوانباران نەکەن، بەڵکو دەبێت جۆرێك دڵنیایی لە پاراستنی مافی قوربانیان و کەسوکاریان بۆ دووبارە نەبوونەوەی بکەن. هەروەها ئامادەکاری بۆ گەرانەوە بۆ بارودۆخی ئاسایی قوربانیەکان، گەرانەوەی کەرامەتی مرۆڤایەتی و دەستەبەر کردنی دادپەروری و عەدالەت لە

(2) بروانە: www.ictj.net - سەنتەری نێودەوڵەتی عەدالەتی انتقالی

ڕێگای دانانی بەرنامە و یاسای تایبەت بە قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانی مادی و مەعنەوی، قەرەبووکردنەوە شێوازی جیاوازی هەیە وەك قەربووکردنەوەی زەرەر و زیانەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ (مەبەست ئەو زەرەرانە بوونەتە هۆکاری لەدەستدانی ڕێڕەوی ئاسایی ژیان)، گەراندنەوەی ماف (مەبەست لە ئازادی کەسی، پشتگیری کردنی قوربانیەکان لەرووی مەعنەوی و ئەخلاق لە ژیانی رۆژانەیان)، پێدانەوە (مەبەست گەراندنەوەی ئەوەی لە دەستیان داوە)، هەروەها دەتوانرێت قەرەبوو کردنەوە لەسەر بنەمای مادی و مەعنەوی بۆ ئەوکەسانە بە شێوەی تاك یان گروپ بێت. کە بەپێی بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە لە ئاستی جیهاندا بە شێوەی تاك سەرکەوتووتر بووە، چونکە زۆرجار قەرەبووکردنەوە بە شێوەی گروپ نادادپەروەری و نارەزایەتی لێکەوتوەتەوە.

مافی وەرگرتنەوەی قەرەبووی زەرەرو زیانەکان بە تەواوەتی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر کەسوکاری قوربانیاندا هەیە، چونکە ئەو مافی هەر نەتەوەیەکە کە تووشی تاوانەکانی جینۆساید و تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی شەر و ئەشکەنجە و ئازار و لەسێدارەدانی بێ دادگایی و رەشبگیری بووبێت. دەتوانین بڵێین قەرەبوو بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو ئازارو ئەشکەنجە و رەفتاری نامرۆڤانەیە کە قوربانیەکان و کەسوکاری قوربانیان لە بەرامبەر ئەو تاوانانە مەترسیدارانە چێشتویانە بەمەبەستی یارمەتیدانیان و دروستکردنەوەی ژیانیان و گەرانەوە بۆ دۆخی پێش تاوان.

ئامانج لە قەرەبووکردنەوەی مادی و مەعنەوی زۆرن، لەوانەش سرینەوەی هەموو پێشلکارییەکان لە هزر و بیری گشتی و سوککردنی باری خەمەکانیان و هاندانی کۆمەڵگا بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی کەسوکاری قوربانیان بەمەبەستی گەرانەوە بۆژیانی ئاسایی و لەناوبردنی ناعەدالەتی و رواندنەوەی ئاشتی لە کۆمەڵگا و گەرانەوەی دڵنیایی بۆ کەسوکاری قوربانیان بەرامبەر بە دەسەڵات، هەروەها لە یادمان نەچێت کە قەرەبووکردنەوە بەپێی یاساکانی نێودەوڵەتی پابەندییەکی بەزۆرە (ئیجباریە)، هەرچەند یەکێك لە ئەو شتانەی نیگەرانی دروستکردووە کە زۆرجار کەسوکاری قوربانیان قەرەبوو نەکراینەوە، بەڵام ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی جەخت لە قەرەبووکردنەوەی تەواو لە بەرامبەر ئەم جۆرە تاوانانە (جینۆساید) دەکاتەوە. هەروەها هەوڵەکانی بۆ دامەزراندنی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی کە لە کەسایەتی نێودەوڵەتی پێکدێن، تاکو لە هەوڵەکانی بۆ پێشکەوتن و دارشتن و دانانی سیستەم بەرنامە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بەجۆرێك کە ئەم سیستەمە وەك

چوارچێوەیەك بۆ قەرەبووكردنەوە لە خزمەتی بەرژەوەندیەكانی نیشتمانی بێت، دەتوانین لەم چوارچێوەیەی خوارەوە باس لە قەرەبووكردنەوە بكەین:

2 .ڕێكارەكانی قەرەبووكردنەوە

1.2 .قەرەبووكردنەوەی مادی:

بەمەبەستی یارمەتیدان و گەڕاندنەوەی زەرەر و زیانەكان كە دەتوانرێت لە ڕێگای خەملاندنی سالآنەی ئابووری ڕێژەیەكیان بۆ دابنرێت و بەراوەرد بكرێت لەگەڵ ئێستادا، وەك پێدانی مووچەی شیاو و قەرەبووی زەرەر و زیانی سەروەت و سامان و لەدەستدانی سەرچاوەی داهات و زەرەر و زیانی جەستەیی و دەروونی و زەرەرو زیانی كاتە لە دەست رویشتووەكان وەك كار و پیشە و خوێندن و پەروەردە، هەروەها دابینكردنی خزمەتگوزاری و ئاسانكاری وەك خزمەتی بێ بەرامبەر لەرووی یاسایی، تەندروستی و پەروەردە و یەكەی نیشتەجێبوون. هەرچەندە پەرلەمانی عێراق یاسای ژمارە (16) ساڵی (2010) سەبارەت بە قەرەبووكردنەوەی سامان (ممتلكات) بۆ زەرەرمەندانی ڕژێمی پێشووی دەركردوە و هەر بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەكی پێكهیناوە، بەڵام ئەم یاسایەش قسە و باسی زۆر هەڵدەگرێت و خاڵی لاوازی تێدایە.

2.2 .گەڕانەوەی هێزو تواناكان :

ئاماژەیە بۆ چاودێری تەندروستی جەستەیی و دەروونی، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی دووچاری ئەشكەنجەی ڕۆحی و دەروونی یان دەستدرێژی سێكسی بوونەتەوە یان بەشێك لە جەستەیان لەدەستداوە.

3.2.قەرەبووكردنەوەی زەرەر وزیانی مەعنەوی، رازی كردن:

بەدواداچوونی ڕاستیەكان لەبارەی تاوانەكان، گەڕان و بەدواداچوون و دۆزینەوەی بێسەروشوینەكان و ئەنفالكراوەكان و بەركەوتوانی چەكی كیمیایی و كوژراوەكان و گەڕاندنەوەی تەرمەكانیان بۆ هەرێمی كوردستان، دەركردنی داوای لێبوردنێكی فەرمی لەلایەن دەسەڵاتی ئێستا لە كەسوكاری قوربانیان بەگشتی بە دەركردنی مەرسومێكی جمهوری بۆ هەموو ئەو ئازار و مەینەتیانە كە بە پارە قەربوو ناكرێنەوە. هەروەها بۆ زیندو راگرتنی یادی قوربانیان. دروستكردنی موزەخانە و مۆنۆمێنێك بۆ یادی قوربانیان و دیاریكردنی ڕۆژێكی نیشتمانی بۆ ساڵرۆژی تاوانەكە و یادكردنەوەی و بەدادگایی كردنی تاوانباران و سزادانیان.

4.2 . زەمانەت و دڵنیایی لە دووبارە نەبوونەوەی تاوانەکان:

کۆمەڵێك بنەما و ژێرخان پێویستە بۆ دابینکردنی دڵنیایی بۆ دووبارە نەبوونەوەی هیچ جۆرە تاوانێك (جینۆساید و ڕەشەکوژی) کە ئەمانەن: بەهێزکردن و سەربەخۆیی سیستەمی دادوەری، ڕاهێنانی کاربەدەستانی دەسەڵاتی ڕاپەراندن و هێزەکانی سەربازی و هێزکانی ئەمنی بە مافەکانی مرۆڤ و چاککردنی یاساکان کە هانی توندوتیژی دەدات.

## چوارەم: شیاندن و قەرەبووکردنەوەی سوود وەرکرتن لە ئەزموونی بەرنامە و یاسای قەرەبووکردنەوەی ئەو دەوڵەتانەی لە چوارچێوەی دادپەروەری ڕاگوزەری (العدالة الانتقالية) کاریان کردوە (ئەڵمانیای فیدراڵ وەک نمونە)

تاوانەکانی شەر و تاوانەکانی دژەمرۆڤایەتی کە لەلایەن ڕژێمی دیکتاتۆری نازییەکان لە شەری دووەمی جیهانی ئەنجامدرا کە زیاتر لە (11) ملیۆن مرۆڤ تێیدا جینۆساید کران کە زۆربەیان ئەو کەسانە بوون کە بە ڕەسەن جولەکە، کەمەنەتەوەکانی دۆما، سنتی، دانیشتوانی پۆلەندا و شوعییەکان و یەسارییەکان، دیلەکانی شەر، هاورەگەزبازەکان و خاوەن پێداویستی لەرووی عەقڵی و جەستەیی کە زۆربەیان لە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ و لە ناوچەی جیتو بە ڕێگای ئیعدامی بەکۆمەڵ و سود وەرگرتن لە ئەزموونی پزیشکی بەزۆر و کوشتن بە کاری قورس و زۆرەملێ، هەر لەگەڵ ئەمانەشدا بە ملیۆن کەسی دیکە کۆمەڵکوژ کران بە ئەشکەنجەدان و برسیکردن و ڕاگرتن لە زیندان لە حالەتی نامرۆڤانە، هەروەها لەو ناوچانەی کە نازییەکان دەستیان بەسەر داگرتبوو، زۆربەی ئەوکەسانەی بوونە قوربانی لەسەرماڵ و حاڵیان بەزۆردەرکران.

لە پاش شەری دووەمی جیهان هێندێك لە تاوانباران تاوانەکانی نازی دادگایی کران، لە دادگاکانی نورێمبرگ مێژوویی لە ساڵی (1947)، ئەو دادگایانە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر بارودۆخی ڕاگەیاندنی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیماننامەی جینۆساید و دانانی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی.

لە ساڵی (1953 تاکو 1965) ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بە دانانی سێ یاسا بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان بە ناونیشانی (یاساکانی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی چەوساندنەوەکانی نازی) کە لە نەوعی خۆیدا لە ئاست دونیادا نموونەی نیە، هەروەها ئیسرائیل و ئەڵمانیا لە ساڵی (1952) پەیماننامەیەکیان ئیمزاکرد بەمەبەستی قەرەبووکردنەوە.

جێی گومان نیە کە بەرنامەی ئەڵمانیا بۆ قەرەبووکردنەوەی بەجێماوەکانی هۆلۆکۆست یەکێکە لە گەورەترین بەرنامەکانی قەرەبووکردنەوە لە ئاستی جیهاندا کە زۆر شمولیە و پانتایەکی فراوانی گرتوتەوە لەرووی کار، قەبارە و کاتدا. ئەم پرۆگرامە لە ساڵی (1951) دەستبەکاربووە کە تاکو ئیستاش بەردەوامە، هەرچەندە هەوڵەکان بۆ قەرەبووکردنەوە لە ساڵی (1949) بۆ ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا بووینە دەستی پێکردبوو. هەروەها ئەوەی شایانی باسکردن بێت ئەوەیە کە یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیای رۆژهەڵات و رۆژئاوا لە (1990)دا بەپێی مادەی دوو لە پەیماننامەی نێوانیان ئەڵمانیای رۆژهەڵاتیش هەموو جۆرە بەرپرسیاریەتیەکی بەرامبەر بە قوربانیانی دەستی نازییەکان لە ئەستۆ دەگرێت و هەر بۆ ئەم مەبەستەش سندوقێکی تازەیان بۆ قەرەبووکردنەوە تەرخان کرد، کە ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە داواکارییەکان جارێکی تر لە بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیا دەست پێبکاتەوە و پیشکەش بکرێت و قەبارەی کارەکە زۆر گەورەتر ببێت، بەپێی ئەو ئامارانەی کە تاکو ئیستا سەبارەت بە بری پارەی تەرخانکراو بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیا بڵاوکراوەتەوە بڕی شەست ملیار دۆلارە.

وەزارەتی دارایی ئەڵمانیا بری بیست ملیار دۆلاری دیکەی تەرخانکردوە تاکو ساڵی (2030) کە بەپێی خەملاندنیان مومکینە ئاخیر کەس لە بەجێماوەکانی هۆلۆکۆست تا ئەم ساڵە لە ژیاندا بمینێت. هەروەها جێگای ئاماژەپێکردنە کە بەجێماوانی هۆلۆکۆست کە زیندوو مابوون ژمارەیان (500) هەزار کەس بوو کە نزیکەی لە حەفتا وولاتی جیهاندا نیشتەجێ بوون توانیان قەرەبووەکە وەربگرنەوە بە هەر شێوەیەك بێت، ئەم بەرنامەیە لە هەموو روویەك بەرنامەیەکی تێر و تەسەلە کە پێویستی بە گفتوگۆکردنی زیاتر هەیە تاکو بتوانین ئیمەش سوودی لێ وەربگرین. تاکو بتوانین بە باشترین شێوە بەرنامەیەك بۆ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو تاوانانەی لەدژی گەلەکەمان بەرێوەچوو دابنێین و کەسوکاری قوربانیانیش بە مافی خۆیان بگەن، لێرەدا پوختەی ئەم بەرنامەیەم خستوتە روو کە لە راپۆرتێکی رێکخراوی نێودەوڵەتی دادپەروەری راگوزەری (العدالة الانتقالية (JCTJ) وەرگیراوە. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1. سەرچاوەی یاسایی

بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیای فیدرال لەسەر بنەمای ئەو سێ یاسایە دەرچووە کە لە (1953،1956،1965) ئەو بەرنامەیە جیاوازە لەم قەرەبووکردنەوانەی کە ئەڵمانیا بە ئیسرائیلی

دەدات لەسەربنەمای پەیماننامەی لوکزامبورگ لە ساڵی (1952). هەروەها ئەم یاسایانە جیاوازە لە یاساکانی ئەڵمانیا کە تایبەتە بە قەرەبووکردنەوەی کرێکارەکانی بەندە (عبد) ئێسترقاقین و کرێکارەکانی ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملێ و جگەلە یاساکانی دەرچوو پاش ماوەی (1965).

2. چوارچێوەی کات

ئەم بەرنامەیە لە ساڵی (1953) دەستی پێکرد و دواترپێشکەش کردنی داواکارییەکان راگیرا.

3. مەشمولین و مافدارەکان

یاسای سالی (1953) تایبەتە بە چەوساوەکانی دەستی نازی لە (1933) تاکو ئایاری (1995) و پەیوەندیدارە بەو زەرەرانە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

- قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری ئەوکەسەی بە ناحەق کوژراوە.
- قەرەبووکردنەوەی ئەوکەسانەی دوچاری زەرەروزیانی جەستەیی و دەروونی بوونەتەوە.
- قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی زیندانی سیاسی و سەربازی کراون و یان دەسبەسەرکراون بۆ لێکۆلینەوە یان سزادراون یان لە ئۆردوگاکانی کاری زۆرەملی (ئیجباری) و یان لە جیتو بووینە.
- قەرەبووکردنەوەی پارە یان ممتلكات بەپێی ناوچەکان (پارێزگاکان) یان زەریبەی ناعادیلانە ( مالیاتی نادادپەروەرانە)
- قەرەبووکردنەوە لە بەرامبەردواخستنی کاروپیشە یان پێشکەوتنی ئابووریی .
- قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بەزۆرەملێ ئەستێرەی داودیان پۆشی و یان لە بارودۆخێکی نامرۆڤانە ژیانیان بەسەربرد.

مەرجە کە یاسای (1953) ئەو کەسانەی بوونەتە قوربانی بەدەست ئازار و ئەشکەنجەی نازییەکان لە ساڵی (1933 تاکو 1945) لەسەرئەسبابی رەگەزی و ئاینی یان ئایدۆلۆژی و بیروباوەر هەروەها دژی نیزام (ئۆپۆزسیون) دەگرێتەوە، جگەلەو کەسانەی لە وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤێتدا ژیان بەسەردەبەن. بەڵام ئەم حالەتە بەپێی ئەویاسایانەی دواتردەرچوون چاك کرایەوە.

یاسای ساڵی (1956) ئەو قوربانیانەی بەهۆی دژایەتی کردنی رژێمی نازی توشی ئازار و ئەشکەنجە بوون لەسەر هۆکاری رەگەزی و ئائینی یان ئایدۆلۆژی و بیروباوەر دەگرێتەوە، هەر

بۆیەش ئەمە بووە هۆی ئەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی سودمەند دەبن، هەر بۆیەش یاسایەکی (1956) استثناء بۆ کۆمەڵێك لە مشمولێن دەرکرد وەك:

1) ئەو کەسانەی ئوشی ئازار و ئەشکەنجە بوونەتەوە و لە دەرەوەی ئەلمانیا دەژین و مەرجەکانی ئیقامە (نیشینگە) نایانگرێتەوە.

2) کرێکارانی کاری بە زۆرەملی (ئیجباری) کە لە زیندان نەبوون.

3) ئەو قوربانیانەی دوچاری نەزوکی بە زۆری (التعقیم الاجباری) بوون.

4) گروپەکانی نا کۆمەڵگای (غیر الاجتماعیە).

5) شیوعیەکان.

6) کەمەنەتەوەکانی دۆما و سنتی و غەجەر.

7) هێموسیکسوالەکان.

لەدوای ئەوەش کۆتا یاسای ئەلمانیا لە ساڵی (1965) پەیرەوکرا بۆ پەنابەرانی ئەوروپای رۆژ هەڵات کە مەرجەکانی قەرەبووکردنەوەی پێشوو نەیدەگرتنەوە، هەروەها فراوانکردنی پانتایی بەرنامەی قەرەبووکردنەوە بۆ مردن کە شمولی ئەو کەسانە دەکات کە لەکاتی ئەشکەنجە و ئازاری نازییەکان یان هەشت مانگ دواتر مرد بێت.

4. فۆرم و کاری پێویست

فۆرمەکانی داواکاری بۆ دامودەزگاکانی قەرەبووکردنەوەی هەرێمی پێشکەش دەکرێت و دواتر چاوپێکەوتن لەگەڵ داواکاران کرا بە ئامادەبوونی پزیشکەکان بۆ قەرەبووکردنەوەیان سەبارەت بە زیانە جەستەیی و دەروونییەکان. ئەگەر داواکاریەکە پەسەند نەکرا و مشمول نەبوو داواکار دەتوانێت لە رێگای پارێزەر (استینافی) داوای بەدواداچوون بکات و دادگاش بۆ ئەم مەبەستە پسپۆرانی بواری پزیشکی و دەروونانسی دابینکرد بوو بۆ راوێژکردن.

5. گرنگی و پێشخەری داواکان

پێشخەری بەم کەسانە دەدرێت کە تەمەنیان زیاتر لە شەست ساڵ بێت، هەروەها هەژار و بێدەرامەتەکان و ئەو نەخۆشانەی بە لای کەم داهاتیان بۆتە بە نیوە.

6. ئاستی بەڵگەنامەکان

ئەگەرباوەروا بوو داواکاربۆ ماوەی ساڵێك دەسبەسەربووبێت لە ئۆردوگای کاری زۆرەملێ کە لە ئەنجام کێشەی تەندروستیەکەی بە ئازار و ئەزیەت و ئەشکەنجەی نازیەکان پەیوەندیداربێت.

7. پێشکەشکردنی داواکاریەکان

بەپێی یاسای (1965) مانگی ئەیلولی ساڵی (1966) کۆتایی ماوەی پێشکەش کردنی داواکاریەکان بوو، بەڵام ئەو یاسایانەی لە دوایدا دەرچووە، ڕێگا بەو کەسانە دەدات کە پێشتر توانای ئەوەیان نەبووە داوا پێشکەش بکەن، بەشێوەیەکی گشتی بەپێی یاساکانی ئەڵمانیا ئەم ماوەیە لە (2003) کۆتایی هات.

8. چۆنیەتی یارمەتیە پێدراوەکان

قەرەبووکردنەوەی تاکو لە ژیاندا بێت: مووچەی خانەنشینی بۆ کەسوکاری قوربانی (خێزان) لەسەربنەمای ئەو ڕێژەیەی کە بە فەرمانبەرێکی کۆچکردو بە قەزا و قەدەروەفاتی کردوە خەمڵێنراوە لە ساڵی (2001) کە مانگانە (697) دۆلارە. قەرەبووکردنەوەی تەندروستی : داواکار چاودێری تەندروستی بۆ دابین دەکرێت و دەتوانێت داوایەك پێشکەش بکات بۆ ئەوەی مووچەی خانەنشینی بۆ دابین بکەن، ئەگەرئەو بیسەلمێنێت کە لەگەڵ ئەشکەنجە و ئازاری نازیەکان دوچاری نەخۆشی بووە و زەرەرلەسەلامەتی دراوە و بۆتە هۆی کەمبوونەوەی دەرامەتی بەلای کەمی یەك لەسەرسێ کە لە ساڵی (2001) خەمڵێنراوە بە مانگانە (450) دۆلار. هەروەها قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانی ئازادی کەسایەتی بە (150)مارکی ئەڵمانی بۆ هەر مانگێگ کە دەستبەسەر بووبێت.

قەرەبووکردنەوەی سەروەت و سامان و زەربەی نادادپەروەرانە: داواکارن مافی قەرەبووکردنەوەیان هەیە، نەك لەگەرانەوەی سەروەت و سامانیان. بەرزترین ڕێژەی قەرەبوو لە سالی (1953)دا بریتی بوو لە (750،18 ) دۆلار، یاسای (1956) بەرزترین ڕێژەی قەرەبووی بۆ هەر بەشێك لە سەروەت و سامانە ونبووەکان دەستنیشانکرد.

قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانی کار و پێشکەوتنی ئابووری. داواکاران مافی ئەوەیان هەیە کە بۆ یەکجار ڕێژەی (250،6) دۆلاربەپێی (1953) کە بەرامبەرە بە (47000) دۆلار لە ساڵی (2006) و بڕی پارەکە ئەژمار دەکرێت بە تەریب بوونی سێ یەکی داهاتی فەرمانبەر لەو سەردەمەوە بەپێی یاسای (1956) فەرمانبەری ناحکومی بۆی هەیە داهاتەکەی خۆی وەربگرێت لەجیاتی ئەوەی لای سەرەوە.

قەرەبووکردنەوە لە کاتی مردن: بەرزترین ڕێژە لە ساڵی (1953) بریتی بوو لە ( 10000) مارکی ئەڵمانی خەمڵێنراو بەپێی یاسای (1956) بەرزترین ڕێژە بەرز کرایەوە بۆ (25000) مارك. بەپێی یاسای (1965) دانانی سندوقێك بۆ بەهاناوەچوونی بێدەرامەتەکان بە ڕێژەی ( 300 ) ملیۆن دۆلار، هەروەها بۆ بە هاناوەچوونی پەنابەرانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا.

9. داواکارییە پێشکەشکراوەکان

ژمارەی داواکان بۆ قەرەبووکردنەوە کە پێشکەش کرابوو ( 142014٫2) دواکاری بوو، ئەوانەی پەسندکران (138384٫4) داواکاری بوو.

10. سەرچاوەی بودجە

حکومەتی ئەڵمانیا هەموو بودجە داواکراوەکەی پێشکەش کرد کە کۆی دەکاتە (39) ملیار دۆلاری ئەمریکی لە ساڵی (2000).

11. هەڵسەنگاندن و شیکردنەوە

بەشێوەیەکی گشتی قەرەبووکردنەوە لەسەر ئاستی جیهان لەلایەن وڵاتی میراتگر کە ئەرکی قەرەبووکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ بە هۆکاری جۆراوجۆر لە ئاستی چاوەڕوانی دەربازبوان لە تاوانەکان و کەسوکاری قوربانیان و زیانلێکەوتوان نیە، بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیاش لەوە بەدەرنەبووە و گیروگرفتی زۆروتەنانەت نادادپەروەریشی تێکەتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

چاو پێخشاندن بەسەر داواکان زۆر لەسەرخۆ بوو، ڕاپەراندن و هەڵسەنگاندن و دانیشتنە پزیشکیەکان ناڕەحەتی زۆریان بۆ قوربانیان دروستکرد بوو کە هەندێ جار هەست و کەرامەتیان بریندار دەکرا، لە ئەنجامدا زۆریان داواکانی خۆیان پێشکەش نەکرد یان پاشگەزدەبوونەوە .

هەرچەندە دواتر لەگەڵ دەرچواندنی یاسای زیاتر کۆمەڵێکی تر سودمەند بوون، بەڵام زۆر کەسیش مابوونەوە کە (ئیستثناء) و بێبەش کرابوون.

یاساکانی قەرەبووەکردنەوەی ئەلمانیا کۆمەڵێکیتری لەخۆگرتبوو لەوانەش (مشمول کردنی کرێکارەکانی ئێسترقاقیین و زۆرەملی) و ئەستۆپاکی دادوەری لە دەرەوەی ئەڵمانیا (سەرەڕای قەرەبووی سەروەت و دروستکردنی سەرمایەی اعتباری بۆ کۆمەڵێك لە قوربانیان کە بەپێی یاساکانی پێشووی ئەلمانیا ئیستثناء کرابوون).

هەروەها بەرنامەی قەرەبووکردنەوەکانی تایبەت بە کرێکارەکانی زۆرەملی و کەمەنەتەوەکانی تر لە ئەنجامی سکاڵاکان و پاڵەپەستوی سیاسی لەلایەن ئەو کەسانەی استسناً کرابوون، هەروەها ئەو دەوڵەتانەی کە قوربانیە زیانلێکەوتووەکان ژیانیان لەوێ بوو و مشمول نەبوون بە مەرجەکان و لە هێندی کاتدا کۆمپانیاکانی ئەلمانی و بانکەکانی سویسری و زۆر لە کۆمپانیاکانی فرەنەتەوە (متعدد الجنسيات) بەشدار بوون لە ئەستۆپاکی سەرمایەی قەرەبووکردنەوە. ئەویش نەك لەسەر بنەمای بەرپرسیاریەتی بەڵکو بۆ دورکەوتنەوە لە پێدانی رێژەی پارەی زیاتر لە ئایندە.

لە ئەنجامی هێندێك لەو ئەستۆپاکیەدا و هێندێك شێوەی قەرەبووکردنەوەی تر وەك داوای لێبوردن و قەرەبووی رەمزی و پەیمان و دڵنیاییدان بۆ دووبارە نەبوونەوەی، کە بووە هۆی لەدەستدان و بەفیرۆدانی پارە بۆ قەرەبوو کردنەوەکە. بەڵام گرنگە ئەوە باس بکرێت بە پێچەوانەی ئەوە کە ئەڵمانیا هەستا بەکارێکی پرپایەخ و گەورە سەبارەت بە زیندوو راگرتن و یادکردنەوەی ئەو کارەساتانە لە دەستور و لە فەرهەنگدا.

سەرەڕای ئەوانەش بەرنامەی قەرەبووکردنەوەی مادی لەسەر بناغەی ئامار و سەرژمێری دانرابوون. ئەوەش ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو کارە پانتایەکی گەورە و بەرفراوان نیە بۆ ئاشکراکردنی راستیەکان، چونکە هێندێك ئەو گروپانەی تایبەتمەندی خۆیان هەیە ناگرێتەوە کە زەرەرمەند بوون وەك (کەمەنەتەوەکانی دۆما کە دەکەونە ژێر باڵی فەرهەنگی تایبەتی خۆیانەوە).

لەگەڵ ئەوەشدا پابەندبوونی ئەڵمانیا بە ئەستۆگرتنی تێچووی قەرەبووەکان و هەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی، شێوەی نمونەیەکی جوان بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە بەرپرسیار بوون لە داگیرساندنی شەر و پێشێلکردنی رێرەوی مافی مرۆڤ لەلایەن زۆر لە زیان لێکەوتوانەوە.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە بەشێکە لە پرۆژەی کتێبێک کە ئامادەیە بۆ چاپ.

# چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ قوربانیان و گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا

محەمەد حەمەساڵح تۆفیق*

## پێشەکی

هەموو بۆچوونەکان کۆکن لەسەر ئەوەی کەوا گۆڕ یان گۆڕستانی بەکۆمەڵ ژمارەیەک تەرمی مرۆڤی تێدایە کە دەناسرێنەوە یان ناناسرێنەوە. نەتەوە یەکگرتووەکان وای دیاری دەکات کە شوێنی ناشتنی سێ تەرم یان زیاترە لە قوربانییانی کۆمەڵکوژی و هەندێ بۆچوونیش بە شوێنی شاردنەوەی دوو تەرم و بۆ سەرەوە دەسنیشانی دەکات. لەنێو ئەمانەشدا یاسای ساڵی (٢٠٠٦)ی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی عێراقە.

هەرچەندە کۆدەنگییەکی ورد لەو بوارەدا نیە، بەڵام بەگشتی گۆڕی بەکۆمەڵ لەپاش مردن یان کوشتنی ژمارەیەکی زۆری خەڵک دروست دەکرێت، ئارەزووکردن بۆ ناشتنی تەرمەکان بەپەلە لەبەر هۆکاری شاردنەوەی تاوان یان تەندروستی.

لە کاتی جەنگ و بەرپاکردنی تاوانی گەورەدا پەنا دەبرێتە بەر گۆڕی بەکۆمەڵ، هەروەها دەگونجێت لە کاتی گرانی و برسێتی یان پەتا یان کارەساتێکی سروشتیشدا پەنای بۆ ببرێت، لەم حاڵەتانەدا بەکارهێنانی بۆ بەرگرتنە لە بڵاوبوونەوەی پەتا و نەخۆشی. بەزۆری ئەم حاڵەتانەش هاوکاتە لەگەڵ هەرەسهێنان و داڕووخانی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، کە تێیدا ناتوانرێت تاک بە تاکی تەرمەکان دەسنیشان بکرێن و بناسرێنەوە و بە ڕێگە و شێوەی ئاسایی ئەسپەردە بکرێن.

## باسێکی مێژوویی لەسەر گۆڕی بەکۆمەڵ لەجیهاندا

قوربانییانی جەنگ:

- گۆڕێکی بەکۆمەڵ کەوا لانی کەم (٣٠٠) هەزار ئێسک و پرووسکی ڕووسەکانی کییڤی تێدابووە کە بەدەستی داگیرکەرە مەغۆلەکان کوژراون لە ساڵی (١٢٣٨)دا، ساڵی (٢٠٠٥) لە یارۆسلاڤڵ - ڕووسیا دۆزراوەتەوە لەکاتی هەلکۆڵینی زەویدا.
- جەنگی سی ساڵەی ئەوروپا لە سەدەی حەڤدەدا: سامناکترین جەنگی ئاینیە کە ڕوویداوە. لە یەکێک لە شەڕەکاندا تەرمی (٤٧) سەربازخراونەتە یەک گۆڕی بەکۆمەڵەوە و پشکنینی شوێنەوارناسی و ئێسکناسی دەریخستووە کە تەمەنیان لەنێوان (١٥ – ٥٠) ساڵ بووە.

- لە ئەنجامی جەنگەکانی ناپلیۆندا ژمارەیەکی زۆر گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە کە ئێسکوپرووسکی ژمارەیەکی زۆری سەربازان و ئەسپەکانیانی لەخۆگرتووە.
- لە ئیسپانیا زیاد لە دوو هەزار گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی ناوخۆی ئیسپانی، مەزەندە دەکرێت کە (٥٠٠) هەزار کوژراویان لەخۆگرتبێت لەنێوان سالانی (١٩٣٦ – ١٩٣٩)دا. بێجگە لەوەش (١٣٥) هەزار کەسی تر لەپاش کۆتاییهاتنی جەنگ کوژراون. تائێستاش پسپۆڕانی جیۆفیزیک و ئارکیۆلۆجی و پزیشکیی داد (فۆرێنسیک) لەکاردان بۆ دۆزینەوە و ناسینەوەی ئێسکوپرووسکەکان، بە پشتبەستن بە تۆماری بۆماوەیی کەسوکاری قوربانییان.
- لە سالانی (١٩٥٠)کانی جەنگی نێوان هەردوو کۆریای باشوورو باکووردا لەنێوان (١٠٠ – ٢٠٠) هەزار خەڵکی سڤیلی کۆریا کوژراون و بە ژمارەی جیاواز لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون. ئەم قوربانییانە لەلایەن حکوومەتی کۆریای باشوورەوە بەوە تاوانبار کرابوون کە هاوکار و هاوسۆزی کۆریای باکوور بوون. لەو سۆنگەیەوە گیراون و دواتر بێ دادگایی کردن لە شوێنێکدا پۆل پۆل کۆمەڵکوژ کراون و هەر لەو شوێنەدا بەبێ ناسنامە و ناونیشان لە گۆڕی بەکۆمەڵدا نێژراون و نەیانهێشتووە کەس نزیکی ئەو جێگەیە بکەوێتەوە. دواتر کەسوکاریان دەریانهێناونەتەوە و بەبێ ناسینەوە دووبارە بە نەریت و ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتیی خۆیان ناشتوونیانەوە. وەک نموونەیەکیش، لە ساڵی (١٩٥٦)دا خێزان و بنەماڵە کارەساتبار و جەرگسووتاوەکان زیاد لە سەد لاشەی بێ ناونیشان و شێبووەوەیان لەو گۆڕانە دەرهێنابوو، پاش ئەوەی دڵنیابوون لەوەی کە پەیکەرەئێسکی هەر تەرمێک وەک خۆی ماوەتەوە و هەریەکەیان لە گۆڕی بێ ناونیشانی خۆیدا دووبارە ناشتەوە لە گۆڕستانێکی دوورگەی جێجوودا. ئەوجا میلێکی یادەوەریان لە بەردی گرانیت دروستکرد و لە ڕاسەری گۆڕەکان دایاننا و لەسەریان نووسی "ئەم گۆڕانە هی سەد باوباپیر و یەک نەوەن". هەڵبەت ئەمەش هێمایە بۆ ئەوەی کە بەپێچەوانەی زانستی ڕەچەڵەکناسییەوە ئەوان وەک گەل و نەتەوە خۆیان بە نەوەی ئەو قوربانییانە دەزانن. پێمواپە ئەمە بۆ ئێمەی قوربانییانی کوردیش پەندێکی باش بێت لە حاڵەتی

نائومێد بوون لەوەی کاربەدەستان بتوانن بە پشکنینی (دی ئێن ئەی DNA) ئێسکوپرووسکی ئازیزانمان بۆ دەسنیشان بکەن.

- لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامدا گەلێ گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزرانەوە. لە پایزی (١٩٦٩)دا نزیکەی (٢٨٠٠) ڕوفات و تەرم لەم گۆڕە بەکۆمەلانە دەرهێنران. ئەو قوربانییانەی کە تێیاندا نێژرابوون کاربەدەستانی حکوومەت، خەڵکی سڤیلی بێتاوان و ژنان و منداڵان بوون، کە ئەشکەنجە درابوون و پاشان ئیعدام کرابوون و لە هەندێ حاڵەتیشدا بە زیندوێتی کرابوونە ژێر خاکەوە. زۆرێک لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان باوەڕ وایە هەر یەکێکیان سەدان سەربازی لەخۆگرتبێت.

## کۆمەڵکوژییەکان:

- جینۆسایدی ڕواندا لە ماوەی سەد ڕۆژی ساڵی (١٩٩٤)دا مەزەندە دەکرێت کە زیاد لە هەشتسەد هەزار کوژراوی ئیتنیکی تووتسیی لێکەوتەوە لەسەر دەستی ئیتنیکی زۆرینەی هۆتۆ و دەستیان لە ژن و منداڵیش نەدەپاراست. هەرشوێنێکی وەک کەنیسە و خوێندنگە و تاد. پەنایان بۆ دەبرد لەوێ کۆمەڵکوژیان دەکردن و شوێنەکەشیان دەکردە گۆڕی بەکۆمەڵ بۆیان. ئەوان هەموو جۆرە چەک و ئامێرێکیان بەکاردەهێنا بۆ کوشتنیان و زیاد لە پەنجا هەزاریان لە هەر یەک لە کەنیسەیەکی کاسۆلیکی لە شاری نیاماتۆ و لە خوێندنگەیەکی پیشەسازی لە شاری مۆرامبی کوشت و کەنیسەکە و مەکتەبەکەشیان بۆ کردن بە گۆڕی بەکۆمەڵ. بێجگە لەوەش هەزارانیان لێ فڕێدانە ڕووباری نیابارۆنگۆوە. لەم تاوانی جینۆسایدەدا زیاد لە (٢٥٠) هەزار ژن ئەتککران، بیست هەزار منداڵی بێسەرپەرشت، پەنجا هەزار بێوەژن، (٢٨) هەزار کەمئەندامی لێکەوتەوە. بەڵام دواتر هەموو تاوانکاران درانە دادگا و کەس لە سزای جۆراوجۆر دەرباز نەبوو. ئەمڕۆ لە کیگالیی پایتەختی ئەو ولاتە و شارەکانی تر شەش مۆزەخانە کەڵلە سەری زۆرێک لە قوربانییەکانی تێدا نمایشکراوە لەگەڵ چەندین مۆنۆمێنتی یادەوەری کە ورد و درشتی تاوانەکەت بۆ باس دەکەن. هەموو ڕوفات و تەرمەکانیشیان لە گۆڕی بەکۆمەڵ دەرهێنا و بەو شێوەیەی کە شایستەی شکۆی مرۆڤ بێت نێژرانەوە. هەروەها تەرمی فڕێدراوی نێو

ڕووبار و دەریاچەکانیشیان دەرهێنایەوە و تەنها لە دەریاچەی ڤیکتۆریا چل هەزار تەرمیان دەرهێناوە. ئەمڕۆ لەو وڵاتە ئەفریقییە بە کۆمەڵێک ئامراز و کردار بەریان لە دووبارەبوونەوەی ئەو تاوانە گرتووە و لەسەر دار و پەردووی داڕووخاوی پاش جینۆسایدی ئەو وڵاتە گەشەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەرچاویان کردووە و بیزنێسی سەرەکی سیاسەتمەدار و کاربەدەستانیان لەسەر پەرەپێدانی مرۆیی و ئابووریی وڵاتەکەیە.

- لە جینۆسایدی ئەرمەندا کە بەشی یەکەمی لە ساڵانی (١٨٩٤ – ١٨٩٦) و دواتر لە ساڵی (١٩٠٩)دا و بەشی دووەمی یان ترۆپکی لە ساڵی (١٩١٥)دا بەرپاکرا لە دەوڵەتی عوسمانیدا، نزیکەی ملیۆن و نیوێک ئەرمەن بە هۆکار و شێوازی جۆراوجۆر لەناوبران، هەر لە فڕێدانە ناو دەریای ڕەش و ڕووبارەکانی دیجلە و فورات و لقەکانیانەوە تا سووتاندن و بە دووکەڵ خنکاندنیان لەناو ئەشکەوتەکان و لە ناو حەرەمی کەنیسەکانیاندا، یان هەڵدانە خوارەوەیان لە لووتکەی چیاکانەوە بۆ نێو دەرە و شیوە قووڵەکان، کە بووبوون بەگۆڕی بەکۆمەڵیان، یان بەدەم ڕاگواستنیانەوە بۆ بیابانەکانی سووریا لەبرسا و بەنەخۆشی دەمردن. ئەرمەن ئەوە زیاد لە سەد ساڵە ئەم جینۆسایدەی خۆیان لەبیر نەکردووە و ئێستاش دەڵێی دوێنێیە لە مێژوویاندا بە چەندین شێوە سەرنج و سۆزی دنیای شارستانییەت بە لای ناساندنی تاوانەکەدا ڕادەکێشن و سەرباری بەرژەوەندیی نیودەوڵەتیی لەگەڵ تورکیادا ئەوان بە هەوڵ و کاری سیستماتیکی خۆیان هەنگاوی باشیان بڕیوە لەم بوارەدا، دووەم گەلن لەدوای جوو بۆ ناساندن و جێکردنەوەی خۆیان لەنێو پێچەڵپێچی ئاڵۆزی سیاسەتی نیودەوڵەتیدا.

- گرانیی (برسێتیی) گەورەی ئێرلەندا:

ساڵانی (١٨٤٥ – ١٨٤٩) گرانییەکی سامناک لە ئێرلەندا ڕوویداوە کە بە گرانیی گەورە ناوی دەرکردووە و نزیکەی یەک ملیۆن کەس لەبرسا مردوون. لەبەرئەوە ژمارە زۆرەی مردن و هەژارییەکی سەخت کە لەو کاتەدا بەرۆکی گرتوون زۆرێک لە خێزانەکان نەیانتوانیوە ئازیزانیان بەگوێرەی دابونەریتی باو بنێژن و لەجیاتیدا خستوونیانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.

ساڵانێکی دوور و درێژی دواتر کنە و هەڵکۆڵینی ئارکیۆلۆجی لە شوێنەکانی بەخاکسپاردنی بەکۆمەڵی ئێرلەندادا کەوتووەتەکار و لە تەنها یەک گۆڕی بەکۆمەڵدا ڕوفاتی هەزار

کەسیان دەرهێناوە. پەیکەرە ئێسکەکان لەم گۆڕانەدا لەسەر یەک کەڵەلە کرابوون لە چاڵی لاکێشەییدا کە ماوەی نێوانیان مەترێک بووە. شیاوی گوتنە کەوا لە ساڵەکانی جەنگی جیهانی یەکەمدا لە شاری سلێمانیش گرانییەکی سەخت ڕوویداوە و زۆرێک لە دانیشتووانی لەبرسا مردوون و لەناو جادە و کۆڵانەکاندا تەرمی زۆر کەوتوون. هەندێ سەرچاوەی مێژوویش دەگێڕنەوە کەوا لە کۆی دە هەزار کەسی دانیشتووانی ئەم شارە نزیکەی دوو هەزارکەس ماونەتەوە.

- پەتای ئەنفلۆنزای ئیسپانی لە ساڵانی (١٩١٨ – ١٩٢٠)دا گەلێ وڵاتی جیهانی گرتەوە و نزیکەی (٥٠٠) ملیۆن کەس گرتی کە ئەو کاتە دەیکردە یەک لەسەر سێی دانیشتووانی جیهان، نزیکەی پەنجا ملیۆنیشی کوشت و زۆربەی قوربانییەکان لە ئوسترالیا و کەنەدا ئەمریکا بوون.
- لە ئاداری (٢٠٢٤) لە شاری نۆرمبێرگی ئەڵمانیا گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزراوەتەوە و لە هەشت چاڵدا نزیکەی (١٥٠٠) ئێسکوپرووسکی مرۆڤی تێدایە کە بە پشکنینی ڕادیۆکاربۆن دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست کە لەو ماوەیەدا نەخۆشیی تاعوون هەزارانی لە خەڵکی ئەوروپا کوشتووە و لە تاوزۆریی ژمارەیان خراونەتە گۆڕی بەکۆمەڵەوە.
- بوومەلەرزەی ساڵی (٢٠١٠) وڵاتی هایتی هەزاران تەرمی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەسەر شەقامەکان و لەبەر خۆر کە بۆگەنیان کردبوو. حکوومەتی هایتی بە ئامێری قورس و ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر تەرمەکانی لەگەڵ خۆڵ و خاشاک دەگواستەوە و لە چاڵی لاکێشەیی قووڵدا هەڵیدەڕشتن و دەیکردن بە ژێرخاکەوە. لە کولتووری خەڵکی ئەو وڵاتەدا سرووت و ڕێوڕەسمی مردوو ناشتن بایەخێکی گەورەی هەیە و نەریتە ئاهەنگسازییەکانی لە خەرج و تێچووی خانووەکانیان زیاتری تێدەچێت. باوەڕیشیان وایە کەوا مردوو بەردەوامە لە ژیان و لە ڕێگەی ئەم سرووتە ئاهەنگسازییەوە پەیوەندیی دەگرێت بە نەوەکانیەوە. بەم هۆیەوە ناشتنی تەرمەکان بەم نادیاری و بێ ناونیشانییە لە گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا زۆربەسەختی ئەم پەیوەندییە ڕۆحییەی شێواند لەنێوان مردووەکان و زیندووواندا.

# گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کورد و عێراقییەکان

عێراقی سەردەمی ڕژێمی بەعس بوو بە سەردەمی ئەنجامدانی گەلێ تاوانی سامناک دژ بە خەڵکی وڵاتەکە بەگشتی، دژ بە کورد و شیعە بە تایبەتی، بۆ ئەمیان بەتایبەترلەپاش داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی (١٩٩٠)دا و ئەو شکست و سەرشۆڕییەی تووشی هات بە کشانەوە و چۆڵکردنی ئەو وڵاتە لە ئەنجامی هێرشی ئەمریکا و هاوپەیمانان و تێکشکان و بەزینی سوپای عێراق. وەک ئەنجامیش هەڵگیرسانی ڕاپەڕینێکی پڕ توندوتیژی لە سەرەتای ساڵی (١٩٩١)دا لە باشووری عێراق و دواتر بواردانی ئەمریکا بە مانەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق و دەستواڵا کردنی بۆ لێدانی توندی شیعە، بە هەمان ئەو چاوپۆشییەی کە لە سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)کانەوە نواندی تا سەرەتای (١٩٩٠)کان کە دڵڕەقانە مامەڵە لەگەڵ کورد و جووڵانەوە چەکدارییەکەیدا بکات بە شێوەیەکی سیستماتیک و پلان بۆ داڕێژراو تا ئاستی گەیاندنی بە بەرپاکردنی جینۆساید بەگوێرەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی ئەم تاوانە و بەتایبەتی ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزادان لەسەری، کە ساڵی (١٩٤٨) لەلایەن کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ئیمزای لەسەر کراوە و ساڵی (١٩٥١) چووەتە بواری کارپێکردنەوە.

بێگومان سەرجەمی پرۆسەکانی جینۆسایدی کورد هەر لە وڵات ڕاگواستن و لەناوبردنی کوردی فەیلی و بارزانییەکان و ئەنفال و هەڵەبجەوە بیگرە تا ئەودوای پاکێجەکانی تر و ڕاگواستن و بەعەرەبکردن هەموو دەچنە خانەی جینۆسایدەوە، دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق حوکمی یاسایی خۆی لەسەر دەرکردووە و پەرلەمان و حکوومەتی عێراقیش کە میراتگری ڕژێم و حکوومەتەکانی پێشتری عێراقە سەلماندوویەتی.

وەک پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لەئەنجامی سیاسەتی کوشتوبڕی ڕژێمی پێشوو عێراق پڕبوو لە گۆڕی بەکۆمەڵ. بەپێی ڕووماڵ کردنی دامەزراوەی شەهیدانی عێراق (موءسسة الشهداء) تائێستا (٣٤٦) گۆڕی بەکۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە و دەسنیشان کراوە، کەوا بە خەمڵ و مەزەندە نزیکەی (٣٠٠) هەزار قوربانی لەخۆگرتووە، بێجگەلە قوربانییانی کوردی ئێزیدی و هیتری دەستی داعش، کە لە عێراق و سووریادا تائێستا (٧٢) گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە.

لە ساڵی (٢٠٠٦)دا عێراق یاسای ژمارە (٥)ی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەرکردووە (قانون حماية المقابر الجماعية)، کە بەم جۆرە پێناسەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کردووە: "خاکێکە، لاشەی

زیاتر لە شەهیدێکی تێدایە، بە شێوەیەك نێژراون یان شاردراونەتەوە کە ڕێوشوێنە شەرعی و بەها مرۆڤایەتییەکان ڕەچاو نەکراون، مەبەست لێی شاردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژییە کە لەلایەن تاکێك، یان کۆمەڵە کەسێك، یان دەستەیەك ئەنجامدراوە، هەروەها بریتییە لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ". هەڵبەت هەر لەو کاتەوە دەزگایەکیش لە عێراق دامەزراوە بەمەبەستی ڕاییکردنی کاروباری گۆڕە بەکۆمەڵەکان و پاراستنیان وەک بەڵگەی یاسایی و تاوانکاریی سەلماندنی یەک لەم سێ حاڵەتەی تاوانی جەنگ، تاوانی دژەمرۆڤایەتی و جینۆساید یان هەرسێکیان پێکەوە. ئەم دەزگا یان بەڕێوەبەرێتییەی پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان سێ کۆنفرانسی بەستووە کە ساڵی (٢٠٠٦) لە لەندەن و ساڵی (٢٠٠٨) لە بەغدا و ساڵی (٢٠١١) لە هەولێر. هەروەها لە ساڵی (٢٠٠٧)وە ڕۆژی (١٦)ی ئایاری بە ڕۆژی گۆڕە بەکۆمەڵەکان داناوە.

بێگومان سەرلەبەری ئەم یاسایە و خاڵەکانی و ئەو باس و لیکۆڵینەوانەش کە پێشکەش بەو کۆنفرانسانە کراون هەموو جیددی و زانستی و ڕێنمایی و نەخشەڕێگا بوون بۆ کاری ئەم دەزگایە. لەدوای بەرپاکردنی تاوانە سامناکەکەی جینۆسایدیش لەلایەن داعشەوە دژ بە کوردە ئێزیدییەکان و داگیرکردنی مووسڵ و شوێنانی تری عێراق لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییەوە و زیادبوونی ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی کە قوربانییانی ئێزیدی و خەڵکی تریشی لەخۆگرت، یاسای گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەموارکرایەوە و بوو بە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠١٥).

هەڵبەت ئەم دەزگایە لەم ساڵانەدا دەبوو بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و دامەزراوە پەیوەندیدارەکانی تری عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستاندا بیتوانیبایە بەشێوەیەکی زانستی و پراکتیکی کاری بکردایە و سەرجەمی کەسوکاری قوربانییان لە عێراق و کوردستاندا نموونەی خوێنیان لێ وەربگیرایە و داتابەیس بکرایە بۆ ئەنجامدانی پشکنینی زانستی لەسەر ئێسکوپرووسکی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و بەراورد کردنیان بە نموونەی وەرگیراو بە مەبەستی ناسینەوەی قوربانییان لە کاتی دەرهێنانی ڕوفاتەکانیان لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بێگومان ئەمیش بە زانستی نەک بەو هەڕەمەکییەی دوای گۆڕینی ڕژێم لە ساڵی (٢٠٠٣)دا کەوا لە گۆڕە بەکۆمەڵە گەورە و سامناکەکەی مەحاویلی پارێزگای بابل ئەنجامدرا و هەرخێزانە و ئازیزی خۆی بە جلەکانی یان سەعاتەکەی یان ئەنگوستیلەیەکی یان هەر شتێکی تر دەناسییەوە و لە دۆخ و کەشێکی پڕ خەم و گریان و فرمێسکدا دەیکردە

تووڕەکەیەکەوە دەیبردەوە بۆ دووبارە ناشتنەوەی و دەیان و بگرە سەدانی تریش بە بێ ناسینەوە و تەنها بە مەزەندە و گۆترەکاری ڕوفاتیان دەبرا.

ڕاستێکەی بەم ڕەفتارە پڕسۆز و گۆترەکارییە بەڵگەیەکی هێجگار زۆری تاوانەکە لەدەستچوو کە دەکرا دژ بە تاوانکاران و سەرانی ڕژێم بەکارهێنرایەن لە دادگایی کردنێکی پیشەیی ئاست بەرزدا و دەبوو نێودەوڵەتیش بوایە. بەمە و بە دەیان ڕەفتاری تری نازانستی و ناشایستە گەلێ دەرفەت لەدەستدران بۆ دادگایی کرنێکی ڕەوای تاوانباران، کە زۆرێکیان دواتر وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون و لە سزای گەل دەربازبوون. ئەم حاڵەتە بە شێوەیەکی سەختترو تائێستاش ئازاربەخش هەرێمی کوردستانیشی گرتەوە و سەدان کەسی تۆمەتبار دەربازبوون و بگرە پێگە و دەسەڵاتیشیان زیاتربوو لە ئەنجامی ململانێی ناڕەوای حیزبی، لە بەرانبەر داخ و پەشیمانی و نائومیدیی کەسوکاری قوربانییان.

بێگومان دەزگای گۆڕە بەکۆمەڵەکان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ئەرکی خۆیان بەجێبێنن، بەتایبەتی ئەوە چەند ساڵە و ئێستاش گەلێ لایەن و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناحکوومیی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤەوە یارمەتییان دەدەن و دەیانەوێ هاوکاریان بن چەشنی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ کەسە ونبووەکان (International Commission on Missing Persons - ICMP).

## یەکەم هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ لە کوردستاندا

سەبارەت بە بایەخدان بە گۆڕی بەکۆمەڵ وەک بەڵگەی تاوان و لە حاڵەتی هەڵدانەوەشیدا بۆ دەرهێنانی ئێسکوپرووسکی قوربانییەکان و شمەک و کەرەستانەی پێی بووە لە کاتی ناشتنیدا، من نموونەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گوندی کوڕێمێ دەهێنمەوە کە سەربە پارێزگای دهۆکە و ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی هەردوو ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆچ و پزیشکانی مافی مرۆڤی لەسەرە و بێجگە لەوەش لە ڕاپۆرتە بەناوبانگەکەی هیومان ڕایتس ۆچ / میدڵ ئیست ۆچدا (جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد Genocide in Iraq .. The Anfal Campaign Against the Kurds)، کە ساڵی (١٩٩٣) بڵاوکراوەتەوە و نووسەری ئەم باسە کردوویەتی بە کوردی (کە لە ساڵی ١٩٩٩وە تا ئێستا چوار جار چاپکراوە، بەوردی باس لە چۆنێتیی هەڵدانەوەی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵە دەکەن کە (٢٧) قوربانیی گوندی کوڕێمێی تێدابووە و لە قۆناخی هەشتەمی ئەنفالدا، واتە ئەنفالی

بادینان، لە نزیک گوندەکەی خۆیانەوە هەر لەجێدا گوللەباران کراون و ژمارەکە لە بنەڕەتدا (٣٣) کەس بووە و شەش کەسیان ڕزگاریان بووە کە یان گوللەیان بەرنەکەوتووە یان بریندار بوون و خۆیان لەپاڵ یان لەژێرتەرمەکاندا شاردووەتەوە.

لە کۆتایی دیسەمبەری (١٩٩١) و لەپاش ڕاپەڕین خەڵکی کورد لە بەهاری ئەو ساڵەدا، تیمێکی شارەزای ئەمریکی زۆر بەوردی و پارێزەوە و بە سەرپەرشتیی پرۆفیسۆر کلاید کۆڵن سنۆ، کە پسپۆڕی هەڵدانەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ بووە لە ڕێگەی تورکیاوە سەردانی کوردستان دەکەن، بەمەبەستی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گوندی کورێمێی نزیک مانگێش. لەپێش ئەنجامدانی کارەکەیاندا لەڕووی جوگرافی و ئارکیۆلۆجییەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە و دواتر لە پزیشکی دادی دهۆک لێکۆڵینەوەی یاسایی و تەندروستییان لەسەرکردووە و پاشان ئەنجامەکەیان لەگەڵ سەرجەمی ڕاپۆرتەکانی شالاوی ئەنفالدا بەراورد کردووە. هەروەها هیچ شتێکیان پشتگوێ نەخستووە کە بە قوربانییەکان بووە و وردەکاریان لە ژمارەی ئەو گوللانە و جۆرەکانیان کردووە کە لەو کاتەدا قوربانییەکانیان پێکاوە و چەند قەوانە فیشەک لەنێو گۆڕەکە و دەوروبەریدا بووە و.. هتد.

کاری ئەو تیمە دواتر بووە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی بە ناونیشانی "وێرانکردنی کورێمێ The Destruction of Koreme". شایانی باسە کەوا لە لایەنە سەربازییەکەی ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا کورێمێ یەکەم شوێنی کۆمەڵکوژیی لەم چەشنەیە کە هێزەکانی سوپای عێراق هەر لەجێدا کۆمەڵکوژییان ئەنجامدابێت، دەنا لە هەر هەشت قۆناخەکەی ئەنفالدا وەک هەر کردەیەکی جینۆسایدی بەتەواوی پەیڕەویی سێ قۆناخەکەی ڕاوڵ هیلبێرگیان کردووە کە دەڵێ لە هەرشوێنێکی دنیادا کە جینۆساید ئەنجام دەدرێت لەم سێ قۆناخە بەدەرنابێت:

١. دیاریکردنی گرووپ ٢. گرتنی گرووپی مەبەست ٣. لەناوبردنی گرووپی مەبەست، کە لێرەدا کوردی دێهاتی ناوچە ڕزگارکراوەکان بوون لە دیدی لایەنەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە و ناوچە قەدەغەکراوەکان "المناطق المحظورة" لە دید و تێڕوانینی ڕژێمەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە بوو کە خەڵکەکە بە فرۆفێڵ و درۆ و چاوبەستیی کۆدەکرانەوە و پاشان دەبران بۆ سەنتەرە کاتییەکانی جیاکردنەوە و پرۆسێسەکردن و پاشان دەبران بۆ کوشتن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانی ناوەڕاست و باشوورو ڕۆژئاوای عێراقدا.

دواتر هەر هەمان تیم لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی سەر بە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ - میدڵ ئیست ووچ و ڕێکخراوی پزیشکانی مافی مرۆڤ ساڵی (١٩٩٢) هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و ژمارەیەک گۆڕیان هەڵداوەتەوە لە سلێمانی و هەولێر و سەربازگەی سارداو و گردیلە سلێمانی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر قوربانییەکانی دەستی ڕژێمی پێشووی عێراق و دیسان بە شێوەیەکی زانستی و لە ڕێگەی کۆمەڵێک پسپۆڕەوە ئەنجامیان داوە و دواتر کراوە بە ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتیی ئەو دوو ڕێکخراوە بە ناوی "گۆڕە نائارامەکان .. گەڕان بەدوای بێسەروشوینان لە کوردستانی عێراقدا "Unqueit Graves, The Search for the Disappeared in Iraqi Kurdistan" و بەندە ساڵی (٢٠٠٤) تەرجەمەی زمانی عەرەبیم کردووە بە ناوی (قبور غير هادئة، البحث عن المفقودين في كردستان العراق).

شایانی باسە کەوا ئەم تیمە ژمارەیەک گۆڕیان لە هەردوو گۆڕستانی سەیوان لە سلێمانی و گردە ڕەشە لە هەولێر هەڵداوەتەوە، بێجگە لەوەش کاریان لە سەر چەند گۆڕێکی بەکۆمەڵ کردووە لە گردی دەباشان و سەربازگەی سارداو و بەشی ئەمنی لەناکاو لە سلێمانی کە بە تەوارییەکەی چوارباخ دەناسرا، لەگەڵ هەڵدانەوەی ژمارەیەک گۆڕ لە ناوچەی بەحرکە - جێژنیکان لە هەولێر، بەمەبەستی دەسنیشانکردنی تاوانەکانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا. ئەنجامی ئەم گۆڕ هەڵدانەوە و پشکنینی ئێسک و برووسکە ڕاپۆرتی نێودەوڵەتیی "گۆڕە نائارامەکان"ی لێکەوتەوە، کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد.

## مامەڵەکردنی ئێستامان لەگەڵ قوربانیانمان و گۆڕە بەکۆمەڵەکانمان

پەرلەمانی عێراق یاسای ژمارە پێنجی ساڵی (٢٠٠٦)ی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی دەرکردووە و ساڵی (٢٠١٥) دەسکاریی هەندێ لە ماددەکانی ئەو یاسایەی کردووە، لەڕووی چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا، کە لەڕووی تیۆرییەوە گەلێ ماددەی تێدایە بۆ پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و چۆنێتیی هەڵدانەوەیان بەشێوەیەکی زانستی و لە نێویشیدا ئەنجامدانی پشکنینی ترشی ناوکی DNA (دی. ئێن. ئەی.) بە مەبەستی ناسینەوەی ڕوفاتی قوربانییان و سەرلەنوێ ناشتنەوەیان بە گوێرەی ڕێوڕەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەی شکۆی مرۆڤ بۆیان لە بەخاکسپاردنیاندا. هەروەها قەرەبوو کردنەوەی ماددی و مەعنەویی کەسوکاری قوربانییان و پارێزگاری کردن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان تا ئەو کاتەی ڕوفاتەکانیان بە شێوەیەکی زانستی

لێدەردەهێنرێت و گەڵ هەلومەرجی دیکەی ئەو پارێزگارییە. بەڵام لە واقیعدا مامەڵەکردنی حکوومەتی عێراقی لە بواری پراکتیکدا بەپێی ئەو یاسایە مامەڵە لەگەڵ گۆڕی بەکۆمەڵدا ناکات و بەتایبەتیش ئەوی قوربانییانی کورد و تا ئێستا ئامارێکی ورد نییە بە ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان لە عێراقدا و جارێک ڕادەگەیەنرێت کە ژمارەکە (٣٧٦) گۆڕی بەکۆمەڵە و جارێک کەمتر و زیاتر و لەکاتێکدا کتێبی "دليل المقابر الجماعية في العراق - مرحلة حكم البعث". کە بە هەماهەنگی دامەزراوەی شەهیدانی عێراق و دەزگای "العتبة العباسية" دەرچووە ئاماژە بە (٨١) ناوچەی گۆڕی بەکۆمەڵ دەکات بە (٢١٣) شوێن گۆڕ و (٩٩) مەوقیع لە هەموو عێراقدا. هەڵبەت بۆ هەموو ناوچەکانی گۆڕی بەکۆمەڵ پارێزگا و قەزا و ناحیە و شوێنی جوگرافی و نزیکیی لە ڕێگە و شەقام و هەر شوێنێکی ناسراوەوە دیاریکردووە لەگەڵ ڕەمز و هێما و ئەحداسییاتی گۆڕە بەکۆمەڵەکاندا. ئەم کتێبە لە ساڵی (٢٠٢٣)دا دەرکراوە.

ئەوەی تێبینی دەکرێت لە کۆی ئەو هەزاران قوربانییەی کورد کە لە سەرەتای ساڵانی (١٩٨٠)کان و پێشتریشەوە لە گۆڕی بەکۆمەڵدان، بە هەموو وێستگە و قۆناخەکانی جینۆسایدەوە، تائێستا نزیکەی کەمێک زیاتر لە ئێسکوپرووسکی سێ هەزار قوربانی گەڕێنراوەتەوە بۆ کوردستان و بێجگە لە بەڵێن هیچ هانگاوێکی جیددی و پراکتیکی نابینرێت بۆ پشکنینی (DNA)، لەکاتێکدا کەوا بەپێی پسپۆڕانی ئەم بوارە کارەکە خەرج و مەسرەفێکی زۆری تێناچێت ئەگەرهات و لە عێراق خۆیدا ئەنجام بدرێت و پەنا نەبرێتە بەر دەرەوە، کە وەک باس دەکرێت خەرجی زۆری تێدەچێت وگەندەڵییەکی زۆریشی تێکەڵ دەبێت.

بێگومان دەبێت حکوومەتی عێراق ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆی لەم ڕووەوە بەجێبێنێت و قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری قوربانییانیشی لەئەستۆیە، وەک دەوڵەت و حکوومەتێکی میراتگری ئەو دەوڵەتی عێراق لە سەردەمانێکدا ڕژێم و دەسەڵاتەکەی تاوانی جینۆسایدی ئەنجامداوە.

بێگومان پابەندکردنی عێراق وەک دەوڵەت بۆ قەرەبووکرنەوەی دەوڵەتە زیانلێکەوتووەکانی جەنگەکانی کەنداو باشترین پاڵپشتی ئەخلاقی و یاساییە بۆ ئە ئەم مەسەلەیە. لێرەدا کەسوکاری قوربانییانی بەشەکانی تری عێراقیش هەمان مافیان دەبێت، کە وەک باس دەکرێت لە جوغزێکی دیاریکراودا هاوکاریی کەسوکاری شەهید و قوربانییەکانیان کراوە، لە ڕێگەی دامەزراوەی شەهیدانی عێراقەوە، چ بە پێدانی زەویی نیشتەجێبوون یان خانوو و مووچە و ئیمتیازاتی تر، بەڵام

هاودەردە کوردەکانیان لە هەموو مافێکی ماددی و مەعنەوی بێبەش کراون. لەم ڕووەشەوە حکوومەتی هەرێم پابەند و بەرپرسیارە لەوەی کە هەوڵی لێبڕاو بدات بۆ دەستەبەرکردنی ئەم مافە و کوسوکاری قوربانییانی جینۆساید هەست بە کەمتەرخەمی و بێباکی و خۆدزینەوەی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم دەکەن.

بەهەمان شێوە ئەوە ئەرکی حکوومەتی عێراقە کە داوای لێبووردن لە گەلی کورد و بنەماڵەی قوربانییان بکات لەپای ئەو جینۆسایدە پڕستەمەی کە بەسەریاندا هات، لەسەر دەستی دەوڵەتی عێراق کە لەپاش ڕووخانی ڕژێمی پێشووش ئەم دەوڵەتە هەڵنەوەشایەوە و لەڕووی یاسای نێودەوڵەتییەوە میراتگری ڕژێم و دەوڵەتی پێش خۆیەتی.

ئێمە لە جیهاندا نموونەمان زۆرە لەبارەی داواکردنی لێبووردن و پۆزشهێنانەوە بۆ کەسوکاری قوربانییانی جینۆساید، چەشنی داوای لێبووردنی دەوڵەتی ئەڵمانیای دوای ڕژێمی نازییەکان لە گەل و قوربانییانی جوو لە هۆڵۆکۆستدا و سەردانی سەرۆکی دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ ئیسرائیل و پێشکەش کردنی داوای لێبووردن لە سیناگۆگ یان پەرستگەی سەرەکیی جووەکاندا، بێجگەلە قەرەبووی ملیاران یورۆ بە دەوڵەتی ئیسرائیل و بنەماڵەی قوربانییە لەناوچووەکانی هۆڵۆکۆست. هەروەها داوای لێبووردنی ئیمپراتۆر و پەرلەمان و سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن لە بنەماڵە و کەسوکاری قوربانییانی ئەوکچ و ژنە گەنجانەی چین و کۆریا و وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا کەوا سەربازەکانی سوپای ژاپۆن لە "جینۆسایدی ڕابواردندا" دەستدرێژییان کردبووە سەریان و کردبوونیانە کۆیلەی سێکس. هەروەها داوای لێبووردنی پاپای ڤاتیکان لە گەلی ڕواندا و بەتایبەتی لە نەتەوەی تووتسی لەپای ئەو جینۆسایدەی کە لەدژیان بەرپاکرا و کەنیسەی کاسۆلیکی وەک پێویست داکۆکیی لێنەکردن و هەندێ جار کارئاسانیشی کردبوو بۆ ئەنجامدەرانی کوشتارەکە. بە هەمان شێوە سەرۆک وەزیرانی کەنەداش پۆزشی هێنایەوە بۆ کەسوکاری ئەو منداڵانەی خێڵە جۆراوجۆرەکانی هندییە سوورەکانی ئەو وڵاتە کە بە درێژایی زیاد لە (١٢٠) ساڵ لە قوتابخانەکانی بەسە ناوخۆییەکاندا دەیانکوشتن و تەرمەکانیان لە کەسوکاریان دەشاردەوە، وەک بەشێک لە سیاسەتی قڕکردنی ئەو خێڵانە.

بێگومان هەرداوای لێبووردن و پۆزشێک دەبێت هاوسان بێت لەگەڵ قەرەبووکردنەوەی ماددی و مەعنەویدا، ئەو نموونانەی کە باسمکردن ئەم یاسا و ڕێسایەیان پەیڕەوی کردووە.

**تێبینی: بۆ ئەم باسە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:**

☜ جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، ئامادەکردنی: هیومان ڕایتس ووچ / میدڵ ئیست ووچ، لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق.

☜ القبور الجماعية ومآسيها في العراق - تأليف: القاضي طه بابان.

☜ دليل المقابر الجماعية في العراق/ مرحلة حكم البعث، إعداد الدكتور رائد عبيس، موءسسة الشهداء - دائرة المقابر الجماعية والعتبة العباسية، ٢٠٢٣.

☜ قبور غير هادئة .. البحث عن المفقودين في كردستان العراق، هيومان رايتس ووتش و أطباء من أجل حقوق الإنسان، عن الإنجليزية: محمد حمەصالح توفيق.

☜ جینۆسایدی ئەرمەن و ڕۆڵی کورد تێیدا - محەمەد حەمەساڵح تۆفیق.

☜ سایتەکانی ئینتەرنێت لەبارەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە. www.massgraves.org

* ئەم باسە لە کۆنفرانسی ئەنفال و ژیانەوە، لە ڕۆژی (2024/6/8) لە چەمچەماڵ پێشکەشکرا.

## تەوەرەی سێیەم:
## ژن و ئەنفال

### کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی ئەنفال لەسەر کەسایەتی ژنی کورد (قەزای چەمچەماڵ) بە نموونە

م. د. مریوان عبدالمجید محمد
م. ی. کاظم احمد صدرالدین

### ژن و ئەنفال(ئەنفالی سێ) بە نموونە

م. ی. کاظم احمد صدرالدین
پ. د. جزا توفیق طالب

# کاریگەرییە سایکۆلۆژییەکانی ئەنفال لەسەر کەسایەتی ژنی کورد (قەزای چەمچەماڵ) بە نموونە

م. د. مریوان عبدالمجید محمد

م. ی. کاظم احمد صدرالدین

## پوختەی توێژینەوە

ئەنفال پرۆسەیەکی تاوانکاری ڕژێمی بەعس بوو لە هەشت قۆناغی جیاوازدا، هەرێمی کوردستانی گرتەوە، چەندین کاریگەری دەروونی لەسەر ژنانی بەجێماو بەجێهێشت لە کۆمەڵگا ئەنفالنشینەکاندا. ڕۆڵی ژنانی بەجێماوی ئەنفال لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە تایبەت لە دوای کارەساتی ئەنفال کە زۆربەی ژنان ئەرکی بەخێوکردنی منداڵ و ئیش و کاری دەرەوەیان کەوتە ئەستۆ، سەرەڕای کۆسپ و دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان، ژنانی ئەنفال شان بەشانی پیاوان کاری قورسی دەرەوەی ماڵیان ئەنجام داوە و ڕۆڵیان هەبووە لە پەروردەی منداڵ و بونیادنانی کۆمەڵگەدا.

توێژینەوەکە کار لەسەر دوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی دەکات، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوەیە لە نیشانەکانی گرفتە دەروونیەکان و پەیوەندی بە تەمەن و باری ئابوری و کۆمەڵایەتی ژنانی بەجێماوی ئەنفال. بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفال، ژنانی ڕزگاربوو لە پرۆسەکە تووشی چەندین نەخۆشی و کێشەی دەرروونی بوونە، لەوانە: (تراوما، نەخۆشی جەستەیی، خەمۆکی وترس). هەروەها لەم توێژینەوەیەدا سوود لە میتۆدەکانی (وەسفی، شیکاری و چەندێتی) وەرگیراوە. بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بۆ پێوانی نیشانەکانی گرفتە دەروونیەکان کە بە (ADSIIS-35) ناسراوە و ڕاستگۆی و جێگیری بە پلەی زۆرباش بەدەستهێناوە، سوود وەرگیراوە لە بەرنامەی (SPSS) بۆ شیکاری داتاکان بۆ (150) فۆرمی ڕاپرسی کە بەشداربووان لە کۆی(200) فۆرم وەڵامیان داوەتەوە.

توێژەران گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە پەیوەندی ئاماری گرنگ لەنێوان نیشانەکانی فشار و کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی پەیوەستە بە تەمەن، ئاستی ئابووری، کۆمەڵایەتیەوە. بەتایبەت لای ئەو ژنانەی کە کەسی یەکەمیان وەك پیاوەکانیان ئەنفال کراوە و تەمەنیان لە سەرووی (50)

ساڵیەوەن. لە توێژینەوەکەدا ڕاسپاردەو پێشنیاری پێویست بۆ لایەنی پەیوەندیدار و توێژینەوکانی داهاتوو سەبارەت بە ژنانی بەجێماوی ئەنفال خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشە:** (ئەنفال، شاڵاوەکانی ئەنفال، کەسایەتی ژنی کورد، کاریگەرییە سایکۆلۆژیەکانی ئەنفال)

## پێشەکی

ئەنفال وەك تاوانێکی دژە مرۆیی بە هەشت قۆناغ لەلایەن ڕژێمی بەعسی دەسەڵاتداری عێراقەوە لە ساڵی (1988)، بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل ئەنجامدرا، تیایدا (182)هەزار کوردی بێ تاوان، بێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز و ئاین بوون بە قوربانی و شوێن بزرکران. هەشت قۆناغەکەی ئەنفال تەنها لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا جی بەجێ نەکرا بەڵکو تەواوی جوگرافیای کوردستانی گرتەوە، لەگەڵ خۆیدا چەندین لێکەوتە و دەرهاویشتە و کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاکی کورد بەجێهێشت، لە ناویاندا ژنان. ژنان لە پرۆسەی ئەنفالدا زەبرێکی کاریگەری سایکۆلۆژیان بەرکەوت، بەمەش ڕەنگدانەوەی سلبی لەسەر کەسایەتی ژنی کورد بەدەرکەوت، هەر لە کاتی جێ بەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالەوە هەتاوەکو ئێستا لە کۆمەڵگەی کوردیدا جێکەوتی ئەنفال بەسەرژنی کوردەوە دیارە، بەتایبەت لە کۆمەڵگا و ناوچە ئەنفال نشینەکان، هەر بۆیە ژنانی لێ بەجێماوی ئەنفال لە ڕەگەزە قوربانیدەرەکانی پرۆسەی ئەنفال بوون شان بەشانی پیاوەکانیان.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی کشتی توێژینەوە:

هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: پرۆسەکانی ئەنفال هۆکارێك بوون بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەندین گرفتی سایکۆلۆژی کە تائێستاش ڕەنگدانەوەی لەسەرکەسایەتی ژنانی بەجێماوی ئەنفال هەیە. دەرخستنی ڕادەی کاریگەرییە سایکۆلۆژیەکانی پرۆسەی ئەنفال لەسەر ژنانی بەجێماوی ئەنفال، هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکەیە.

گرنگی توێژینەوەکە: خستنەڕووی کاریگەرییە دەرونیەکانی ئەنفالە لەسەرژنانی بەجێماوی ئەنفال و کەسایەتی ژنی کورد. ڕەنگە توێژینەوە زۆرکرابێت لە سەر کاریگەری و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەنفال، لە ڕووی چەندێتی و چۆنیەتیەوە بەڵام گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، بە سوود وەرگرتن لە کەرەستەی زانستی و فۆرمی ڕاپرسی و بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)، شیتەڵکاری بۆ قەبارەی

کاریگەریە دەرونیەکان کراوە لەسەر ژنانی بەجێماوی ئەنفال و کەسایەتی ژنی کورد لەناویاندا قەزای چەمچەماڵ بە نموونە وەرگیراوە.

ئامانجی توێژینەوەکە: ئامانج لەم توێژینەوە، دەرخستنی کاریگەرییە سایکۆلۆژیەکانی ئەنفالە لەسەر کەسایەتی ژنانی بەجێماوی ئەنفال، لە قەزای چەمچەماڵ. هەروەها بۆ دۆزینەوەی نیشانەکانی گرفتە دەروونیەکان و پەیوەندی بە تەمەن باری خێزانی، ئابوری، کۆمەڵایەتی لە نموونەی وەرگیراوی توێژینەوەکە

کێشەی توێژینەوەکە: ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی بەجێماوی ئەنفال دەکەوێتە قەزای چەمچەماڵەوە، زۆربەی ژنانی بەجیماوانی ئەنفال ئەندامێك یان زیاتری خێزانەکەیان لەپرۆسەی ئەنفالدا شوێنبزرکراوە یان زیندەبەچاڵکراوە. تا ئێستا بەوردی توێژینەوەیەك ئەنجام نەدراوە کە باسی زۆربەی لایەنەکانی گرفتە دەروونیەکانی وەکو (دڵەڕاوكێ، خەمۆکی، فشاری دەروونی، کەم خەوی، هەست کردن بەکەمی) کردبێت. لەکاتێکدا ژنانی بەجێماوی ئەنفال یەکێکن لەوتوێژانەی کە بەدەست چەندین گرفتی دەروونیەوە دەناڵێن.

میتۆدی توێژینەوەکە: لە توێژینەوەکەدا سێ میتۆد بەکارهێناوە لەوانە میتۆدی وەسفی بۆ وەسفکردنی دیوە تێوریەکەی ئەنفال و ژنانی بەجێماوی ئەنفال. میتۆدی شیکاری بۆ شیکارکردنی داتاکانی ناو توێژینەوەکە هەروەها لەگەڵ میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتی.

پلانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە لە سێ بەش و چەند باسێك پێکهاتووە، بەشی یەکەم: باسی یەکەم: ئەنفال، باسی دووەم: قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال. بەشی دووەم: باسی یەکەم: کەسایەتی ژنی کورد، باسی دووەم: کاریگەرییە سایکۆلۆژیەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال. بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە(دیزاین، شێواز، نموونە(سەمپڵ)، کەرەستە، شیکاری داتا، ئیتیکی توێژینەوە). بەشی چوارەم: ئەنجامەکانی توێژینەوە. بەشی پێنجەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوە لەخۆدەگرێت و بە پاشکۆ کۆتایی بە توێژینەوەکە هاتووە.

باسی یەکەم: ئەنفال

ئەنفال ناوێکە بۆ زنجیرەیەك هێرشو پەلاماری چڕوپڕی سەربازی. سەرجەمیان هەشت پەلامار بوو. لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاواز بەڕێوەچوو. فەرمانگەی گشتی پرۆسەکە لە شاری کەرکوك بوو لە نووسینگەی باکور. (عومەر، مەهدی فاتیح، 2019، ل9). وێڕای ئەوەی، پرۆسەی ئەنفال، تەنیا کردەیەکی قڕکردنی مرۆیی نەبوو. بەڵکو پرۆسەیەکی پلان بۆ کێشراوی لەپێشتر بڕیار بۆ

لێدراوی ڕژێمی بەعس بوو. بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشانی بنەما کۆمەڵایەتی و دەرونی و ڕامیاری و کەلتووریەکانی گەلێك. بۆ ئەوەی زۆرترین زیانی پێبگات. ( جەباری، مەریوان عەبدوڵەجید موحەمەد، 2011، ل18)

ئەنفال بەرهەمی، بیری فاشیزمی عەرەبیە. بۆ لەقاڵبدان و کێومالْکردنی مێژوو، جوگرافیای گەلی کورد. لەناوبردن و بریندارکردنی سایکۆلۆژیای تاك، لە زەمەنی دەستپێکردنیەوە بۆ چیرۆکی بەردالأنی نەوەکانی ئایندە. ئەنفال پلانێکە لە مێژوویەکی دیاریکراوەوە دەست پێدەکات. ڕووی لەبەشێکی دیاریکراو و پێشوەختە پێناسەکراوی کۆمەڵگای کوردییە. کە بریتییەلە وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتن و لەناوبردن و ڕاگوێزانی دانیشتوانی گوندەکانە. (قانع، مەریوان وریا، 2010، ل 76). چەمکی ئەنفالی ئاماژەیەکە بۆ ناونانی کردەی کوشتن و برین و بەتاڵان بردنی سەرتاسەری بە نیازی هاندانی سوپایەکی ملهوڕ بۆ گەرمبوون لەسەرکارەکەو بەنیازی بە موسڵمان نیشاندانی ڕژێم و کورد بە لە ڕێ دەرچووی ئیسلام بە دنیای موسڵمانان. (قادر، هیدایەت جەمال، 2013، ل19).

ئەم ناوە واتە (ئەنفال)، سورەتێکە لە قورئانداو پێکهاتووە لە (75) ئایەت. ئەنفال زاراوەیەکی قورئانیەو بنەڕەتێکی عەرەبی هەیە. لەنێو فەرهەنگەکانی زماندا. وشەی (ئەنفال)، کۆی (نفل)ە. بە واتای (غەنائم)دێت، کۆی (غنیمە). ئەنفال لەڕووی زاراوەوە بە واتای (دەسکەوت) دێت. لەڕووی زمانەوانیەوە، لە قورئان و کتێبە ئیسلامیەکاندا بەو دەسکەوتانە دەوترێت کە دەکەوێتە دەست سوپای ئیسلام، لەدوای پێکدادانیان لەگەڵ نەیارانیاندا کە بێ باوەڕان. (احمد، تەلار سالار، 2022، ص396).

ئەنفال گوزارشتکردنە لە مردن و سوکایەتیکردن بە مرۆڤ، بەرزترین پلەی ڕاسیزم و جینۆسایدە. کۆیلەکردنی مرۆڤە لەلایەن مرۆڤەوە، لەناوبردنی ژینگە و ژیانە و سوتاندنی هەموو ئومێد و ئاواتێکە. ئەنفال (یوم القیامە)ی ئەم دونیایە باسی دۆزەخ و سوتاندنە، وێنەیەکی ترە لە تراژیدیا. (بیارەیی، ئاسۆ، 2013، ل20)

باسی دووەم: قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال

شاڵاوەکانی ئەنفال، سەرجەمیان هەشت قۆناغ بوون و ڕژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو، پرۆسەکەی بە ئەنجام گەیاند لێرەدا بەکورتی ئاماژەیان پێدەکەین:

1. شاڵاوی ئەنفالی یەك: ئەم شاڵاوە لە ناوچەی سلێمانی و گەمارۆدانی (سەرگەڵو، بەرگەڵو) لە (23)ی شوبات بۆ (19)ی مارتی 1988 خایاند. (فەرەج، جەمال مەجید، 2022، ل83). ئەنفالی یەك، لەکاتێکدا بوو سەرەتا بە گەمارۆدانی گوندەکانی (سەرگەڵو، بەرگەڵو)، دەستی پێکرد، سنوری قەزا و ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، سورداش، چوارتا، قەڵاچوالان، ماوەت)ی گرتەوە. ئەم شاڵاوەدا بەسەرکردایەتی سوڵتان هاشم ئەحمەد ئەنجامدرا و زیاتر لە (دوازدە هەزار و سەد)کەس بەهۆی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە لەلایەن سوپای بەعسەوە شەهید یاخود بریندار کران و تێکرا زیاتر لە (150)گوند و چەند ناحیە و شارۆچکەیەك وێرانکران. (سەعید، محەمەد ئەحمەد و مەهدی فاتیح عومەر، 2019، ل157).

2. شاڵاوی ئەنفالی دوو: ئەم شاڵاوە لە ڕۆژی (1988/3/22) هەتا (1988/4/1)ی خایاند.( عارف، ستارە،2012، ل 19). نزیکەی هەشتا گوندی ناوچەکانی (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان) لە پارێزگای سلێمانی بەر ئەنفالی دوو کەوتن. ئەو خەڵکەی لە گوندەکان کۆدەکرانەوە بە ژنو منداڵ و گەنج و پیرولاوەوە بە ئیڤای سەربازی، ڕاپێچی ئۆردوگای مەرگ کران. جگەلە ئەنفالکردنی خەڵکی سڤیلی ناوچەکە هەریەك لە گوندەکانی (گومەتە، مەسۆیی، کۆشك، تەکیە، بەلەکجاڕ، سێوسێنان) کیمیاباران کران. نزیکەی (89 بۆ 90)کەس شەهیدکران. (سليمان، فاتح محمد، 2010، ص189)

3. شاڵاوی ئەنفالی سێ: ناوچەی گەرمیانی گرتەوە لە ڕێکەوتی (7ی نیسان دەستی پێکرد و لە 20ی نیسان کۆتایی پێهات. (کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، 2015، ل1). دلڕەقترین پرۆسەی ئەنفال بوو. لە ڕۆژە ڕەشەکەی حەوتی نیسان دەستی پێکرد، لە چواردەی نیسان گەیشتە بەرزترین پلەی تاوان. لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا، بە تایبەت لە ڕۆژی (1988/4/14) زیاتر لە (30000) سی هەزار هاوڵاتی سڤیلی گەرمیان ئەنفالکران. سنوری جوگرافیای ئەنفالی سێ ناوچەکانی (چەمچەماڵ، سەنگاو، قادرکەرەم، تەکیەی جەباری، کفری، کەلار، پێباز، نەوجول، ناوچەی داودە، بنارگل، تیلەکۆ)ی گرتەوە. زیاتر لە (43)هەزارکەس ئەنفال و شوێنبزرکران. (نامق، چنار، 2013، ل70)

4. شاڵاوی ئەنفالی چوار: ئەنفالی خاڵخاڵان لە ڕێکەوتی (1988/5/3 تا 1988/5/8)ی خایاند، هەریەك لە ناوچەکانی (قەڵاسێوکە، شوان، شێخ بزێنی، دەشتی کۆیە) دەگرێتەوە. لە ڕۆژی (1988/5/3) پەلاماری ئەنفالی چوار بە کیمیابارانکردنی گوندەکانی (گۆپتەپەو عەسکەر)

دەستیپێکرد. بەرەبەیانی (1988/5/4) هێزێکی گەورەی سوپاو جاش، لە میحوەرەکانی چەمچەماڵ و ئاغجەلەرو شوان و پردێ و تەق تەق و کۆیە و قوشتەپەوە پەلاماری ناوچە ئازادکراوەکانی دەشتی کۆیە، قەڵاسێوکە، شێخ بزێنی خواروو، شوان و چەند گوندێکی دۆڵی سورداشیان دا. لەم پەلامارەدا، ڕژێم ڕووبەڕووی بەرگری هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بوونەوە. دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت. دەیان پێشمەرگە شەهیدبوون. نزیکەی (10000) دە هەزار کەس بەر شاڵاوی ئەنفال کەوت. نزیکەی (7000)حەوت هەزار کەسیان لە بیابانەکانی خواروو، ناوەڕاستی عێراق کۆمەڵکوژ کران. (مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، 2013، ل8).

5. شاڵاوی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت: ئەم سێ شاڵاوە بەسەریەکەوە لە (15)ی مایس تا (26ی ئابی 1988)ی خایاند. ناوچەکانی دۆڵی نێو چیاکانی شەقلاوە و ڕەواندزو خەلیفان و سۆران و (دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئالانە، دۆڵی سماقوڵی، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی هیران). لەم قۆناغەدا لە چەندین شوێن چەکی کیمیایی بەکارهات. بە تایبەتی کیمیابارانکردنی دۆڵی بالیسان. (Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, 2018, p: 38)

6. شاڵاوی هەشت: ئەنفالی بادینان، ئەم شاڵاوە لە (25ی ئاب بۆ 6ی ئەیلول) خایاند، لای بەعسیەکان پێی دەگوترێت(خاتیمەی ئەنفال). هەموو بادینانی گرتەوە بە سنوری پارێزگای موسڵیشەوە. لەم قۆناغەدا لە چەند شوێنێك کیمیایی بەکارهات. جگەلەوەی هاوڵاتیانی سریانیو ئێزیدی بوونە قوربانی. (فەرەج، لەتیف فاتیح، 2013، ل5). سنوری جوگرافی ئەنفالی هەشت ناوچەیەکی شاخاوی سەخت بوو پێگەیەکی ستراتیژی گرنگی هەبوو هەرسێ وڵاتی (عێراق و تورکیا و ئێران)ی پێکەوە گرێدابوو. هەریەك لە ناوچەکانی بادینانی وەك (زاخۆ، دەشتی خاپور، چیای بێخێر، کانی ماسێ، ئامێدی، بامەڕنی، دینارتە، شێروان، بارزان، بلێ، زاوێتە، سەرسنکێ، چیای گارە، ئەتروش)ی گرتەوە. (محۆ، ئەرشەد حەمەد، 2013، ل10)

ڕژێمی بەعس بە پلانێکی تۆکمە و لەماوەی (حەوت) مانگدا و لە ڕێکەوتی (1988/2/7 بۆ 1988/9/6)، بە (هەشت) قۆناغ و لە شەش ناوچەی سنوری جوگرافی جودای هەرێمی کوردستانی عێراق پرۆسەی ئەنفالی بە ئەنجام گەیاند. نەخشەی (1)، جگەلە تێکدانی ژینگە و ڕووخاندن و سوتاندنی چەندین قەزا و ناحیە و هەزارەها گوند و زیانی مادی و مەعنەوی، (182)هەزارلە خەڵکی سڤیل بە منداڵ وژن و پیاووگەنج وپیرەوە ئەنفال و شوێنبزر کران. خشتەی (1)

## خشتەی (1) مێژووجوگرافیای شاڵاوەکانی (هەشت) قۆناغەکەی ئەنفال لە ساڵی 1988

| شاڵاوەکان | ماوەکەی | سنووری جوگرافیای شاڵاوەکانی ئەنفال |
|---|---|---|
| یەک | 1988/3/19 - 1988/2/2 | ناوچەی دۆڵی جافایەتی لە سنوری قەزاو ناحیەکانی (دوکان، بنگرد، چوارتا، قەڵاچۆلان، سەرچنار، سورداش، ماوەت) لە پارێزگای سلێمانی. |
| دوو | 1988/4/1 - 1988/3/22 | (بازیان، قەرەداغ، دەربەندیخان) لە پارێزگای سلێمانی. |
| سێ | 1988/4/20 - 1988/4/7 | ناوچەکانی گەرمیان (چەمچەماڵ، سەنگاو، تەکیەی جەباری، قادرکەرەم، کفری، کەلار، پێباز، نەوجول، ناوچەی دوادە، بنارگل، تیلەکۆ). |
| چوار | 1988/5/8 - 1988/5/3 | ناوچەکانی (ئاغجەلەر، چەمی ڕەزان، ناوشوان، دەشتی کۆیە، تەق تەق، پردێ، قوشتەپە، شێخ بزێنی، خاڵخالان، قەڵاسێوکە) ڕژێم لەگەڵ شاڵاوی ئەنفالدا، لە گۆپتەپە و عەسکەرکیمیایی بەکارهێنا |
| پێنج و شەش و حەوت | 1988/8/26 - 1988/5/1 | ناوچەکانی دۆڵی نێو چیاکانی شەقلاوە و ڕەواندزو خەلیفان و سۆران(دۆڵی بالیسان، دۆڵی ئالانە، دۆڵی سماقولی، دۆڵی مەلەکان، دۆڵی وەرتێ، دۆڵی هیران). |
| هەشت | 1988/9/6 - 1988/8/25 | دەڤەری بادینان ناوچەکانی (زاخۆ، دەشتی خاپور، چیای بێخێر، کانی ماسێ، ئامێدی، بامەڕنی، دینارتە، شێروان، بارزان، بلێ، زاوێتە، سەرسنگێ، چیای گارە، ئەتروش) |

سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە:

1. ڕەئوف، محەمەد، پاکێزەکانی ئەنفال، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، 2014سلێمانی،، ل25-39

. Abid, Istebrak Khalid, The Al-Anfal Campaign; Genocide or Politicide?, Master's thesis in Peace 2 and Conflict Studies Faculty of Humanities, Social Sciences and Education Centre for Peace Studies, 2019, P: 30

**نەخشەی(1)، جوگرافیای قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال لە ساڵی (1988)**




سەرچاوە: جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023، ل223

## بەشی دووەم

باسی یەکەم: کەسایەتی ژنی کورد:

کەسایەتی کۆمەڵێك ڕەوشتی ڕێکخراوە لە هۆش و بیرو مەیل و حەزو خوو پێکدێت، کەسێك لە کەسێکی تر جیادەکاتەوە، یاخود پێکهاتەیەکی بزێو و هەوڵێکی بەردەوامە بۆ ئەنجامدانی ڕێکەوتنێك لە نێوان حەزە سروشتییە مرۆیی و یاسا کۆمەڵایەتیەکان، کەواتە کەسایەتی مرۆڤ لە دوو فاکتەرەوە سەرچاوە دەگرێت، فاکتەرێکی دەرونی کە تایبەتمەندی خودی بە کەسایەتیەکە دەبەخشێت، فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی کە شێوە بە کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی چواردەوری تاکەکان دەدات. (وەردی، عەلی، 2019، ل24-71)، ژنی کوردیش وەك هەر مرۆڤێکی تری سەر ئەم گۆی

زەمینە خاوەن کەسایەتی تایبەت بە خۆیەتی کە هەڵقوڵاوی باری دەرونی و ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردیە، خاوەن پلەوپایەیەکی شیاوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا. (شریف، عبدالستار طاهر، 1981، ل20). ژنی کورد جگەلەوەی ئیش و کاری ناوماڵی لەسەر بووە ، لەهەمانکاتدا بەخێوکەر و پەروەردەکاری سەرەکی منداڵیش بووە، لەگەڵ ئەوەشدا ژنان بەشداریان کردوە لە لە ئیش و کاری دەرەوەی ماڵ وەك ئاژەڵداری و چاندنی هەندێك بەرهەمی کشتوکاڵی. (کریم، کانیاو ابراهیم، 2020، ل26). هەروەها کەسایەتی ژنی کورد بەپێی قۆناغە مێژووییەکان ڕۆڵێکی وایان بە ژنان بەخشیوە کە بەدرێژایی مێژوو ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕن لە گۆڕانکاریە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکاندا لە کوردستان. (عبدالله، کنێر، 2005، ل35). هەربەنموونە لە مێژوودا چەندین ژن هەن نەك توانیویان لەسەر پێ خۆیان بووەستن بەڵکو بەشداری کارایان کردوە لە بواری بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوای وڵاتدا نمونەگەلی وەك (خانزادی میری سۆران، حەلیمە خان لە هەکاری، علادیلە خانم، حەپسەخانی نەقیب، میناخانی خێزانی قازی محەمەد، لەیلا قاسم، قەدەم خێر، کوێخا نێرگز لە ناوشوان...هتد) ئەم ژنانە خاوەن کەسایەتی تایبەت بەخۆیان بوونە و بە جوامێری و زیرەکی خۆیان دیرۆکی مێژووی کوردیان نەخشاندوە. (عەبدول، هێمن باقر، 2004 ل52). هەروەك دەکرێت ئەدگارەکانی کەسایەتی ژنانی کورد لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەم شێوەیە دەربخەین: ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا وێڕای هەموو ئەو دابونەریت و کۆت و بەندانەی کۆمەڵگە و ئەو کۆسپانەی کە دێنە ڕێگەیان لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا، لەو ڕووەوە جێکەوتیان دیارە. سەرەڕای بەخێوکردنی منداڵ و ئەرك و کاری ڕۆژانەیان، هێشتا ژنانێك هەن توانیویانە وێنای کەسایەتی خۆیان بکەن و ئامادەگیەکی باش و کاریگەریان هەبێت لە بەڕێوەبردنی وڵات و کاروباری سیاسیدا. بەو پێیەی ژنان لە کۆمەڵگەی کوردیدا زیاتر کراوەتر و کۆمەڵایەتی ترن و خاوەن جۆرێك لە سەربەستین، بۆیە بەشداریەکی کارایان هەیە لە پرسە و شایی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان. ڕاستە لە کۆمەڵگەی کوردیدا باوك سەرپەرشتیارە و بژێوی ماڵی لە سەرشانە و کاروباری دەرەوەشی دەکەوێتە ئەستۆ بەڵام ئافرەتانیش ڕۆڵیان لە پیاوان کەمترنەبوە و لە زۆر باردا یارمەتی پیاوانیان داوە و بە تایبەت لە لادێکاندا. (عەبدولعەزیز، محەمەد ڕەئوف، 2005، ل73). ئەو سیفەتانەی کەسایەتی ژن کوردی پێ دەناسرێتەوە، ئەوەیە لە خزمەتکردن و میواندارێکردندا ژیر و وردو بەسەلیقەن، ڕێزلێگیراو و بەشەرم و شکۆن سەربەستی و ئازادی

گەڕانیان هەیە و بێ چارشێو دەچنە دەرەوەی ماڵ. خاوەن کەلتورێکی تایبەتن جۆرە پۆشاك و خشڵ و زێڕێك بەکاردەهێنن کەمەگەر ژنە پاشاکان لەناو میللەتانی تر مافی بەکارهێنانیان هەبێت. (مەجید، پەیمان عبدالقادر، 2013، ل45).

هەرچەندە ڕۆڵی ژنان و پێگەی کەسایەتی ژن لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە، بەڵام بەگشتی ژنانی کورد لەڕابردوودا خاوەن بونیادی کەسایەتی تایبەت بەخۆیان بوونە و ڕۆڵی بەرچاویان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەدا بینیوە. لەو مەیدانەدا جێدەستیان بەسەر زۆربەی کایەکانی ژیانەوە دیارە.

باسی دووەم: کاریگەریە سایکۆلۆژییەکانی ئەنفال لەسەرژنانی بەجێماوی ئەنفال

دەرەنجامی ئەو دیمەن و ڕووداوە تاڵ و دڕندانەی کە ڕژێمی بەعس لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر ژنان ئەنجامیداوە، ئەوەیە ئەوان تا ئێستا خاوەن هەزاران چیرۆکی ناخ هەژێنن. ژنانی ڕزگاربوو بەجێماو لە ئەنفال بوونەبە ژنانێکی چیرۆکخوانی قاڵبووی ناو ڕووداوەکان بە دڵێکی تێکشکاو و ماندووی گوێ لێنەگیراو و جەستە نەخۆش و دەروون بیمار لە چاوەڕوانی ژیان و مەرگدان هەریەکە و ڕازگر و خاوەن سەدەها چیرۆکە بەشێك لەو چیرۆکانە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی ڕاوەدونان و گرتن لە گوندەکانیان و کۆکردنەوەیان لە کەمپەکان و سەنتەرەکانی ناونووسکردن و ئەنفالکردن شوێنبزرکردنی مێرد و کوڕ و کچ و نەوەکانیان. زیندانیکردنیان لە زیندانەکانی سەماوە و نوگرەسەلمان و دوبز و تۆپزاوە و چیرۆکی برسێتی و تینوێتی و دەستدرێژیکردن بۆسەر جەستە و تێکشکاندنی دەرونیان و دابڕانی دایك و باوك لە منداڵەکانیان و برا و خوشك و هاوسەرەکان لە یەکتری و جیاکردنەوەیان و مردنی منداڵ و کەس و کارەکانیان بە ئازار و نەخۆشی و برسێتی بەبەر چاویانەوە. (هۆرێنی، جەلال، 2017، ل28)، ئەم ڕوداوە مەرگەسات ئامێزانە بوونەتەهۆی سەرهەڵدانی چەندین دیاردە و نەخۆشی دەروونی، ڕۆژانە و شەوانە وەك کابوسێك لەگەڵیاندایە و پێوەی دەتلێنەوە. لەم توێژینەوەیەدا دیارترین کاریگەریە سایکۆلۆژیەکانی ئەنفال لەسەرژنانی بەجێماوی ئەنفال لەم خاڵانەدا دەخەینەڕوو:

1. زەبری دەروونی (Trauma): قۆناغی یەکەمی تراوما کە تووشی مرۆڤ دەبێت بەهۆی کارەساتەوەیە لەبەر ئەوەی مرۆڤ لەو دۆخەدا هیچ خۆ ئامادەکردنێکی نەکردوە وزانیاری پێشوی لەمەڕ ڕووداوەکە نەبووە. مرۆڤ کاتێك تووشی زەبری دەروونی دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا

نیشانەکانی نەخۆشی خەمۆکی تێدا دەردەکەوێت کاتێك خەمۆکیەکە قورس دەبێت بە (پارلیس و هیستریا) تەواو دەبێت. ڕەنگە مرۆڤ لەو دۆخەدا لە گۆ بکەوێت یان تووشی هیستریا ببێت. ئەگەر نەخۆشەکە چارەسەر نەکرێت لێی دەکات بە نەخۆشی درێژخایەن، وەك ئە کەسەی تووشی لەگۆ کەوتن بووە هەتا بژێت لەو دۆخەدا دەمێنێتەوە. (بیارەیی، ئاسۆ، 2013، ل11)، ڕووداوەکانی کارەساتی ئەنفال بۆ دانیشتوانی کوردستان و بەرکەوتوان و بەجێماوانی ئەنفال کتوپڕبوون بە ڕادەیەك لە پێشبینی هیچ کەسێکدا نەبوو، لە ماوەیەکی کەمدا و بە کتوپڕی ئەو هەموو خەڵکە مۆڵبدەن و ڕاپێچی کونجی زیندان و بیابانەکانی مەرگ بکەن و لەوێدا زیندەبەچاڵ و شوێنبزریان بکەن. ئەمە شۆکێکی دەرونی و زەبرێکی کاریگەری سایکۆلۆژی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال جێهێشتوە، لە هەندێك حاڵەتدا بەرەو نەخۆشی درێژخایەنی بردون.

2. نەخۆشی جەستەیی: کاریگەریەکی تری ئەنفال، نەخۆشی جەستەیە کە زۆربەی زانایانی سایکۆلۆژی پێیان وایە نەخۆشی جەستەیی دەبێتەهۆی تێکچوونی دەرونی. وەك چۆن کەسێك برینی گەدەیی هەیە و ترسی بۆ دروست دەبێت و تووشی تێکچوونی دەرونی دەبێت، بۆیە کاریگەری نەخۆشی جەستەیی لە ناو بەجێماوانی ئەنفالدا بە ڕوونی دیارە. وەك ئەوەی ڕژێم لە هەندێك لە قۆناغەکانی ئەنفالدا گازی کیمیاوی بەکارهێنا و بووەهۆی سووتاندنەوەی چاو و پێست. هەر ئەمەش وای کرد بەشێك لە قوربانیەکان تووشی شێرپەنجە و کەم ئەندامی و نەزۆکی و گرفتی ژیری ببن. (Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, 2013, p: 36). هەروەك نەخۆشیە جەستەییەکان ئەو نەخۆشیانەن کە کاریگەریان لەسەر جەستەی مرۆڤ و لایەنە فیسۆلۆژیەکەی هەیە، لە هەندێك حاڵەتدا هۆکاری نەخۆشیە جەستەییەکان هەمان هۆکاری نەخۆشی دەروونیەکانە. واتا مەودای کاریگەری قەبارەی نەخۆشیە دەرونیەکانە کە لە جەستەدا دەرکەوتەی هەیە یان بە پێچەوانەوە لە هەندێك دۆخدا نەخۆشییە جەستەییەکان هۆکارن بۆ دروست بوونی نەخۆشییە دەروونیەکان. بۆیە زیادڕەوی نییە ئەگەر نەخۆشیە جەستەییەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال بەراورد بکەین بەوەی کە هاوتای نەخۆشیە دەروونیەکانیانە. ئەم نەخۆشیانە ئەگەرچی جەستەیین بەڵام هۆکارێکی سەرەکین بۆ نەخۆشیە دەروونیەکان و ڕۆژلەدوای ڕۆژ لەزیادبوندان. (ساڵح، عەدالەت عومەر، 2002، ل108) هەروەها ژنانی ڕزگاربووی ئەنفال دوای ئەوەی پیاوەکانیان لە دەستدا، تووشی گەورەترین گرفتی ئابوری و ماددی بوون و شارەزای ژیانکردن لە

شار نەبوون و ساڵانێکی دوورودرێژ لە کولەمەرگیدا ژیاون. (عبدو رەزا، کاوە، 2006، ل، 211 و صالح، عەدالەت عومەر، 2008، 17)، ئەمەش ژنانی ئەنفالی تووشی چەندین نەخۆشی جەستەیی وەك (ئازاری ئەژنۆ، سەوەفان، ئازاری جومگەکان و پەك کەوتەی جەستەیی) کرد.

3. خەمۆکی: ئەم دیاردەیە کە جۆرێکە لە نەخۆشی لە کاتی لێقەومان و نەهامەتی و خەم و خەفەت و لەدەستدان یان کاتێك ڕووداوێکی ناخۆش بەسەرکەسێکدا دێت دووچاری مرۆڤ دەبێتەوە. ژنانی بەجێماوی ئەنفال بەهۆی ئەو ڕووداو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتوە و ئەو بارە ناهەموارو دژوارەی تێیدا دەژین بەڕێژەیەکی بەرچاو دووچاری خەمۆکی هاتوون. (عومەر، عەدالەت، 2002، ل56)، خەمۆکی بوەتە بەشێك لەبیرکردنەوەی ڕۆژانەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال، کاریگەری لەسەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتیان داناوە، ڕەنگە شوێنبزرکردن و ئەنفالکردنی ئازیزانیان وای لێیان کردبێت کە بەردەوام چاو لەڕێی هاتنەوەیان بن. جگەلە خەمی لێسەندنەوەی ئەوەی بەدرێژایی تەمەنیان و بە کولەمەرگی بەدەستیان هێناوە. تەنانەت پاش قەناعەت پێکردن و زانینی چارەنووسی ئازیزانیان بەوەی کە ئیترکەس و کاریان لە دەستداوە و نایەنەوە خۆ ئەگەرکۆتایی بە چاوەڕوانیش بهێنن، ئەوا هێشتا کەس و کارو ئازیزانیان دەبنەوە بە سیمبوڵ(رەمز)، ڕەنگە دیاردەی خەمۆکیەکە هەڵکشان و داکشان بەخۆوە ببینێت. بەڵام هەر وجودی دەمێنێت لە بیروهۆشی ژنانی بەجێماوی ئەنفالدا. (عەبدولڕەحمان، بەهادین محەمەد، 2018، ل92) .

4. ترس: جۆرێکە لە نەخۆشی دەروونی کە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. کاریگەری ئەم نەخۆشیە دەروونییە لە پرۆسەی ئەنفالدا بەڕێژەیەکی زۆر ڕەنگدانەوەی لەسەر ژنانی بەجێماوی ئەنفال دەرکەوتووە، لە ئەنجامی قورسی ڕووداو و دیمەنەکانی ناو پرۆسەی ئەنفال. تەنانەت ئەمە بووەتەهۆی دروسبوونی ترس لە سێبەری خودی خۆشیان. ترس لە تاریکی و شوێنی تەریك و چەپ(پێچ وپەنا)، ترس لە شوێنی داخراو. ترس لە بژێوی ژیان، ترس لە ئێستا و ترس لە داهاتوو...هتد. (عەبدولرەحمان، بەهادین محەمەد، 2009، ل182).

# بەشی سێیەم: چوارچێوەی پراکتیکی توێژینەوە

دیزاینی توێژینەوە (Study Design):

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتییە، ئامانج لێی لێکۆڵینەوەیە لە کارەساتی ئەنفال و پەیوەندی بە (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، و هەستکردن بە کەمی) لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال. توێژینەوەکە ڕاپرسی دیزاینکراوی پێشوەختەی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان و شیکردنەوەی داتاکان. (SPSS -26 ).

کەرەستەی ئاماری:

پاکێجی ئاماری بۆ توێژینەوە کۆمەڵایەتیەکان-ڤێرژنی-26 کە بە (SPSS) ناسراوە بەکارهاتووە، کە (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێریاری، لادانی پێوەری، تی تێست(T.TEST)، One way Anova) بە کارهاتووە.

بەشداربوان (Participants):

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دابەشکردنی (150) فۆڕم بەسەر ژنی ئەنفالکراو (دایك) و کچە ئەنفال(ڕەگەزی مێ)، کە لە قەزای چەمچەماڵ ئەنجامدراوە، کە زۆرینەیان لە گەڕەکی ئاسوودە لە قەزای چەمچەماڵ دەژین. گەڕەکی ئاسوودە کۆمەڵگەیەکی نوێی نیشتەجێبوونە لە قەزای چەمچەماڵ- پارێزگای سلێمانی، زۆربەی کەس و کاری ئەنفالکراوانی تێدا کۆبوەتەوە. توێژینەوەکە لە ماوەی نێوان ڕێکەوتی (2023/6/1) بۆ (2023/9/1) ئەنجامدراوە. لە ڕێگەی دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی، بەشێوەی هەڕەمەکی(عشوائی). هەروەك تایبەتمەندییە دیمۆگرافییەکانی نموونەکە لە خشتەی (2) دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2)، دیمۆگرافیای بەشداربوان**

| ڕێژەی سەدی% | فریکوێنسی | گۆڕاوەکان |
|---|---|---|
| | | تەمەن |
| 24.2 | 35 | 35-40 |
| 26.1 | 40 | 40-50 |
| 14.0 | 25 | 50-60 |
| 33.1 | 50 | 60-70 |

| | | |
|---|---|---|
| باری کۆمەڵایەتی | | |
| دایك | 75 | 50.0 |
| کچ | 75 | 50.0 |
| باری خێزانداری | | |
| بێوەژن | 75 | 50.1 |
| شووی کردوە | 30 | 23.7 |
| کچی ماڵەوە | 25 | 21.2 |
| باری ئابووری | | |
| کەم دەرامەت | 100 | 60.3 |
| ناوەند | 45 | 38.5 |
| دەوڵەمەند | 5 | 1.2 |

سەرچاوە: توێژەران شت بەست بە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندووە، لە قەزای چەمچەماڵ.

لە خشتەی(2)دا تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافییەکانی بەشداربووانی توێژینەوەکە خراوەتەڕوو. کە (24%)ی بەشداربووان باوکیان ئەنفالکراوە و تەمەنیان لەنێوان (35 بۆ 40 ساڵیدایە. (26%)یان تەمەنیان لەنێوان (40 بۆ 50) ساڵیدایە. (14%) یان کە دایکن تەمەنیان لەنێوان (50 بۆ 60) ساڵیدان. هەروەها (33%) یان تەمەنیان لە نێوان (60 بۆ 70) ساڵیدایە. (50%) یان دایکن و پیاوەکانیان ئەنفالکراوە. (50%) ی کچان پێکدەهێنن و کچە ئەنفالن. (50%)شیان بێ وەژنن، لەم ڕێژەیە (23%) شویان کردوەتەوە و(21%)یان کچی (قەیرەن). دوابەدوای ئەمەش (60%)ی بەشداربووان ئاستێکی ئابووری لاوازیان هەیە. لەکاتێکدا (38% سەربە چینی ناوەندن، (1%) یان ئاستی ئابووری باڵایان هەیە. شێوەی (1).




سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیارییەکانی خشتەی (2).

پرۆسەی توێژینەوەکە: پرۆسەی داتاکانی توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دوو بەشی فۆڕمی ڕاپرسیەکە: بەشی یەکەم: دیمۆگرافی بەشداربووان، تایبەتە بە (تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، خێزانداری). بەشی دووەم: نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان، کە بە (ADSIIS-35) ناسراوە لە پاشکۆی (3) دا خراوەتەڕوو. پێوانی هەندێك لە نیشانەکانی (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی)تێدایە. بۆیە فۆرمی ڕاپرسیەکە دابەشکراوە بۆ (پێنج) بوار، کە نیشانەکانی: دڵەڕاوکێ برگەکانی (1-7)، خەمۆکی برگەکانی (8-14)، فشار(بڕگەکانی 15-21)، کەم خەوی بڕگەکانی (22-28)، هەستکردن بە کەمی بڕگەکانی (29-35). هەروەها توێژەران بە شێوەی (هەڕەمەکی -Randomly)، کە (200) فۆڕمیان لە قەزای چەمچەماڵ و مۆنۆمێتی ئەنفال وگەڕەکی ئاسوودە کە زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوانی تێدانیشتەجێیە دابەشکرد (150) فۆرمی درووست شیکاری بۆکراوە بە بەرنامەی(SPSS-26).

ڕاستگۆی (Validity): پێوانەیەکە بە واتای توانستی کەرەستەی ڕاپرسی بەکاردێت تا پێوانی ئەو شتە بکات کە بۆی دانراوە نەك شتەکانی تر*(Reis & Judd, 2000, p:7)*. توێژەران بۆ دەستکەوتنی ڕادەی ڕاستگۆیی پێوەرەکە، هەستان بە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی بەسەر چەند پسپۆڕێکی بواری دەروونناسی و پزیشکی دەروونی. بۆ پێداچوونەوە بە برگەکانی ڕاپرسیەکە، بە ئامانجی ڕاستی و دروستی پێوەرەکە. ئەم پێوەرە کە لە (35)برگە پێکهاتووە پێشتر شارەزایان پرۆسەی پێداچوونەوەیان بۆ کردوە و چەند وەرگێڕو شارەزایەك پێداچوونەوەیان بە برگەکانی ئەم ڕاپرسیەدا

کردوە. پاشان شێوازی (لیکیرت)ی بۆ دیاریکردن لە (1 بۆ 5)ی بەکارهێناوە. بە سوود وەرگرتن لە (2) ڕاپرسی پێشووتر توێژەر بەکاریهێناوە بە زمانی کوردی وەك بەشێك لە نامەی بەکالۆریۆس و دکتۆرا و *(محمد، مریوان،2011، ل 61) (Mohammed & Memmedo, 2023, p: 77)* کە دەرئەنجام دەرکەوت ئەلفا کرۆنباخ (0.090)، نیشانیدا کە (ADSIIS-35) ڕاستگۆی بە پلەی زۆرباشی بەدەستهێناوە.

جێگیری (Reliabilty): جێگیری واتا بەکارهێنان و دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکان. زیاتر لە جارێك لە سەرهەمان نموونەی توێژینەوەکە تاکو توێژەران ئەنجامێکی نزیك یان هەمان ئەنجامی توێژینەوەکەیان دەست *بکەوێت. (Csikszentmihalyi, 2011, p: 312).*

لە سەرەتای توێژینەوەکەدا توێژەران هەستان بە تێستی جێگیری ڕاپرسیەکە بەشێوەی (دابەشکردنی نیوەیی – Split-Half) لە سەر نموونەیەکی تاقیکاری کە (14) ژنی بەجێماوی ئەنفال بەشداریان تێدا کردبوو. ئاستی پەیوەندی (معاملي ارتباطي)یان بۆ کراوە، بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (سپێرمان -Spearman- Brown)، لە ئەنجامدا ئاستی پەیوەستی بریتی بوو لە (0.0901) کە پلەیەکی زۆرباشە.

شیکاری ئاماری (Data Analysis): دوای کۆکردنەوەی زانیاریە سەرەکییەکان، توێژەران لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بە یاسای ئاماری (SPSS-26) بەستووە بۆ شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە لەوانە: (ڕێژەی سەدی)، سوود لەم یاسایە وەرگیراوە بەمەبەستی زانینی ڕێژەی ڕازی بوونی شارەزایان وەڵامی نموونەیی توێژینەوەکە. هەروەها سوود لە یاسای (پێرسۆن) وەرگیراوە بۆ دەرهێنانی جێگیری. هەوکات سوود لە یاسای (T. TEST) وەرگیراوە بەمەبەستی زانینی ئاستی گشتی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان. هەروەك (ANOVA): ئەنۆڤا بەکارهاتووە کە فۆرمولەیەکی ئاماریە بەکاردێت بۆ بەراوردکردنی جیاوازیەکان لە ناوەندی ژمێریاری یا تێکڕای گروپە جیاوازەکان. هەرچی خشتەی فریکوێنسی دابەشکردنی داتاکانە ئەوە نیشان دەدات، کە لەسەر بنەمای بژاردەکان لە گۆڕاوێکدا ڕوودەدات. خشتەکانی فریکوێنسی یارمەتیدەرێکی باشن بۆ تێگەیشتن لەوەی کام هەڵبژاردن کەم یان زۆر لە کۆمەڵەی داتاکاندا ڕوودەدات. لە توێژینەوەکەدا (Independent Sample Test) بەکارهاتووە.

ئیتیکی توێژینەوە (Ethical Consideration): لە توێژینەوەکەدا ڕەچاوی باری دەروونی و کۆمەڵایەتی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کراوە و ئەوە خراوەتەڕوو، کە بەشداربووان ئازادن لە وەڵام دانەوە یاخود وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانی ڕاپرسیەکە و دەتوانن وەڵام نەدەنەوە و بێ هیچ فشارێك دەتوانن ناو و نازناویان نەنووسن. و هەموو وەڵامەکانیان پارێزراوە. سەرجەم داتاکانی بەشداربووان لە لای توێژەران پارێزراوە و تەنها ئەوان دەتوانن بچنە ناو داتا و زانیاریە کەسیەکان و بەکاری بهێنن، چونکە ئیتیکی توێژینەوەی زانستی وا دەخوازێت.

## بەشی چوارەم

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە (Results)

### خشتەی (3)، فرێکوێنسی و ناوەندی ژمێریاری بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال

| Max | Min | لادانی ستانداردی | ناوەندی ژمێریاری | فرێکوێنسی | نیشانەکانی |
|---|---|---|---|---|---|
| 5.00 | 1.00 | 0.87 | 2.60 | 150 | دڵەڕاوکێ |
| 5.00 | 1.00 | 0.77 | 2.74 | 150 | خەمۆکی |
| 5.00 | 1.00 | 0.92 | 3.40 | 150 | Stress |
| 5.00 | 1.00 | 0.76 | 2.81 | 150 | کەم خەوی<br>هەستکردن بە کەمی |
| 5.00 | 1.00 | 0.78 | 2.91 | 150 | |
| 5.00 | 1.00 | 0.82 | 2.89 | 150 | Total |

سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە: بە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).

**خشتەی (3) ئەوە پیشان دەدات کە نمرەی ناوەندی ژمێریاری نیشانەکانی فشاری دەرونی کە (3.40) و زیاترە دڵەراوکێ، خامۆکی، کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی، وە بە گشتی نیشانەکانی گرفتە دەرنییەکان ئاستی تاڕادەیەک بەرزی هەیە کە بە (2.89) تۆمار کراوە. شێوەی (2) و (3).**




سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (3)




سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (3)

**خشتەی (4)، فرێکوێنسی و ناوەندی ژمێریاری نیشانە دەروونییەکانی: (دڵەڕاوکی، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی) بەپێی تەمەن لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال**

| نیشانەکان | تەمەن | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | Min | Max |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Anxiety | 35-40 | 40 | 2.58 | 0.84 | 1.00 | 5.00 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دڵەڕاوکێ | 40-50 | 10 | 2.94 | 0.91 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 2.10 | 0.82 | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 3.02 | 0.93 | 1.00 | 5.00 |
| Depression<br>خەمۆکی | 35-40 | 40 | 2.54 | 0.73 | 1.00 | 5.00 |
| Stress<br>فشار | 40-50 | 10 | 2.88 | 0.73 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 3.01 | 0.79 | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 3.00 | 0.76 | 1.00 | 5.00 |
| | 35-40 | 40 | 3.13 | 0.80 | 1.00 | 5.00 |
| | 40-50 | 10 | 3.45 | 0.85 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 2.94 | **0.86** | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 2.66 | 0.91 | 1.00 | 5.00 |
| Insomnia<br>کەم خەوی | 35-40 | 40 | 3.14 | 0.84 | 1.00 | 5.00 |
| | 40-50 | 10 | 3.22 | 0.78 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 3.77 | 0.82 | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 3.85 | 0.79 | 1.00 | 5.00 |
| Inferiority<br>هەستکردن بە کەمی | 35-40 | 40 | 2.53 | 0.48 | 1.00 | 5.00 |
| | 40-50 | 10 | 2.79 | 0.47 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 3.18 | 0.51 | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 3.91 | 0.51 | 1.00 | 5.00 |
| Total | 35-40 | 40 | 2.85 | 0.73 | 1.00 | 5.00 |
| | 40-50 | 10 | 3.05 | 0.74 | 1.00 | 5.00 |
| | 50-60 | 35 | 3.01 | 0.86 | 1.00 | 5.00 |
| | 60-70 | 15 | 3.28 | 0.78 | 1.00 | 5.00 |

*سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).*

لە خشتەی (4)دا، ئەوە خراوەتەڕوو کە نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان پەیوەندی بە تەمەنەوە هەیە، بۆ نموونە ئەو ژنانەی تەمەنیان لە نێوان (60-70)یە ئاستێکی باڵاتر لە گرفتی دەروونیان هەیە و کۆی گشتی (3.28) نمرەی ناوەندی ژمێریاری وەرگرتووە. دیارترین گرفتە دەروونییەکانیش (فشاری دەروونی، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی)یە. کە لە نێو تەمەنی (40-50 و 70-60)ساڵیدا تێنیی کراوە. شێوەی (4).




*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (4)*

**خشتەی (5)، بەراوردکردنی نیشانە دەروونییەکانی: (دڵەڕاوکی، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن به کەمی) بەپێی تەمەن لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال**

| نیشانەکان | تەمەن | ژمارە | ناوەندی زمێریاری | لادانی ستانداردی | Min | Max | F | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| Anxiety دڵەڕاوکێ | 35-40 | 40 | 2.58 | 0.84 | 1.00 | 5.00 | 0.715 | 0.543 |
| | 40-50 | 10 | 2.94 | 0.91 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 50-60 | 35 | 3.02 | 0.82 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 60-70 | 15 | 3.10 | 0.93 | 1.00 | 5.00 | | |
| خەمۆکی Dep | 35-40 | 40 | 2.54 | 0.73 | 1.00 | 5.00 | 1.574 | 0.194 |
| | 40-50 | 10 | 2.88 | 0.73 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 50-60 | 35 | 3.00 | 0.79 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 60-70 | 15 | 3.01 | 0.76 | 1.00 | 5.00 | | |
| فشار Stress | 35-40 | 40 | 3.13 | 0.80 | 1.00 | 5.00 | 4.530 | 0.004* |
| | 40-50 | 10 | 3.45 | 0.85 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 50-60 | 35 | 2.94 | 0.86 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 60-70 | 15 | 2.66 | 0.91 | 1.00 | 5.00 | | |
| کەم خەوی Insomnia | 35-40 | 40 | 3.14 | 0.84 | 1.00 | 5.00 | 1.477 | 0.219 |
| | 40-50 | 10 | 3.22 | 0.78 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 50-60 | 35 | 3.77 | 0.82 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 60-70 | 15 | 3.85 | 0.79 | 1.00 | 5.00 | | |
| Inferiority هەستکردن بە کەمی | 35-40 | 40 | 2.53 | 0.48 | 1.00 | 5.00 | 0.418 | 0.740 |
| | 40-50 | 10 | 2.79 | 0.47 | 1.00 | 5.00 | | |
| | 50-60 | 35 | 3.18 | 0.51 | 1.00 | 5.00 | | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 5.00 | 1.00 | 0.51 | 3.91 | 15 | 60-70 | |

***p<0.05**

*سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خاياندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).*

ئەنجامەکانی خشتەی (5)، کە بەراوردی نێوان لایەنەکانی گرفتە دەروونییەکان پیشان دەدات لەگەڵ گۆڕاوی تەمەن. هەرچەندە گۆڕاوەکە (p>0.05)، واتا جیاوازی ئاماری گرنگ لەنێوان تەمەن و (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی)دا نییە. (p<0.05) بەڵام خشتەی سەرەوە ئەوە پیشان دەدات، کە جیاوازی گرنگی ئاماری لەنێوان فشاری دەروونی و تەمەندا هەیە، بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان لەنێو ژنانی بە تەمەندا زیاتر باوە وەك لە ژنانی گەنج. بە نموونە ناوەندی ژمێریاری نیشانەکانی: (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بۆ ئەو ژنانەی کە تەمەنیان لەنێوان (60-70) ساڵیدایە بە شێوەی ڕیزبەندی (301، 310، 3.85، 3.91)، بەرزترین نمرەیە بە بەراورد بەو ژنانەی لە تەمەنێکی تردان.

**خشتەی (6)، فریکوێنسی و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری بۆ نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکی، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بەپێی باری کۆمەڵایەتی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال.**

| نیشانەکان | باری کۆمەڵایەتی | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | T | P |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Anxiety دڵەڕاوکێ | دایك | 75 | 2.73 | 0.82 | -1.91 | 0.37 |
| | کچ | 75 | 2.49 | 0.82 | | |
| Depression خەمۆکی | دایك | 75 | 2.61 | 0.73 | 0.83 | 0.43 |
| | کچ | 75 | 2.23 | 0.75 | | |
| Stress فشار | دایك | 75 | 3.24 | 0.84 | -1.10 | 0.01* |
| | کچ | 75 | 2.87 | 0.84 | | |
| Insomniaکەم خەوی | دایك | 75 | 3.52 | 0.87 | -2.14 | 0.02* |
| | کچ | 75 | 2.48 | 0.84 | | |
| Inferiority feeling هەستکردن بە کەمی | دایك | 75 | 3.09 | 0.85 | 0.64 | 0.52 |
| | کچ | 75 | 2.41 | 0.76 | | |

| Total | دایك | 75 | 3.08 | 0.85 | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کچ | 75 | 2.49 | 0.76 | |

**$^*p<0.05$**

*سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).*

خشتەی (6)، ئەوە دەخاتەڕوو کە نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان بەپێی باری کۆمەڵایەتی–خێزانی دەگۆڕێت. بۆ نموونە ناوەندی ژمێریاری دایك بۆ هەموو ڕەهەندەکانی گرفتە دەروونییەکان زیاترە لە کچەکانیان. بە تایبەت کۆی گشتی نمرەی ناوەندی ژمێریاری بۆ ژنان(دایك) بریتیە لە (3.08) کە ڕێژەکە زیاترە لە نمرەی کچان (2.49)یە. شێوەی (5).



*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (6)*

**خشتەی (7)، بەراوردکردنی نیشانە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکی، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بەپێی باری کەسی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال.**

| نیشانەکان | باری کەسی | ژمارە | ناوەندی ژمێریاری | لادانی ستانداردی | T | P |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Anxiety | دایك | 75 | 2.73 | 0.82 | -1.822 | 0.025* |
| | کچ | 75 | 2.49 | 0.82 | | |
| Depression خەمۆکی | دایك | 75 | 2.61 | 0.73 | 0.920 | 0.358 |
| | کچ | 75 | 2.23 | 0.75 | | |
| Stress | دایك | 75 | 3.24 | 0.84 | -1.100 | 0.271 |
| | کچ | 75 | 2.87 | 0.84 | | |
| Insomnia | دایك | 75 | 3.52 | 0.87 | -2.155 | 0.031* |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **کەم خەوی** | کچ | 75 | 2.48 | 0.84 | | |
| Inferiority **هەستکردن بە کەمی** | دایك | 75 | 3.09 | 0.85 | 0.640 | 0.522 |
| | کچ | 75 | 2.41 | 0.76 | | |
| Total | دایك | 75 | 3.04 | 0.82 | 0.640 | 0.522 |
| | کچ | 75 | 2.50 | 0.80 | | |

**$^*p<0.05$**

*سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).*

وەك لە خشتەی (7)دا دەردەکەوێت، لە ئەنجامی بەراوردکردنی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان بەپێی باری خێزانی کە بەگشتی نیشانەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشاری دەرونی، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) لە ناو دایکاندا زیاتر باوە وەك لە کچان، بۆ نموونە ناوەندی ژمێریاری دایك بۆ  هەموو ڕەهەندەکانی گرفتە دەروونییەکان زیاترە لە کچەکانیان بە نمرەی (3.04) بە بەراورد بە (2.50). لەبەرئەوە خشتەی سەرەوە ئەوە پیشان دەدات کە جیاوازی ئاماری گرنگ لەنێوان باری خێزانی و دڵەڕاوکێ و کەم خەویدا هەیە بە ($p<0.05$). بەڵام هەمان خشتە ئەوە دەخاتەڕوو کە جیاوازی ئاماری لەنێوان خەمۆکی، فشاری دەروونی و هەستکردن بە کەمی نییە، چونکە بەراوردەکە ($p>0.05$). شێوەی (6)

شێوەی (6)، بەراوردکردنی نیشانە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بەپێی باری کەسی




*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (7)*

**خشتەی (8)، بەراوردکردنی نیشانە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بەپێی باری ئابووری لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال.**

| نیشانەکان | باری ئابووری | ژمارە | ناوەند | فریکوێنسی | Min | Max | F | P |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **دڵەڕاوکێ** | کەم دەرامەت | 100 | 2.99 | 0.89 | 1.00 | 5.00 | 0.164 | 0.849 |
| | ناوەند | 45 | 2.65 | 0.85 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 2.63 | 0.83 | 1.00 | 5.00 | | |
| **خەمۆکی** | کەم دەرامەت | 100 | 2.96 | 0.77 | 1.00 | 5.00 | 0.614 | 0.542 |
| | ناوەند | 45 | 2.74 | 0.74 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 2.70 | 0.70 | 1.00 | 5.00 | | |
| **فشار** | کەم دەرامەت | 100 | 3.27 | 0.79 | 1.00 | 5.00 | 3.765 | 0.023* |
| | ناوەند | 45 | 3.06 | 0.85 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 3.30 | 0.30 | 1.00 | 5.00 | | |
| **کەم خەوی** | کەم دەرامەت | 100 | 3.04 | 0.91 | 1.00 | 5.00 | 0.311 | 0.733 |
| | ناوەند | 45 | 2.97 | 0.86 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 2.65 | 0.39 | 1.00 | 5.00 | | |
| **هەستکردن بە** | کەم دەرامەت | 100 | 3.15 | 0.86 | 1.00 | 5.00 | 6.452 | 0.002* |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **کەمی** | ناوەند | 45 | 2.89 | 0.80 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 3.16 | 1.02 | 1.00 | 5.00 | | |
| Total | کەم دەرامەت | 100 | 3.08 | 0.46 | 1.00 | 5.00 | 2.762 | 0.064 |
| | ناوەند | 45 | 2.86 | 0.50 | 1.00 | 5.00 | | |
| | دەوڵەمەند | 5 | 2.88 | 0.31 | 1.00 | 5.00 | | |

**$*p<0.05$**

*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە: بە فۆرمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە، لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS).*

خشتەی (8)، جیاوازی ئاماری نێوان نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان بەپێی باری ئابووری ژنانی بەجێماوی ئەنفال پیشان دەدات، کە دەرکەوتووە جیاوازی ئاماری گرنگ لەنێوان ژنانی کەم دەرامەت و نیشانەکانی (خەمۆکی و کەم خەوی)دا هەیە. چونکە بەهای ($p<0.05$) بچوکترە لە (p ) 0.05 ، بەڵام هەمان خشتە ئەوە دەخاتەڕوو، کە جیاوازی ئاماری لەنێوان (خەمۆکی، فشاری دەروونی، و هەستکردن بە کەمی) نییە، ($p>0.05$). چونکە بەهای p گەورەترە لە 0.05. شێوەی (7)

## شێوەی (7)، بەراوردکردنی نیشانە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکی، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی) بەپێی باری ئابووری لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال.



*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (8)*

**خشتەی(9)، ئەنجامەکانی ئەنۆڤا بۆ نیشانەکانی دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بە کەمی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال.**

| ANOVA | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **نیشانەکان** | | Sum of Squares | Df | Mean Square | F | Sig |
| **دڵەڕاوکێ** | Between Groups | .797 | 2 | .399 | .670 | .512 |
| | Within Groups | 274.537 | 148 | .596 | | |
| | Total | 275.334 | 150 | | | |
| **خەمۆکی** | Between Groups | 3.329 | 2 | 1.664 | 2.156 | .117 |
| | Within Groups | 355.785 | 148 | .772 | | |
| | Total | 359.113 | 150 | | | |
| **فشار** | Between Groups | 10.138 | 2 | 5.069 | 7.969 | .000 |
| | Within Groups | 293.237 | 148 | .636 | | |
| | Total | 303.375 | 150 | | | |
| **کەم خەوی** | Between Groups | 2.070 | 2 | 1.035 | 7.699 | .001 |
| | Within Groups | 61.964 | 148 | .134 | | |
| | Total | 64.034 | 150 | | | |
| **هەستکردن بە کەمی** | Between Groups | 18.186 | 2 | 9.093 | 15.707 | .000 |

*سەرچاوە توێژەران پشت بەست بە: بە فۆڕمی ڕاپرسی کە لە ڕێکەوتی (2023/6/1 بۆ 2023/9/1) خایاندوە. لە قەزای چەمچەماڵ، بە بەکارهێنانی بەرنامەی (SPSS)*

خشتەی (9)، وەك لە سەرەوەدا هاتووە، ئەنجامەکانی شیکاری ئاماری ئەنۆڤا بۆ بەراورد و جیاوازی نێوان گۆڕاوەکان ئەوە دەردەخەن کە جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان ژنانی ئەنفالدا لە نیشانە جەستەییەکانی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی نەبووە، کە بەهای (P) گەورەترە لە 0.05(P>0.05) وە بەهای (F) دەکاتە 0.670. =(2.148). بۆ دڵەڕاوکێ و 2.156. =(2.148). بۆ خەمۆکی. بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان کۆی نمرەکانی فشاری دەروونی و کەم خەوی و هەستکردن بە کەمی لای ژنانی ئەنفالدا هەیە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت باری دەروونی ژنان خراپتربووە. شێوەی (8)




*سەرچاوە: توێژەران پشت بەست بە داتا وزانیاریەکانی خشتەی (7)*

## بەشی پێنجەم: ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### ئەنجام:

1. **لەڕووی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکانەوە:** شیکردنەوەی داتاکانی توێژینەوەکە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ژنانی بەجێماوی ئەنفال ئاستێکی باڵا لە نیشانەکانی (فشاری دەروونی)یان هەیە کە بە پلەی(3.40) تۆمارکراوە، هەرچەندە نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکانی تری وەك (دڵەراوکێ، خەمۆکی، کەم خەوی، هەستکردن بەکەمی) تا ڕادەیەك بەرزن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان ئاستی تاڕادەیەك بەرزی هەیە، کە ناوەندی ژمێریاریان (2.89)یە.

2. **لەڕووی باری کۆمەڵایەتی و باری ئابووری و خێزانییەوە:** ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو کە نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال پەیوەندی بە جیاوازی (تەمەن، باری کۆمەڵایەتی، باری ئابووری و خێزانی)یەوە هەیە. بۆ نموونە بەشێك لەو ژنانەی تەمەنیان لە نێوان (50-40 بۆ 70-60) ساڵیدایە زیاتر هەست بە (فشاری دەروونی، کەم خەوی، هەستکردن بەکەمی) دەکەن وەك لە خشتەی (3)دا خرابووەڕوو بەرزترین ناوەندی پێشنیارکراوی دەستنیشانکراوە بە (3.05) و (3.28).

هەروەها لە ئەنجامی بەراوردکردنی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکاندا دەرکەوت بەرزترین نمرەی ناوەندی ژمێریاری کە (3.91)ە، وەك لە خشتەی (4)دا خراوەتەڕوو ژنانی تەمەن (70-60)ساڵن. بەرزترین نیشانەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشاری دەروونی، کەم خەوی، هەستکردن بەکەمی)یان تێدا دەرکەوتوە. هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، توێژەرانی پێشوو ئەوە دەخەنەڕوو نیشانەکانی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، هەستکردن بە کەمی) ڕێژەیەکی بەرزی هەیە لای هەمان جۆری تەمەن. (محمد، مەریوان، 2011 ; Mohammed, 2017).

خشتەی (3) ئەوە دەخاتەڕوو کە نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان پەیوەندی بە تەمەنەوە هەیە لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال. بۆ نموونە ئەو ژنانەی، کە تەمەنیان لەنێوان (60-70)ساڵیدایە ئاستێکی باڵاتر لە گرفتی دەروونیان هەیە و کۆی گشتی دەکاتە (3.28) نمرەی ناوەندی ژمێریاری. هەروەها لەنێو دیارترین گرفتە دەروونییەکان (فشاری دەروونی، کەم خەوی، هەستکردن بەکەمی)یە. کە لەنێو تەمەنی (40-50) و (60-70)ساڵیدا تێبینی کراوە. هەروەها ئەنجامەکانی خشتەی (4) بەراوردی نێوان لایەنەکانی گرفتە دەروونییەکان پیشان دەدات لەگەڵ گۆڕاوی تەمەن. جیاوازی ئاماری گرنگ لەنێوان فشاری دەروونی و تەمەندا هەیە، کە دەکاتە ($p<0.05$). هەرچەندە توێژینەوەکانی پێشوو باس لە گرفتە دەروونییەکان دەکەن لەناو ژنانی بەجێماوانی ئەنفالدا، بەڵام چەند سەرچاوەیەکی کەم باس لەوە دەکەن کە کێشەی دەروونی پەیوەندی بە تەمەنەوە هەبێت، زۆربەی باس لەوە دەکەن گرفتە دەروونییەکان پەیوەستن بە جیاوازی باری خێزانیەوە. توێژەران ئەوەیان خستوەتەڕوو نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان ئاستی خێزانی دەگۆڕێت بە تایبەت جیاوازی نێوان دایك و کچ، بۆ نموونە ناوەندە ژمێریاری دایکان لەڕووی (دڵەڕاوکێ، خەمۆکی، فشار، کەم خەوی، هەستکردن بەکەمی)ئەم گرفتە لای ژنان زیاترە وەك لە کچەکانیان، کە کۆی گشتی نمرەی ناوەندی پێشنیارکراو بۆ ژنانی دایك کە پیاوەکانیان لە کارەساتی ئەنفالدا لە دەست داوە بریتیە لە (3.08). ئەم ڕێژەیە زیاترە لە نمرەی کچانی ئەنفالکراو کە نزیکەی (2.50)یە. ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، بەشداربووانی توێژینەوەکە ئاستی کێشە دەروونییەکانیان جیاوازە و وەك یەك نییە. دایکان زیاتر هەست بە کێشەی دەروونی دەکەن وەك لە کچەکانیان. هەرچەندە خشتەی (6) ئەوە دەخاتەڕوو کە جیاوازی گرنگی ئاماری لەنێوان تەمەن، (کەم خەوی و دڵەڕاوکێ)دا هەیە لەبەرئەوە ($p<0.05$)، بە پێچەوانەوە هەمان خشتە ئەوە پیشان

دەدات کە جیاوازی ئاماری لەنێوان (خەمۆکی، فشاری دەروونی، هەستکردن بەکەمی) نییە، چونکە (p>0.05).

3. **پەیوەندی کێشە دەروونییەکان و باری ئابووری لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال:** لە خشتەی (8)دا ئەوە خراوەتەڕوو، ئەو ژنانەی باری ئابووریان لاوازە زیاتر ڕووبەڕووی کێشەی دەروونی دەبنەوە وەك لە کەسانی تر. بە نموونە ژنانی کەم دەرامەت زیاتر نیشانەکانی (خەمۆکی، کەم خەوی)یان هەیە. ئەمەش مانای وایە یەکێك لە هۆکارەکانی کێشەی دەروونی ژنانی بەجێماوی ئەنفال ئەگەڕێتەوە بۆ گرفتی ئابووری. ئەنجامی خشتەی (8) ئەوە پیشان دەدات پەیوەندیەکی گرنگ لەنێوان نیشانەکانی (خەمۆکی و کەم خەوی)دا هەیە چونکە بەهاکەی دەکاتە (p) بچوکترە لە 0.05 (p<0.05). لە لایەکی ترەوە ئەنجامی ئەنۆڤا (One way ANOVA) ئەوە دەخاتەڕوو کە جیاوازیەکی گرنگ لەنێوان ژناندا لە نیشانە دەروونییەکانی (دڵەڕاوکێ و خەمۆکی) نەبووە، کە بەهای (P) گەورەترە لە 0.05(P>0.05) وە بەهای (F) دەکاتە .0.670 =(2.148). بۆ دڵەڕاوکێ و .2.156 =(2.148). بۆ خەمۆکی، بەڵام جیاوازییەکی بەرچاو لەنێوان کۆی نمرەکانی (فشاری دەروونی وکەم خەوی وهەستکردن بەکەمی) لای ژنانی بەجێماوی ئەنفالدا هەیە.

هەرچەندە کۆمەڵێك توێژینەوەی پێشوو، لەم توێژینەوەیەدا باسکراون بەڵام بۆچوونی توێژەرانی وەك (عبدولڕەزا، کاوە، 2006، ل211) لەگەڵ ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەدا یەك دەگرێتەوە، چونکە ئەوە دەخاتەڕوو یەکێك لە هۆکارەکانی گرفتە دەرونییەکان خراپی دۆخی ئابوورییە. ئەنجامی ئەم توێژینەوەش ئەوە دەخاتەڕوو کە ژنانی بەجێماوی ئەنفالی هەژار لەڕووی ئاستی ئابووری زیاتر نیشانەکانی (خەمۆکی و کەم خەوی)یان هەیە، بۆیە لەم خاڵەدا ئەنجامەکانی ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو وەك یەکە لەگەڵ (عبدولڕەزا، کاوە، 2006، ل211 ; صالح، 2008، ل17) یەك دەگرنەوە.

**کەم و کورتییەکانی تویژینەوەکە:**

لە دیارترین کەم و کورتییەکانی توێژینەوەکە ئەوەیە لەسەر بنەمای ڕەگەزی ئەنجام دراوە و تەنها ڕەگەزی مێ (ژنان) وەرگیراوە و ڕەگەزی نێر(پیاوان) بەشداریان پێنەکراوە. هەروەها ژمارەیەکی کەم ژن وەك نموونە(سەمپڵ) وەرگیراون لە توێژینەوەکەدا. ئەم ڕێژەیە لە چاو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا کەمە. هەروەك لایەنی دیمۆگرافی توێژینەوەکە لایەنەکانی تری وەك ئاستی

خوێندەواری و شوێنی لەدایکبوون و باکگراوندی بەشداربووانی نەخستووتەڕوو. بۆ توێژینەوەیەکی وەها گرنگ تەنها پشت بەستن بە ڕاپرسی چەندێتی - Quantitative method لە ماوەیەکی دیاریکراودا کافی نییە، بۆ بڕیاردان لەسەرکەسێتی ژنی کورد و لەناویاندا ژنانی بەجێماوی ئەنفال، کە چەندەها گرفتی دەروونیان هەیە. توێژەران شیکردنەوەیان لەسەر چەند لایەنێکی دەروونی کەسایەتی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کردوە و لایەنەکانی تری کەسایەتی بەشداربووان شیکردنەوەی لەسەرنەکراوە.

## پێشنیارەکان:

دیارترین پێشنیارەکانی توێژینەوەکە بۆداهاتوو بۆتوێژەرانی ترئەوەیە:

1. توێژینەوەکانی داهاتوو جەخت بکەنەوە لەسەر هەردوو ڕەگەزو بەراوردیان بکەن تا داتاکان و ئاستی بەراوردەکان زیاتروردو ودرشت تربن. بە شێوەیەکی فراوان بەشداری پێکردنی ژمارەیەکی زیاتر لە ژنانی بەجێماوی ئەنفال لە کۆمەڵگە و شارەکانی تر و کارکردن لەسەر لایەنەکانی تری دیمۆگرافیای کەس وکارو بەجێماوانی ئەنفال.

2. پێویستە توێژینەوەکانی داهاتوو شیکردنەوەی زیاتر بکەن دەربارەی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان و هەل و کات و ماوەی زیاتریان پێبدرێت و ڕاپرسی ورد و چاوپێکەوتنی زیاتر بکەن لەگەڵ بەجێماوان وکەسوکاری ئەنفالکراواندا.

3. گرنگە توێژینەوەکانی تر کار لەسەر گەشەپێدانی لایەنە پۆزەتیف و بەهێزەکانی کەسایەتی بەجێماوانی ئەنفال بکەن لەڕووی دەرخستنی کارو پرۆژە و توانستەکانیان تا توێژەران داتا و زانیاری وردترووەدەست بخەن لەسەرکەسایەتی ژنانی کورد لەناویاندا بەجێماوانی ئەنفال.

4. پێوستە توێژینەوەکانی ترکارلە سەرگرفت و نەخۆشییە درێژخایەنەکانی ژنانی ئەنفال بکەن، کە هۆکارن بۆ تێکچوونی لایەنی دەروونی مرۆڤ.

## ڕاسپاردەکان:

ڕاسپاردەکانی توێژنەوەکە بۆ حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان:

1. ئەرکی حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانە خزمەتگوزاریە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژێرخانییەکان پێشکەش بە کۆمەڵگە ئەنفالنیشنەکان و بەجێماوانی ئەنفال بکەن و ئاسایشی مرۆیی و دەروونیان بۆ فەراهەم بکەن. چونکە لە توێژینەوەکەدا ئەوە

دەردەکەوێت ڕێژەی نیشانەکانی گرفتە دەروونییەکان لەناو ژنانی بەجێماوی ئەنفالدا ڕوو لە زیادبوونە.

2. پێویستە حکومەت و دام و دەزگا حکومیەکان بە تایبەت وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی توێژینەوەی زیاتر لە سەر لایەنەکانی تری کەسایەتی ژنی بەجێماوی ئەنفال بکەن بە تایبەت لەڕووی کۆمەڵایەتی و تەندروستییەوە.

3.ئەرکی حکومەتە یادەکانی ئەنفال بقۆزێتەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، ساڵانە بە پلانی نوێوە ساڵیادی ئەنفال بکاتەوە. بەڵکو گرنگە لە گەڵ هەر ساڵیادێکدا پلان و خزمەتگوزاری دەروونی و تەندروستی زیاتر و جۆراجۆر پێشکەش بە کەس و کاری ئەنفالکراوان بکات و باشتر دەرفەت لەبەردەم بەجێماوانی ئەنفالدا بڕەخسێنێت و لە ئازارەکانیان کەم بکاتەوە. چونکە کەس و کار و بەجێماوانی ئەنفال پێویستیان بە بەزەیی پێداهاتنەوە نییە بەڵکو پێویستیان بە پێدانی دەرفەتە بۆ هەستانەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:

### أ. کتێب:

1. بیارەیی، ئاسۆ، ژنان و کچانی کورد لە دۆزەخی پرۆسەی ئەنفالدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013.

2. جەباری، مەریوان عەبدولمەجید موحەمەد، پیوانی هەستی خۆبەکەم زانین(الشعور بالنقص) لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال، لەبلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی کەرکوک، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، .2011

3. رەئوف، محەمەد، پاکیزەکانی ئەنفال، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2014.

4. ساڵح، عەدالەت عومەر، ئەنفال و ئافرتی کورد، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەولێر، 2002.

5. عارف، ستارە، ئەنفال تاوانێك دژبە مرڤایەتی، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، هەولێر، .2012

6. عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر، ئەنفالی سێ و کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ژنانی پاشماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2004.

7. عەبدولڕەحمان، بەهادین محەمەد، کاریگەرییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی ئەنفال، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2018.

8. عەبدولعەزیز، محەمەد رەئوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2005.

9. عەبدوڵڵا، کنێر، پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنان، چاپخانەی تەوار، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2005.

9. فەرەج، لەتیف فاتیح، ئەنفال گەردانەی بیابان کۆمەڵە وتار، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2013.

10. قادر، هیدایەت جەمال، ڕادەی گرنگی پێدانی ڕۆژنامەکان بە دۆزی ئەنفال ڕۆژنامەی ئاسۆ بە نمونە، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2013.

11. مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، ئەنفالی چوار(خاڵخاڵان)، چاپخانەی کاروخ، چاپی دووەم، سلێمانی، 2013.

12. نامق، چنار، جینۆساید و ئەنفالی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2013.

13. هۆرێنی، جەلال، جینۆساید و ئەنفال کاریگەریەکانی لەسەر ژن، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017.

14. وەردی، عەلی، کەسایەتی تاکی عێراقی، وەرگێڕانی مەودوود جەبار، چاپخانەی ناوەندی ئەدیبان، چاپی دووەم، سلێمانی، 2019.

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. عومەر، مەهدی فاتیح، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، 2019.

2. صالح، عدالەت عومەر، ئەنفال و ئافرەتی کورد، چاپخانەی ئاراس، هەلێر، چ 1، 2008.

3. عەبدولرەحمان، بەهادین محەمەد، واتەواتی سیاسی لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2009.

4. فەرەج، جەمال مەجید، جینۆسایدی باشوری کوردستان ئەنفالی یەك بەنموونە (21/2-1988/3/19)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، .2022

5. کریم، کانیاو ابراهیم، ڕەنگدانەوەی کارکردنی ژنان لەسەر پەروەردەی منداڵ، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2020.

6. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015.

**ت. گۆڤار:**

1. سەعید، محەمەد ئەحمەد و مەهدی فاتیح عومەر، ئەنفال؛ شوناس و ڕەهەندی مێژوویی و دەرهاویشتەکانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (1)ی خولی (شەشەم)، 2019.

2. جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023.

3. عبدو ڕەزا، کاوە، عەمەلیاتی ئەنفال و ڕۆڵی میدیا لە ناساندنیدا، گۆڤاری سەنگاو، ژمارە(3-4) 2006.

4. عومەر، عەدالەت، پرۆسەی ئەنفال و کاریگەرییەکانی لەسەر باری کۆمەڵایەتی ئافرەتانی کورددا، گۆڤاری هاواری ئەنفال، ژمارە (1)ی ساڵی یەکەم، پاییزی .2002

5. مجید، پەیمان عبدالقادر، کیشە دەروونی کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (41)، بەشی (B)، تەمموزی .2013

6. محۆ، ئەرشەد حەمەد، ئۆپراسیۆنێن ئەنفالا ل دەڤەرا بادینان(25 تەباخێ-6ئەیلولێ 1988)، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (41)ی بەشی (B)ی تەمموزی 2013.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**أ. کتێب:**

1. شريف، عبدالستار طاهر، المجتمع الكردي ، دراسة اجتيماعية ثقافية سياسية، منشوراه جمعية الثقافية الكردية، بغداد، 1981.

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. سليمان، فاتح محمد، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب دراسة اجتيماعية نفسية، رسالة ماجستير(منشوره)، قسم الإجتيماعية، كلية الآداب، جامعة الحره (هولندية/ فرع كركوك)، 2010.

**ت. گۆڤار:**

1. احمد، تەلارسالار، مصطلحات الإبادة الجماعية تأصيلا وتطويرا ودلالة، گۆڤاری كوردستانی بۆ لێكۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارەی تایبەت بە سێیەمین كۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی، سەنتەری بێشكچی بۆ لێكۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانكۆی دهۆك، 2022/8/22.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەكان:**

1. Abid, Istebrak Khalid. The Al-Anfal Campaign; Genocide or Politicide? SVF-3901 Master's thesis in Peace and Conflict Studies Faculty of Humanities, Social Sciences and Education Centre for Peace Studies, 2019

2. Csikszentmihalyi, M. Handbook of research methods for studying daily life. Guilford Press. (2011)

2. Mohammed, M. A., & Memmedova, KPrevalence of Mental Health Problems among Iraqi University Students during the COVID-19 Pandemic. *Sustainability*, (2023)

3. Mohammed, Mrywan Abdulmajeed. The Psychology of Genocide. Eyewitness accounts in Kurdistan. MSC Thesis. Human and Health Science. Huddersfield University. UK, (2013)

3. Mohammed, Mrywan Abdulmajeed. The Psychology of Genocide. Eyewitness accounts in Kurdistan. Charmo University - Reserch Centre, (2017)

4. Reis, H. T., & Judd, C. M. (Eds.). Handbook of research methods in social and personality psychology. Cambridge University Press, (2000).

# پاشکۆکان

**پاشکۆی (1) جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی – Split–Half) دەخاتەڕوو**

| ژمارە N | ڕاستکردنەوەی هاوکۆلکە بە هاوکێشەی سپێرمان –براون Spearman – Brown Coefficient Equal Length | هاوکێشەی پەیوەست پێش ڕاستکردنەوە معامل الارتباط قبل التصحيح Correlation Between Forms |
|---|---|---|
| **16** | **0.901** | **0.824** |

**پاشکۆی (2) جێگیری فۆرمەکە بە شێوەی دابەشکردنی نیوەیی – Split–Half) دەخاتەڕوو**

| ژمارەی پرسیارە نا دروستەکان و گۆڕانکاری | ژمارەی پرسیارە دروستەکان | ژمارەی پسپۆڕی | شوێنی کار | ناوی شارەزایان Experts | ژ |
|---|---|---|---|---|---|
| 6 | 29 | دەروونناسی | زانکۆی هدرسفیلّد – بەریتانیا | پ. د. مەریە لوانۆ | 1 |
| 4 | 32 | دەروونناسی | زانکۆی هدرسفیلّد – بەریتانیا | پ. ی. جۆن سینت | 2 |
| 4 | 32 | پزیشکی دەروونی | زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی پزیشکی | د. زامدارکریم | 3 |
| 2 | 33 | پزیشکی دەروونی | نەخۆشخانەی شەهید هێمن | د. نشمیل ڕسول | 4 |
| 3 | 32 | پێوان و | زانکۆی صلاح | د. وەلید بابان | 5 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | الدين | هەڵسەنگاندن | | |
| 6 | د. صمد محمد | زانكۆی سلێمانی | پەروردە و دەرونناسی | 31 | 4 |
| | كۆ | | | 189 | 23 |

كۆی گشتی پرسیارەكانی فۆرمی ڕاپرسی = 35

كۆی گشتی پرسیارەكان = كۆی پسپۆڕیەكان = 35 6x = 210

ئاستی متمانە = 189/ 210 x100 =0.901

ئەم ژمارەیەی سەرەوە بەڵگەیە بۆ ڕاستی و درووستی فۆرمی توێژینەوەكە كە گونجاوە بۆ پێوانی نیشانەكانی گرفتە دەروونییەكان لە گەڵ بەشداربووان

**پاشكۆی (3) فۆرمی ڕاپرسی كە (35) پرسیارە بۆ پێوانی نیشانەكانی (دڵەڕاوكێ، خەمۆكی،فشار، كەمخەوی، هەستكردن بە كەمی) دەخاتەڕوو**

| ژ | بڕگەکان | هەرگیز | زۆر کەم | هەندێک جار | زۆر جار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | **دڵەڕاوکێ: Anxiety**<br>هەست بە نائارامی و گرژی دەکەم | | | | | |
| 2 | هەست بە زیادبوونی لێدانی دڵ دەکەم | | | | | |
| 3 | ناتوانم بوەستم و کۆنترۆڵی خۆم بکەم | | | | | |
| 4 | کێشەم هەیە لە خەوتن | | | | | |
| 5 | هەست بە لاوازی و ماندوێتی دەکەم | | | | | |
| 6 | ترسم هەیە بەشداری بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکەم | | | | | |
| 7 | بە قورسی هەناسە دەدەم و هەست بە تەنگەنەفەسی دەکەم | | | | | |
| 8 | **خەمۆکی - Depression**<br>بەشداری چالاکییەکان ناکەم | | | | | |
| 9 | ئارەزووی خواردنم زۆر خراپتر بووە | | | | | |
| 10 | هەست بە خەمۆکی و بێهیوایی دەکەم؟ | | | | | |
| 11 | کەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن و دابەزینی کێش ، زیادبوونی ئارەزووی خواردن و زیادبوونی کێشم هەیە | | | | | |
| 12 | بیر دەکەمەوە ئازاری خۆم بدەم و باوەڕم وایە کە مردن باشترە بۆم | | | | | |
| 13 | بە زەحمەت تەرکیز دەکەم | | | | | |
| 14 | ڕەشبینم بەرامبەر بە ژیان | | | | | |
| 15 | **فشار Stress**<br>چێژ لە ئیش و کارەکانم وەرناگرم و باوەڕم وایە ئەمە دەبێتە هۆی سترێس | | | | | |
| 16 | هەست دەکەم لە ژیانمدا ئەرکەکان زۆرن و جێبەجێکردنیان قورسە | | | | | |
| 17 | ئازاری ماسولکەکانم هەیە و هەست بە سەرئێشە دەکەم | | | | | |
| 18 | هەست بە نائومێدی دەکەم سەبارەت بە داهاتووم | | | | | |
| 19 | زیاتر زۆر تووڕە و ناتوانم کۆنترۆڵی ناڕەحەتییەکان بکەم | | | | | |
| 20 | هەست بە بێتوانایی دەکەم | | | | | |
| 21 | ناتوانم تەرکیز لە سەر ئیش و کارەکانی ڕۆژانە بکەم و هەست دەکەم یادەوەریم تێکچووە. | | | | | |
| 22 | **(Insomnia) کەم خەوی**<br>کاتێک دەچمە سەر جێگای نووستن بە زەحمەت دەخەوم | | | | | |
| 23 | ناوبەناو لە خەو هەڵدەستم و خەوم لێ ناکەوێت و بیرم لای ئیش و کارەکانمە | | | | | |
| 24 | لام قورسە سەرنج بدەمە سەر ئەرکەکان و بیرهێنانەوەیان | | | | | |
| 25 | لەکاتی خەوتندا زوو زوو خەبەرم دەبێتەوە و ناتوانم بخەومەوە | | | | | |
| 26 | دوای هەستان لە خەو هەست بە پشوویەکی باش ناکەم | | | | | |
| 27 | ناتوانم تەرکیز بکەم لە ئیش و کارەکانم بەهۆی کەم خەوییەوە | | | | | |
| 28 | هەست دەکەم مێزاجم و تووڕەدەبم بە هۆی کەم خەوتنەوە | | | | | |
| 29 | **هەست کردن بە کەمی Inferiority feeling**<br>لەکاتی بۆنەکۆمەڵایەتییەکاندا حەز دەکەم بەشداری نەکەم | | | | | |
| 30 | گرفتی ئابووری هۆکارێکە بۆ ئەوەی کەهەست بە کەمی بکەم | | | | | |
| 31 | لە ڕووی جل و بەرگەوە هەست بەکەمی دەکەم | | | | | |
| 32 | لە ڕووی جەستەییەوە هەست بە کەمی دەکەم بە هۆی ناشیرینی و کەم و کورتی جەستەییەوە | | | | | |
| 33 | هەست دەکەم بەبەراورد لەگەڵ خەڵکی تردا لە ئاستێکی نزمدام. | | | | | |
| 34 | بەهۆی نەبوونی پیاو \ باوک خۆم بەکەمتر دەبینم لە چاو کەسانی تردا | | | | | |
| 35 | لە ڕووی سۆزدارییەوە هەست بەکەمی دەکەم | | | | | |

# ژن و ئەنفال (ئەنفالی سێ) بە نموونە
# توێژینەوەیەکی بەراوردکاریە لەبواری جوگرافیای دانیشتوان

م. ی. کاظم احمدصدرالدین

پ. د. جزا توفیق طالب

## پوختەی توێژینەوە

ژنانی گەرمیان لە پرۆسەی ئەنفالی سێ دا بوون بە قوربانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، ژمارەیەکیان لێ ئەنفالکرا، ئەوەی مایەوە وەك بەجێماوێکی دوای پرۆسەکە لە کەمپە زۆرەملێکان درێژەیان بە ژیاندا و میراتی مەینەتییەکانی ئەنفالیان بۆ مایەوە.

لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا، هەریەك لە ناوچەکانی (دووزخورماتوو، قەرەحەسەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەی کاکەمەند) لە ماوەی نێوان (4/7 بۆ 1988/4/20) بە قورسی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن، لە پرۆسەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانەکەی مەزەندە دەکرێت بە (43841)کەس ئەنفالکران، لەو ژمارەیەش (14687)کەسیان لە ڕەگەزی (مێ) بوون، ڕێژەی (33.5%) لە کۆی ئەنفالکراوانی ناوچەی گەرمیان پێکدەهێنن.

ئامانج لە توێژینەوەکە دەرخستنی دیمۆگرافیای ئەو ژنانەیە لە شاڵاوی ئەنفالی سێدا بوون بە قوربانی. هەروەها بەراورد کردنی دیمۆگرافیای ژنە لەپێش ئەنفال و لەناو ئەنفال و لەدوای ئەنفال وکاریگەری لایەنە دیمۆگرافییەکانی ئەنفالە لەسەرژنانی گەرمیان.

بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ سێ بەش جگەلە ناساندنی ناوچەی توێژینەوە و دیاریکردنی جوگرافیای ئەنفالی سێ، ئاماژە بە ئەنفال و جوگرافیای قۆناغەکانی ئەنفال کراوە و جەخت لەسەر ژن لە ئەنفالدا کراوەتەوە بە وردی باس لە دیمۆگرافیای ژنانی گەرمیان کراوە لە ئەنفالی سێدا، بەراوردیش کراوە لە نێوان کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان پێش ئەنفال و دوای ئەنفال. لەپێناو بە زاستی کردنی پرسی ژن و ئەنفال سوود لە میتۆدەکانی (هەرێمی، وەسفی، بەراوردکاری) وەرگیراوە.

توێژینەوەکە چەند دەرەنجامێکی خستوەتەڕوو، هەروەك لە دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان و کاریگەریان بەپێی دەستی کار و لایەنی ئابوری بۆ گروپەکانی تەمەن ئەوە

دەردەکەوێت: ڕێژەی گروپەکانی تەمەن (0-14)ساڵ بۆ ڕەگەزی مێ دەکاتە (49.6%)، گروپەکانی تەمەن (15-65)ساڵ دەکاتە (47.1%)، گروپەکانی تەمەن (65 ساڵ بە سەرەوە) دەکاتە (3.3%). هەروەها ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان لە تەمەنی سککردندا بە هەزار لەنێوان تەمەن(15-49)ساڵ، دەکاتە (479.8) لە هەزار. توێژینەوەکە چەند ڕاسپاردەیەك دەخاتە بەردەم حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراو و ناوەندە زانستییەکان.

**کلیله وشە:** (ئەنفال، ناوچەی گەرمیان، ئەنفالی سێ، ژن و ئەنفال).

## پێشەکی

ژنان ڕەگەزە کاریگەرەکەی مرۆڤن؛ بەشێکن لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە نیوەی کۆمەڵگە و دایکی نیوەکەی تری کۆمەڵگە دادەنرێن. لەنێو کۆمەڵگەدا خاوەن پێگە و شوناسی تایبەت بەخۆیانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لەسەر ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، شان بەشانی پیاوان لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگەی مرۆیین و ڕۆڵ دەبینن لە زیادبوون و گەشەکردنی خێزان و کۆمەڵگە.

پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە جینۆساید و تاوانە گەورەکانی سەدەی ڕابردوو، دەرحەق بە گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراق کە بەعسییەکان سەرۆکایەتیان دەکرد ئەنجام دراوە، تیایدا (182)هەزار کەس بوونە قوربانی ڕاستەخۆی پرۆسەکە. لە ئەنفالدا ژنانیش بوون بە بەشێك لە قوربانی و شوێنبزربوانی ئەنفال شان بەشانی پیاوان و منداڵ و گەنج و پیرو بە تەمەنەکان. هەروەها لەدوای ئەنفالیش ژنان هەر بەشێك بوون لە شایەتحاڵی مەینەتییەکانی ژیان. ئەوان بە ژیانێکی کولەمەرگی و پرلە ئازاردا تیپەڕین و بوون بە بەشێك لە قوربانییەکانی ناو پرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال، ئەمەش کاریگەری و ڕەنگدانەوەی زیاتری هەبوو لای ژنانی دەڤەری گەرمیان، لەناو جوگرافیای ئەنفالی سێدا. ژن لە ئەنفالدا(ئەنفالی سێ بە نموونە) توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لە نێوان دوو قۆناغی جیاوازدا، قۆناغی یەکەم ژن لە پرۆسەی ئەنفالدا، قۆناغی دووەم ژن دوای پرۆسەی ئەنفال، لە توێژینەوەکەدا (ژن) لەبری ڕەگەزی مێ لە ئەنفالی سێدا بەنموونە وەرگیراوە.

# چوارچێوەی توێژینەوە

بواری توێژینەوە:

1. بواری جوگرافی: مەبەست لە بواری جوگرافی شوێن و سنووری پرۆسەی ئەنفالی سێیە، کە ناوچەی گەرمیانە و بریتیە لە قەزاکانی کفری و کەلار و چەمچەماڵ و بەشێك لە قەزای دووز و ناحیەکان و گوندەکانیان، پرۆسەکە لە ساڵی (1988) ڕوویداوە.

2. بواری مرۆیی: توێژینەوەکە ئەو ژنانە دەگرێتەوە لە ئەنفالی سێدا شوێنبزرکران لەگەڵ ژنانی بەجێماوی ئەنفال.

3. بواری کاتی: مەبەست لەبواری کاتی ماوەی نێوان ساڵانی (1988 بۆ 2010)یە، کە کاتی پرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەکە دەکات.

گرنگی توێژینەوە:

1. دەرخستنی ڕۆڵی ژن لە پرۆسەی ئەنفالدا، بابەتێکی گرنگە بۆ توێژینەوە و هۆکارێکە بۆ دەرخستنی پێگە و شوێنی نیوەی کۆمەڵ لە توێژینەوەی زانستیدا.

2. گرنگیدان بە دەرخستنی لایەنی قوربانی ژنان چ لەناو پرۆسەی ئەنفال چ لەدوای پرۆسەکە و کاریگەری لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان.

ئامانجی توێژینەوە:

1. دەرخستنی دیمۆگرافیای ئەو ژنانەیە، کە لە پرۆسەی ئەنفالدا شوێن بزرکران، یاخود بوون بە قوربانی.

2. لەسەر بنەمای ڕەگەزی، دەستنیشاکردن و بەراوردکردنی ژمارەی دانیشتوانی ژنە لە پرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال لە ئەنفالی سێدا، خستنەڕووی کاریگەرییە دیمۆگرافیەکانی ڕۆڵی ژنانە وەك پێکهاتەیەکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردی.

گرفتی توێژینەوە:

1. نەبوونی داتا و ڕووپێوێکی زانستی ورد سەبارەت بە ژمارەی ئەنفالکراوان لەناویشیاندا ژنان(ڕەگەزی مێ)، بەهۆی نەبوونی ئاماری ورد سەبارەت بە باری خێزانی کۆمەڵگەی کوردی و سنووری توێژینەوەکە، کە ئەنفالی گەرمیانە. بۆیە ناچار مامەڵەیەکی ڕەگەزیمان لەگەڵ کچان و ژناندا کردوە کەوایە مەبەست لە ژنان ڕەگەزی مێیە بە کچ و ژنەوە لە توێژینەوەکەدا.

2. بەشێك لەو کتێب و توێژینەوانەی لە سەر ئەنفال و ژنان لە پرۆسەکەدا نووسراون، زانیاری وەسفی و ڕووکارین(سطحي)ن خاڵین لە داتا و زانیاری و ژمارە، کەمتر کەرەستەی زانستی تێدا بەکارهاتووە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە لەسەر ئەنفال نووسراون لەڕووی چۆنایەتییەوە کاری لەسەر کراوە، نەك لەڕووی چەندێتی و کوالێتی کارکردن، زانیاریەکان ئەگەر هەشبن زانیاری لەگۆترە و هەڕەمەکی و دووبارەن.

کێشەی توێژینەوە:

1. بەهۆی پرۆسەی ئەنفال بەگشتی و ئەنفالی سێ بە تایبەتی ژنانی گەرمیان، کاریگەریان لەسەر دیمۆگۆافیایی ناوچەکە جێهێشتووە.

2. بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕەگەزی مێ وەك ڕەگەزی نێر بوونە قوربانی پرۆسەی ئەنفالی سێ لە ناوچەی توێژینەوەکە.

گریمانەی توێژینەوە:

1. ژنان لە ئەنفالی سێدا، بوون بە قوربانی و کاریگەریان لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوانی ناوچەکە بەجێهێشت.

2. ژنان قوربانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی پرۆسەی ئەنفال بوون.

میتۆدی توێژینەوە:

لە توێژینەوەکەدا سوود لەم میتۆدانە وەرگیراوە: میتۆدی هەرێمی: ناوچەکە وەك هەرێمی دیاریکراو وەرگیراوە کە ناوچەی گەرمیانە، پێکهاتووە لە چەند قەزاو ناحیە و گوندوێك. میتۆدی وەسفی: بۆ وەسفکردنی ڕووداو قۆناغەکانی پرۆسەی ئەنفال و ژن لە ئەنفالدا. میتۆدی بەراوردکاری: بۆ بەراوردکردنی دیمۆگرافیای ژن لە پێش ئەنفال و دوای ئەنفال، لە دیدگای دیمۆگرافیا و جوگرافیای دانیشتوانەوە.

پلانی توێژینەوە:

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکهاتووە، لەبەشی یەکەمدا ناساندن بۆ ناوچەی توێژینەوەکە کراوە کە ناوچەی گەرمیانە، بەشی دووەم: باسی یەکەم: چەمکی ئەنفال، باسی دووەم: قۆناغەکانی ئەنفال، باسی سێیەم: جوگرافیای ئەنفالی سێ. بەشی سێیەم: باسی یەکەم: ژن لە ئەنفالدا، باسی

دووەم بەراوردێك لە نێوان دابەشبوونی دانیشتوانی ئەنفالی سێ(ناوچەی گەرمیان) پێش ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال.

## بەشی یەکەم: ناساندنی ناوچەی توێژینەوە(ناوچەی گەرمیان):

ناوچەی گەرمیان ئاماژەیە بۆ (وڵاتی گەرم)، لە وشەی (باگرمی)یەوە هاتووە، بە واتای ناوچە گەرمەکان بەرامبەر بە وشەی زۆزانی ناوچە شاخاوی و ساردەکان. لە دوو وشەی دژ بەیەکی (گەرمەسێر-ساردسێر)دا بەدیدەکرێت، تایبەتمەندییە ئاووهەواییەکانی ناوچەکە کراوەتە بنچینە بۆ جیاکردنەوەی ناوچەی گەرمیان لە ناوچە کوێستانیەکان. *(جەباری، کازم ئەحمەد سەرەدین، 2019، ل41)*. ئەم ناوچەیە خاوەن پێگەیەکی جوگرافی گرنگە و دەوڵەمەندە بە دیاردە سروشتیەکانی وەك (بەرزونزمی و بوونی دەشتی فراوان و دەوڵەمەند بە سەرچاوەی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی و جۆراوجۆری ڕووەکی سروشتی و خاکی بەپیت و ئاووهەوای تایبەت). ناوچەی گەرمیان بە کەرکوکیشەوە لەسەردەمی گۆتیەکاندا، پێی وتراوە (گەرمکان) واتە ناوچەیەی (گەرم).

ئەم ناوچەیە کەوتوەتە باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق لە سنوری ناوچەی نیمچە شاخاوی دایە، زنجیرە چیای حەمرین سنوری هەرێمی کوردستان لە عێراقی عەرەبی جودا دەکاتەوە. نەخشەی (1). لەگەڵ زنجیرە چیاکانی سەگرمە و زەردیاوا. *(هەلاج، ساڵح، 2011، ل17)*، شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی لەنێوان بازنەکانی پانی (27: 39: 32) و (06: 55: 35) خۆرهەڵات و هێڵەکانی درێژی (07: 15: 46) و (36: 49: 43) باکوردا هەڵکەوتووە. پێکدێت لە قەزاکانی (دبز، قەزای ناوەندی کەرکوك، چەمچەماڵ، دووزخورماتوو، کفری، کەلار، خانەقین، مەندەلی، شارەبان، بەدرە)، بەخۆیان و ناحیەکانیان و یەکە ئیداریەکانیانەوە بە ڕێژەی جیاواز ڕووبەری (ناوچەی گەرمیان)یان پێکهێناوە *(دەروێش، عەزەدین جمعە، ارام حسن محمد، 2017، ل93)*. نەخشەی (2).

**نەخشەی (1)، شوێنی ناوچەی گەرمیان بەگویرەی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ**




*سەرچاوە: دەروێش، عزەدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی وشکەساڵی لە گەرمیان، جوونی، 2017، ل95.*

**نەخشەی(2)، نەخشەی کارگێڕی ناوچەی گەرمیان**




*سەرچاوە: دەروێش، عزەدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەکانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە کۆنفرانسی وشکەساڵی لە گەرمیان، جوونی، 2017، ل96.*

# بەشی دووەم: ئەنفال و شاڵاوەکانی ئەنفال

## باس یەکەم: چەمکی ئەنفال

ئەنفال، زاراوەیەکی قورئانیە و لە سورەتێکی قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە کە (الأنفال)ە و (هەشت)ەم سورەتی قورئانە. *(Hashim, Suzan Mohamed Hassan, 2020, Taha, Perjan) p77*، ناوی ئەنفال (چوار) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە بە دوو شێوە ئەوانیش: (الانفال، و النفیلە). (احمد، تەلار سالار، 2022، ص397). لەڕووی زمانەوانیەوە، (الأنفال) لەکۆی وشەی (نفل)ەوە هاتووە بەواتەی دەسکەوت (غەنیمە) دێت، جا دەسکەوتێك بە جەنگ بەدەستهاتبێت یان بەبێ جەنگ یاخود بە شتومەك و دەسکەوت و ماڵی زیادەی دەست بەسەرداگیراوی دوای جەنگ دێت. *(سلیمان، فاتح محمد ، 2010، ص11)*، ڕژێمی عێراق بۆ شەرعیەتدان و پاساودانی جینۆسایدی کورد و ئەنجامدانی تاوانی ئەنفال سوودی لە وشەی (الأنفال)ی قورئانی پیرۆز وەرگرت.

ئەنفال ئاماژەیە بۆ کۆی ئەو پەلامارە سەربازیانەی کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە دژی دانیشتوانی سڤیلی کوردی (هەرێمی کوردستان)، لە نێوان ساڵانی (1987 بۆ 1989)، بە دیاریکراوی ساڵی (1988). *(Osman, soran, 2014, p16)*. لەلایەن (عەلی حەسەن مەجید) فەرماندەی گشتی پرۆسەی ئەنفال و بەرپرسی ئەودەمەی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس کە ئەوکات بارەگاکەی لە شاری کەرکوك بوو لە شەش ناوچەی جوگرافی جیاوازدا بە (هەشت) قۆناغ لەماوەی کەمتر لە (حەوت) مانگدا پرۆسەکە ئەنجامدرا. وێڕای خاپورکردنی ئەو ناوچانە زیانێکی گەورەی مرۆییشی لێ کەوتەوە. *(عومەر، مەهدی فاتیح، 2019، ل9)*. ئەنفال بە دڵڕەقترین و ترسناکترین تاوانی سەدەی بیستەم پێناسە دەکرێت بە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی پلان بۆداڕێژراوی پێشوەختە بە بەرنامە و ستراتیژێکی چڕ بەمەبەستی جینۆساید کردنی گەلی کورد و چۆڵکردن و خاپورکردنی گوند و ناوچە کوردیەکان، بە ئامانجی گۆڕینی بواری جوگرافی و دیمۆگرافی و کەلتوری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابوری و لەناوبردنی جەستەیی. پرۆسەکە لە ڕێکەوتی (1988/2/23) دەستی پێکرد و لە (1988/9/6) کۆتایی پێهات. لەو ماوەیەدا هەزاران هاوڵاتی سڤیلی بێ چەك لەناویاندا ژن و منداڵ و گەنج و پیر شوێنبزرکران و بوون بە قوربانی، لەگەڵ وێرانکردن و ڕووخاندنی هەزاران گوند و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و مزگەوت و کڵێسا. شاڵاوەکانی ئەنفال لەلایەن سوپایەکی دڕندە بە

هەموو چەك وكەرەستەیەكی سەربازی ئەنجامدرا، بە پاڵپشتی فڕۆكەی جەنگی و بە بەكارهێنانی چەكی كوشندە (گازی كیمیاوی) كە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا قەدەكرابوو. *(سلیمان، فاتح محمد، 2010، ص50)*، خشتەی (1)، زەرەر و زیانەكانی ئەنفال.

**خشتەی (1)، خەمڵاندنی زیانەكانی هەشت قۆناغەكەی ئەنفال لە ساڵی (1988)**

| زیانەكان | قەزا | ناحیە | گوند | مزگەوت | كڵێسا | بنكەی تەندروستی | قوتابخانە | زیانی مرۆیی(گیانی) بێسەروشێنكردن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بە ژمارە | 4 | 30 | 4732 | 3100 | 100 | 271 | 1757 | 182000 كەس |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*1. گوڵ، عمر مارف، جینۆسایدی گەلی كورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوكراوەكانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، 2007، ل.48*

*2. حسێن، ئاوارە، جینۆسایدی گەلی كورد لەڕوانگەی یاسای تاوانكاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەكەم، سلێمانی، 2017، ل164*

باسی دووەم: دابەشبوونی جوگرافیای قۆناغەكانی شاڵاوی ئەنفال

مەبەست لەم باسە دابەشبوونی جوگرافی قۆناغەكانی شاڵاوی ئەنفالە بەسەر ناوچە جیاجیاكانی كوردستانداو هەروەك پرۆسەی ئەنفال پرۆسەیەكی گشتگیری بەرنامە بۆدارێژراو بوو بەشی زۆری جوگرافیایی ناوچەكانی كوردستانی گرتەوە. وەك لێرەدا ئاماژەی بۆ دەكەین:

1. ئەنفالی یەك: ئەم قۆناغە لە ماوەی نێوان (1988/2/21 تاوەكو 1988/3/19)ی خایاند، سنوری جوگرافیای ئەنفالی یەك ناوچەكانی پارێزگای سلێمانی گرتەوە، لە ناوچەكانی (دوكان، بنگرد، سورداش، چوارتا، بەرزنجە، كارێزە) پێكهاتبوو. *(فەرەج، جەمال مەجید، 2022، ل165*

ئامانجی سەرەكی لەم پرۆسەیەدا وێرانكردنی گوندەكانی دۆڵی جافایەتی و داگیركردنی بارەگای سەركردایەتی (ی.ن ك) بوو. هەروەها بەدرێژایی ماوەی ئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفالی یەك، جگەلە هێزی زەمینی فڕۆكە و چەكی كیمیایی بەكارهات بەوهۆیەشەوە نزیكەی (600)كەس لە پێشمەرگە و خەڵكی سڤیل بوونە قوربانی و شەهید بوون، ژمارەیەكی تر لە خەڵكی ناوچەكە و پێشمەرگە بەناوی لێبوردنی گشتیەوە بەر پرۆسەی ئەنفال كەوتن و شوێن بزركران. *(سلێمان، ڕێبوارئیبرهیم، 2012، ل111)*، خشتەی (2)

**خشتەی (2) جوگرافیای ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی یەک کەوتن، لە ماوەی (1988/2/21–1988/3/19)**

| قەزا | ناحیە | ژمارەی گوند |
|---|---|---|
| **دوکان** | سورداش | 77 |
| | بنگرد | 50 |
| **چوارتا** | بەرزنجە | 17 |
| | کارێزە | 20 |
| **کۆی گشتی** | | 164 |

*سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: مراد حکیم محمد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگواستنی کوردانلە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین، 2003، ل88*

2. ئەنفالی دوو: ناوچەکانی قەرەداغی گرتەوە لە ماوەی نێوان (3/22 تاوەکو 4/1)ی خایاند، بە کیمیابارانکردنی گوندی سێوسێنان دەستی پێکرد و ناوچەکانی (سەنتەری قەزای سلێمانی، قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان) خشتەی (3)، بەر پرۆسەی ئەنفالی دوو کەوتن، *(شێخ حەسەن، محەمەد، 2017، ل156)*، هەریەك لە گوندەکانی (دوکان، سێوسێنان، تەکیە، بەلەکجار، جافەران) بەر هێرشی کیمیایی کەوتن لە ئەنجامدا زیاد لە (78) کەس شەهید بوون و نزیکەی (200)کەس بریندار بوون. *(شەریف، هەژار کەیفە، 2018، ل171)*، ڕژێمی بەعس لە ڕێکەوتی (1988/4/1) کۆتایی بە پرۆسەکە هێنا.

**خشتەی (3)، جوگرافیای ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی دوو کەوتن لە ماوەی (1988/3/22–1988/4/1)**

| قەزا | سەنتەری پارێزگای سلێمانی | | | | دەربەندیخان | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **ناحیە** | تانجەرۆ | سەرچنار | قەرەداغ | بازیان | سەنتەری قەزا | زەڕایەن | |
| **ژمارەی گوند** | 93 | 19 | 50 | 55 | 12 | 29 | 258 |

*سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: عبداللە، یادگار، ڕەهەندە سیاسیەکانی پرۆسەی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، 2008، ل94*

3. ئەنفالی سێ: جوگرافیای ئەنفالی سێ هەریەك لە ناوچەکانی (دووزخورماتوو، قەرەحەسەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەی کاکەمەند). دەگریتەوە پرۆسەکە لە ماوەی نێوان (4/7 بۆ 1988/4/20) ئەنجامدراوە. لە باسی سێیەمی ئەم بەشە و باسەکانی دواتردا بەدرێژی باسی دەکەین.

4. ئەنفالی چوار: ئەم قۆناغە لە ڕێکەوتی (5/3 تاوەکو 1988/5/15)ی خایاند، لە هەریەك ناوچەکانی (ئاغجەلەر، شوان، پردێ، تەقتەق، شێخ بزێنی سەرو، شێخ بزێنی خوارو، چەند گوندێکی دۆڵی سورداش و دوکان...هتد) ئەنجامدرا، خشتەی (4)، نزیکەی (10)هەزار کەس بەرشاڵاوی ئەنفال کەوتن و (7)هەزار کەسیان لە بیابانەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق شوێنبزرکران. *(مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، 2007، ل19)*.

لەم قۆناغەدا هەردوو بەری ڕاست و چەپی زێی بچوك، کە بەشێك لە یەکە کارگێڕییەکانی قەزاکانی (چەمچەماڵ، ناوەندی کەرکوك، دوبز، دوکان، کۆیە)ی گرتەوە، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (3985)کم2. تیایدا (267) گوند وێرانکرا و *(حەمەدئەمین، هاشم یاسین، 2019، ل110)*. هەرلەو کاتەدا ڕژێمی عێراق گوندەکانی (گۆپتەپە، عەسکەر)ی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرد. بەتەنها لە گۆپتەپەی سەرزێ (100)کەس لەژێر کاریگەری گازی کیمیایی شەهید بوون و نزیکەی (200)کەس بە چەکی کیمیایی بریندار بوون. *(Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, 2018, p37)*.

**خشتەی (4) جوگرافیای ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی چوار کەوتن لەماوەی (1988/5/3–1988/5/15)**

| ناحیە | ئاغجەلەر | شوان | تەق تەق | تەکیە | پردێ | خەلەکان | شۆڕش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گوند | 75 | 61 | 72 | 24 | 23 | 24 | 26 | 305 |

*سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خلیل اسماعیل، کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنوورە یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم، هەولێر، 2010، ل178.*

5. ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت: ئەم قۆناغە ناوچە سەختەکانی دۆڵ و چیاکانی شەقڵاوە و ڕەواندزی لە پارێزگای هەولێری گرتەوە لە ڕێکەوتی (5/15 تاوەکو 1988/8/26)ی خایاند، سەرەتا لە دۆڵی بالیسانەوە دەستی پێکرد. *(Abid, Istebrak Khalid, 2019, P34)* جوگرافیای ناوچەکانی (باکوری قەزای ڕانیە، سەنتەری پارێزگای هەولێر، قەزاکانی کۆیە، شەقڵاوە، سۆران، مەخمور، مێرگەسور)ی بەچڕی بەر شاڵاوەکە کەوتن. خشتەی (5)، ئەم قۆناغانە لەبەرامبەر قۆناغەکانی تری شاڵاوەکانی ئەنفالدا ماوەکەی درێژتر بوو، سێ مانگی خایاند، بە هۆی سروشتی سەختی جوگرافیای ناوچەکەو ئاڵۆزی و ناوچە شاخاویەکانی و بەرگری هێزەکانی پێشمەرگە، ئەم قۆناغانەی ئەنفال ماوەی زیاتر لە سێ مانگی خایاند. *(Watch, Human Right, 1993, P192)*.

**خشتەی (5) جوگرافیای ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت کەوتن لەماوەی (1988/8/26–1988/5/15)**

| قەزا | سەنتەری پارێزگای هەولێر | | شەقڵاوە | | | سۆران | | کۆیە | | مەخمور | مێرگەسور | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناحیە | خەبات | قوشتەپە | سەڵاحەدین | هەریر | خۆشناو | خەلیفان | ڕەواندز | کۆیە | دیگەڵە | مەخمور و گوێر | بارزان و شیروان | 263 |
| ژمارەی گوند | 1 | 8 | 11 | 10 | 22 | 31 | 13 | 40 | 26 | 11 | 90 | |

*سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست: مراد حکیم محمد، ئاکامە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگواستنی کوردانلە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، کۆلیژی ئاداب زانکۆی سەڵاحەدین، 2003، ل90*

**6. ئەنفالی هەشتەم و کۆتایی:** بە دواهەمین قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، لە ڕێکەوتی (1988/8/25 تاوەکو 1988/9/6)، جوگرافیای ئەم قۆناغە دەڤەری بادینانی گرتەوە، کە پێگەیەکی جیۆستریتیژی هەیە هەرسێ وڵاتی عێراق و ئێران و تورکیا پێگەوە گرێدەدات *(حاجی، سالم جاسم، 2019، ل221)*، پاش ئەوەی ڕۆژی 25ی ئاب ڕۆژانی دوایی تەواوی ناوچەکانی بناری شاخی گارەی دەڤەری بادینانی بەخەستی بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرد، ڕۆژی 31ی ئاب لە دوا بەرنامەی ئەنفالدا ڕژێم هێرشی کردە سەرناوچەکانی (دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ، شێخان، زاخۆ، باتوفە، کانی ماسێ، دێرەلوك، ئەتروش، زاوێتە ) لە ئامێدی و لە ئاکرێ و لە شێخان و لە زاخۆ، لە دهۆك نزیکەی (450)گوند ئەنفال و تاڵان کران و خانووەکانیان لەگەڵ زەویدا تەخت کرا. *(محەمەد، عومەر، 2013، ل176).*

**خشتەی (6) ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی ئەنفالی هەشت و کۆتایی کەوتن لەماوەی (1988/8/25–1988/9/6)**

| قەزا | شێخان | ئاکرێ | زاخۆ | ناوەندی پارێزگای دهۆک | ئامێدی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی گوند | 19 | 35 | 100 | 63 | 233 | 450 |

*سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەست بە: خلیل اسماعیل، کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنوورە یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم، هەولێر، 2010، ل182.*

نەخشەی(2)، جوگرافیای هەشت قۆناغەکەی شاڵاوەکانی ئەنفال لە ساڵی (1988)




*سەرچاوە: جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023، ل223*

باسی سێیەم: جوگرافیای ئەنفالی سێ

سەبارەت بە جوگرافیای ئەنفالی سێ کە ناوچەی گەرمیان دەگرێتەوە، دەکەویتە باشوری هەرێمی کوردستانی عێراق، فیزۆگرافیاکەی بریتیە لە هەرێمی نیمچە شاخاوی، هەڵکەوتەی شوێنی ئەسترۆنۆمیەکەی دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (50: 34) و (40: 35)ی خۆرهەڵات و هێڵەکانی درێژی (20: 44) و (40: 45)ی باکور. نەخشەی (3). سنوری قۆناغی ئەنفالی سێ لە باکورەوە قەزای چەمچەماڵە بە زنجیرە چیاکانی سەگرمەدا دەست پێدەکات و بە ناحیەی تەکیەی کاکەمەند و هیڵی ڕێگای سەرەکی (کەرکوك-چەمچەماڵ) تێپەڕ دەبێت، لە باشورەوە لە قەزای کفریەوە دەست پێدەگات تا دەگاتە قەزای کەلار، هەرچی خۆرهەڵاتە ڕێگای سەرەکی نێوان (کەلار-

پێباز-دەربەندیخان) کەناری ڕووباری سیروان دەگرێتەوە تا زنجیرە چیای قەرەداخ، لە خۆرئاواوە لە کەرکوکەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دووزخورماتوو. نەخشەی (3). ڕووبەری ناوچەکە دەگاتە (6597)کم2، ڕێژەی (7.9%) کۆی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی عێراق پێکدەهێنێت. *(کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، 2015، ل39).*

مەبەست لە ئەنفالی سێ، ناوچە و گوندەکانی گەرمیان دەگرێتەوە: وەك (دووزخورماتوو، قەرەحەسەن، قادرکەرەم، جەباری، کفری، کەلار، پێباز، تیلەکۆ، دەربەندیخان، سەنگاو، چەمچەماڵ، تەکیەی کاکەمەند)، کە لە ماوەی نێوان (4/7 بۆ 1988/4/20) بە قورسی بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتن و زیانێکی زۆری ماددی و مەعنەوی بەر دانیشتوانی نزیکەی (516) گوند و چەند قەزاو ناحیەیەك گەیاند، لە پرۆسەکەدا ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی گەرمیان شوێنبزر کران، ئامارەکان پێمان دەڵێن لە ئەنفالی سێدا، (43841)کەس ئەنفالکران. *(عەلی، سنور محەمەد، 2021، ل113).*

**نەخشەی (3)، نەخشەی شوێنی ئەسترۆنۆمی جوگرافیای ئەنفالی سێ (ناوچەی گەرمیان) لە ساڵی (1988).**



*سەرچاوە: کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015، ل30*

سوپای عێراق بۆ جێبەجێکردنی پلانی ئەنفالی سێ ناوچەکەی دابەشکرد بۆ باکور کە ناوچەکانی چەمچەماڵ و قادرکەرەم، باشور ناوچەکانی کفری و کەلار، خۆرهەڵاتی ناوچەکانی دەربەندیخان و سەنگاو، خۆرئاوا ناوچەکانی دووزخورماتوو، پاشان لە چەند قۆڵێکەوە هێرشەکانی دەستپێکرد بۆ سەر ناوچەکانی گەرمیان وەك: قۆڵی یەکەم: لە دووزخورماتووەوە بۆ گوندەکانی (بنار گل، داودە، باش تەپە، ئاوەسپی)، قۆڵی دووەم: لەکەلارەوە بۆ گوندەکانی (تیلەکۆ، کوڵەجۆ)، قۆڵی سێیەم: لە کفریەوە بۆ گوندەکانی (ئۆمەربل، عەزیز قادر)، قۆڵی چوارەم: لە کفریەوە بەرەو گوندی (دوڕاجی)، قۆڵی شەشەم: لە پونگەڵەوە بەرەو گوندی (بەکر بایەف)، قۆڵی حەوتەم: لە دەربەندیخانەوە بەرەو گوندی (درۆزنە)، قۆڵی هەشتەم: لە چیای قەرەداغەوە بۆ گوندەکانی (درۆزنە، تەپە گەڕوس)، قۆڵی نۆیەم: لە قادرکەرەمەوە بۆ گوندەکانی (ئیبراهیم غولام، گۆلباخ، قەیتول)، قۆڵی دەیەم: لە سەنتەری چەمچەماڵەوە بۆ گوندەکانی (قەرەوەیس، کوڵەبان، بان جەباری)، قۆڵی یازدەیەم: لە قەرەحەسەنەوە بۆ گوندەکانی (هەناره، مەحمود پەریزاد)، قۆڵی دوازدەیەم: لە لەیلانەوە بۆ گوندی (تازەشار)، قۆڵی سیازدەیەم، لە سەنگاوەوە بۆ گوندەکانی (سەرقەڵا) بەم شێوەیە دەستی گرت بەسەرناوچەکانی گەرمیاندا. *(سدیق، شێخ، 2020، ل210).*

لەم قۆناغەدا و لە ماوەی (13) ڕۆژدا، جیالەوەی (43841)کەس، بێ جیاوازی ڕەگەز ئەنفال و شوێنبزکران زیاتر لە (45777) خێزان ئاوەرە بوون و لە زێدی خۆیان هەڵکەنران. زیاتر لە (516) گوند و (شەش) ناحیە ڕوخێنران و خاپورکران، (39178) خانووبەرە وێران کران لەگەڵ (381) قوتابخانە و (814) مزگەوت و (69) نەخۆشخانە... *(نامق، چنور، 2013، ل72)*، خشتەی (7)

**خشتەی (7)، خەمڵاندنی زیانەکانی قۆناغی ئەنفالی سێ لە ماوەی (4/7 بۆ 1988/4/20)**

| خەمڵاندنی زیانەکان | زیانی گیانی(ئەنفالکراو) | ئەو خێزانانەی ئاوەرە بوون | ئاوەندی ناحیە | گوند | قوتابخانە | مزگەوت، تەکیە، خانەقا، مەزارگەو شوێنی پیرۆز | نەخۆشخانە | خانووبەرە | عەماری ئاو | مەکینەی ئاش | ڕەز و باخ | مەڕو بزن | ڕەشەوڵاخ(مانگا و گامێش) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| **بە ژمارە** | 43841 | 45777 | 6 | 516 | 381 | 814 | 69 | 39178 | 52 | 47 | 1435 | 472770 | 15000 |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*1. محەمەد، زانا فەقێ، جینۆساید لە باشوری کوردستان ئەنفالی سێ بە نموونە، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012، ل49*

*2. جاسم محمد محمد علی، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002، ل38*

*3. نامق، چنار، جینۆساید وئەنفالی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2013، ل72*

## بەشی سێیەم: دیمۆگرافیای ژن و ئەنفال

باسی یەکەم: ژن لە ئەنفالدا

ژن یان ئافرەت بریتیە لە ڕەگەزە (مێ)ینەکەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، بە هاودەمی پیاو و جووتی پیاو ناودەبرێت. *(عەبدوڵا، ئاڤان ئەحمەد، 2023، ل17)*، شان بەشانی پیاوان لە ئەرك و بەرپرسیاریەتیدا بووە، ئافرەتی کورد لە چالاکیەکانی ناو ماڵ و دەرەوەی ماڵدا هاوبەشی پیاوی کردوە بەدریژایی مێژوو ئافرەتێکی زەحمەتکێش و ماندو بووە ئەمە جگەلەوەی دایکە و بەخێوکەرو پەروەردەکارە. *(عوسمان، بەهرۆزبەکر، 2022، ل2).*

ئەمە یەکێك بوو لە سیما دیارەکانی ژنانی نیشتەجێی کوردستان بەگشتی و گوندەکان بەتایبەتی، هەرچی دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان و سنوری ئەنفالی (سێ)یە، بەشی هەرەزۆریان لە گوندەکاندا نیشتەجێبوون پابەند بوون بەو داب و نەریت و ئەرك و مافانەی لە ژینگەی ژیانی گوندییدا بۆیان یاریکرابوون، دانیشتوانەکەی لەڕووی پێگەی هۆزگەرایەتیەوە دابەشبوون بەسەر هۆزەکانی (زەنگەنە، داودە، جەباری، تاڵەبانی، هەمەوەند، جاف...هتد)، کە هەریەکەیان دابەشبوون بەسەر گوندەکانی ناوچەکە. کاتێکیش پرۆسەی ئەنفال ڕوویدا ژنانی ناوچەکە بە قورسی بەرشاڵاوی سێ ئەنفال کەوتن، چونکە لە پرۆسەی ئەنفالدا هیچ جیاوازیەك لەنێوان پێشمەرگە و خەڵکی مەدەنی و لەنێویشیاندا ژنان و پیاوان نەدەکرا، ئەوەی لە ئەنفالدا زۆرترین قوربانیدا ژنان بوو. *(ڕەئوف، محەمەد، 2014، ل83)*، چ وەك ئەوەی ڕاستەوخۆ بوون بە سوتەمەنی پرۆسەی ئەنفال و بەشێك بوون لە پرۆسەکە (سوکایەتیان پێکرا، زیندانی کران، شوێنبزرکران)، چ وەك ئەوەی ژنان وەك بەجێماوێکی ئەنفال هەموو مەینەتیەکانی ئەنفالیان بۆ مایەوە. *(جەباری، مەریوان عەبدوڵەجید موحەمەد، 2011، ل11)*. ژنانێك کە لە ئەنفالدا بوون ئەنفال بە (یوم القیامە) ناودەبەن و ژنێکی

دەربازبووی ناو کوانویی کورەی بە گڕی ئەنفال پێی وایە: (ئەوەی لە منداڵیەوە باسی (یوم القیامە)م بۆ دەکرێت، باسی دۆزەخ و مردن و سوتاندن دەبیستم، پێم وایە لە ئەنفالدا هەموویمان بینی. ئەوەی بە گەلی کورد کرا خەڵکی دوای مردن چاوەڕێی دەکەن کەچی ئێمە هێشتا لە ژیاندا بووین و ڕەوانەی ئاگری دۆزەخیان کردین، ئێمە گوناحمان تەنها کوردبوون بوو هیچی تر). *(بیارەیی، ئاسۆ، 2013، ل63).*

دانیشتوانی بەشێك لە گوندەکانی ناوچەی گەرمیان لە پرۆسەی ئەنفالدا ڕاستەوخۆ دەکەوتنە بەر شاڵاوی هێزی یەکە سەربازیەکانی بەعس، ئەم هێزانە کاتێك هەر گوندێکیان گەمارۆبدایە و بچونایەتە سەرهەرگوند و ناوچەیەك دانیشتوانەکەیان ڕاپێچ دەدا و بە پیرو منداڵ و گەنجەوە، بە (نێر و مێ)وە دەیانخستنە ناو ئیفا و زیلی عەسکەریەوە دەیان گواستنەوە بۆ شوێنەکان(کەمپەکانی کۆکردنەوەی خەڵك لە چەمچەماڵ و لەیلان و قادرکەرەم و ئالیاوە یاخود هەر لەکاتی دەستبەسەرکردندا ژن و منداڵ و بەتەمەنەکانیان لە پیاوەکان جیا دەکردەوە پیاوەکان بۆ سەربازگە خالید (معسکر خالد)ی کەرکوك و لەیلان، ژن و منداڵ و بەتەمەنەکانیش بەجیا ڕەوانەی چەمچەماڵ دەکران. ئەمە بارودۆخی دانیشتوانی ناوچەکانی باکوری گەرمیان بوو ناوچەکانی باشوری گەرمیانیش هەمان پرۆسەیان بەسەردا جێبەجێکرا و دوا ئەوەی لە گوندەکانەوە دەستگیر دەکران و دەبران بۆ کەمپەکانی لەیلان و قورەتو. *(عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر، 2004، ل62)*. دانیشتوانی بەشێکی تر لە گوندەکان کاتێك ئەوەیان بیستوە کە ڕژێمی عێراق دەستی کردوە بە ڕەشبگیری لە شاخ و ئەشکەوت و پەناگە و شوێنە دورە دەستەکان خۆیان حەشارداوە، بەڵام ئەمانیش سەلامەت نەبوون، لەژێر دەستی سوپای عێراق قوتارنەبوون، بوون بە بەشێك لە بڵێسەی پرۆسەی ئەنفال. *(موفتی زادە، سیامەند، 1999، ل251)*. ژنان لە پرۆسەی ئەنفالدا لە دوای گرتن و دەست بەسەرکردنیان بە چەند قۆناغێکدا تێ پەڕیوون لەوانە:

یەکەم: سەنتەرەکانی کۆکردنەوە: شوێنی کۆکردنەوەی دانیشتوانی ئەو گوندانە بوون لەدوای ڕووخاندنی گوندەکانیان و دەستگیرکردنیان و گواستنەوەیان دەهێنران بۆ ئەو جێگانەی کە لە پلانی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفال شوێنیان بۆ دیاریکرابوون لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفال ناودەبرێن. لە پرۆسەی شاڵاوی ئەنفالی سێدا چەند شوێنێك دیاریکرابوون بۆ کۆکردنەوەی خەڵکی گوندەکانی ناوچەکانی گەرمیان لەوانە چەند گوند و

شارۆچکەیەکی بچوکی وەك: (ملەسوورە، فەقێ مستەفا، قورەتوو) لە باشوری گەرمیان. (ئالیاوە، لەیلان، قادرکەرەم) لە باکوری گەرمیان. *(تۆفیق، محەمەد حەمەساڵح، 2013، ل234)*، هەندێك لە گەنجە بەرِگەزنێرەکان ڕاستەوخۆ لیرەوە براون بۆ گولەبارانکردن و شوێنبزرکردن، ژن ومنداڵ و بەتەمەنەکانیش بۆ کەمپەکانی ناونووس کردن.

دووەم: کەمپەکانی ناونووس کردن: بە ناوەندی کۆکردنەوەی ئەو کەسانە دادەنران کە لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوەی ئەنفالدا دەهێنران بۆ ئەم کەمپانە، یەکێك لە کەمپەکانی لە خۆگرتنی دانیشتوانی ئەو گوندانەی لە سەنتەرەکانی کۆکردنەوە دەهێنران بۆ کەمپی چەمچەماڵ کە بە (لیواکەی چەمچەماڵ) ناسرا بوو، دوای ئەوەی ئەو خەڵکەی لە سەنتەرەکانی (ئالیاوە و قادرکەرەم) لە باکوری گەرمیان کۆکرانەوە بە بیانووی ئەوەی موجەمەع (کۆمەڵگا)ی نیشتەجێبونیان بۆ دەکرێت لە شۆڕش هەموویان هێنرانە لیواکەی چەمچەماڵ. *(قوربانی، عارف، 2020، ل80)*.

ئەوانەی ناوچەی باشوری ناوچەی گەرمیانیش بۆ (لەیلان و تۆپزاوە) دەگواسترانەوە. ئامارەکان ئاماژە بەوەدەدەن ژمارەی ئەو ئەنفالکراوانەی کە لە هەردوو ڕەگەز براونەتە تۆپزاوە بە (26000)هەزار کەس مەزەندە دەکەن، تۆپزاوە کەمپێکی سوپای میللی عێراق بوو، بە (11)کم دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کەرکوك، لە (24) هۆڵی گەورە پێك هاتووە. ئەم کەمپە (سێ) گۆڕی بە کۆمەڵی تێدا دۆزراوەتەوە کە (185)ڕوفاتی تێدا بووە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کوشتن و زیندەبەچاڵکردن، هەرچی گەنجەکانی ناو سیمەکەی لەیلان بوون بران بۆ گولەبارانکردن و شوێنبزرکران. *(محەمەد، عەلی مەحمود، 2022، ل16)*. ئەوانی تر هەموو لەگەڵ ئەوانەی تۆپزاوە پۆلێن کران بەم شێوەیە: ( ژن و منداڵ، تەمەن: (12 تا 45)ساڵ، تەمەن (50)ساڵ بەسەرەوە). *(عەبدولعەزیز، محەمەد رەئوف، 2005، ل57)*.

سێیەم: زیندانیکردن: دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان دوای ناونووس کردنیان لە کەمپەکان براون بۆ زیندانیەکانی (دوبز لە قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوك و نوگرەسەلمان لە سنووری نێوان عێراق و سعودیە لە پارێزگای موسەنا)، بەندییەکان بەتایبەت ژنان لەو زیندانانە لە بارودۆخێکی خراپدا بوون و چیرۆکی سەیر دەگێڕنەوە، هەندێکیان دەڵێن: (لەبرسا کوشتمانیان، لە تونیوتیدا خنکاین، هاوارمان بەکەس نەدەگەیشت، ڕۆژی یەکجار ئاوی گەرمیان پێدەداین، هەر ڕۆژەی کەسێك

دەمرد)، ژنانی ڕزگاربووی زیندانی نوگره سەلمان باس لەوەدەکەن لەلایەن سەربازەکان و پاسەوانەکانی زیندان (ئازاریان دەدان، سوکایەتیمان پێدەکرا، بە کێڤڵ لێمان دەدرا، دەستدرێژی سێکسی دەکرایە سەر ژنان و کچان). *(ڕەشید، محەمەد ئەمین، 2013، ل34).* ئەوەی مرد یان شوێن بزرکرا چارەنووسیان بە نادیاری ماویەوە ئەوانی تر پاش ئەوەی نزیکەی شەش بۆ حەوت مانگی سەختیان لە زیندان بەڕێ کرد بەر لێبوردنە گشتیەکەی (1988/9/6) کەوتن و لە زیندانی (دوبزو نوگرەسلمان) ڕزگاریان بوو، ئەوان بوون بە چیرۆك خوانی ڕۆژانی ڕەشی کونجی زیندان.

چوارەم: شوێن بزرکردن(ئەنفال)کردن: لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەشێك لە ژنان هەروەك چۆن پیاوەکان شوینبزرکران و چارەنووسیان بە نادیاری مانەوە ئەمانیش بەر پرۆسەی ئەنفال کەوتن، ژمارەی ئەو ژنانەی کە لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا لە ناوچەکانی گەمیان شوێنبزرکران ژمارەیان بە (14687)کەس مەزەندە دەکرێت. خشتەی (8)، ژمارە و ڕێژەی تەمەن و ڕەگەزی ئەنفالکراوانی (ناوچەی گەرمیان)

**خشتەی (8)، ژمارە و ڕێژەی تەمەن و ڕەگەزی ئەنفالکراوانی قۆناغی ئەنفالی سێ(ناوچەی گەرمیان) بۆ ساڵی (1988).**

| گروپەکانی تەمەن | ژمارە کەس/نێر | ڕێژە کەس/نێر | ژمارە کەس/مێ | ڕێژە کەس/ مێ | ژمارەی نێر و مێ | تێکرای% نێر و مێ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 4-0 | 3143 | %7.17 | 2924 | %6.67 | 6067 | %13.84 |
| 9-5 | 2744 | %6.26 | 2560 | %5.84 | 5304 | %12.20 |
| 14-10 | 2328 | %5.31 | 1811 | %4.13 | 4139 | %9.44 |
| 19-15 | 4196 | %9.57 | 1653 | %3.77 | 5849 | %13.35 |
| 24-20 | 3731 | %8.51 | 1205 | %2.75 | 4936 | %11.25 |
| 29-25 | 1995 | %4.55 | 825 | %1.88 | 2820 | %6.42 |
| 34-30 | 3121 | %7.12 | 903 | %2.06 | 4024 | %9.18 |
| 39-35 | 2714 | %6.19 | 785 | %1.79 | 3499 | %7.99 |
| 44-40 | 1354 | %3.09 | 381 | %0.87 | 1735 | %3.96 |
| 49-45 | 886 | %2.02 | 342 | %0.78 | 1228 | %2.80 |
| 54-50 | 706 | %1.61 | 259 | %0.59 | 965 | %2.20 |
| 59-55 | 635 | %1.45 | 311 | %0.71 | 946 | %2.16 |
| 64-60 | 518 | %1.18 | 241 | %0.55 | 759 | %1.73 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 69-65 | 364 | %0.83 | 171 | %0.39 | 535 | %1.23 |
| 70+ | 719 | %1.64 | 316 | %0.72 | 1035 | %2.35 |
| **کۆ** | 29154 | %66.5 | 14687 | %33.5 | 43841 | %100 |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، ژمارە (3)، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008.*

باسی دووەم: دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان بەپێی گروپەکانی تەمەن:

تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکان هۆکارێکی گرنگن بۆ جیاکردنەوەی کۆمەڵە دانیشتوانییە جۆراوجۆرەکان، کە پەیوەستن بە تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە. تەمەن و ڕەگەز دوو تایبەتمەندی بنەڕەتین بۆ دانیشتوان و بە گرنگترین یەکەی پێکهاتەی دیمۆگرافی شیاو بۆ لێکۆڵینەوە دادەنرێن و جێگەوت و کاریگەری لەسەر ئاستی دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری..هتد بەجێدەهێڵن. *(لەبیب، علی، 2016، ل124)*، تەنانەت کاردەکاتە سەرژمارەی دانیشتوانیش چونکە ڕەگەزی مێ بە هاوشان بەرەگەزی نێر دەبنەهۆی بە پیتی دانیشتوان و زۆربوون و گەشەکردنیان، بەتایبەت لای ئەو (مێی)ینانەی کەتەمەنیان گونجاوە بۆ هاوسەرگیری و سك وزا.

لێرەدا دەکرێت لە دو ڕەهەندەوە گرنگی دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان بخەینەڕوو ئەوانیش:

1. لە ڕووی پێکهاتەی تەمەن و کاریگەریان لەسەر دەستی کارو لایەنی ئابووری: زۆرێك لە توێژەران لە هەر کۆمەڵگەیەکدا گروپەکانی تەمەنیان بۆ سێ ئاستی تەمەن پۆلێن کردوە ئەوانیش: یەکەم: گروپی تەمەن (0-14)ساڵ منداڵ و تەمەنە بچوکەکان دەگریتەوە، ئەم گروپە لەبەرئەوەی مندالن کەمتر توانای کارکرنیان هەیە بۆیە بە گروپی بەکارهێنەر دادەنرێن. دووەم: گروپی تەمەن (15-64) ساڵ، ئەم گروپە بە هێزی مرۆیی و کار دادەنرێن، چونکە گروپی بەرهەمهێنەری کۆمەڵگان و توانای کارکردنیان هەیە. گروپی تەمەن (65) ساڵ بەسەرەوە ئەم گروپە زیاتر بە تەمەن و پیرو پەکەوتەکان دەگرێتەوە. *(شوانی، محەمەد، 2013، ل144)*. لێرەدا دەتوانین بەپێی خشتەی (9) شیکاری بۆ دیمۆگرافیای ڕەگەزی مێی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان بکەین بە گوێرەی گروپەکانی تەمەن دابەشبکەین بۆ:

**خشتەی (9)، دابەشبوونی گروپەکانی تەمەن بۆ ڕەگەزی (مێ)ی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان، بەپێی دەستی کار، بۆ ساڵی (1988).**

| گروپەکانی تەمەن | ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|
| (0–14) ساڵ | 7295 | %49.6 |
| (15–64) ساڵ | 6905 | %47.1 |
| (65) بەسەرەوە | 487 | %3.3 |
| کۆی گشتی | 14687 | %100 |

*سەرچاوە: کاری توێژەرپشت بەست بە: داتا وزانیاریەکانی خشتەی (8).*

یەکەم: گروپی تەمەن (0-15)ساڵ: وەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت ژمارەی ئەم گروپەی تەمەن دەکاتە (7295)کەس، بەمەش ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتوە لە نێوان دوو گروپەکەی تری تەمەن بە ڕێژەی (49.6%). ئەگەرچی ئەم گروپە بە گروپە بەکارهێنەرەکەی کۆمەڵگا دادەنرێت بەڵام ئەمانە ئەگەر ئەنفال نەکرابان چاوەڕوان دەکرا کە گەورەبوون لە داهاتوودا ببوونایە بە وزەی نوێی دەستی کارکەرلە کۆمەڵگەدا و سوود لە تواناکانیان وەربگیرایە وەك نەوەیەکی بەرهەمهێن.

دووەم: گروپی تەمەن (15-64)ساڵ: ئەم گروپە لەڕووی ئابوریەوە گرنگیەکی تایبەتی پێدەدرێت چونکە بە گروپی کارکەری کۆمەڵگە دادەنرێت و هەردوو چینەکەی تر چاوی لەدەست ئەم چینەیە بەخێویان بکات، بەپێی خشتەکە ژمارەی ئەم گروپە دەکاتە (6905)کەس لەخوار ژمارەی گروپی یەکەمەوە دێت بەڕێژەی (47.1%) پێکدەهێنێت. گرنگی ئەم تەمەنە لەوەدایە ئەگەر ئەنفال نەکرابان جیالەوەی شان بە شانی ڕەگەزی نێر(باوکو برا، پیاو)ەکانیان یارمەتیدەرێکی باش دەبوون لە کاروباری دەرەوەی ماڵ لەبواری (کشتوکاڵ و ئاژەڵداری..هتد)، هاوکات ڕۆڵێکی گەورەیان دەبینی لە پەروەردەکردنی منداڵ و بەخێوکردنی گروپی (یەکەم و سێیەم) و بەجێهێنانی ئەرکەکانی ناوماڵ.

سێیەم: گروپی تەمەن (65)ساڵ بەسەرەوە: ئەم گروپە ڕێژیەکی کەم لە ڕەگەزی (مێ)ی ئەنفالکراوی گەرمیانی پێکهێناوە و ژمارەیان دەکاتە (487)کەس، بە ڕێژەی (3.3%). ئەم گروپەش بەتەمەن و پیروپەکەوتەکان دەگرێتەوە، کەمتر توانای کارکردنیان هەیە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا بەشێوەیەکی ورد و پلان بۆداڕێژراو پرۆسەکانی ئەنفالی ئەنجامداوە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بایەخی زۆری بەلایەنی دیمۆگرافیای دانیشتواندا، وەك لە دیمۆگرافیای ئەنفالی گەرمیان و هاوپەیوەند بە ڕەگەزی

مێ(ژن)ەوە دەردەکەوێت. لە پرۆسەکەدا وەك نێچیرێك ڕاوی گروپەکانی تەمەن (0-14)ساڵ و (15-64) ساڵی کردوە بەڕێژەیەك کە دەکاتە (96.7%)، کەمتر بەتەمەن و پیروپەکەوتەکان و گروپی تەمەن (65)ساڵ بەسەرەوەی لامەبەست بووە، هەروەك لەڕێژەکەدا دیارە کە دەکاتە (3.3%). ئەمەش ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت و باشترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕژێمی بەعس لە پرۆسەی ئەنفالدا ویستی نەمان و توانەوەی نەتەوەی کوردی هەبووە، لە پرۆسەکانی شاڵاوی ئەنفالدا. بڕوانە شێوەی(1)

**شێوەی (1)، دابەشبوونی گروپەکانی تەمەن بۆ ڕەگەزی مێی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان، بەپێی دەستی کار**




*سەرچاوە: کاری توێژەرپشت بەست بە: داتا و زانیاریەکانی خشتەی (9).*

2. لە دایکبوون و پیتداری: بریتیە لەو ڕێگایانەی کە زۆرترین کاریگەریان هەیە لەسەر زیادبوونی دانیشتوان، فاکتەرە بایەلۆژی و ئاینی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان پەیوەندیان هەیە بە توانای پیتداری و ژنهێنان و شووکردن و فرەژنی، ئەم فاکتەرانە کاردەکەنە سەرلەدایکبوون و گەشەکردن و زۆربوونی دانیشتوان. وڵاتان زۆر گرنگی بەم بابەتە دەدەن لە بواری پلاندانان و پەرەپێدان و بەرنامەڕێژی بۆ ئایندە *(حمە، سروە جلال، 2019، ل43)*. لێرەدا لە دایکبوون و پیتداری دابەشدەکەین بۆ:

أ. پیتداری گشتی: پەیوەندی نێوان ژنانی تەمەن (15-49)ساڵ و ژمارەی ئەو منداڵانەی لەدایك دەبن لەماوەی ساڵێكدا و لە شوێنێكی دیاریكراودا دەردەخەن. پێوەرەكەش بەم شێوەیە:

ژمارەی منداڵبوون لە ساڵێكی دیاریكراو

ڕێژەی پیتداری گشتی = ______________________ ×100

ژمارەی ژنان لەتەمەنی (15-49)ساڵ

ب. پیتداری تایبەتی: بریتیەلە پەیوەندی نێوان ژمارەی ژنانی نێوان تەمەن (15-29)ساڵ، پێوەرەكە بەم شێوەیە:

ژمارەی منداڵبوون لە ساڵێكی دیاریكراو

ڕێژەی پیتداری تایبەتی = ______________________ ×100

ژمارەی ژنان لەتەمەنی (15-29)ساڵ

هۆكاری دیاریكردنی ژنانی تەمەنی (15-29) ساڵ ئەوەیە ژنان لەم تەمەنەدا چالاك ترن بۆ منداڵ بوون، چونكە پیتداری دانیشتوان بە پلەی یەكەم لەسەر ژمارەی مێینە و پێكهاتەی تەمەنیان ڕاوەستاوە. *(ابراهیم، عبدالمجید غفور، 2015، ل102)* .

ت. ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی منداڵبوون(سك)كردندا: ئەمەش پێوەرێكە لە پێوەرەكانی پیتداری بۆ خەملاندنی پیتداری بەكاردێت، لەم پێوەرەدا ژمارەی منداڵانی تازە لەدایكبوو بەكار نایەت بەڵكو منداڵانی خوارتەمەن (پێنج)ساڵ بەكاردەهێنرێت بەم شیوەیە:

ژمارەی منداڵانی خوارتەمەن (5)ساڵ

ڕێژەی منداڵبوون بۆژنان لە تەمەنی سككردن=______________________ ×1000

ژمارەی ئافرەتان لەتەمەنی (15-49)ساڵ

ئەو ڕێژەیە ئاماژەیە بۆ ژمارەی منداڵانی خوارتەمەن (پێنج)ساڵ بۆ هەر(هەزار) ژنێك لە تەمەنی منداڵبووندا. *(سمحە، موساعبودە، سهانە، فەزی عەبد، وەرگێڕانی: شوانی، هیوا ئەمین، 2009، ل124)*.

بەپێی ئەو هاوكێشەیە دەتوانین ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سككردندا لە ناوچەی گەرمیان و ئەنفالی سێ بەم شێوەیە لێكبدەینەوە بە سوود وەرگرتن لە خشتەی ژمارە (10):

2924

ڕێژەی منداڵبوون بۆژنان لە تەمەنی سککردندا =________×1000 = 479.8

6094

**خشتەی (10)، ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراو کە لەتەمەنی سککردندا (15–49) ساڵ لە ناوچەی گەرمیان**

| گروپەکانی تەمەن | ژمارە | ڕێژەی منداڵ بۆ هەر (1000) ژنێک |
|---|---|---|
| تەمەن منداڵ (0–4)ساڵ | 2924 | — |
| تەمەن (15–49) ساڵ | 6094 | 479.8 |

*سەرچاوە: کاری توێژەرپشت بەست بە: داتا وزانیاریەکانی خشتەی (8).*

کەواتا بە تەنها لەماوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی سێدا واتا ڕێکەوتی (4/7 بۆ 1988/4/20)، لەو ماوەیەدا ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا بۆ هەر هەزار ژنێك دەکاتە (479.8)منداڵ، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ماوەی (13)ڕۆژی پرۆسەکەدا ڕێژەکە نزیك بووەتەوە لە نیوە. هەرچەندە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بەڕێژەیەکی زۆر گوندەکانی گرتەوە، ناوچەکە و گوندەکانی خاوەن چەند تایبەتمەندیەکن لە بواری دیمۆگرافیای لەدایکبوون و گەشەکردن گرنگترینشیان بەندە بەم فاکتەرانەوە:

1. لە زۆرێك لە ناوچەکانی گەرمیان بەئێستاشەوە دیاردەی ژنهێنانی پێشوەختە لەناویاندا باوە: ئەمەش دەبێتە مایەی بەرزبوونی ڕێژەی منداڵبوون، ئەوەیش لە سۆنگەی درێژبوونەوەی ماوەی پرۆسەی زاوزێ لەلایەن ژنانەوە. توێژەران وای بۆ دەچن باشترین تەمەنی ژنان بۆ منداڵ خستنەوە لە نێوان (14-17)ساڵیدایە.

2. فاکتەری ئاینی: لای ناوچە گوندنیشینەکانی گەرمیان ئاین پایەیەکی گرنگی هەیە، ئاینی ئیسلامیش ئاینی فەرمی ناوچەکەیە و کاریگەری هەیە لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان، چونکە ئاینی ئیسلام هانی ژنهێنان و منداڵبوون دەدات.

3. فاکتەری کۆمەڵایەتی و ئابوری: گوندنشینەکان خێزانێکیان بەدڵە ژمارەی منداڵیان زۆربێت، تا پێگەی کۆمەڵایەتیان پتەوتر بکەن وەك توخمی پاراستنی بنەچەی خێزانەکەیان و کۆڵەکەیەکی هێز

سەیری مندڵ زۆری دەکەن و لە بواری ئابوری و دەستی کاری کشتوکاڵی ئاژەڵداریدا بەشداریان پێدەکەن.

4. سەبارەت بەڕێژەی پیتداری: بەهۆی هاوسەرگیری پێشوەختەو پێویستی خێزانەکانی ناوچەی گەرمیان بە منداڵ، وەك لە خشتەی (10) دەردەکەوێت تەنها لەماوەی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئەنفالی گەرمیاندا ڕێژەی مندڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا دەردەکەوێت لە (479.8)منداڵە بۆ هەر هەزار ژنێك، بۆیە دکتۆر شاکر خەسباك بۆ ئەو کاتە جەختی لەسەرئەوە دەکردەوە (ژنانی کورد لێیان ڕادەبینرێت هێندەی ژنانی چین و هندستان بەپیتیان هەبێت، لەماوەی ژیانی هاوسەرگیریاندا لەنێوان (7-10)منداڵیان ببێت). (تالب، جەزا تۆفیق، 1999، 61)

5. فرەژنی: لە کۆمەڵگەی گوندنشینی و لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دیاردەی فرەژنی باو بووە بە تایبەت لە گوندەکانی گەرمیاندا ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی منداڵ خستنەوەی زۆرە، چونکە هاندەری فرەژنی لەوکاتەدا، پەیوەندی بە فاکتەرەکانی (ئاینی یان کۆمەڵایتی یاخود پێویستی لایەنی ئابوری) هەبووە.

## باسی سێیەم: کاریگەریەکانی ئەنفال لەسەردانیشتوانی ناوچەی گەرمیان و بەراوردێك لەنێوان پێش شالاوەکانی ئەنفال و دوای شالاوەکانی ئەنفال

### یەکەم: کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر دیمۆگرافیای دانیشتوان:

ئەنفال پرۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراو بوو بریتیە لە جەنگێکی دیمۆگرافی مەبەست لێ قڕکردن و سڕینەوەی کوردە لەسەرخاك نەتەوەیی خۆی، تا لەو ڕێگەوە ژمارەی کورد و سنووری جوگرافیای کوردستان بەتەواوی بەرتەسك بکرێتەوە، بەمەش ڕێگە خۆش بکرێت بۆ بە عەرەب کردنی یەکجارەکی هەرێمی کوردستان. (تالیب، جەزا تۆفیق، 2020، ل21). حزبی بەعس گرنگیەکی زۆری بە سەرژمێری (17)ی ئۆکتۆبەری ساڵی (1987) دەدا، بە پێی نووسراوی سەرکردایەتی فیرقەی ڕەواندزی حزبی بەعس بە ژمارە (1074) لە ڕێکەوتی (1987/7/4)، هەرکەسێك بێ هۆکار بەشداری ئاماری دانیشتوان نەکات مافی عێراقیبوون لە دەست دەدات و بەڕاکردو لە سوپا دێتە ئەژمار، بەمەش بڕیاری دواتری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بە ژمارە (677)ی ڕێکەوتی (1987/8/26)ی بەسەردا جیبەجێ دەکرێت کە لە سێدارەدانە. (محەمەد، عەلی مەحمود، 2022، ل14). ئەمەش پەیامێك بوو بۆ خەڵکی لادێکان و ئەوکەسانەی کە پێیان دەوترا فیراریاخود لە شاخ

پێشمەرگەبوون و تێکەڵ بە خەباتی چەکداری بوون دژی ڕژێمی بەعس، نەیان دەویست بەشداری سەرژمێریەکە بکەن. لێرەدا بەگرنگی دەزانین ڕەنگەدانەوەی دیمۆگرافی ئەنفال لەسەر دوو ئاست دەربخەین:

أ. لەسەر ئاستی کوردستان: ڕەنگدانەوەی ئەنفال و کاریگەریەکەی لەسەر دیمۆگرافیای کوردستان بەم شیوەیە بەدەردەکەوێت، وەك لە خشتەی (11)دا ئاماژەی پێکراوە، خۆئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان سەرژمێرەکان ماوەی نێوان سالانی (1977 بۆ 1997)دا ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی کورد لە سەرژمێری (1977) ڕێژەیەکی بەرزی وەرگرتووە بە ڕێژەی (22.7%)، کەچی لە دە ساڵ دواتر لە سەرژمێری (1987) ڕێژەکە دادەبەزێت بۆ (21.5%)ی ڕێژەی گۆڕانکاریەکە بە بەراورد بە سەرژمێری (1977)، دادەبەزێت بۆ ڕێژەی (-1.2%)، کەچی گۆڕانکاریەکان لە سەرژمێری (1997) بەهۆی پرۆسەی ئەنفالکردنی گەلی کورد و ڕووخاندنی گوندەکان و پرۆسەکانی ڕاگواستنەوە بەشێوەیەك کەم دەبێت بۆ ڕێژەی (19.6%)، هەرچی ڕێژەی گۆڕانکاریە بۆ (-1.9%) دادەبەزێت.

بێگومان نەك دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان لەم گۆڕانکاریانە بەدەرنییە بەڵکو لە گۆڕانکاریەکان و دابەزینی ڕێژەی دانیشتواندا بەراورد بە ماوەی سەرژمێری نێوان سالانی (1977 بۆ 1997) پشکی شێری بەردەکەوێت چونکە مەبەست لە ئەنفال لەبنەڕەتدا پرۆسەیەکی پلان بۆداڕێژراوی ڕژێمی بەعس بوو بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، گۆڕانکاریە دیمۆگرافییەکان بە بەدوو ئاڕاستە کاریگەری لەسەرژنان هەبوو، ئاڕاستەی یەکەم بەشێك لە ژنان بەرپرۆسەی ئەنفال کەوتن و شوێن بزربوون، ئاڕاستەی دووەم بەشێکی زۆر لە ژنانی بەجیماوی دوای پرۆسەی ئەنفال بەسەڵتی یاخود بە بێوەژنی مانەوە دوای ئەنفالکردنی مێردەکانیان شویان نەکردەوە، کە پرۆسەی هاوسەرگیری کەم بووەوە کەواتە ڕێژەی گەشە و زیادبوونی دانیشتوان سست دەبێت و ڕوو لە کەمبونەوە دەکات. بۆیە گۆڕانکاریە دیمۆگرافیەکان کاریگەری لەسەر کەم بوونەوەی ڕێژەی کورد و هەبوو لەبەرامبەر عەرەب.

**خشتەی (11)، ڕێژەی کورد لە ماوەی نێوان سەرژمێری سالانی (1977 بۆ 1997)**

| ساڵانی سەرژمێری | ڕێژەی کورد | ڕێژەی گۆڕانکاری |
|---|---|---|
| 1977 | %22.7 | %0.1+ |
| 1987 | %21.5 | %1.2- |

| | | |
|---|---|---|
| 1997 | %19.6 | %1.9- |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كردستان، مركز كردستان للدرسات الاستراتيجية، سليمانية، 2005، ص185.*

ب. لەسەر ئاستی گەرمیان: ڕەنگدانەوەی ئەنفال لەسەر دیمۆگرافیای ناوچەی گەرمیان، بەم شێوەیە بەدەردەکەوێت وەك لە خشتەی (12)دا هاتووە: ناحیەی تیلەکۆ کە لە ساڵی (1977)، یەکێك بووە لەو یەکە کارگێڕیانەی (82) گوندی لەسەر بووە و ژمارەی دانیشتوانەکەی (7613)کەس بووە لە کۆی (1393) ماڵ. لەدوای ئەوەی بە قورسی بەر پرۆسەی ئەنفال وەك لە ئاماری (2010)دا دەردەکەوێت ئاوەدانی بەخۆوە نەبینیووە. لەبەرامبەردا لەدوای پرۆسەی ئەنفال بەهۆی ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان و قەدەغەکردنی گوندەکان چەندین یەکەی کارگێڕی نوێ دروست دەکرێت وەك ناحیەکانی (ڕزگاری، شێخ تەویل، شۆڕش، تەکیەی کاکەمەند، تەکیەی جەباری، قەرەهەنجیر، ئاوەسپی). هەریەك لەم ناحیەیانە چەند گوندێکی خراوەتەسەر. هەر لەبەراوردکردنی پێش ئەنفال و دوای ئەنفالدا تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەگەرچی بەپێی ئاماری (2010)، ژمارەی گوندەکان و ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە بەڵام گۆڕانکاریەکی دیمۆگرافی ناهاوسەنگی لە پێکهاتەی ژینگەیی دانیشتواندا دروست کردوە بەوەی زۆربەی دانیشتوانی ناوچەکانی گەرمیان لەسەنتەرە شارنشینیەکاندا کۆبوونەتەوە ڕاستە گوندەکان زیادی کردوە و ئاوەدانە بەڵام ژمارەیەکی کەم دانیشتوانی لەخۆ گرتووە بەراورد بە سەنتەری قەزاکان.

**خشتەی (12)، بەراوردێکی دیمۆگرافی گوندەکانی گەرمیان لەنێوان سەرژمێری (1977–2010)**

| **قەزا و ناحییەکان** | **سەرژمێری** 1977 | | **ئاماری** 2010 | |
|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی گوند | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی گوند | ژمارەی دانیشتوان |
| **کەلار** | 20 | 9367 | 20 | 119608 |
| **پێباز** | 71 | 10167 | 14 | 6949 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **پزگاری** | ـ | ـ | 71 | 32946 |
| **شێخ تەویل** | ـ | ـ | 30 | 2351 |
| **تیلەکۆ** | 82 | 7613 | ـ | ـ |
| **چەمچەماڵ** | 65 | 11663 | 22 | 57792 |
| **سەنگاو** | 93 | 10231 | 90 | 5502 |
| **شۆڕش** | ـ | ـ | 21 | 45596 |
| **تەکیەی کاکەمەند** | ـ | ـ | 23 | 25019 |
| **تەکیەی جەباری** | ـ | ـ | 21 | 8040 |
| **قەرەهەنجیر** | ـ | ـ | 44 | 2646 |
| **قادرکەرەم** | 75 | 13023 | 53 | 2141 |
| **سەرقەڵا** | 23 | 5106 | 31 | 6743 |
| **ئاوەسپی** | ـ | ـ | 34 | 981 |
| **نەوجول** | 25 | 9688 | 34 | 1965 |
| **کۆکس** | 34 | 12855 | 34 | 7033 |
| **دوزخورماتو** | 28 | 7675 | 30 | 5393 |
| **کۆی کشتی** | 516 | 97388 | 572 | 330705 |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*1. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2015. ل94*

*2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، زانیاری دەربارەی ژمارەی گوند و ماڵ و ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بۆ ساڵی (2002) داتای بڵاونەکراوە.*

دووەم: کاریگەرییەکۆمەڵایەتییەکانی ئەنفال لەسەرباری خێزانی دانیشتوان:

ئەنفال کاریگەریەکی زۆری بەجی هێشت لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لای ژنانی بەجێماوی ئەنفال ئەگەر بەراوردێکی پێش ئەنفال و دوای ئەنفال بکەین بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت، پێش پرۆسەی ئەنفال ژنان لە بارودۆخێکی جێگیردابوون لە زێدی خۆیان نیشتەجێبوون و ژیانێکی ئاساییان بەسەربردوە لەگەڵ مێرد و خێزانەکانیان، بەڵام دوای پرۆسەی ئەنفال شیرازەی خێزان و باری خێزانی ژنان تێك دەچێت و هەروەك خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە و فاکتەری گەشەکردن و زۆربوونی دانیشتوانە لەوڵاتدا. یەکێك لە دەرهاویشتە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفال تێکدانی شیرازەی خێزانە هەروەك لە خشتەی (14) دا دەردەکەوێت:

**خشتەی (13)، کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی ئەنفال و باری خێزانی دانیشتوان لەماوەی نێوان پێش ئەنفال و دوای ئەنفال.**

| باری کۆمەڵایەتی | پێش ئەنفال | دوای ئەنفال |
|---|---|---|
| **سەرپەرشتیاری خێزان** | (%90.12)پیاوان<br>(%9.8)ژنان | (34.45)پیاوان<br>(%65.55)ژنان |
| **بێوەژن** | ــــــــــ | (%96) بێوەژنن، واتا<br>(%4) شویان کردەوتەوە |
| **پابەندبوون بە داب و نەریت** | پایەند بوون بە داب و نەریت | (%37.77) لای ژنان |
| **وازهێنان لە داب و نەریت** | ــــــــــ | (%62.23) لای ژنان |

*سەرچاوە: توێژەرپشت بەست بە:*

*1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، زنجیرەی (4)، خستنەڕووی هێڵکاری زانیاریەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008، ل32*

*2. حمەحوسێن، بەکر، کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و دەروونیەکانی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (5)ی 2022/4/14، ل97-100.*

أ. سەرپەرشتیاری خێزان: بەپێی داتاکانی خشتەی (14) لە گەرمیان و سنوری ئەنفالی سێدا، پێش شاڵاوەکانی ئەنفال (%90.12) لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بووە لە بەرامبەردا (%9.88) لەژێر دەسەڵاتی ژناندا بووە، ئەمەش واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و باری خێزانیان پیشاندەدات لە نێوژیانی لادێییدا. بەڵام ئەم ڕێژەیە دوای پرۆسەی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا

هات بەشێوەیەك سەرپەرشتیاری خێزان (34.45%) لەژێر دەسەڵاتی پیاواندا بووە لەبەرامبەردا ڕێژەی سەرپەرشتیاری خێزان لەلایەن ژنانەوە بەرزبووەتەوە بۆ (65.55%) لەناو خێزانی کەس و کار ئەنفال و بەجێماوی ئەنفال. هەروەها بەپێی ئامارێك بەجێماوانی ئەنفال (56.29%)یان لە ڕەگەزی مێن، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیاری خێزان و بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی بەجێماوانی ئەنفال لە ئەستۆی ژناندا بووە. نەبوونی باوك وەك چەترێك بەسەر خێزانەوە جگەلە کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی بەسەر کۆمەڵگای کوردییەوە، کاریگەری لەسەر دانیشتوان و سستی گەشەی دانیشتوان هەیە چونکە خستنەوەی منداڵ و گەشەکردنی ژمارەی دانیشتوان بەندە بە ژیانی خێزانی وژن و پیاوەوە.

ب. زیادبوونی دیاردەی بێوەژن و قەیرەکچ: ژنی بێ پیاو(بێوەژن) بەدرێژاوی مێژوو لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەبووە لە کاتێکدا ژنەکە بەهۆکاری جیاجیا پیاوەکەی لەدەست دەدات ئیتر هۆکارەکان سروشتی بن وەك (نەخۆشی و مردن...هتد)، یاخود مرۆیی بن بن وەك (جیابوونەوەی ژن و پیاو لەیەکتر و...هتد)، لە پێش پرۆسەی ئەنفالدا بەهۆی ئەوەی ژنان و پیاو لە لادێکان پێویستی ژیان و قورسی کاروبارەکانی رۆژانە وای کردبوو مەگەر بە هۆکاری سروشتی(مردن) ژن پیاوەکەی لەدەست بدایە ئەگینا ڕێژەی (جیابونەوە) لەنێوگوندەکاندا زۆر کەم بوو بەڵکو مایەیی نەنگی بوو، کەچی دوای ئەنفال و بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفالەوە ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بەهۆی ئەنفالکردن و لە دەستدانی پیاوەکانیانەوە جلی ڕەشیان کرد بە سیمبوڵ و بەتەنها مانەوە ناچاربوون بەخێوکردنی منداڵ و نەوەکانی ئەنفال لە ئەستۆ بگرن و جارێکی تر بیر لە پرۆسەی هاوسەرگیری(شووکردن) نەکەنەوە، لەلایەك بەهۆی نەریتی لادێی کەس و کاری پیاوە ئەنفالکراوەکان قبوڵیان نەدەکرد بووکەکانیان نەوەکانیان بەجێ بهێڵن و دووبارە شووبکەنەوە، لەلایەکی ترەوە ژنە بەجێماوەکانی ئەنفال خۆیان نەفسیەتیان ڕێگەی بە دوبارە شووکردنەوە نەدەدا، ئەم دۆخە وەك چاولێکەری لێهاتبوو، دەیان گوت (بۆ فلان ژنە ئەنفالە و شووناکاتەوە بۆ من شوو بکەمەوە). *(عارف، مەنیجە محمد، چاوپێکەوتن، 2023)*، بە پێی ئامارێك ڕێژەی ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان ئەنفال کراوە دەگاتە (85.85%)، ڕێژەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کە بەبێوەژنی ماونەتەوە و دووبارە ژیانی هاوسەریان پێکنەهێناوەتەوە دەگاتە (96%) کەمترین ڕێژەیان دووبارە شویان کردوەتەوە کە دەکاتە (4%). *(حمەحوسێن، بەکر، سەرچاوەی پێشوو، ل100)*.

ڕەنگە بێوەژن و کراس ڕەش دیاردەیەکی بەربڵاو چەمکێك بێت کە دوای ئەنفال زۆرتر لە سەرزاران بووە تەنانەت لەلایەن (بەندبێژان و گۆرانی بێژانەوە گۆرانیان بە باڵادا وتوون) هەندێکجار وەك تانە و نەنگیەك بەرامبەر بە ژنانی بەجێماوی ئەنفال بەکارهێنراوە. پاشان کەم نەنین ئەو کچە بەجێماوانەی ئەنفال کە بەهۆکاری جیاواز جوانیەکانیان خۆیان خواردەوە و هەر بە پاکیزەیی و بە قەیرەیی مانەوە و قوربانیان بەخۆیاندا و ژیانی خۆیان تەرخان کرد بۆ بەخێوکردنی برا و دایك و نەنك و باپیر و کەس و کارەکانیان. بێگومان ئەو دۆخە کاریگەری نێگەتیڤی بەجێهێشت لەسەر قەبارەی دانیشتوان و گەشەکردن و زۆربوونی دانیشتوان.

ت. گۆڕینی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی: پێش شاڵاوەکانی ئەنفال خەڵکی گوندەکان لە گەرمیان لە ژیانێکی سادە و ساکاردا دەژیان و خاوەن داب و نەریت و سروشتی ژیانی خۆیان بوون هەر لە شێوازی ژیان و جل و بەرگ و تەنانەت قسەکردن و شێوەزاری ناوچەیی تایبەت بە خۆیان هەبوون بە گوێرەی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان و گوندەکانیان، لەسەرزێدی باوباپیانیان بەردەوامیان بە ژیان دەدا، بەڵام لە دەرهاویشتە ترسناکەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال و ڕووخاندنی (516)گوندی گەرمیان و ڕاگواستنی دانیشتوانەکانیان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێکان و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوونیان و دابڕانیان لە کەس و کارو هۆز و تیرە و زێدی خۆیان، ئەمەش بووەهۆی تێکشکاندنی هەموو بەها و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە خەڵکی گوندەکان بە شێوازی ژیانی شاری و ئاڵۆزیەکانی ژیان لە کۆمەڵگای زۆرە ملێ ڕانەهاتبوون، ئەوان هەریەکەیان خاوەنی ڕەوشت و هەڵسوکەوت و داب و نەریتی ناوچەیی خۆیان بوون خزێنرانە ناو کەمپ و ئۆردوگاکانەوە لەوێدا ئاشنا بوون بە داب و نەریتی نوێ کە دووربوو لە کەلتور و داب و نەریتی ڕەسەنی خۆیان. *(حەمەڕەشید، تابان بورهان، 2017، ل46)*، هەروەك لە خشتەی (14)دا هاتووە ئەو ژنانەی کە پابەندبوون بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی دوای ئەنفال دەکاتە (37.77%)، لەبەرامبەردا (62.33%) بەهۆی کارلێکیان لە گەڵ شێوازی ژیانی نوێ ناچاربوونە وازلە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی پێشووتریان بهێنن، ئەم دۆخە نوێیە بووەهۆی سەرهەڵدانی دەیان کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئابوری...

سێیەم: کاریگەرییە ئابورییەکانی ئەنفال لەسەردابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیی دانیشتوان:

پێش شالاوەکانی ئەنفال دانیشوانی ناوچەکانی گەرمیان و گوندەکانی، پێکهاتەی ئابوری و بژێوی ژیان و قووتی ڕۆژانەیان لەسەر گوندەکانیان بوون ئەوان خاوەنی بنەمای ئابوری خۆیان بوون،

ئەگەر چی دابەشبوونی پێکهاتەی پیشەیان لەسەر ئاژەڵداری و کشتوکاڵ و باخداری بوو، بەمە پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی سادەیی خێزانەکانیان دابین دەکرد، ژنان ئەرکی ماڵەوە و پەروەردەکردنی منداڵ و یارمەتیدانی پیاوەکانیان کەوتبوە ئەستۆ و پیاوانیش بە ئەرکی قورسی دەرەوە ڕادەگەیشتن، بژیوی ژیانی خیزانەکانایان دابین دەکرد، بەڵام دوای شاڵاوەکانی ئەنفال، جیالە وشککردنی سەرچاوەی ژیانیان کە گوندەکانە هەروەك لە کاریگەریە ئابورییەکانی ئەنفال لە گەرمیاندا دەخەمڵێنرێت بە ڕووخاندنی (6)ناحیە و (516)گوند، هەموو ئاسەوارەکانی ژیانیان تێدا سڕایەوە، هەرچی ئاژەڵە کە خەمڵێنراوە بە (472770)سەرمەڕوبزن و (15000)مانگا و ڕەشەوڵاخ بەتاڵان بران، هەرچی کێڵگە کشتوکاڵیەکانە دەکاتە (1435) ڕەزوباخ کە سوتێنراون، تەنانەت سەرچاوەی ئاو و کانی و کارێزەکانیش پڕکرانەوە و وشککران، نەك هەر ئەوە بەڵکو زۆربەی گوندەکانی ناوچەی گەرمیان و ناحیەکانی (قادرکەرەم، نەوجول، تیلەکۆ...هتد)، بوون بە بەشێك لە ناوچەی قەدەغەکراو(محرمة)، هەتا دوای پرۆسەی ئازادی عێراق (بەهاری 2003)، هیچ کەس نەیدەتوانی سەردانیان بکات.

هەروەها گەورەیی قەبارەی ئەنفالکردنی ڕەگەزی (نێر) لەناویاندا گەنجان، بە واتای نەهێشتنی هێزی کار. دەرکردنی زەوی لە جەستەی ئابوری کوردستان بەواتای ئەوە دێت فاکتەرە ئابوریەکانی تر و ژێرخانی ئابوری ناوچەکە بە وێرانی بهێڵنەوە دانیشتوانەکەی لە هێزێکی بکەرو بەرهەم هێنەوە بکەن بە هێزێکی مشەخۆر و بێکار و بەکارهێنەر لە کۆمەڵگا و ئۆردوگا زۆرەملێکاندا لە دەرەوەی کەناڵە ئابوریی و خۆژێننەرەکان، چاوەڕێ ڕێکخراوی خێرخوازی کۆبۆنی خۆراکی مانگانەی حکومەت بن بۆ ئەوەی لە کولەمەرگیدا درێژە بە ژیان بدەن. *(مەحمود، عەبدوڵلا کەریم، 2009، ل125)*، ژنانی بەجێماوی ئەنفال، هەروەك پێشتر ئاماژەی پێدرا لەم دۆخەدا بەهۆی ئەوەی مێردەکانیان ئەنفالکرا، بەناچاری سەرپەرستیاری خێزانەکانیان لە ئەستۆگرت ئەوان ناچاربوون لە پێناو بژێویدا جگەلە ئەرکی ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵەکانیان کارێکیش ئەنجام بدەن. بۆیە زۆربەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال پەنایان بردە بەر کاری قورسی وەك (دەسکەنەی نۆك، درەو، کارکردن لە ماڵان..هتد) بە برە پارەیەکی کەم، تەنها لە پێناو بژێوی ژیان.

## دەرئەنجام

1. لە هەشت قۆناغەکەی شاڵاوی ئەنفالدا، جگەلەوەی (182)هەزار کەس لە پرۆسەکەدا شوێنبزرکران لەهەمان کاتدا چەندین دەرهاویشتەی دیمۆگرافی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی لەسەربەجێماوانی ئەنفال بەجێهێشت لە ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەرکۆمەڵگەی کوردی و ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی.

2. ناوچەی گەرمیان لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا زەبرێکی کاریگەری بەرکەوت و ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتی سڤیلی ناوچەکە بەر پرۆسەکە کەوتن لەناویاندا ژنان بوون بە قوربانی مەینەتیەکانی ناوپرۆسەی ئەنفال و دوای پرۆسەی ئەنفال، لە ئەنفالی سێدا (14687)کەس لە ڕەگەزی مێ شوێنبزرکران بەرێژەی (33.5)، لە کۆی (43841)کەس کە لە شاڵاوی ئەنفالی سێیدا شوێنبزرکران.

3. ژنان لە پرۆسەی ئەنفالی سێدا، بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوون لەوانە (سەنتەرەکانی کۆکردنەوە، کەمپەکانی ناونووسکردن، زیندانیکردن، شوێن بزرکردن(ئەنفال)کردن). لەدوای ئەنفالیش ڕووبەڕووی پرۆسەکانی ڕاگواستن بوونەوە و لە زێدی باوباپیرانیان دەرکران و گوندەکانیان لێ قەدەغەکرا و لە کۆمەڵگە زۆرەملێکانی (شۆڕش لە چەمچەماڵ و ڕزگاری لە کەلاردا) نیشتەجێ کران.

4. لە دیمۆگرافیای ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان و کاریگەریان بەپێی دەستی کار و لایەنی ئابوری بۆ گروپەکانی تەمەن ئەوە دەردەکەوێت: ڕێژەی گروپەکانی تەمەن (0-14)ساڵ دەکاتە (49.6%)، گروپەکانی تەمەن (15-65)ساڵ دەکاتە (47.1%)، گروپەکانی تەمەن (65 ساڵ بە سەرەوە) دەکاتە (3.3%). هەروەها ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنانی ئەنفالکراوی ناوچەی گەرمیان لە تەمەنی سککردندا لە هەزاردا بۆ تەمەن (15-49)ساڵ، ئەوە دەردەکەوێت، ڕێژەی منداڵبوون بۆ ژنان لە تەمەنی سککردندا دەکاتە (479.8) لە هەزار.

6. لەبەراوردکردنی کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر دانیشتوانی ناوچەی گەرمیان، پێش شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای شاڵاوەکانی ئەنفال ئەوە دەردەکەوێت: چەند ناحیە و گوندێك پێش پرۆسەی ئەنفال ئاوەدانی تێدابووە دوای پرۆسەی ئەنفال ئاوەدانیان بەخۆوە نەبینییوە لەبەرامبەردا چەند ناحیەیەکی نوێ دروستکراوە. هەروەها سەرپەرشتیاری خێزان لەدوای پرۆسەی ئەنفال بەرێژەی

(65.55%) کەوتە سەر شانی ژنان لە کاتێکدا لە پێش ئەنفال ڕێژەکە (9.8%) بوو. ڕێژەی ژنانی بەجێماوی ئەنفال کە بە بێوەژنی ماونەتەوە و دووبارە ژیانی هاوسەرگیریان پێکنەهێناوەتەوە دەکاتە (96%).

## پێشنیار

1. بایەخ دان بە توێژینەوەی زانستی و لایەنی ئاماری لەسەر ئەنفال لەناویاندا گرنگیدان بە دیمۆگرافیای ئەنفال.

2. لەسەر حکومەت و لایەنی پەیوەندیدار و ڕێکخراوەکان پێویستە، هەوڵبدەن بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی شوێنەوارەکانی کاولکارییەکانی ئەنفال ئەویش بە ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری بەو شوێنانەی زیانی کە لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا زیانی بەرکەوتووە.

3. ئەنجامدنی توێژینەوەی زانستی بۆ دەرخستنی دەرهاویشتە و ڕەهەندە جیاوازەکانی کاریگەرییەکانی ئەنفال لەسەر ژنانی بەجێماو، بەو پێیەی کە ژنان دووجار قوربانین هەم ژمارەیەکیان لە ئەنفال شوینبزرکران، هەمیش وەك بەجێماوێکی دوای ئەنفال ئەرکی قورسی سەرپەرشتیکردن خێزان و بەخێوکردن و پەروەردەکردن ودابینکردنی لایەنی ئابوری و..هتد، کەوتەسەرشان.

4. پێویستە لەسەر حکومەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان گرنگی بە بەجێماوانی ئەنفال بدەن لەناویاندا ڕەگەزی مێ(ژنان)، ئەوان شایانی بەزەیی نین بەڵکو پێویستیان بە پێدانی دەرفەت و هەلی کارو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکانیان وژیانێکی شایستەیە.

5. کردنەوەی سەنتەری تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشیە جەستەییەکان و گرفتە دەرونی و کۆمەڵایەتییەکانی ژنانی بەجێماوی ئەنفال.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان:

### أ. کتیب:

1. ابراهیم، عبدالمجید غفور، کۆمەڵناسی دانیشتوان، چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2015.

2. بیارەیی، ئاسۆ، ژنان و کچانی کورد لە دۆزەخی پرۆسەی ئەنفالدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013.

3. تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپخانەی دلێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.
4. تالیب، جەزا تۆفیق، جوگرافیای سەربازی، بێ چاپخانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.
5. تۆفیق، محەمەد حەمەسالح، جینۆساید لە عێراق پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، چاپخانەی کەمالو چاپی سێیەم، سلێمانی، 2013.
6.علی، جاسم محمد، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی، 2002.
7. جەباری، کازم ئەحمەد صەدرەدین، لەپەراویزی ئەنفالی سێدا، گوندی کوڵەبان بە نموونە، چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2019.
8. جەباری، مەریوان عەبدولەجید موحەمەد، پیوانی هەستی خۆبەکەم زانین(الشعور بالنقص) لای ئافرەتانی پاشماوەی ئەنفال، لە بلاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2011.
9. حسێن، ئاوارە، جینۆسایدی گەلی کورد لەڕوانگەی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتییەوە، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2017.
10. محمد، خلیل اسماعیل، کێشەی کورد لە عێراق کێشەی سنوورە یان بوون، چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپی یەکەم، هەولێر، 2010.
11. ڕەشید، محەمەد ئەمین، قۆناغی سێی ئەنفال، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕوناکبیری کەرکوك، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، 2013.
12. ڕەئوف، محەمەد، پاکیزەکانی ئەنفال، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2014.
13. سدیق، شێخ، تاوانەکانی ئەنفال لە ڕۆژنامەگەری عێراقدا، وەرگێڕانی: ڕابەر ڕەشید، چاپخانەی ئازادی، چاپی یەکەم، 2020.
14. سلێمان، ڕێبوار ئیبرهیم، پرۆسەی ئەنفال و کیمیابارانی دۆڵی جافایەتی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك، کەرکوك، 2012.

15. سمحه، موساعبوده، سهانه، فەزی عەبد، جوگرافیای دانیشتوان، وەرگێڕانی: هیوا ئەمین شوانی، چاپخانەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، 2009.

16. شێخ مستەفا، گۆران، کاریگەریە ئابوریەکانی جینۆساید لە گەرمیان، چاپخانەی هێڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2010.

17. شوانی، محەمەد، ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر، 2013.

18. عبدالرحمن، زیاد، توونی مەرگ هێرشەکانی ئەنفال لە بەڵگەنامەکانی ڕژێمدا، چاپخانەی تەوریز، چاپی یەکەم، 1995.

19. عەبدول، هێمن باقر، بەرهەم عومەر، ئەنفالی سێ و کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەرژنانی پاشماوەی ئەنفال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2004.

20. عەبدولعەزیز، محەمەد ڕەئوف، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجیەکانی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2005.

21. قوربانی، عارف، نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا، چاپخانەی حەمدی، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2020.

22. گوڵ، عمر مارف، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتیدا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای ئاراس، چاپی چوارەم، هەولێر، 2007.

23. محەمەد، زانا فەقێ، جینۆساید لە باشوری کوردستان ئەنفالی سێ بە نموونە، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2012.

24. محەمەد، عومەر، پەلامارە سەربازیەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، چاپخانەی کەمال، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2013.

25. موفتی زادە، سیامەند(وەرگێڕان)، میدڵ ئێست ووچ، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، چاپی یەکەم، سلێمانی، 1999.

26. مەحمود، عەبدوڵلا کەریم، ڕەشەبای ژەهری ئەنفال، بەرگی دووەم، چاپخانەی کۆمپانیایی پیرەمێرد بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی دووەم، 2009.

27. مەلا شاخی، ابوبکر محمد حاجی، ئەنفالی چوار(خاڵخاڵان)، چاپخانەی کاروخ، چاپی دووەم، سلێمانی، 2007.

28. نامق، چنار، جینۆساید و ئەنفالی کورد، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوك، 2013.

29. هەلاج، ساڵح، چەردەیەکی مێژوویی دەڤەری گەرمیان، چاپخانەی گەنج، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2011.

30. لەبیب، علی، جوگرافیای دانیشتوان جێگیر و ناجێگیر، وەرگێڕانی: سەعید بەشیر خەرپانەیی، لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی هەزارموکریانی، چاپی سێیەم، هەڵەبجەی شەهید، 2016.

## ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:

1. حمە، سروە جەلال، گۆڕانکاری دانیشتوان لە پارێزگای سلێمانی لە ماوەی نێوان ساڵەکانی (1977-2012)دا، تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، 2019.

2. صالح، چراخان نصرالدین، دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای دانیشتوان، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانو زانکۆی سلێمانی، 2015.

3. عوسمان، بەهرۆز بەکر، ژنی کورد لە دیدی کوردناساندا(1800-1950)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، .2022

4. عومەر، مەهدی فاتیح، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، تێزی دکتۆرا (بڵاوکراوە)، بەشی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، .2019

5. عەبدوڵا، ئاڤان ئەحمەد، ڕۆڵی سیاسی و ڕۆشنبیری ژن لە شاری سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مەرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، .2023

6. فەرەج، جەمال مەجید، جینۆسایدی باشوری کوردستان ئەنفالی یەك بەنموونە (21/2-1988/3/19)، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە)، بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، .2022

7. کەریم، ئاکۆ ئەحمەد، ئەنفالی گەرمیان لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیایی سیاسی، نامەی ماستەر(بڵاونەکراوە) بەشی جوگرافیا، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، .2015

8. محمد، مراد حكيم، ئاكامە كۆمەڵایەتیەكانی ڕاگواستنی كوردان لە عێراق لەسەردەمی بەعسدا، نامەی ماستەر، بەشی جوگرافیا، كۆلێژی ئاداب زانكۆی سەڵاحەدین، 2003.

**ت. گۆڤار:**

1. جوهەر، یاسین ئاشور، حەسەن، دەشتی ئەحمەد، شاڵاوی ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارە(10)، خولی(1)، پوشپەڕی 2023.

2. حاجی، سالم جاسم، پروسا ئوپەراسیونێن ئەنفالان دژی كوردان (1987-1988) ئەنفالا وەك میناك، گۆڤارا زانكۆیا دهۆك، ژمارە (1)، زانستێن مرۆڤایەتی كومەلناسی، ژمارەی تایبەت بە سەنتەرێ ڤەكۆلینێن جینۆسایدی، زانكۆیا دهوك، .2019.

3. حەمە حوسێن، بەكر، كاریگەرییە كۆمەڵایەتی و دەروونیەكانی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (5)ی 2022/4/14.

4. حەمەدئەمین، هاشم یاسین، ئاكامە جوگرافییەكانی پرۆسەی جینۆسایدی گەلی كورد ئەنفالی چوار وەك نموونە، گۆڤارا زانكۆیا دهۆك، ژمارە (1)، زانستێن مرۆڤایەتی كومەلناسی، ژمارەی تایبەت بە سەنتەرێ ڤەكۆلینێن جینۆسایدی، زانكۆیا دهوك، .2019.

5. حەمەڕەشید، تابان بورهان، كاریگەرییەكانی ئەنفال لەسەرئافرەتی كورد، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)ی 2017/4/14.

6. دەروێش، عزالدین جمعە، ارام حسن محمد، تایبەتمەندیە سروشتیەكانی جوگرافیای گەرمیان، گۆڤاری زانكۆی گەرمیان، ژمارەی تایبەت بە كۆنفرانسی وشكەساڵی، جوونی .2017

7. شریف، هەژاركەیفە، ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسی كورد لەناساندنی تاوانەكانی ئەنفال، ڕۆژنامەی ئاسۆ بە نموونە، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (2)، چەمچەماڵ، 2018./4/14

8. شێخ حەسەن، محەمەد، كورتەیەك لەبارەی ئەنفال و ئەنفالی ناوچەی قەرەداغ، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (1)، چەمچەماڵ، 2017./4/14

9. عەلی، سنور محەمەد، ئەنفالی گەرمیان و هەڵوێستی وڵاتان، گۆڤاری ئەنفالناسی، ژمارە (4)، چەمچەماڵ، 2021./4/14

10. محەمەد، عەلی مەحمود، ئەنفال لە زەمینەسازییەوە بۆ جێبەجێكردن و دادگاییكردن، گۆڤاری تۆپزاوە، ژمارە (5)، 2022/4/14.

**پ. بڵاوكراوە فەرمیە حكومیەكان:**

1. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلیمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، زانیاری دەربارەی ژمارەی گوند و ماڵ و ژمارەی دانیشتوانی قەزای چەمچەماڵ بۆ ساڵی (2002) داتای بڵاونەکراوە.

2. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پڕۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، زنجیرەی (3)، خستنەڕووی هێڵکاری زانیاریەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی دەزگای ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008.

3. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان، پڕۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد، زنجیرەی (4)، خستنەڕووی هێڵکاری زانیارییەکانی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، 2008.

**ج. چاوپێکەوتن:**

1. عارف، مەنیجە محمد، چاوپێکەوتن، چەمچەماڵ، گەڕەکی ئاسوودەی ئەنفالنشین، ڕێکەوتی 2023/8/10.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان:**

**أ. کتیب:**

1. طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للأمن القومي في اقليم كردستان، مركزكردستان للدرسات الاستراتيجية، سليمانية، 2005.

2. سليمان ، فاتح محمد، عمليات الأنفال في كردستان العراق في ضوء مقاصد الشريعة والإتفاقيات والمواثيق الدولية، المطبعه كومپيوتر جهان، الطبعة الاولى، سليماني، 2010.

**ب. نامە ی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1. سليمان، فاتح محمد، عمليات الأنفال وآثارها على الشباب دراسة اجتيماعية نفسية، رسالة ماجستير(منشوره)، قسم الأجتماعية، كلية الآداب، جامعة الحره (هولندية/ فرع كركوك)، 2010.

**ت. کۆڤار:**

1. احمد، تەلار سالار، مصطلحات الإبادة الجماعية تأصيلا وتطويرا ودلالة، گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی، ژمارەی تایبەت بە سێیەمین کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی، سەنتەری بێشکچی بۆ لێکۆڵینەوەی مرۆڤایەتی، زانکۆی دهۆك، 2022/8/22.

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**

1. Abid, Istebrak Khalid, The Al-Anfal Campaign; Genocide or Politicide?, Master's thesis in Peace and Conflict Studies Faculty of Humanities, Social Sciences and Education Centre for Peace Studies, 2019.
2. Mohammed, Mrywan Abdulmajeed, The Psychology of Genocide, Second Published, Sulaimaniya, 2018.
3. Osman, Soran, Anfal Kurdish Genocide, Shvan Printing Office, First Volume, Sulimanie, 2014.
4. Taha, Paerjan Hashim, Suzan Mohamed Hassan, Traumatic Events And Posttraumatic Stress Among Iraqi Kurdish Anfal Survivors, Duhok Medical Journal Volume 14, Issue 1, 2020.
5. Watch, Human Right, Genocide in Iraq: The Campaingn Against The Kurds. 1993.

# تەوەری چوارەم:
# جینۆساید و
# ستەمکاری

## بایەخی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان

کرمانج عوسمان

## دەربارەی ستایشی ستەمکاری:
## ستایشی ستەمکاری وەک دیاردە

لەتیف فاتیح فەرەج

# بایەخی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان

کرمانج عوسمان*

## پێشەکی

کاتێك باس لە تاوان دەکەین ئەوا بەسەردوو بەش پۆلێن دەکرێن، کە بریتین لە تاوانی ناوخۆیی و تاوانی نێودەوڵەتی، تاوانی ناوخۆیی لە وڵاتێك و کۆمەڵگایەك بۆ یەکێکی تر جیاوازە، لە سزا و لێکەوتەکانی تر دەگۆڕێت، تەنها مەترسی لەسەر ئاسایشی مرۆیی ئەو ووڵاتە هەیە، بەڵام تاوانە نێودەوڵەتیەکان مەترسی بۆ ئاسایشی هەموو مرۆڤایەتی هەیە، بۆیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی کۆدەنگی لەسەرە ووڵاتانی دونیا لەسەری ڕێکەوتوون.

## چی دەزانیت دەربارەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان؟

لەبەرئەوەی باسەکەمان دەربارەی تاوانە نێودەوڵەتییەکان و گرنگی دۆکیۆمێنت کردنیانە، بۆیە پێویستە لەسەرەتا تاوانە نێودەوڵەتییەکان بناسێنین و ئاماژە بەوە بکەین تاوانە نێودەوڵەتییەکان چین؟ هەرچی تاوانە نێودەوڵەتییەکانە بریتین لە:

1) تاوانی جەنگ بەگوێرەی پەیماننامەی جنێڤی ساڵی 1949 و هەردوو پرۆتۆکۆلی هاوپێچ کراوی ساڵی 1977.

2) تاوانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ کە بریتیە لە پێشێلکاری هەموو بەڵگەنامە و پەیماننامە و بڕیارەکانی مافەکانی مرۆڤ.

3) تاوانی جینۆساید کە بریتیە لە پێشێلکاری پەیماننامەی دژە جینۆسایدی ساڵی 1948.

4) تاوانی شەرانگێزی یان تاوانی داگیرکاری.

ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆ ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانە گرنگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە، تا لەسەربنەمایەکی ستاندارد بەڵگەکان لەسەرئاستی دادگا نێودەوڵەتیەکان بێتە وەرگرتن.

## کەلتوری ئەرشیفکردن لە کوردستان

کەلتوری ئەرشیف یان دۆکیۆمێنتکردن لە کوردستان لەسەرهەموو ئاستەکان تاڕادەیەکی زۆر نییە یان زۆر کەمە، لەبەرئەوەی کوردستان لە ناسەقامگیری بەردەوام بووە بۆیە یان دەرفەت نەبووە کارەکان ئەرشیف بکرێن یان ڕۆشنبیری و بوودجە و کادری شارەزا نەبووە بۆ ئەو کارە، یان کارەکان و هەوڵەکان پەرش و بڵاو و یەك ئاراستە نەبوون، بۆیە ئێستا کاتی خۆیەتی و بگرە درەنگیش

کەوتوە کە ئەرشیفخانە یان سەنتەری دۆکیۆمێنتی نیشتیمانی لەسەربنەمایەکی پرۆفیشنالی دور لە حزبایەتی بێتە دامەزراندن.

## بایەخی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان

1. دەتوانین لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا گرنگی دۆکیۆمێنت کردن و ئەرشیف کردنی تاوانە نێودەوڵەتیەکان دەربخەین و ئەوە بخەیتەڕوو، کە بەهای دەرخستنی تاوانە نێودەوڵەتییەکان بۆچی گرنگە؟

2. بۆ پرۆسەی دادگایی و لێکۆڵینەوەی یاسایی، لەبەرئەوەی تاوانە نێودەوڵەتیەکان ڕەهەندی جیهانی هەیە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو تاوانانە وەك جینۆساید بێتە دانپێدانان و وولاتان ئیعترافی پێبکەن، ئەوا دەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە باش خۆمان ئامادە و پر چەك بکەین کە هەمووی دۆکیۆمنت و ئەرشیف بکرێت و لە پرۆسەی دادگایی و لێکۆلینەوەی یاسایی سوودی هەبێت، تاوەکو لە بەرژەوەندی خۆمان دادگایی کردنەکە یەکلابکەینەوە، بینیمان لە کاتی دادگایی کردنی سەدامی دیکتاتۆر ئاستەنگ هاتە پێشمان لە پێشکەش کردنی بەلگەی تەواو، چونکە بە تەواوی ئەرشیف و دۆکیۆمنت نەکرابوون، دۆکیۆمنت کردن و ئەرشیف کردنی تەواو گەرەنتی ئاراستە و دروستی دادگایی دەکات.

3. بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان و گەیشتن بە ڕووداوەکە، هەمیشە لە ڕێگای ئەرشیف و دۆکیۆمنت کردن دەتوانین بگەین بە راستیەکان کەوا چ لایەنیك تاوانبارە و چۆن ئەو تاوانانە روویانداوە، گەیشتن بە راستی و دروستی تاوانەکان گرنگە بۆ پرۆسەی حوکمدان و وەدەست هینانی دادپەروەری، بۆیە بەلگەی راست و دروست کە بە باشی ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کرابێت دەبێتە هۆی دەرخستنی ڕاستیەکان.

4. بۆ پرۆسەی ئاشتەوایی نیشتیمانی و قوناغی ڕاگواستنەوە، لەدوای تەواوبوون و راوەستانی شەڕ قۆناغێك دەست پێدەکات ناسراوە بە قۆناغی گواستنەوە کە یەك لە هەنگاوە سەرەکیەکانی بریتیە لە ئاشتەوایی لەنێوان لایەنەکانی شەر و ناکۆکی، بەهۆی ئەرشیف و دۆکیۆمنت کردن زۆر بۆمان دەردەکەویت کە هەموو لایەنی بەرامبەر وەك دوژمن نەبوون، بەڵکو هاریکاری لایەنەکەی تریان کردوە، بۆ نموونە لە ریگای ئەرشیف کردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆ جوولەکەکان دەرکەوت کە هەموو نازیەکان پیاو کوژ نەبوون، بەڵکو چەندین سەربازی نازی چەندین خێزانی جووەکانیان رزگار

کردوه لە کاتی هۆلۆکۆست، یان ئەوەی لە هزری ئیمەدا چەسپاوە کە هەموو عەرەبی سوننەی شاری موسڵ تیرۆریست و داعشن، بەڵام لەوانەیە لە ریگای ئەرشیف و دۆکیۆمینت کردن بۆمان بەدەردەکەویت کە چەندین کەس لە خەڵکی موسڵ هاریکاری دەربازکردنی ئافرەتانی ئێزیدیان کردوە کە ئەوە دەبێتە خاڵێکی گرنگ لە پرۆسەی دووبارە پێکەوەژیانی ئاشتی و پرۆسەی دووبارە ئاوەدان کردنەوەی پەیوەندی نێوان پیکهاتەکان.

5. بۆ مۆزەخانەی نیشتیمانی و ئەرشیفخانە، لەبەرئەوەی لە زۆربەی وڵاتانی جینۆساید کراو وەك ئەرمینیا، ئیسرائیل، رواندا، کۆسۆڤا، بۆسنە و هیرزەگۆڤینیا...هتد ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن هاریکار بووە بۆ کردنەوەی مۆزەخانەی نیشتیمانی، کە لەسەر ئاستی ئەو وڵاتە بۆتە جێگای سەردانی هەزاران کەس و توێژینەوەی جۆراوجۆری لەسەرکراوە.

6. بۆ پاراستنی یادەوەری بۆ نەوەی داهاتوو و لەناو نەچونیان، هەر رووداوێك لە وڵاتەکەمان رووبدات گرنگە ئەرشیف و دۆکیۆمێنت بکرێت، بۆیە تاوانە نێودەوڵەتیەکان گرنگە ئەرشیف بکرێت تاوەکو نەوەکانی ئێستا و داهاتوو بزانن کە چی روویداوە و چیمان بەسەر هاتووە، تاوەکو لە راستیەکان بزانن و هیچ کەسێکی تر نەیەت مێژوویەکی چەواشەکاری بنووسێتەوە و راستیەکان لە رێگا لابدات یان بشێوێنێت. بۆیە گرنگە نەوەی ئێستا و داهاتوو ئاگادار بێت بەو تاوانانەی بەسەر باب و باپیرانمان داهاتووە.

7. بۆ کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی، زۆر جار دەبینین بەداخەوە کە هەموو توێژەرانی تری بیانی کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی ماستەرو دکتۆرا دەکەن لەسەر ئەو تاوانانەی کە بەسەر ئێمەدا هاتووە، بەڵام بەداخەوە خۆمان هیچ کاری لەسەر ناکەین، بۆیە دروستکردنی ئەرشیفخانە و دۆکیۆمێنت کردنی ئەو تاوانانە دەبێتە یاریدەدەر بۆ کاری ئەکادیمی و زانستی و توێژینەوەی فراوان لە ئاستی پەروەردە و خوێندنی باڵا.

8. مافی سەرەتایی قوربانیانە کە بە ڕاستیەکان بگەن، چونکە قوربانی تاوانەکانی جینۆساید و ئەوانی تر جۆن مافی دووبارە شیاندنەوە و قەرەبوکردنەوەیان هەیە، ئاواش مافیان هەیە بگەن بە راستیەکان و حەقیقەتەکان کە چی ڕویداوە و چۆن ڕویداوە، ئەوەش لە ڕێگای دۆکیۆمێنت و ئەرشیف کردنەوە دەبێت کە دەمانگەیەنێت بە ڕاستیەکان.

9. مافی گشتییە، واتە بۆ هەموو لایەنێك قوربانی بێت یان نا وەکو تاوان مافی گشتی تێدایە، بۆیە ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆ هەموو لایەك راستیەکان ئاشکرا دەکات، جا ئەو لایەنە قوربانی بێت (راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ) یان قوربانی نەبێت. واتە بەشێك لە مافی گشتی و بەدەستهێنانی زانیاری بۆ هەموو کەسێك بریتیە لە ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن.

10. بۆ لۆبی کردن لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی، بۆ ئەوەی ئەو تاوانانەی کە بەسەر گەلەکەماندا هاتووە جا چ تاوانی رژێمی بەعسی دیکتاتۆری بێت یان تاوانەکانی داعش، بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی دونیا بناسێنرێت، دەبێت بە بەردەوامی لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی کاری لۆبی بۆ ئەنجام بدەین، هەروەك جووەکان لە لۆبی کردن بۆ هۆڵۆکۆست و خەڵکی بەلقان بۆ تاوانەکانی میلۆزۆڤیچ، باشترین ئامرازیش بۆ لۆبی کردنی ئەو تاوانانە بریتیە لە ئەرشیف و دۆکیۆمێنت کە زۆر گرنگن بۆ پیشاندانی حەقیقەت و راستیەکان، بۆ نموونە کردنەوەی پێشانگایەك لەناو باڵەخانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرك یان هۆڵی یەکێتی ئەوروپا لە بەلجیکا و پیشاندانی ئەرشیف و دۆکیۆمێنتی تاوانەکان کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر دروستکردنی رای گشتی و کاریگەری سەر پرۆسەی دروستکردنی بریارلەو ناوەندە نێودەوڵەتیانە.

11. گرنگە بۆ ئاسایشی نەتەوەیی و دووبارە لێکۆڵینەوەی ورد، بۆ نموونە لە کاتی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن بۆمان دەردەکەوێت کێ دەستی هەبووە لەگەڵ دوژمن بۆ ئەنجامدانی ئەو تاوانانە، یان بۆ نموونە ئەو کۆمپانیانە کامانەن لە کەرتی تایبەت کە چەکیان فرۆشتوە بە دوژمن بۆ ئەوەی ئەو تاوانانە بەسەرئێمەدا بێت، بۆیە مەترسی هەیە ئەوکۆمپانیایانە چەندین ملیۆن دۆلار سزا بدرێن.

12. بۆ دەرخستنی بەڵگە تەزویر و راستەکان: چونکە لەوانەیە وولاتان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەڵگەی ساختە بەکاربهێن، زۆرجار دەبینین دوای پرۆسەی جینۆساید و روخانی دیکتاتۆریەت چەندین بەڵگە دەکەونە دەستی خەڵك و بلاودەبنەوە، هەندێکجار ئەو بەڵگانە بۆ مەرامی جۆراوجۆر بەکاردێت یان تێکەڵ بە بەڵگەی تری تەزویر دەکرێت تاوەکو راستیەکان بشێوێنرێت، بۆ نموونە بەڵگەیەك لەسەردەمی تاوانەکانی بەعس بلاوبویەوە کەوا هەندێك ئافرەتی کورد بە ولاتی میسر فرۆشراوە، بەلام دواتر دەرکەوت کەوا بەڵگەکان تەزویرن یان لە کاتی دادگای رژێمی بەعس دادگا دەبوایە چەندین بەڵگە و دۆکیۆمێنت رەوانەی راستاندن (صحە صدور) بکات، تا لە راستی و

دروستی بەڵگەکان بکۆڵنەوە کە ئەوەش پرۆسەی دادگایی دوادەخات، بۆیە بوونی بەڵگە و ئەرشیفی تەواو هەموو ئەو کێشانە چارەسەردەکات.

13. بۆ گەیشتن بە داتا و ژمارەی دروست، هەندێکجار ژمارەکان یەکناگرنەوە، بۆ نموونە چەند کەس جینۆساید و زیندە بەچاڵ کراوە، چەند کەس بێسەر و شوێنە و چەند کەس شەهید کراوە و چەند کەس ونە؟ هەموو ئەو داتایانە راست و دروست دەبێت ئەگەر هاتوو بەڵگەی تەواو هەبێت، بۆ نموونە زۆرجار ژمارەی شەهید و ونبوان و نادیارەکان کۆبکەیەوە هەمان ژمارەی ئەو قوربانیانە دەرناچێت، چونکە داتای راست و دروست نیە، بەهۆی کەموکوڕی ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن.

14. گرنگە بۆ ئاشتەوایی ناوخۆیی لەنێوان حزبەکان کە ببێتە خاڵی یەکگرتنیان، چونکە مێژووی هاوبەشیان هەیە، واتە زۆرجار پارت و حزبەکان ناکۆکیان هەیە، بەڵام کاتێك دەبینین کە مێژوی هاوبەشیان هەیە و لە سەردەمی دیکتاتۆر هەموویان وەکو یەك قوربانی بوون، ئەوا بوونی ئەرشیفخانە و دۆکیۆمێنت کردنی قوربانیەکان هەموو حزبەکان لە یەك نزیك دەکاتەوە و رابردووی قوربانی هاوبەشیان بە بیر دەهێنێتەوە. بۆیە بۆ پرۆسەی سەقامگیری و ئاشتەوایی گرنگە ئەرشیف و مۆزەخانەی نیشتیمانی هەبێت.

15. بۆ یەکخستنی ئاراستەکان: چونکە هەر لایەك و بە ئاراستەیەك ئەرشیف دروست دەکات، زۆرجار دەبینین دامەزراوەیەکی حکومی یان رێکخراوی ناحکومی یان حزبێکی سیاسی، یان کۆمەڵە چالاکوانێك بە تەواوی یان بە پچرپچری کاری ئەرشیفکردن و دۆکیۆمێنت کردن دەکەن، هەندێکجار ئەو هەوڵانە دووبارە دەبنەوە لە یەك کاتدا، هەندێکجاریش چەندین دامەزراوە هەمان کار دەکەن یان بە ئاراستەی جیاواز هەوڵدەدەن، بۆیە بوونی یەك ئەرشیف و دۆکیۆمێنتی نیشتیمانی کات و پارە و سەرچاوەی مرۆیی یەکدەخات بۆ ئەوەی یەك ئەرشیفخانەی کواڵیتی بەرز هەبێت لە نیشتیمان.

16. بۆ پرۆسەی قەرەبووکردنەوە گرنگە وەك دەرئەنجام، بە تایبەتی دوای پرۆسەی تەواو بوونی دادگا کە بوونی بەڵگەی تەواو دەبێتە هۆی قەرەبووکردنەوەی قوربانیان.

17. ئەرشیف و دۆکیۆمێنت دەبێتە هۆی جیاکردنەوە و دەرخستنی ئەوانەی خەبات و قوربانیان داوە بۆ نیشتیمان، لەگەڵ ئەوانەی دوژمن و جاش بوون دژی کوردستان، واتە راستیەکان

دەخاتەڕوو تاوەکو مێژوو ئەو کەسانە بنرخێنێت کە نیشتیمانپەروەر بوون و ئەو کەسانەش ڕسوا بکات کەوا خاك فرۆش بوون.

* شارەزای نێودەوڵەتی لە بواری تاوانە نێودەوڵەتیەکان، پێشتر مامۆستا بووە لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر.

## دەربارەی ستایشی ستەمکاری:

# ستایشی ستەمکاری وەک دیاردە

### لەتیف فاتیح فەرەج

### پێشەکی

مێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ڕەنگە زۆر شوێنی دیکەش مێژوی نەك هەر بێدەنگیە بەرانبەر ستەمکاری، بگرە مێژوی پیاهەڵدانی ستەمکاریە، ئەمە جۆرێك بوونەوەری دروستکردوە کە هەمیشە پێیوابێت ئەو دەمێك بونداره کە لەژێر سایەی ستەمکاریدا بێت "لە دادگایی کردنی سەدامدا لەسەر پرسی دوجەیل، هاوڵاتیەکی گەواهیدەر هێنرابوو بۆ ئەوەی گەواهی لەسەر تاوانەکانی سەدام و دار و دەستەکەی بدات، ئەو کە برایەکیشی شەهیدی دەستی سەدام بوو پێداگربوو لەسەرئەوەی ئەو بوارە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی سڵاو بۆ سەدام و بکوژەکانی بەعس بنێرێت، هەرچی حاکم ڕەئوف ڕەشید پێی دەگوت باشە دوای سڵاوەکە، هەر سڵاوی دەنارد"!

# ستایشی ستەمکاری وەک دیاردە

سەدام و عەواد بەندەر و دارو دەستەکەی لە قەفەسدا بوون، بابا عێراقیەکە هێشتا پێیوابوو ئەو لە سایەی ئەواندایە، من بەو گفتوگۆ و ڕووداوە توشی شۆك نەبووم، چونکە ئەم بوونەوەرە خراوەتە ژێر مەنگەنەیەکی گشتیەوە تەنانەت کە بتەوێ دەریشی بکەیت ئەو نایەوێت دەرچێت، وەك ئەو دەروێشەی پێیان وتبوو بابە شێخ تۆی ناوێت و دەیەوێت لە کۆڵی بیتەوە، ئەو بە پێداگریەوە وتبووی شێخ کێیە من خۆم بە دەروێشی ئەو دەزانم ئەو بیەوێت یان نا!!.

ئەو بوونەوەرەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێدا، دوای کەوتنی سەدام بەعسیش هێشتا جۆرێك لە نۆستالۆژیای بۆ رابردوو هەیە، ئەم نۆستالۆژیایە زۆرجار بەوە دادەپۆشرێت گوایە ئەو جۆرێك لەو دیسپیلینەی دوێنێ گەرەکە، "ڕەنگە باباکە بیەوێت بە سەدام بڵێت نەبوونی تۆ وێرانەی دروستکردوە، ئەوە بۆیە سەدام بە کامی دڵ بە قسەکانی پێدەخەنی"!

بۆ بابایەکیش کە بە هەر بیانویەك دێت ستایشی سەدام دەکات، لەبەرئەوەی گوایە ئەم دەسەڵاتەی ئێستا ناجۆرن، یان کێماسی هەیە، یاخود ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن، کەواتە ستەمکاریەکەی دوێنێ شایانی ستایشە! هەڵبەت ئەمە بەهیچ جۆرێك لە تەك ئاوەزدا نایەتەوە و بیانوویەکی زۆر نائاکاریيە، ناکرێت بەو جۆرە خوێندنەوە بۆ ستەمکاری بکەین.

ئەوەی لە ماوەی بەرێدا لە کوردستان لەلایەن خەڵکانێکەوە بۆ ستایشی ستەمکاری گوزارشتی لێکرا، کە خۆیان بە خوێنەوار و دنیا دیتە دەبینن جۆرێك لە نائاگایی زیاتر نییە، بیرمان نەچێت هەندێکیان لە ئاکامی تورەیی و دەردە دڵ و نەتوانینی دەربڕینی دروست ئەوەیان بەسەردا تێپەڕیوە، ئەمەیان رەنگە نەیس بێت، بەڵام ئەوانەی کە زۆر بە ئاگاییەوە ئەوە دەکەن و منەتیشیان نیە، ئەوانە دەبێت سزا بدرێن، پێویستە یاسایەکی توند هەبێت ڕێگری بکات لەوەی ستایشی ستەمکاری بکرێت، من پێشتر لە کۆرێکیشدا لە کەرکوك زۆر لەسەر ئەو بابەتە دوام، پێویستە تەنانەت ئەوانەش کە بە بیانووی لاسایی کردنەوە هەمان پێکەنینی سەدام پێدەکەنن سزا بدرێن.

ئێستا لەناو خودی ئەڵمانیا، تەنانەت لەناو خانووەکەی هیتلەریش مرۆڤ بۆی نیە ستایشی ئەو ستەمکارە بکات، ستەمکارێك بارتەقای ئەوەی ئازاری جولەکە و خەڵکی تری دا ئازاری نەبڕاوەی ئەڵمانیەکانیشی دا، لەوێ مرۆڤ بۆی نییە لاسایی هیچ کارێکی ئەو کەسە بکاتەوە، لەناو یاریگاشدا ئەگەر یاریزانێك بیەوێت سڵاوێکی هیتلەریانە بکات وەك ئەوەی پێشتر ئەمە ڕویداوە، ئەوە ئەو یاریزانە بۆ هەتاهەتایە یاری لێ قەدەغە دەکرێت و مافی یاری کردنەوەی نییە.

قوربانی دەبێت بەم شێوازە و بەو هۆشیاریە باڵایەوە سزای هەموو ئەوانە بدات کە بیانویەك دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی یادی ستەمکاری بکەنەوە و ستایشی بکەن، زیندوێتی جولەکە و ئەرمەنی لەوەدایە کۆستەکەی خۆیان هەر بەوە لێنەگەڕاون کۆستی خۆیان بێت، کردویانە بە کۆستێکی نێودەوڵەتی یان جیهانی، کەچی کورد کە ساڵەها دوای ئەو دوو گەلە جینۆساید کراوە هێشتا ستایشی ئەو ستەمکارە دەکات!

دەیان جارم گوێ لێبووە گوتراوە لە سەردەمی سەدام حوسێندا سیستم هەبووە، سزا هەبووە، گەندەڵی نەبووە، سەدام خۆی سزای گەندەڵکارانی داوە، زۆرجار بۆ نیشاندانی حوکمڕانی بەرپرسانە ڤیدیۆ و گرتەی سەدام بە شێوەیەکی فراوان بڵاودەکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر بە جۆرێکی کەمیش بێت کاریگەری بەجێبهێڵێت، هەڵبەت ئەو جۆرە کارە بە بەرنامەو بەوردی و بە پلان بەڕێوەدەچێت، بۆیە ناکرێت وەك بابەتێکی ئاسایی سەیری بکەین و هەڵوەستەی لەسەرنەکەین.

## ستایشی ستەمکاری لە بنەڕەتدا دژ بە قوربانییە

باوەڕم وایە ئەم بابەتە پێویستی بە پەروەردەیەکی گشتی و هەمەلایەنەیە، پەروەردەی ئاینی، خێزانی، فێرخوازی، واتە ناوەندەکانی خوێندن، هەروەها پەروەردەیی میدیایی، دەبێت لە خواری

خوارەوەی تەمەنەوە تا سەری سەرەوە مرۆڤ لەم جۆرە ستایش و پیاهەڵدانە دور بخرێتەوە، زۆرجار کەسوکاری قوربانی، بێئەوەی نائاگایانە بدوێت دەکەوێتە پیاهەڵدانی سەدام و ستەمکاراندا، ئەمە لەوپەڕی گێلێتیەوەیە، مرۆڤ بیەوێت یان نەیەوێت بەو کارە ستەمکاری هەڵدەنێت، لەکاتێکدا ستەمکاری وێڕای نەهامەتی هیچی تری بە مرۆڤایەتی نەبەخشیوە.

ستایشی ستەمکاری بەگژاچونەوەی مرۆڤایەتی و ئاشتی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە و دادپەروەرییە، پێش هەموو ئەوانەش دژایەتیەکی ئاشکرا و سەرسەختانەی خودی قوربانییە، بۆیە دەبێت هەمووان بەگژیدا بچینەوە و ڕێوشوێنی گونجاو بۆ لەقاودانی دابنەین.

باوەڕم وایە ئەمە بەرلەوەی ئەرکی گشتە خەڵك بێت، کە من لاموایە ئەرکی گشتیە، ئەرکی دەستەبژێری بەئاگا و ڕۆشنبیرانە ئەو کارە بکەن، هەروەك چۆن ئەرکی دەسەڵاتی دادوەری و داواکاری گشتیشە ڕێوشوێنی بەگژاچونەوەی یاسایی بۆ ئەو کارانە دابنات، لەو شوێنەدا کە دکتۆر فەرهاد پیرباڵ هاتە سەر هێڵ و ئاگایانە لەبارەی دۆسیەیەکەوە کە ستایشی سەدامی کردبوو "نامەوێت لێرەدا ناوی کەسەکە بێنم"، داوەریەکەی فەرهاد پیرباڵ ڕۆشنبیرانە بوو، بەڵام لەهەمانکاتدا بانگەشەی جۆرێك لە تولەرانس و لێبوردەیشی تیابوو بەرانبەر بگۆکە، کە من پێموایە ئەمەیان دەبێت یاسا و قانون بڕیاری لێبدەن.

## بۆچی دەبێت لە ستایشی ستەمکاری بترسین؟

لەراستیدا ئێمە دەبێت لە پیاهەڵدانی ستەمکاری بترسین، لەبەرئەوەی هەر بێدەنگی دەربارەی ئەو پیاهەڵدانە بەشێکە لە بەشداری کردن لە کردەی ستەمکاریدا، من ئێستاش توشی سەرسامی دەبم کە ڕۆژانێك ڕۆشنبیرە تورکەکان بە بەر چاویانەوە لە دەرسیم کوشتوبڕی کورد کرا بێئەوەی قسە بکەن، ئەوان بێدەنگ بوون، خۆ ئەگەر گۆرانیشیان بە باڵای کەمال ئەتاتورکدا نەوت بەڵام بێدەنگ بوون، ئەوەش خزمەت بوو بە ستەمکاری، شاعیرێکی وەك نازم حیکمەت کە من بیرمە لە وتارێکی تریشدا باسمکردوە لەناو یان لە نزیکی ئەو جینۆسایدەی دەرسیم بوو، هیچی بۆ مناڵانی ئەوێ نەوت، کەچی بۆ مناڵانی هێرۆشیما و ناکازاکی شیعرو لاوانەوەی نووسی، قسە لەسەرئەوە نیە بۆچی بۆ مندالانی ژاپۆنی وت، قسە لەسەرئەوەیە ئەی مناڵانی دەرسیم چی؟

پیاهەڵدانی ستەمکاری یان بێدەنگ بوون لە ئاستی ستەمکاری هۆکارێکی مەترسیدارە بۆ ئەوەی دیکتاتۆرییەت دروست بێت، هەموو دیکتاتۆرەکانی دنیا لەبن پاڵتۆی پیاهەڵدان پێیاندا لەلایەك و

بێدەنگ بوون لە ئاستیاندا لەلایەکی تر دروستبوون، ئەوەی لەماوەی رابردودا لە کوردستان لە ستایشی ستەمکاری ڕابردودا گوترا، پاڵنەرێکی باشە بۆ ئەوەی ستەمکاری بەهیچ جۆرێك سڵ نەکاتەوە لەوەی دەیکات، لەراستیدا ستەمکاری کە پیاهەڵدانی رابردوی ستەمیش دەبینێ شاگەشکە دەبێت، بۆیە ئەوە خزمەتێکی گەورەیە بە زەبروزەنگ یان درێژەدان بە زەبرو زەنگ، بە باوەڕی من دەبێت بەخێرایی یاسای لێپێچینەوە بە پیاهەڵدان بە ستەمکاریدا لە کوردستان دەربکرێت، هەروەها بە سیاسەتی پێشتری لێبوردن لە بەشدارانی ستەمدا بچنەوە و جۆرێك لە دڵنیایی ئاکاری بدرێتە کەسوکاری قوربانی کە دادپەروەری هەیە و لێپرسینەوە پەیڕەو دەکرێت.

ئەرکی سەرەکی لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگەیە پەرە بە هۆشیاری بدەن لە بەگژاچونەوەی پیاهەڵدانی ستەمکاریدا، ناوەندە پەروەردەی‌یە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، وەك پەروەردەی ئاینی و گوتاری هەفتانەی ئاینی، پەروەردەی فێرکردن و پێگەیاندن ناوەندەکانی خوێندن، پەروەردەی میدیایی دام و دەزگا میدیایە بینراو و بیستراو و نووسراوەکان، هەروەها پەروەردەی خێزانی و پەروەردەی ماڵەوە هەموو دەکرێت بەو جۆرە رەفتار بنوێن و هەڵسوکەوت بکەن کە پیاهەڵدان و ستایشی ستەمکاری وەکو تاوان لێی بڕوانرێت، ئەمەش لە دواجاردا رۆڵی گەورە لە مرۆڤسازی تەندروستدا دەبینێت.

بابەتی بەگژاچونەوەی ستایشی ستەمکاری بابەتێکی ئاکاری بەرپرسانەیە، بە سڵاوێکی هیتلەریانە نە نازیزم دەگەڕێتەوە نە هیچ خزمەتێك بە هیتلەر دەگات، بەڵام ئەمە دەچێتە خانەی ستایش و لەلایەکی دیکەشەوە جۆرێکە لە سوکایەتی بە قوربانی، یان راسترە بڵێین جۆرێکە لە سوکایەتی بە مرۆڤایەتی.

رەحمەت ناردن بۆ سەدامێك کە هەزاران هەزار مرۆڤ لە سایەی ئەو و لەژێر فەرمان و فەرمانڕەوای ئەودا لە ناودران و خرانە گۆڕی بەکۆمەڵەوە، دەبێت شەرم بێت و مرۆڤ پێی تەریق ببێتەوە نەك ئەوەی پێداگری بکات لەسەر ئەوەی "سوربێت لەسەر ئەو تاوانە" تاوان نەك هەڵە، پێم سەیر بوو هەندێك ئەو جۆرە لە ستایش و پیاهەڵدان وەك هەڵە ناوبنێن لەکاتێکدا جیاوازیەکی زۆرلەنێوان تاوان و هەڵەدا هەیە.

# پوختەی بابەت

ئێمە بێئەوەی لەسەرڕای یەك كەس هەڵوەستە بكەین و ڕەخنەی بكەین، پێویستە كار بۆ ئەوە بكەین، كە ئەم شێوازی پیاهەڵدان و ستایشە لەقاو بدەین و ڕێگر بین لەوەی كە ببێتە دیاردە و بابەتی لاسایكردنەوە بۆ ئازاردان، ئەمەش بە چەند ڕێگایەك دەكرێت، لەوانە:

یەكەم: دەبێت یاسای تایبەت بە سزادانی ئەوانە دەرچێت كە ستایشی ستەمكاری دەكەن، ڕاستە لە عیراق و هەرێمیش بەپێی قانون ئەوە سزای خۆی هەیە، بەڵام دەبێت ئەمە ڕونتر و ڕەوانتر دەربكەوێت.

دوەم: ڕۆشنبیران، وەك بوونێكی بگۆڕی نێو كۆمەڵگە دەبێت بەردەوام كار لەسەر ئەوە بكەن مەترسیەكانی پیاهەڵدانی ستەمكاری بۆ كۆمەڵگە باس بكەن، ئەمەش دەبێت لەنێو كایەكانی كۆمەڵگەدا جێی خۆی بگرێت.

سێیەم: پێویستە ئەوراستیە بۆ خەڵك بە گشتی ڕونبكرێتەوە كە ئازادی كۆت و بەندی ئاكاری خۆی هەیە، ناكرێت بە بیانوی ئازادییەوە ستایشی ستەمكاری وەك كەرەستەیەك بخرێتەوە نێو خەڵكەوە و ئیشی لەسەربكرێت.

# تەوەری پێنجەم:
# جینۆسایدی گەلان

## برسیکردن: تاوانێکی ئاشکرای جەنگ بەبێ سزا!

ئا: بارام سوبحی

## کاریگەری قەرەبووەکانی ئەڵمانیا لەسەر بوژانەوەی ئیسرائیل

ئا: بارام سوبحی

# برسیکردن: تاوانێکی ئاشکرای جەنگ بەبێ سزا!

ئا: بارام سوبحی

## پێشەکی

لەدێرزەمانەوە لە ململانێی نێوان دەوڵەتان و هێزە جیاوازەکاندا، لەکاتی شەڕو ئاشتیدا، خۆراک وەکو چەکێک بەکارهاتووە، بەمەبەستی برسیکردنی هاوڵاتیان و بەچۆکداهێنانی لایەنی نەیار و رکابەر، بەڵام تائێستا هیچ کەس و دەوڵەتێک لەسەر بەکارهێنانی ئەم چەکە سزانەدراوە، هەرچەندە هەندێکجارژمارەی قوربانییەکانی لە قوربانیانی چەکە کوشندەکان زیاتربووە.

ژەنەڕاڵ و شارەزای سەربازی و فەیلەسوفی چینی سون تزو (لە 551 پێش زایین لەدایکبووە و لە ٤٩٦ پ.ز مردوە)، لە کتێبەکەیدا بەناوی (هونەری جەنگ) کە مێژووەکەی بۆ سەدەی پێنجەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە کۆمەڵێک وتاری سەربازی ستراتیژی پێکهاتوە، باسی لە بەکارهێنانی خۆراک وەک چەکێک لە جەنگدا کردووە.

ئەو چەکە تائێستاش وەک ئامرازێکی کاریگەر و بەهێز لە ئاڕاستەکردنی شەڕ و ململانێ مۆدێرنەکاندا بەکاردەهێنرێت. چونکە پارچە نانێک دەتوانێت ئەو کارە بکات کە فیشەکێک ناتوانێت بیکات، ئەویش لاوازکردنی هەندێک گەل و بەرزکردنەوەی هەندێک گەلی دیکەیە.

لەم رۆژگارەدا تەواوی دانیشتوانی کەرتی غەززە لە فەلەستین هەڕەشەی برسێتییان لەسەرە، ملیۆنان هاوڵاتی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا بەدەست برسێتی بەکۆمەڵ و نەمانی ئاسایشی خۆراکەوە دەناڵێنن، کە (85%)یان لە ژینگەی شەڕی چەکداریدا دەژین.

## خۆراک وەک چەک

چەمکی خۆراک وەک چەکی شەڕ، ئاماژەیە بۆ دەستکاریکردن یان رێگرتنی بە ئەنقەست لە دابینکردنی خۆراک لە بارودۆخی ململانێکاندا، بەمەبەستی لاوازکردن یان زیانگەیاندن بە دانیشتووانی ناوچەیەک. ئەم چەکەش بە چەند شێوەیەک بەکاردەهێنرێت، وەک ئابڵوقەدان کە بریتییە لە گەمارۆدانی دەستڕاگەیشتن بە خۆراک یان سەپاندنی گەمارۆیەک کە دەبێتە هۆی برسێتی و بەدخۆراکی، لەناوبردنی بەروبوومە خۆراکییەکان و ژەهراویکردنی سەرچاوەکانی ئاو.

لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەم چەکەوە ڕێگری لە گەیشتن و دابینکردنی پێداویستییە خۆراکییە گرنگەکان بە هاوڵاتیان دەکرێت، ئەوەش بە داخستنی دەروازە و بەندەرو فرۆکەخانەکان، یاخود لە ڕێگەی تاڵانکردن و لەناوبردنی کێڵگەکانەوە، یان دەستکاریکردنی پێکهاتەی پێداویستییە خۆراکییەکانەوە، بەمەبەستی سەپاندنی باڵادەستی سیاسی و برسیکردنی خەڵکی مەدەنی.

لە سەدەی بیستەمدا، بەتایبەتی لەسەروەختی هەردوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەمدا، برسیکردن کاریگەرترین چەکی شەڕ بوو. تەنانەت بەراورد کراوە بە چەکی ئەتۆمی، بەو پێیەی لە ئەنجامدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی کوشتوە و قوربانییەکی بێشوماری لێکەوتۆتەوە. هەرچەندە چەکی ئەتۆمی وەکو چەکێکی قەدەغەکراو و کوشندە ناودەبرێت، بەڵام چەکی خۆراک بە شێوەیەکی ڕۆتینی لە شەڕەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئێستا ئەم ئامرازە لە هەموو کاتێک مەترسیدارتر بووە.

بەهۆی کاریگەرییەکانی چەکی خۆراکەوە، لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا پەندێکی ئەڵمانی بووە باوکە دەڵێت: "هەرقاژێک پەتاتە هاوتای سەربازێکە".

لەدوای تەواوبوونی هەردوو جەنگە جیهانیەکە و دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و داڕشتنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا، جیهان فۆرمێکی مرۆڤدۆستانەتری گرتەبەر، کەمتر مەیلی بەکارهێنانی دەسەڵاتی رەقی هەبوو، بەڵام چەکی خۆراک لە چەکێکی کاریگەری شەڕەکانەوە گۆڕا بۆ ئامرازێکی کاریگەرتر لە سەردەمی ئاشتیدا.

## عەرابەکانی چەکی خۆراک

لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا، فەرمانگەی زانیاری جەنگیی ئەمەریکا برەوی بەم دروشمە دەدا: "خواردن چەکێکە، بەفیرۆی مەدە!". ڕەنگە هەر بە کاریگەری ئەو دروشمە بووبێت، ئێرل بوتزی وەزیری کشتوکاڵی ئەمەریکا لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕیچارد نیکسۆن لە ماوەی ساڵانی (١٩٧١ تا ١٩٧٦)، لە لێدوانێکی ڕاشکاوانەیدا بۆ گۆڤاری تایم لە ساڵی (١٩٧٤) بڵێت: "خۆراک چەکێکە، ئێستاش یەکێکە لە ئامرازە سەرەکییەکانی ناو سندوقی دانوستانەکانمان". بەمەش بووە یەکەم کەس کە سیاسەتی چەکی خۆراک بە مانا هاوچەرخەکەی بەکاربهێنێت.

بوتز هانی زیادکردنی بەرچاوی بەرهەمی کشتوکاڵی لە ئەمەریکا، بەتایبەتی دانەوێڵەی دا، کاری بە دروشمە بەناوبانگەکەی کرد "زیاتر بچێنن"، بە ئامانجی ئەوەی خۆراک بکاتە ئامرازێکی دیپلۆماسی و سیاسی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

بۆ بەگەڕخستنی ئەم سیاسەتە، بوتز چەند هەنگاوێکی گرتەبەر، کە دیارترینیان بەکارهێنانی یارمەتی خۆراک و بازرگانی بوو لە بەرامبەر سازشی سیاسیدا لە دژی وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەروەها پەنای بردە بەر گۆڕینی شێوازی خۆراکی باشورییەکان، تاوەکو زیاتر ئەو خۆراکانە بەکاربهێنن کە ئەمەریکا زیادەی هەبوو.

لە بەرەنجامی سیاسەتەکانی ئەمەریکادا، لە سەردەمی جەنگی سارددا، گەنم بووە سەرچاوەی سەرەکی خۆراک لەبری خۆراکەکانی تر، چونکە وڵاتان دەیانتوانی گەنمی ئەمەریکی بە نرخێک بەدەستبهێنن، کە لە تێچووی چاندنی کەمتر بوو، بەم شێوەیە گەنمی ئەمەریکا لە سەرانسەری جیهاندا بەناوبانگ بوو.

ئەو رێبازەی بوتز بەکاریهێنا، پشتی بە چەمکێکی شۆڕشی کشتوکاڵی کۆن بەستبوو کە پوختەکەی دەڵێت: خۆراک دەسەڵات دەدات بە خاوەنەکەی، ئەو کەسانەشی کە خۆراکیان نییە دەکەونە مەترسیەوە. قۆستنەوەی لاوازی لایەنی بەرانبەریش لە ڕێگەی گەمارۆدان و برسیکردنی دانیشتوانەکەیەوە یەکسانە بە گۆڕینی خۆراک بۆ چەک.

بەپێی سیاسەتەکەی بوتز، خۆراک بووە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە لە هەموو ڕێککەوتنە گەورەکاندا کە لەلایەن هێنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لە ماوەی ساڵانی (1973 - 1977) ئەنجامدرا. بەنموونە ڕوسیا لەبەرانبەر ڕازیبوونی بە پەیماننامەی سنووردارکردنی چەکی ستراتیژی ناسراو بە (SALT)، خۆراکی ئەمەریکی وەردەگرت، بەهەمانشێوە میسر لە بەرامبەر واژۆکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلدا، خۆراکی ئەمەریکی وەردەگرت.

لە دەیەی هەشتاکاندا، بەکارهێنانی چەکی خۆراک لەلایەن ئەمەریکاوە ئەو کاریگەرییەی نەما، چونکە سەرچاوەی جێگرەوە پەیدابوو. بۆیە کاتێک لە ساڵی (١٩٨٠) ئەمەریکا پێشنیارەکەی بوتزی تاقیکردەوە و گەمارۆی دانەوێڵەی بەسەر یەکێتی سۆڤیەتدا سەپاند. پلانەکەی شکستی هێنا، چونکە مۆسکۆ بەخێرایی دوو سەرچاوەی جێگرەوەی دۆزییەوە، بەم هۆیەوە ئیدارەی جیمی کارتەر تووشی کاردانەوەیەکی سیاسی توندی ناوخۆیی هات.

شکستی پلانەکەی کارتەر لەبارەی بەکارهێنانی چەکی خۆراکەوە، ئەو وانەیەی بە ئەمەریکیەکان بەخشی سنووردارکردنی بازرگانی خۆراک دەتوانێت لێکەوتەی مەترسیدار و پێشبینینەکراوی هەبێت، بەڵام وەک چۆن زیان بە لایەنی بەئامانجگیراو دەگەیەنێت، بە هەمان شێوە ئەگەری هەیە زیان بە هاوپەیمانەکان و بازنەکانی هەڵبژاردنی ناوخۆییش بگەیەنێت.

## قوربانیانی چەکی خۆراک

یەکێک لە رێگاکانی بەکارهێنانی چەکی خۆراک، گۆڕانکارییە لە پێکهاتەی مادده خۆراکییەکاندا کە لە تاقیگەی زۆرپێشکەوتوودا دەکرێت. لەوبارەیەوە بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لە ساڵی (2020) پەیمانگای زیندەزانی لایبنیز بۆ سیستەمی بایۆلۆجی لە ئەڵمانیا بڵاویکردەوە، دەرکەوت بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە چڕانەی لە ماوەی (120) ساڵدا بەسەر پێکهاتەی گەنمدا هێنراوە، بووەتە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی تووشی تێکچونی هەرس و هەستیاربوون بە گەنم هاتوون.

بەکارهێنانی چەکی خۆراک مەرج نییە تەنها لە کاتی جەنگەکاندا رووبدات، بەڵکو هەندێکجار لەکاتی ئاشتیدا روودەدات و دەوڵەتە زلهێزەکان بۆ فشاری دیپلۆماسی یان سەربازی بەکاریدەهێنن، سەرەتا بە سەپاندنی گەمارۆ بەسەر ناوچەیەکدا دەست پێدەکات کە خەڵکی سڤیل تێیدا نیشتەجێیە، تاوەکو بەدوایدا سازشی سیاسی و رێککەوتنی ژێربەژێر لەژێر ناوی ئاگربەستدا دەست پێبکات کە بۆ زۆر کەس تێچووی زۆری دەوێت.

یەکێک لە دیارترین نموونەکانی گەمارۆی ئابوری، ئەوگەمارۆ نێودەوڵەتیە بوو کە بە بڕیارنامەی ژمارە (٦٦١)ی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەر عێراقدا سەپێنرا، بەهۆی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە (٦ی ئابی ١٩٩٠)، ئەم گەمارۆیە هەتا روخاندنی رژێمەکەی سەدام حسێن لە (2003) بەردەوام بوو، لە ئەنجامی برسێتی و کەمیی دەرمان و نەبوونی سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ژیان، بووە هۆی گیانلەدەستدانی یەک ملیۆن و نیو منداڵ.

نموونەیەکی نوێتر لە چەکی خۆراک، شەڕی ناوخۆیی سوریا بوو، کاتێک بەشار ئەسەدی سەرۆکی لەسەر کار لابراوی سوریا و میلیشیاکانی، هەڵمەتێکیان بەناوی "برسیکردن یان تەسلیمبوون" دەستپێکرد. لەم هەڵمەتەدا رێگەیان بە چوونە ژوورەوەی خۆراک بۆ ئەو ناوچانە نەدەدا کە پێیانوابوو داڵدەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان دەدەن، زۆرینەی قوربانیانی ئەم هەڵمەتەش منداڵان و بەساڵاچووان بوون.

لە یەمەن هەموو لایەنە بەشەڕهاتووەکان چەکی خۆراکیان بەکارهێنا. هەریەکە لە هێزەکانی حوسییەکان و عەلی عەبدوڵڵا ساڵحی سەرۆک کۆماری لەکارلادراوی یەمەن، بەرهەمی کشتوکاڵییان دەکردە ئامانج، بازاڕەکانی خۆراکی ناوخۆییان پەکخست و ڕێگرییان لە یارمەتییە مرۆییەکان کرد.

لەلایەکی دیکەوە هاوپەیمانی سەربازی بە سەرۆکایەتی سعودییە بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەربازییەکانی، قەیرانەکەی قوڵترکردەوە و سیاسەتێکی سیستماتیکی برسێتی بەکارهێناوە، ئەوەش لەڕێگەی پەلاماردان و لەناوبردنی بەلەمەکانی ماسیگرتن و ژێرخانی کێڵگە کشتوکاڵیەکان و مۆڵە بازرگانیەکان و کۆگاکانی هەڵگرتنی خۆراک، ئەمە جگە لەوەی ڕێگری لە هاتنە ژوورەوەی پێداویستی خۆراک دەکرد، بەهۆی بۆردومانەکانیشەوە بەندەر و فڕۆکەخانەکان داخران.

شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کە ماوەی چەند ساڵێکە بەردەوامە، یەکێکی دیکەیە لە مەیدانەکانی بەکارهێنانی چەکی خۆراک کە کاریگەری لەسەرهەموو جیهان نەبووە، نەوەکو تەنها هەردوو لایەنی بە شەڕ هاتوو. بەهۆی ئەو شەڕەوە لە ساڵی (٢٠٢٠)ەوە قەیرانی برسێتی لەجیهاندا توندتربووەتەوە و بۆ نزیکەی سێ هێندە زیادیکردووە، بەو هۆیەوە نزیکەی (٣٣٣) ملیۆن کەس کەوتونەتە بەر مەترسیی قەیرانی برسێتی.

لەمیانی ئەو شەڕەدا، ڕووسیا کۆت و بەندی بەسەر هەناردەی کشتوکاڵی ئۆکرانیا لە دەریای ڕەشدا سەپاند، تۆمەتباریش دەکرێت بە بۆردومانکردنی سایلۆکانی دانەوێڵە و لەناوبردنی کۆگا ستراتیژییەکانی گەنم لە ئۆکرانیا. ئەم پەلامارانەی کرێملین دەریخست کە یەک وڵات دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵاوسانی نرخی خۆراک و زیانێکی زۆر بەسەر خەڵکی برسی لە سەرانسەری جیهاندا بسەپێنێت.

## غەززە: مەیدانی برسیکردن

ماوەی نزیکەی دوو دەیەیە کەرتی غەززە لەلایەن هێزەکانی ئیسرائیلەوە گەمارۆ دراوە، ئیسرائیل سەرباری بەکارهێنانی هەموو جۆرە چەکێک لە غەززە، چەکی برسیکردنیش بەچڕی بەکاردەهێنێت، لەڕێگەی کۆنترۆڵ کردنی هەموو شتێکەوە، وەک بڕینی کارەبا و قەدەغەکردنی سووتەمەنی و ڕێگری کردن لە چوونە ژوورەوەی دەرمان و ئاوی خواردنەوە.

لەدوای پەلامارە سەربازییەکانی حەمماس بەناوی "تۆفانی ئەقسا" لە (7/ئۆکتۆبەر/2023)، ئیسرائیل بە بەکارهێنانی نان و ئاو وەک چەکی شەڕ، قەیرانەکانی زیاتر لە دوو ملیۆن هاوڵاتی دانیشتوی غەززەی قوڵترکردەوە، بەجۆرێک ئەو کەسانەی لە بۆردومانەکان رزگاریان دەبێت، لە برسێتی رزگاریان نابێت.

ئیسرائیل بە ئەنقەست و بە ئاستێکی زۆر گەورەتر لە جاران، ڕێگری لە گەیشتنی یارمەتییەکان بە خەڵکی غەززە دەکات، لەگەڵ زیادبوونی فشارە نێودەوڵەتییەکانیش، ڕێگە بە گەیشتنی یارمەتییەکی کەمتر دەدات بۆ ناو کەرتەکە دەدات، هەرچەندە دانیشتوانەکەی پێویستییەکی زۆریان بەو یارمەتیانە هەیە.

## تاوانێک بەبێ سزا

سەرەڕای بوونی ڕێکەوتننامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە برسێتی وەک تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی پۆلێن دەکات، بەڵام دادگا نێودەوڵەتییەکان بەهۆی چەندین کەلێنی زۆرەوە ناتوانن یەکێک لە شەرمەزارترین و بەردەوامترین چەکەکانی جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا قەدەغە بکەن. یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی کە بەشێکی زۆری لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا داڕێژراوە، هەروەها ڕێککەوتنە بازرگانییە کشتوکاڵییەکانی ئێستا، بەکارهێنانی سنووردارکردنی هەناردەکردن وەک ئامرازی زۆرەملێ قەدەغە ناکەن. یاسای کەشتیوانی دەریاییش ڕێگە بە سنووردارکردنی گواستنەوەی یارمەتییە مرۆییەکان دەدات.

تائێستا هیچ ڕێککەوتنێک نییە ڕێگری لە سنووردارکردنی هەناردەکردنی خۆراک بکات، تەنانەت ئەو قەدەغەکردنانەی کە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ سەپاندویەتی، لەبارەی برسیکردنی خەڵکی مەدەنی وەک شێوازێکی شەڕ، چەندین بەدەرکردن و ناڕوونی لەخۆدەگرێت کە یارمەتیدەرە بۆ دەربازبوون لە سزا.

دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان برسێتی وەک تاوانێکی جەنگ دەناسێت، کاتێک بە ئەنقەست ئاراستەی هاوڵاتیانی مەدەنی بکرێت. بەم پێیە ئەو کەسانەی بەرپرسیارن لە بەکارهێنانی خۆراک وەک چەکێکی ستراتیژی جەنگ، دەتوانرێت لەبەردەم دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا لەو شوێنانەی کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەسەڵاتی دادوەری هەیە، لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان هیچ دەسەڵاتێکی دادوەری بەسەر ململانێکانی وەک شەڕی یەمەندا نییە، چونکە وڵاتانی وەک ئیمارات پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆمایان واژۆ نەکردووە، واتە ئەو پەیماننامەیەی کە دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی لەسەر دامەزراوە. دەوڵەتە زلهێزە گەورەکانیش لەوانە ئەمەریکا و ڕوسیا و چین، دان بە دەسەڵاتی دادگاکەدا نانێن و ڕێز لە فەرمانە نێودەوڵەتییەکانی ناگرن، هاوڵاتیەکانی خۆشیان بۆ دادگاییکردن ڕادەست ناکەن، تەنانەت پەیڕەوی ناوخۆی ڕۆمایان پەسەند نەکردووە.

لە دۆسیەی غەززەدا، بەکرداری فەرمانی دەستگیرکردن لە لایەن دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکانەوە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و بەکارهێنانی برسێتی وەک چەک، لە دژی بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆک وەزیران و یۆئاڤ گالانت وەزیری پێشووی بەرگری دەرچووە. بەڵام دادگا هیچ ئامرازێکی دەستگیرکردن و دادگاییکردنی نییە، هەروەها هیچ میکانیزمێکیش بۆ دادگاییکردنی تۆمەتباران بە غیابی نییە. چونکە دادگاکە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی و دەستبەسەرکردنی تۆمەتباران، پشت بە وڵاتانی ئەندام دەبەستێت، پێش ئەوەی لە لاهای ئامادەبن بۆ دادگاییکردن، بەڵام هەموو وڵاتانی ئەندام بەو ڕێککەوتنەوە پابەند نین.

سەلماندنی ئەم تاوانە جەنگییە لە ڕادەبەدەر قورسە. هەر ئەوەش وایکردوە تائێستا هیچ کەسێک بە تاوانی برسێتی وەک تاوانی جەنگ لەلایەن دادگای تاوانی نێودەوڵەتییەوە دادگایی نەکرێت. هەرچەندە فەرمانەکەی دادگای نێودەوڵەتی لە (٢٦ی کانونی دووەم) بڕیارێکی بەرچاو بوو بۆ ئیسرائیل کە بەبێ لەمپەر ڕێگە بە گەیشتنی یارمەتییە مرۆییەکان بدات، بەڵام فەرمانەکانی دادگا هەرچەندە ئیلزامین، وەلێ بۆ جێبەجێکردنیان هێزی فیزیکی بەردەست نییە.

وەڵامی پراکتیکی ئیسرائیل بۆ فەرمانی دادگا ئەوە بوو دەیان فەلەستینییان کوشت، لەکاتێکدا چاوەڕێی ئەو چەند بارهەڵگرەیان دەکرد کە ڕێگەیان پێدرابوو بچنە ناو کەرتی غەزەوە. سەرەڕای هەموو ئەو بەڵگانەی کە دەیسەلمێنێت ئیسرائیل چەکی خۆراک بەکاردەهێنێت، بەڵام لەسەر برسێتی زۆرەملێ، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی، هیچ ئیسرائیلیەک نە لێپرسینەوەی لەگەڵدا کراوە نە سزا دراوە.

لە ساڵی (٢٠٢٢)، پەیمانگای کاروباری نێودەوڵەتی و ئەوروپی، داوای کۆتایی هێنان بە دەربازبوون لە سزای بۆ تاکتیکی برسێتی کرد. بەڵام یەکێک لە ئاڵەنگارییەکانی بەردەم لێپێچینەوە لە برسێتی وەک شێوازێکی شەڕ ئەوەیە، بەپێی پەیڕەوی ڕۆمای دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان، دەبێت بسەلمێنرێت کە ئەنجامدەرەکە "بەمەبەست" برسێتی وەک شێوازێکی شەڕبەکارهێناوە.

بێگومان سەلماندنی نیەت لە گەرمەی ململانێکاندا ئەستەمە. چونکە نیەت تاڕادەیەکی زۆر پەیوەندی بەو هاوڵاتیانە مەدەنیانەوە نییە کە تووشی لێکەوتەکانی دەبن. جگە لەوەش، تاکتیکێک کە بە هەڵە یان بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دانیشتوانی مەدەنی دوژمنێک برسی بکات، بەم شێوەیە هەندێک سوودی سەربازی دەبەخشێت، زۆرجار لە بەکارهێنانی بە ئەنقەستی خۆراک وەک چەک جیا ناکرێتەوە.

لەگەڵ لاوازی یاسا نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵکوژی بەکاوەخۆی هاوڵاتیان بەبێ دوکەڵ و ئاگر لە شەڕەکاندا زیاتر و زۆرتر دەبێت، تەنانەت ئەزموونەکانی دادپەروەری لە جیهانی ئەمڕۆدا ئاماژەگەلی زۆرباش نیین. چونکە لە دادگاکانی ئەمڕۆدا هەموو تاوانباران سزا نادرێن، ئەگەر سزاش بدرێن دوای ماوەیەکی درێژلە لەناوچوونی قوربانییەکان دەبێت.

## سەرچاوە:


1. اسراء سيد: تسليح الغذاء.. استراتيجية اخترعتها أمريكا وطبّقتها إسرائيل، موقع نون بوست، (2025/1/17).
2. زينب مكي: حظر استخدام الغذاء كسلاح حرب طموح مهم للغاية، موقع جسور بوست، (2024/3/24).
3. ماڵپەڕی ویکیبیدیا.

# کاریگەری قەرەبووەکانی ئەڵمانیا لەسەر بوژانەوەی ئیسرائیل

ئا: بارام سوبحی

## پێشەکی

لەبەرامبەر قڕکردنی جوەکان لەسەروەختی جەنگی جیهانی دووەمدا، ئەڵمانیا لەماوەی دوازدە ساڵدا زیاتر لە یەک ملیار دۆلار قەرەبووی بەخشیە دەوڵەتی ئیسرائیل. لەسایەی ئەو قەرەبووەوە، ئیسرائیل توانی ژێرخانێکی پیشەسازی هێندە بەهێز دروست بکات، کە کەرەستەی سەربازی دروستبکات و هەناردەی وڵاتانی بکات، لەکاتێکدا دەوڵەتەکەیان تازە یەکەمین دەیەی تەمەنی بەڕێکردبوو.

ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوە سودی تەنها بۆ ئیسرائیل نەبوو، بەڵکو لە بەرامبەر ئەو ڕێککەوتنەدا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ساڵی (١٩٥٥) وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پێدانرا و بە ئەندامی (ناتۆ)ش قبوڵکرا، دوو ساڵ دواتریش بووە ئەندامی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپا.

## لە نکوڵیکردنەوە بۆ دانپێدانان

لە سەروبەندی جەنگی جیهانی دووەمدا (1939 - 1945)، دەسەڵاتدارانی ئەڵمانیا هەڵمەتی قڕکردنی جوەکانیان ئەنجامدا کە دواتر بە هۆلۆکۆست ناسرا. لە (1948) جوەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان ڕاگەیاند. لە ئەیلوولی (١٩٥٢) ڕێککەوتنامەی لۆکسمبۆرگ بۆ قەرەبووکردنەوە لەنێوان ئەڵمانیا و ئیسرائیلدا واژۆکرا. لەدوای ئەو ڕێککەوتنەوە، ڕەخنەگرتن لە هۆلۆکۆست لە سیاسەتی ئەڵمانیادا بوو بە تابۆ.

بیرۆکەی قەرەبووکردنەوەی جووەکان لە کۆنفرانسی جیهانی جوەکان خرایەڕوو، کە لە تشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٤) لە نیویۆرک بەڕێوەچوو. بۆ ئەو مەبەستە حاییم وایزمانی سەرۆکی ڕێکخراوی زایۆنیستی، یاداشتێکی بۆ وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگی جیهانی دووەمدا نارد، کە تیایدا ئەو زیانە مادییانەی بەسەر جولەکەکاندا هاتبوو، بە نزیکەی دوو ملیار جونەیهی ئیستەرلینی خەمڵاندبوو. بەڵام هەریەکە لە ئەڵمانیا و ئەمەریکا ڕەتیانکردەوە، بەپاساوی ئەوەی داواکارییەکە بنەمای ڕاستی و یاسایی نییە.

لەکاتی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دادگاییکردنی کاربەدەستانی باڵای نازی لە (٢٠/ تشرینی یەکەم/ ١٩٤٥)، کە بە دادگای نۆرنبێرگ ناسراوە، جارێکی دیکە وایزمان پرسی قەرەبووکردنەوەی وروژاندەوە، بەڵام بە هەمان هۆکاری پێشوو داواکارییەکەی ڕەتکرایەوە.

لەدوای تەواوبوونی جەنگەکە، دکتۆر کۆنراد ئەدیناوێر بووە ڕاوێژکار (سەرۆک وەزیر)ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، کە لە سەردەمی کۆماری ڤایمارەوە (١٩١٨-١٩٣٣)، پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ زۆرێک لە جووەکانی شاری کۆڵن هەبوو، هەروەها درکی بەو ڕاستیە کردبوو کە بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا بۆ حکومەتەکەی و بۆ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا بەگشتی، ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ جولەکەکان و لەگەڵ ئیسرائیل کلیلێکی گرنگە. سەرکردەی پارتە سیاسییەکانی ناو بۆندستاگ (پارلەمانی ئەڵمانیا)، لەم بابەتەدا هاوڕای ئەدیناوێر بوون.

ئەدیناوێر لە بیرەوەرییەکانیدا باس لە هۆکارێکی دیکە بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ جوەکان دەکات و دەڵێت: "بۆ من ڕوون بوو ئەگەر دانوستانەکان لەگەڵ جوەکان شکستی هێنا، ئەوا دانوستانەکان لە کۆنفرانسی لەندەن سەبارەت بە قەرزەکانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا یان جەنگی جیهانی دووەم ڕەنگە شکست بهێنێت، چونکە بانکەوانەکانی جولەکە کاریگەرییان لەسەر ئەندامانی کۆنفرانسی لەندەن هەبوو".

ئادیناوێر لە گفتوگۆیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە (١١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٩)، هەڵوێستی ڕوونی خۆی لەسەر پرسی جوولەکەکان دەربڕی و وتی: گەلی ئەڵمانیا بڕیاریداوە قەرەبوویەکی بەرفراوانی ئەو ستەمە بکاتەوە کە بەناوی ئەوانەوە لەلایەن ڕژێمی تاوانکاری نازییەوە بەرامبەر بە جولەکەکان ئەنجامدرا، ئەو قەرەبووکردنەوەیەش ئەرکی ئێمەیە".

## قەرەبوو بۆ بیناتنانەوە

هەرچی سەبارەت بە پێداگری ئیسرائیلە لەسەر وەرگرتنی قەرەبوو، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتە تازە دروستبووەکەیان پێویستی بە دروستکردنی هێزێکی بەرگری بەهێز هەبوو بۆ زامنکردنی مانەوەی، هەروەها دەبوو شوێنی نیشتەجێبوون و هەلی کار بۆ سەدان هەزار جولەکە دابین بکات کە لەسەرانسەری جیهانەوە ڕوویان لە ئیسرائیل کردبوو، بۆیە قەرەبووکردنەوە بە سەرچاوەیەکی گریمانەیی بۆ ئەم دوو هەوڵە دادەنرا، بە تایبەت کە زۆرێک لە تازەهاتووان لە ڕزگاربووانی هۆلۆکۆست بوون.

داود بن گۆریۆن کە لەماوەی ساڵانی (1948 - 1963) سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بوو، لەسەر پرسی قەرەبووکردنەوە پشتگیری لە ئاڵوگۆڕی بیرورِا لەگەڵ راوێژکار ئەدیناوێر دەکرد، جگەلەوەی دەسەڵاتدارانی ئیسرائیل بۆیان دەرکەوت کە ملکەچکردنی ئەڵمانیای رۆژئاوا بۆ خواستەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل، وادەکات دەوڵەتی ئیسرائیل نوێنەرایەتی هەموو جوەکانی جیهان بکات. ئەمەش سوودی ماددی و ئەخلاقی بە تایبەتی بۆ رێکخراوە جوولەکەکان و خاوەن سەرمایە جولەکەکان لە سەرانسەری جیهاندا بەدوای خۆیدا دەهێنا. بۆیە پرسی قەرەبووکردنەوە بە یەکێک لە بریارە ستراتیژییەکانی ئیسرائیل دادەنرا.

حکومەتی بن گۆریون لە (٢/ ئازار/ ١٩٥١)، یاداشتێکی پێشکەش بە (ئەمەریکا، بەریتانیا، فەرەنسا و یەکێتی سۆڤیەت) کرد کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم ئەڵمانیایان داگیرکرد بوو، تیایدا داوای یەک ملیار دۆلاری لە ئەڵمانیای رۆژئاوا و نیو ملیار دۆلاریشی لە ئەڵمانیای رۆژهەڵات کردبوو، بەمەبەستی نیشتەجێکردنی (٥٠٠) هەزار پەنابەری جولەکە لە فەلەستین. لەبارەی ئەم هەنگاوەوە بن گۆریۆن وتی: (دەبێت هەوڵبدەین تا دەتوانین پارە لە ئەڵمانییەکان بەدەست بهێنین).

## رێککەوتننامەی لۆکسمبۆرگ

دوای ئەوەی ئەڵمانەکان بە داواکەی ئیسرائیل رازیبوون، گفتوگۆی نهێنی لە مانگی ئازاری ساڵی (1952) دەستپێکرد و بە واژۆکردنی رێککەوتننامەی لۆکسمبۆرگ (رێککەوتننامەی قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیا و ئیسرائیل) لە (10/ئەیلول/ 1952) کۆتایی هات، کە بەپێی ئەو رێککەوتننامەیە حکومەتی ئەڵمانیای رۆژئاوا پابەند بوو بە پێدانی بڕی (3.450) ملیارمارکی ئەڵمانی کە دەکاتە (846) ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بەنرخی ساڵی (1953). لەسەر داوای ئیسرائیل ئەم رێککەوتنە لە لۆکسمبۆرگ واژۆکرا، چونکە ئیسرائیل لەبەرپێودانگی ئەخلاقی نەیدەویست لەسەر خاکی ئەڵمانیا واژۆ بکرێت.

ماوەی ئەو رێکەوتنە (١٢) ساڵ بوو، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٣)ەوە کاری پێدەکرا، خەرجکردنی پارەکان لە ماوەی ساڵانی یەکەمیدا بە دراوی ئەڵمانی و بە شێوەی کاڵا بوو، ساڵانە بە بەهای (٢٠٠) ملیۆن مارک بوو.

پێش دەستپێکردنی گفتوگۆکانی نێوان هەردوولا، ئادیناوێر لە (٢٧/ ئەیلول/ ١٩٥١) لەناو بوندستاگەوە، لەسەر داوای لایەنی ئیسرائیل، ڕایگەیاند کە جینۆسایدەکە بەناوی هەموو گەلی ئەڵمانیاوە ڕوویداوە، کەواتە قەرەبووکردنەوە ئەرکێکی ئەخلاقی و ماددییە.

## کاردانەوەکانی دوای ڕێککەوتننامەکە

هەموو لایەنەکانی ناو ئیسرائیل بە ڕێککەوتننامەکە قایل نەبوون، بەڵکو هەریەکە لە پارتی مایام و پارتی هێروت و سیاسەتمەداری دیار مێناحیم بیگن لەدژی ڕێککەوتننامەکە وەستانەوە و چەندین خۆپیشاندانیان ئەنجامدا. بیگن دەیگووت: "ئەوە مەسەلەی ژیان و مردنە، ئەڵمانییەکانیش نازین، تەنانەت ئەدیناوێریش نازییە، ئەو نازی و بکوژە، ئەم ڕێکەوتنە بە ئیسرائیلییەکان دەڵێت ئەم برە پارەیە نرخی باپیرە و داپیرەتانە".

سەربارى نارەزایی ئەو لایەنانە، لە (7/کانونی دووەم/1952) ڕێککەوتنەکە پێشکەشی کنێست (پارلەمانی ئیسرائیل) کرا بۆ گفتوگۆکردن و دەنگدان لەسەری، دوای دوو ڕۆژ کنێست ڕێککەوتنەکەی پەسەندکرد.

لەسەر ئاستی ئەڵمانیا، هەریەکە لە پارلەمانتارانی حزبی شیوعی و پارتی ڕایخی ئەڵمانی و پارتی باڤاری لەدژی ڕێککەوتنەکە وەستانەوە. بەڵام ئادێناوێر لە (4/ئازار/1953) ڕێککەوتنەکەی پێشکەش بە بۆندستاگ کرد و فشارێکی زۆریشی خستە سەریان بۆ تێپەڕاندنی، ئەوەبوو لە (12)ی ئازاردا لەلایەن زۆرینەی زۆری نوێنەرانی حکومەت و ئۆپۆزسیۆنەوە پەسەندکرا، بەجۆرێک لە کۆی (410) ئەندامی بۆندستاگ (34) پارلەمانتار دژی وەستانەوە، (86) ئەندامیش دەنگیان نەدا.

لەناو کابینەی حکومەتی ئەڵمانیاشدا، سەبارەت بە میکانیزمی پێدانی قەرەبوو و بەهای ئەو کاڵایانەی کە بۆ ئیسرائیل دابین دەکرێن، ناکۆکی لەنێوان وەزیرەکاندا سەریهەڵدا، دوای زنجیرەیەک گفتوگۆ ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی بەهای کاڵاکان لە ساڵانی یەکەمدا نابێت لە (٢٠٠) ملیۆن مارک زیاتر بێت، تاوەکو پاڵپشتی ئابووری ئیسرائیل بکات.

## قەرەبووکردنەوە وەک فریادڕەس!

لەدوای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئابوری ئەم دەوڵەتە دووچاری چەندین کێشە و ئاڵنگاری هات، لە سەروی هەموویانەوە نەبوونی سەرچاوەیەکی ئابوری بەهاداری وەکو نەوت بوو، هەروەها

بەهۆی سیاسەتی بایکۆتی وڵاتانی عەرەبی و شەڕی ئاو لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، کشتوکاڵ و بازاڕ و هەناردەی ئیسرائیل زۆر لاواز بوو. جگەلەوەی ئابووری ئیسرائیل بەشێوەیەکی زۆر پشتی بە یارمەتییە دەرەکییە فەرمی و نافەرمیەکان دەبەست، بەشێک لەو یارمەتیانەشی بۆ کڕینی زەوی فەلەستینییەکان و دروستکردنی ئۆردوگا بۆ جولەکەکان خەرج دەکرد. ئەوەش بۆشاییەکی دارایی گەورەی دروستکرد کە کاریگەری نەرێنی لەسەر توانا داراییەکانی هەبوو. چونکە تا کۆتایی ساڵی (١٩٥١) نزیکەی (٩٠%)ی کۆی داهاتی نیشتمانی بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن بەکاردەهێنرا.

لە سەرەتای ساڵی (١٩٥٢)ەوە ئیسرائیل دووچاری قەیرانێکی سەختی ئابوری هات، بە بەڵگەی ئەوەی لە نیوەی یەکەمی ساڵی (1951)دا کۆبەرهەمی گشتی وڵاتەکە گەیشتە (29.7%)، پشکی تاک تیایدا (10%) بوو، پاشان بۆ (4.7%) دابەزی و لە سەرەتای ساڵی (1952)دا گەیشتە (2.7%). لە کۆتایی ساڵی (١٩٥٢)دا ڕێژەی هەڵاوسان گەیشتە زیاتر لە (٦٦%)، زۆربەی سەرچاوەکانیش جەخت لەوە دەکەنەوە ئەو دۆخە ئیسرائیلی ناچارکردوە تاوەکو لە ئەیلوولی (١٩٥٢)دا ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوە واژو بکات.

کاتێک ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوەکە لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٣)دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئابووری ئیسرائیل دەستی بە بوژانەوە کرد، بەجۆرێک کۆبەرهەمی گشتی نیشتمانی بە ڕێژەیەکی نایاب دەستی بە زیادبوون کرد، لە سێ ساڵی یەکەمی جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکەدا بازی دا و گەیشتە ڕێژەی (١٧%).

بەدەر لەو قەرەبووەی بە حکومەت و هاوڵاتیان درا، قەرەبووی دیکەش هەبوون کە لەو ڕێکەوتنەدا هاتبوون، بەڵام نەکەوتنە چوارچێوەی میکانیزم و خشتەی کاتی دیاریکراوەوە. وەک قەرەبووکردنەوەی موڵک و ماڵی جولەکەکانی ئەوروپا لەژێر سیستمی "بێ میرات"دا، واتە ئەو پارەیەی کە خاوەنەکانیان لە بانک و کۆمپانیاکانی سویسرا یان نەمسا دایاننابوو، بەڵام لە ئەنجامی مردنی سروشتی یان مردنیان لە کامپی نازییەکاندا داوایان نەکرابوو، کە بە نزیکەی (٩٠٠) ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرا، هەمووی بۆ ئیسرائیل و دەوڵەتە تازە سەرهەڵداوەکەی گەڕێنرایەوە.

## قەرەبووکردنەوە و گەشەپێدان

قەرەبووەکەی ئەڵمانیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئابووری ئیسرائیل هەبوو، بەشداریکرد لە پەرەپێدانی بوارە گرنگەکانی ئەو ئابوورییە، بە نموونە لە بواری پیشەسازیدا ئیسرائیل بەهۆی ئەو

بەرنامە پیشەسازییەی کە لە ساڵی (١٩٥٤)ەوە دەستی پێکرد، توانی بگۆڕێت بۆ ئابوورییەکی پیشەسازی، کە پشتی بە قەرەبووەکەی ئەڵمانیا بەستبوو، دوای ئەوەی زۆربەی ئەو قەرەبووەی کردە کاڵای پیشەسازی مۆدێرن، بۆ ئەم ئەرکە، بنکەیەکی کرپنی لە شاری کۆڵن دامەزراند، بە سەرۆکایەتی دکتۆر فیلیکس شانار، ئابووریناسی ئیسرائیلی شارەزار لە کاروباری پیشەسازی، ئەو بنکەیەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی باڵیۆزخانەی ئیسرائیل لە بۆن لە ساڵی (1965).

لە ماوەی نێوان ساڵانی (1954- 1965) ڕێژەی گەشەی ئابووری ساڵانە بە تێکڕا (10.8%) زیادی کرد، بەهۆی وەرگرتنی (80%)ی بەهای قەرەبووەکان لەلایەن ئیسرائیلەوە کە بۆ سازکردنی (2000) پرۆژەی پیشەسازی بەکارهات.

لەماوەی ساڵانی (1955) تا (1965) ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکان لە (٧٥٠٢) دامەزراوە بۆ (١٥٤٥٨) دامەزراوە زیادیکرد. پشکی ئامێرەکان لەکۆی پێکهاتنی سەرمایە گەیشتە (٣٣%)، ئەمەش وایکرد بواری پیشەسازی بەشداری بکات لە دابینکردنی هەلی کار بۆ (١٥٨٧١٢) کرێکاری کۆچبەری جوولەکە کە لە ماوەی وەرگرتنی قەرەبووەکەدا لە (1953-1965) ڕوویان لە ئیسرائیل کردبوو.

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکانی ئیسرائیل، گەشەسەندنی کەرتی پیشەسازی بەشدارییەکی زۆری لە کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاریدا کردوە، بەجۆرێک لە ساڵی (1960) ڕێژەکەی گەیشتە (4.6%) و لە ساڵی (1963) گەیشتە نزمترین ئاستی کە (3.3%) بوو. بەو هۆیەوە ساڵانی (1959-1963) بە قۆناغی دامەزراندنی تەواوەتی لە ئیسرائیل دادەنرێت.

بەپێی ئامارە فەرمییەکان، کەرتی پیشەسازی ئیسرائیل بەهۆی ئەو کەرەستانەی لە ئەنجامی قەرەبووەکەدا بەدەستیهێنا، بە ڕێژەیەکی بەرچاو گەشەی کرد، بەجۆرێک داهاتی پیشەسازی لە (١٣٠٠) ملیۆن لیرە لە ساڵی (١٩٥٤) بۆ نزیکەی (٢٢٥٠) ملیۆن لیرە لە ساڵی (١٩٥٥) زیادیکرد. تەنها ڕێژەی هەناردەکردنی بەرهەمە پیشەسازییە بەکارهێنراو و سووکەکان گەیشتە (٢٢%)ی کۆی بەرهەمە پیشەسازییە جۆراوجۆرەکان.

لە ماوەی ساڵانی (1953-1956) ئەڵمانەکان پێنج وێستگەی کارەبایان دروستکرد، هێڵی ئاسنی (بئر السبع)یان دروستکرد. نیوەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان قودس و تەلئەبیبیان گۆڕی، (400)

بارهەڵگری شەمەندەفەریان دابینکرد، سیستەمی تەلەگراف و تەلەفۆنیان مۆدێرن کرد، بەندەری حەیفایان فراوانتر کرد.

هەرلەماوەی ساڵانی (١٩٥٥-١٩٦٠) ئەڵمانەکان (٢٨٠) کیلۆمەتر بۆری ئاودێری زەبەلاحیان لە نەقەب دروستکرد. کەرەستە و ئامێریان بۆ (١٣٠٠) وێستگە و کارگە دابینکرد. کارگەیەکی پۆڵایان دروستکرد کە (٢٠٠) هەزار تۆن ئاسن و کەرەستەی خاوی دیکەی بەرهەم دەهێنا.

## دامەزراندنی بانکی ناوەندی

لە ساڵی (١٩٥٣) بڕیاری دروستکردنی بانکی ناوەندی ئیسرائیل درا، لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٤)دا دەستی بە کارکردن کرد. ئامانجی یەکەمی بانکەکە پەسەندکردنی دۆسیەی قەرەبووکردنەوە و دەرکردنی دراوی نوێی ئیسرائیل بوو، جگەلە بەدواداچوون بۆ چالاکییە ئابورییە جیاوازەکان و وەبەرهێنانەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لەنێوان ئەڵمانیا و ئیسرائیلدا بوون.

بانکەکە لە ساڵی (١٩٥٩)، بۆندەکانی گەشەپێدانی ئیسرائیلی لە بازاڕە داراییەکانی ئەڵمانیادا فرۆشت، ئاسانکاری بانکی بۆ وەبەرهێنەرانی ئەڵمانی دابینکرد، بەتایبەتی دوای دەرکردنی یاسای هاندانی وەبەرهێنان لە ئیسرائیل لە ساڵی (١٩٥٩). هەروەها بەمەبەستی وەبەرهێنان لە ئیسرائیل، بانکەکە ڕۆڵی نێوەندگیری لەنێوان کۆمپانیا گەورەکاندا بینی، بەتایبەتی کۆمپانیا ئەوروپییەکان لەلایەک و کۆمپانیا ئەڵمانییەکان لەلایەکی تر، ئەمەش وەک بەشێک لەو خزمەتگوزاریانەی کە لە ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوەدا هاتبوو.

سەرکەوتنی مەزنی بانکەکە لە ساڵی (١٩٦١)دا بوو، کاتێک توانی کۆمپانیاکانی بایرن مۆتۆرزی ئەڵمانی و کایزەری ئەمەریکی ئاشت بکاتەوە، بۆ ئەوەی کارگەیەک بۆ کۆکردنەوەی ئۆتۆمبێلی بچووک و مامناوەند لە ئیسرائیل دابمەزرێنن.

بەمەبەستی بەهێزکردنی ئابوری ئیسرائیل، ئەڵمانیا دەستیکرد بە کڕینی بەرهەمە پیشەسازییەکانی ئیسرائیل و لەدوای بەریتانیا بووە دووەمین وڵات بۆ هاوردەکردنی کەلوپەلی ئیسرائیل. بە بەڵگەی ئەوەی بەهای کاڵای هاوردەکراوی ئیسرائیل لەلایەن ئەڵمانیاوە تا ساڵی (١٩٦٠) بەگوژمەی (٢١,١) ملیۆن دۆلار بوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٦٤)دا گەیشتە زیاتر لە پەنجا ملیۆن دۆلار.

هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی کەرتی پیشەسازی، ئیسرائیل کەرتی کشتوکاڵی فەرامۆش نەکرد و دەستیکرد بە گەشەپێدانی ئەو کەرتە، ئەوەش لە سایەی ئەو قەرەبووەی لە ئەڵمانیای وەرگرت. هەر ئەوەش وایکرد بەهای بەرهەمە کشتوکاڵییە هەناردەکراوەکانی ئیسرائیل لەنێوان ساڵانی (١٩٤٩-١٩٥٢) لە چل ملیۆن دۆلارەوە بۆ (٤١٧) ملیۆن دۆلار لەنێوان ساڵانی (١٩٥٦-١٩٦٠) بەرزببێتەوە. بەرهەمی مزرەمەنییەکان بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە کشتوکاڵیە هەناردەکراوەکانی ئیسرائیل دادەنرێت.

## گەشەپێدانی کەرتی سەربازی

ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیا و ئیسرائیل، پڕچەککردنی ئیسرائیلی کردە ئەرک لەسەر ئەڵمانیا. لێرەوە هاوکاری سەربازی نێوان هەردوو وڵات لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٥٤) دەستی پێکرد، کاتێک ئیسرائیل مولحەقێکی سەربازی نارد بۆ شاری بۆن، لە بەرامبەردا ئەڵمانیا هەر چەکێکی ڕەوانەی ئیسرائیل دەکرد، ئەو ستیکەرانەی لادەبرد کە ئاماژەیان بۆ ئەڵمانیا دەکرد، لەبری ئەوە ئاماژەی بازرگانی بەریتانی یان فەرەنسی لێدەدا.

لەدوای پەلاماری سێقۆڵی هەریەکە لە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل بۆ سەر میسر لە ساڵی (1956)، ئەڵمانیا بە بەهای (٣٠٠) ملیۆن مارک فڕۆکەی گواستنەوەی سەربازی، هێلیکۆپتەر، تۆپ و مووشەکی دژە تانکی وەک دیارییەکی نهێنی پێشکەش بە ئیسرائیل کرد.

لە بواری مەشق و ڕاهێناندا، ئەڵمانیا لە ساڵی (١٩٥٨) دەستکرد بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی بۆ ڕاهێنانی سەرباز و ئەفسەرانی ئیسرائیل لەسەر چەکی ئەڵمانی، هەروەها پێدانی سکۆلەرشیپی تایبەت لە بواری فڕۆکەوانی سەربازی و ئەندازیاری فڕۆکەوانی و تۆپخانە.

حکومەتی ئەڵمانیا لە چوارچێوەی بەرنامەی قەرەبووکردنەوەدا، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیکرد بە پشتگیریکردنی پیشەسازی چەکی ئیسرائیلی، لەڕێگەی دابینکردنی کارگە و شارەزای سەربازیی و کڕینی بەرهەمە سەربازییەکانی ئیسرائیل، لەوانە تفەنگ و کەرەستەی سەربازی سووک و مامناوەند.

لەسەر داوای جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکا، ئەدیناوێر لە (4/ ئازار/ ١٩٦١) ڕازی بوو بە دابینکردنی چەکی ئەڵمانی بۆ ئیسرائیل وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوە، جگەلە پێدانی قەرزێکی ئەڵمانی بۆ ئیسرائیل بۆ ماوەی دە ساڵ، ساڵانە بە بڕی (١٤٠) ملیۆن مارک،

سەربازی تەرخانکردنی سێ ملیۆن مارک ساڵانە بۆ پشتگیریکردنی دامەزراوە زانستییەکان لە ئیسرائیل، لەنێویاندا دامەزراوەی وایزمان.

لە (4/ ئازار/ 1962)، ئیسرائیل لەگەڵ لایەنی ئەڵمانی یەکەم ڕێککەوتنی بۆ بەرنامەی هاوکاری سەربازی درێژخایەن ئەنجامدا، بڕیاردرا ئەم ڕێککەوتنە بە نهێنی بمێنێتەوە، چونکە لە بواری پشتیوانی ئەڵمانیا بۆ ئیسرائیل بە پێشینەیەکی گرنگ و پێشکەوتوو دادەنرا. بەو پێیەی کە ئیسرائیل توانی سەدان تۆن چەک و کەرەستەی جۆراوجۆر بەدەست بهێنێت. هەروەها ئەو کەرەستە خاوانەی کە لە پەرەپێدانی پیشەسازییە سەربازییەکاندا بەکاردەهێنرێن. هەر لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٢)دا حکومەتی ئەڵمانیا ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر تەرخانکردنی (60) ملیۆن دۆلار وەک هاوکاری سەربازی بەپەلە بۆ ئیسرائیل.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (1964)، ئەمەریکا بە نهێنی داوای لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا کرد ئەو چەکانە بۆ ئیسرائیل دابین بکات کە پێویستی بوو، حکومەتی ئەڵمانیاش وەڵامی داواکارییەکەی ئەمەریکای دایەوە و بە بەهای (320) ملیۆن مارک چەکی بۆ ئیسرائیل دابینکرد، لەنێویاندا (200) تانکی پانتۆن، پێنج فڕۆکەی جەنگی و پانزە هێلیکۆپتەر و شەش بەلەمی خێرا.

ئەو پارەیەی لەژێر ناوی هاوکاری سەربازی یان هاوکاری دارایی پێشکەشی ئیسرائیل کرا، کە بە بەشێک لە قەرەبووکردنەوەی ئەڵمانیا بۆ ئیسرائیل دادەنرا و لە پێشەکی ڕێککەوتنەکەدا هاتبوو، بەڵام بەبێ دیاریکردنی بڕی پارەکانی یان خشتەیەکی کاتی جێگیر لەماوەی دەیەی پەنجاکان و ناوەڕاستی شەستەکاندا، بەنزیکەی (2.1) ملیار دۆلار دەخەمڵێنرێت، لەو بڕە (800) ملیۆن دۆلاری بێبەرامبەر لە شێوەی کەرەستەی سەربازی و پێداویستی جەنگی پێشکەش بە ئیسرائیل کرا.

شیمۆن پێرێس کە لەماوەی ساڵانی (2007 - 2014) سەرۆکی ئیسرائیل بوو، سەبارەت بە گرنگی هاوکارییە سەربازییەکانی ئەڵمانیا بۆ ئیسرائیل دەڵێت: (ئەمەریکا پارەی پێداین، فەرەنساش لە بەرامبەر پارەدا چەکی پێداین، بەڵام ئەڵمانیا بەخۆڕایی چەکی پێداین).

## ئەنجامەکانی ڕێککەوتنەکە

کەرتی پەروەردە لە ئیسرائیل دوای ئەوەی پشکێکی لەو قەرەبووانە پێدرا، ئەرکی چەسپاندنی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و ئەڵمانیای پێسپێردرا، بۆیە هۆلۆکۆست و دەرهاویشتەکانی لە

مەنهەجی قوتابخانەکانی ئیسرائیلدا جێگیرکران، هەروەها لیژنەی پەروەردەیی هاوبەشی مامۆستایانی ئیسرائیل و ئەڵمانی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێنرا.

ڕێککەوتنی قەرەبووکردنەوە بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی ئابووری ئیسرائیلدا دادەنرێت، بەتایبەتی لە ساڵانی یەکەمی واژۆکردنیدا، چونکە ڕێژەی قەرەبووکردنەوەی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان ساڵانە بەهاکەی لەنێوان (١٣٠ - ١٥٠) ملیۆن دۆلار بوو، کە لە ماوەی ساڵانی (1954-1965)دا لەنێوان (20% بۆ 30%)ی کۆی هاوردەکردن بوو، تەنانەت لەو ماوەیەدا لە هەندێک بڕگەی بودجەی ساڵانەی وڵاتدا جێگیرکرابوو، کە دەگەیشتە (2400) ملیۆن مارک بۆ کاڵا و خزمەتگوزاری و (1050) ملیۆن مارک بۆ نەوت.

ئەو ڕێککەوتنە بەشداریکرد لە هاندانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت وڵاتانی هاوپەیمان، تاوەکو لە ساڵی (١٩٥٥)دا ئەڵمانیای ڕۆژئاوا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ بناسێنن، لە هەمان ساڵدا ئەڵمانیا ببێتە ئەندامی هاوپەیمانی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ) و لە ساڵی (١٩٥٧)دا بچێتە ناو کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپاوە، بەم شێوەیە ئادیناوێر ئەو ئامانجانەی بەدەستهێنا کە لەسایەی ڕێککەوتنەکەدا هەوڵی بۆدەدا.

* توێژینەوەکە لەلایەن د. دحام فرحان عبد الحمد، نووسراوە لەژێرناوی (اتفاقية التعويضات الألمانية الإسرائيلية وأثرها على تطور الاقتصاد الإسرائيلى (1952-1965)، لە گۆڤاری مجلة جامعة تكريت للعلوم الانسانية، المجلد (26)، العدد (2)، لە ساڵی (2019). لە لاپەڕە (185 - 207)ی گۆڤارەکەدا بڵاوبووەتەوە.